# ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ومەترسییەکانی

ئازاد تۆفیق خەیات

زستانی ٢٠١٥

- ناوی کتێب: ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ومەترسییەکانی
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- دیزاینی ناوەڕۆك:
- تایپ وهەڵەبڕیی: نووسەر
- دیزاینی بەرگ:
- تیراژ:
- چاپخانە: ئیستنساخ وبەرگتێگری سالم
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

- لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی ( )ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

# وتەیەکی پێویست

پێویستە ئەوە بڵێم، کە لە بەرواری (١٢/ ٦/ ٢٠١٢ز)دا، ئەم بابەتەم لە سیمینارێکدا، ولەژێر ناونیشانی ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی لە هەرێمی کوردستان ومەترسییەکان) لە هۆڵی (دەستەی خوێندنی تەکنیکی لە سلێمانی) بە سوپاسەوە بڵاوکردەوە.

لەبەرئەوەی، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان، تێکڕا تامەزرۆ وچاوەڕوانی ئەوەین کە گەلی کورد خەونە مەزنەکەی بێتەدی وببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ونەتەوەیی خۆی، وە لەبەر گرنگی بابەتەکە ولە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە، بەباشمزانی بە شێوەیەکی پوختتر ودەوڵەمەندتر بابەتەکە بەچاپ بگەیەنم، بە هیوای سوود گەیاندن بە کتێبخانە چکۆلە وناوازەکەی گەلی کورد.

ئازاد تۆفیق خەیات

زستانی ٢٠١٥

سلێمانی

# سوپاس وپێزانین

سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیدەرم بوون لە ڕاپەڕاندنی کارەکانمدا، چ لە ڕووی پێدانی سەرچاوە وزانیاری، چ لە ڕووی بەچاپگەیاندنی بەرهەمەکانم.

هەردەم نموونەیان زۆر بێت

# پێڕست


پێڕست ........................................................ ١
پێشکەش .................................................... ٤
پێشەکی .................................................... ٥
دەسپێك .................................................... ١١

**تەوەری یەکەم/** ئایا هەرێمی کوردستان خەسڵەتەکانی بوون بە دەوڵەتی تێدایە؟ .................................................... ١٦

**لایەنی یاسایی** .................................................... ١٨

- پێناسەی وڵات .................................................... ١٨
- پێناسەی دەوڵەت .................................................... ١٩
- بنەماکان، یاخود ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت .......... ٢٧

١- دانیشتوان .................................................... ٢٧
٢- هەرێم .................................................... ٣٠
٣- سیستمی سیاسی .................................................... ٣٢
٤- دانپێدانانی نێودەوڵەتی .................................................... ٣٦

أ- سروشتی یاسایی دانپێدانان .............................. ٤٣

١- تیۆری دانپێدانانی دامەزرێنەر ........................ ٤٥
٢- تیۆری دانپێدانانی بڕیار لەسەردراو ...................... ٤٦

ب- شێوەکانی دانپێدانان ................................ ٤٧

یەکەم- دانپێدانانی ئاشکرا ................................ ٤٨
دووەم- دانپێدانانی شاراوە ................................ ٤٨

لایەنی ئابووریی ........................................ ٤٩

جۆرەکانی گرێبەستی نەوتیی: ............................ ٧٧

١- گرێبەستی هاوبەشیی (عقد الشراكة) .................... ٧٨
٢- گرێبەستی خزمەتکردن (عقد الخدمة) .................... ٨١

لایەنی سیاسیی ........................................ ٨٣

**تەوەری دووەم/** هۆکار ومەترسییە ناوخۆیی ودەرەکییەکان چین؟ ١٢١

پێناسەکان: ............................................ ١٢١

- پێناسەی دیمۆکراسی .................................. ١٢١
- پێناسەی سیاسەت .................................... ١٢٤

- پێناسەی دەسەڵات ........................ ١٢٩
- پێناسەی سەروەریی ........................ ١٣٤
- پێناسەی دادوەریی ........................ ١٣٨
- پێناسەی نەتەوە ........................ ١٤٢

**هۆکارە ناوخۆییەکان:-** ........................ ١٤٩

١- پێناسەی بابەتییانە ........................ ١٤٩
٢- پێناسەی خودییانە ........................ ١٥٠

**هۆکارە دەرەکییەکان:-** ........................ ١٥٤

**مەترسییەکان:-** ........................ ١٦٤

**مەترسییە دەرەکییەکان** ........................ ١٦٤
**مەترسییە ناوخۆییەکان** ........................ ١٧٢

**ئەنجامگیریی** ........................ ٢٤٩

**پاشکۆکان** ........................ ٢٥٤

**سەرچاوەکان** ........................ ٢٥٦

# پێشکەش

**پێشکەشە، بەو کۆرپە چاوەڕوانکراوەی لە خەونەوە لەدایك دەبێ**
**وبوون وهیوای سەربەخۆیی بەخەبەردێنێ**

# پێشەکی

مێژووی نەتەوەی کورد، هەردەم لێوانلێو بووە لە خەباتی نەپساوە وجوامێری وئازایەتی، کە چیتر کونجێکی لە لاپەڕەکانی مێژوودا نەهێشتووەتەوە وگیانفیداییەکی تێدا تۆمار نەکردبێ. بەڵام، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، وێڕای هەموو ئەو نەبەردییانە، کە بە ئێستاشەوە کورد وەك نەتەوە نەیتوانیوە لە دەرەنجامی ئەو هەوڵ وکۆششانەی، دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دابین بکات، تاوەکو تێکڕای قەوارە وڕەسەنایەتی وفەرهەنگ وکەلتوور وئایینده ومێژووی خۆیی تێدا بپارێزێ.

ئەوەتا، لە سەردەمی بەجیهانیبوونیشدا، لەگەڵئەوەی سنوورە نەتەوەییەکان خەریکن کاڵ دەبنەوە، وسەرباری ئەوەی کورد خوازیاری ئەو دەوڵەتەیە، کەچی ویستێکی دەستەجەمعی کوردی بۆ ئەو پرسە بەدیناکرێ. لەلایەکەوە، باس لە کۆتاییهێنان بە پەیوەستبوونی سەد ساڵەی کورد بە دەوڵەتی عێراقەوە وپێویستیی ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە دەکرێ، لەلایەکیتریشەوە وێڕای خواستی ئەو ڕاگەیاندنە، باس لەوەش دەکرێ کە نابێت کورد بەغدا جێبهێڵێ. ئاخۆ، پێگەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە کوێی ئەم هاوکێشە داڵۆسکەدا دەبێ. گەر، ئێمە خۆمان بۆ ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە ئامادە بکەین، بێشك دەبێت دەستبەرداری فەنتازیای ئایدیا وئەندێشە ببین وڕیالیستییانە کاری لەبۆ بکەین. بەڵام، ئایا ئەو

ئیرادەیەمان هەیە بۆ ئەو ڕاگەیاندنە، یاخود خۆمان بۆ ئەو کارگەلە ئامادە کردووە؟ دیارە، فۆبیای گەلی کورد لەو بارەیەوە، تێکشکاوی کەسێتی وناڕێکی ماڵی کورد ونەبوونی دیسکۆرس ویەکهەڵوێستی ویەکێتی کورد دەردەخات، کە کێشەیەکی لەمێژینەیە.

هەڵبەت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، سەرباری پێناسەکردن وشیکردنەوەی چەمکگەلی دەوڵەت وخاسیەتەکانی وڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، هەوڵدراوە بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بخرێتە ڕوو. ئاخۆ، کورد دەتوانێ ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە ڕابگەیەنێ؟ ئەی دەرەنجامەکان، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چیدەبن؟ ئاخۆ، کەس پشتگیریمان دەکات؟ تۆ بڵێی وەك کۆماری مەهابادمان لێنەیەت؟ ئایا هەلومەرجی ئێستا گۆڕدراوە، یاخود جارێکیتر مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە؟ ئاخۆ ئەو پاڵنەرە بەهێزانە چیبن، کە وا لە گەلی کورد دەکات بیر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکاتەوە؟

شیاوی باسە، لێکۆڵینەوەکە خۆی لە دوو تەوەری سەرەکیدا دەبینێتەوە. سەرەتا ولە تەوەری یەکەمدا، ئاماژە بەوە کراوە کە ئایا هەرێمی کوردستان خەسڵەتەکانی بوون بە دەوڵەتی تێدایە؟ وەلێ، لە لایەنی یاسایی وئابووری وسیاسییەوە مژاری ئەم پرسیارگەلە کراوە، وهەڵدراوە بە شێوەیەکی بێلایەنە ڕاڤە بکرێ. هەر لە نێوکۆی لایەنی یاساییدا، وێڕای پێناسەی وڵات ودەوڵەت، بنەماکانی خودی دەوڵەت خراونەتە ڕوو، کە سەرەکیترین ڕەگەزن لەبۆ ڕاگەیاندنی ئەو

دەوڵەتەی مەبەستمانە. پاشان، هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئاماژە بە بابەتی دانپێدانان کراوە، کە تەواوکەری ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتە وبۆ ئێمەی کورد زۆر پێویستە، لەبەرئەوەی بەهۆیەوە بتوانین لەسەر ئاستی نێوخۆ وئیقلیمی وجیهانی، پەیوەندی دیپلۆماتی دروستبکەین. دیارە، ئەم بابەتەش، مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێ، کە باسی لێوەکراوە.

دواتر، ئاماژە بە لایەنی ئابووری دراوە، کە بڕبڕەی پشتی ئەو دەوڵەتە گریمانەییەیە کە مەبەستمانە. دیارە، هەرگیز ناتوانرێت ڕۆح بە بەر ئەو دەوڵەتەدا بکرێت، گەر سەرچاوەیەکی بژێوی نەبێ. بە واتای، مەحاڵە دروستبوون ودرێژەپێدانی ئەو دەوڵەتە، بەبێ بوونی ئابوورییەکی تۆکمە وگەشەسەندوو. وەك لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، ئابووری هەرێم وئاستی وەبەرهێنان وئەو پەیوەندییە دیپلۆماتییانەی بەدیدەکرێن، سەرجەمیان پێویستن وەك بناغەیەك بۆ ئەو دەوڵەتە. واتە، ئەو پەیوەندییانەش کە خراونەتە ڕوو، چ لە ڕووی ئابوورییەوەبێ، چ لە ڕووی پەیوەندی دیپلۆماتی وباڵیۆزگەرایی، دانپێدانانێکی شاراوەیە بە هەرێم کە دەکرێت وەکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وێنای بکرێت. هەروەها، دەوڵەتانی چواردەوری هەرێم باسکراون، بەتایبەت تورکیا، پاشان ئێران، کە ئایا لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتەدا، ئەوان چ جۆرە کاردانەوەیەکیان دەبێ. مەبەستی سەرەکیش، ئەوەیە کە ئایا سنوورمان لێدادەخەن؟ ئایا، ئەو کارتانە دەبێ چیبن، کە حکومەتی

هەرێم دەتوانێ وەك فشار لە بەرانبەر ئەو کاردانەوەیەڕا بەکاریان بهێنێ؟

هەر لەم بەشەدا، باس لە کۆنفرانسێکی وزە کراوە، کە تێیدا گرنگی پێگەی تورکیا لە بواری وەبەرهێنان لە هەرێمدا دەخاتە ڕوو، هەروەها ئاماژە بە گرنگی ڕۆڵی هەرێم لە دابینکردنی وزەی جیهانیی وپرۆژەی تەواونەبووی (نابۆکۆ) کراوە. پاشان، ئاماژە بە جۆرەکانی گرێبەست کراوە، کە زۆر پێویستە بخرێنە ڕوو. هەرچەندە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، باسکردنی هەردوو گرێبەستی هاوبەشیی وخزمەتکردنە، کە ئەمڕۆکە بووەتە باس وخواسی سەرجەم چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای هەرێم. دیارە، ئەم گرێبەستانەی نەوت وگاز، زۆرترین شرۆڤە وپرسیار لەخۆدەگرن، کە بەهۆیەوە ئۆپۆزسیۆن ئەسپی خۆیی تێدا تاو داوە.

ئینجا، باس لە لایەنی سیاسی کراوە، کە پەرەگرافێکی تایبەتە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان وهەلومەرجە ناوخۆیی ودەرەکییەکان ودەسەڵات وئۆپۆزسیۆن وهێز وپارتی سیاسی وسیستمی حوکمڕانی. سەرەتا، لێکۆڵینەوەکە بەو وتەزایە دەستی پێکردووە کە دەڵێت: "لە سیاسەتدا، هیچ شتێك مەحاڵ نییە." دەشێت، ئەمە بکرێتە هەوێنی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وتێروتەسەل، دواجاریش لەڕێی داتاکانەوە داکەوتی هەرێم شیبکرێتەوە.

گوڵەوەچنەی لایەنی سیاسی، باس لەو قەیرانەش دەکات کە ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، چەقبەستوویی بارودۆخی سیاسی هەرێم وخودی دیمۆکراسی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەر لەم بەشەدا، باس لە سروشتی دەسەلأت کراوە، تاوەکو ئایرۆنێك لە نێوان سروشتی دەسەلأت بەگشتی ودەسەلأتی هەرێم بەتایبەتی بکەین. هەروەها، باس لە سروشتی پارتی سیاسی وهێزە سیاسییە لۆکاڵییەکانی نێو هەرێم کراوە.

لە دووتوێی باسەکەدا، ئاماژە بە گرنگی ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست کراوە. پاشان، ئەو بیرۆکانە خراونەتە ڕوو، کە لە مێژەوە زلهێزانی ئەوروپا پاشان ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای سەرقاڵ کردووە، لەبۆ دابەشکردنی ئەم ناوچەیە. هەڵبەت، هەریەکە لە ئاست بەرژەوەندی خۆیەوە، شێوازی دابەشکردن ومیکانیزمی گونجاوی بۆ ئەو نەخشە سیاسییە داڕشتووە. وەلێ، نەخشە ڕێگای سیاسی زلهێزان، یەکێك لە هۆکارەکانی دابەشبوونی نەتەوەی کورد بووە، وێڕای نائامادەگی خودی کورد خۆی، بۆ ئەو پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازە.

تەوەری دووەم، تایبەتە بەو مەترسییە دەرەکی وناوخۆییانەی ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە، لە حاڵەتێکدا کە دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنرێ، وئایا تا چەند کاریگەرییان هەیە؟ سەرەتای ئەم تەوەرە، بە پێناسەگەلێك دەستپێدەکات، وەك ڕێخۆشکەرێك بۆ

چوونە ناو بابەتە سەرەکییەکە. دواتر، ئاماژە بە مەترسییە دەرەکییەکان دراوە، کە چین وچ کاریگەرییەکیان دەبیّ. سەرباری بوونی کاریگەری، بەلاّم پێناچێت هێندەی مەترسییە ناوخۆییەکان کوشندە بێت کە خەت وخاڵی داوە. پاشان، بە هەمان شێوە ئاماژە بە مەترسییە ناوخۆییەکانیش دراوە، کە چین وچ کاریگەرییەکیان هەیە. ئەوەی ڕاستی بیّ، کرۆکی توێژینەوەکە، ئەو مەترسییە ناوخۆییانەیە کە لەوانەیە ببێتە ڕێگر، لە حاڵەتی ئەگەری ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەدا. بێمکووڕیکردن، مەترسییە ناوخۆییەکان، خاڵبەندییەکی تەواوی بۆکراوە، کە بەپێی توێژینەوەکە فاکتەرگەلی گەندەڵی وناڕۆشنی ئایندە وچەقبەستوویی وقەیران وبۆشایی سیاسی نێوخۆی هەرێمی کوردستانە. هەڵبەت، ئاماژە بەوەش دراوە، کە زۆر پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاری بەپەلە لەبۆ بنبڕکردنی ئەم مەترسییانەڕا بکات، تا چیتر ڕێگر نەبن لەبەردەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە ئاییندەدا.

لە کۆتاییدا، هیوادارم بەم لێکۆڵینەوەیە، توانیبێتم بابەتی "پرسی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی" ڕاڤە بکەم. بۆئەوەی، بەهۆیەوە، بەردێك بخەمە سەر خانەی توێژینەوەی کوردی، تاوەکو لەم دۆخە ناهەموارە بچینە دەر، ڕووەو کۆمەڵگایەکی سیاسی دیسپلینکراو، کە چکاوەی خەونی لەمێژی هەموومانە.

# دەسپێك

زۆرن ئەو بابەت وتوێژینەوانەی، دەربارەی دەوڵەتی کوردی وسەربەخۆیی وئاییندەی هەرێم وکورد بە گشتی خراونەتە ڕوو. هەڵبەت، وەك دەستاوێژ، هەر یەکە وبە جۆرێك خزمەت دەکات، کە سەرەنجام یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش هاتنەدی ودروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی وسەربەخۆی کوردییە.

هەڵبەت، لە نێوکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هۆکارگەلێك خراونەتە ڕوو کە تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسن لە بەدەستنەهێنانی ئەو دەوڵەتەدا. یاخود، دەتوانین بڵێین، ئەو فاکتەرانە خراونەتە ڕوو کە بوونە هۆی ئەوەی گەلی کورد لە شەمەندەفەری نەتەوەیی وسەربەخۆیی بەجێبمێنێ. جا، دەشێت ئەوانە هۆکارگەلێکی نێوخۆیی بن، یان دەرەکی. ئەمە، وێڕای ئامادەنەبوونی کورد، چ وەك نەتەوە بە گشتی، چ وەك نەبوونی یەکگوتاریی ویەکهەڵوێستیی ویەکێتی بەتایبەتی.

بەر لە سەدەیەك، بەپێی پەیماننامەی سایکس- بیکۆ لە (١٦/ مایس/ ١٩١٦ز) دا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خواستی بەریتانیا وفەرەنسا ولە ڕوانگەی بەرژەوەندییە باڵاکانیانەوە دابەشکرا. واتە، سنووره جیۆسیاسییەکانیان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی زلهێزان دەستنیشانکران. دواتر، ودوای ئەوەی بەپێی پەیماننامەی شوومی لۆزان (٢٤/ تەمموز/ ١٩٢٣ز)، گەلی کورد بەسەر

چوار دەوڵەتدا دابەشکرا، ئیدی لێرەوە نەهامەتییەکانی نەتەوەیەک دەستی پێکرد، کە ناودەبرا بە کورد ولاپەڕەکانی مێژووی بۆ تەرخانکرا.

سەرباری ئەوەی گەلی کورد، یەکەم زەرەرمەندی ئەو بارودۆخە سیاسییە بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەخشەی سیاسی وئەو سنوورە جیۆستراتیژییانە ئەوەیان دەخستە ڕوو، کە گەلانی دیکەی ناوچەکەش خاوەنی ئیرادەی خۆیان نەبوون. ڕاستە، سوودمەند بوون لەوەی ببوونە دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام نەخشەی ناوچەگەرێتی وهەرێمایەتی ئەوەنالێ. بەوەی، هەر زلهێزانی ئەمڕۆن، کە باس لە پێویستی دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانی ناوچەکە دەکەن، بەڵام لەسەر بنچینەی ئایینزا وڕەگەز. کەوابێ، گەر خودی ناوچەکە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەببێ، ئەدی بۆ یەکەمجار یان سەدەیەک لەمەوبەر ئەو کارە نەکرا؟ کەواتە، ڕاستە سەدەی ڕابردوو گەلی کورد، زەرەرمەندی یەکەم بووە، بەڵام مەرج نییە سەدەی نەخشاندنی هەتاهەتایی نەتەوەکانی تریش بووبێ.

توێژەران وئەکادیمیستانی ڕۆژئاوا، کاتێک باس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکەن، هەردەم بە مۆڵگای تیرۆر ومۆلەقە وپشێوی سیاسی لەقەڵەم دەدەن، کە خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وزلهێزانی ئەوروپاش، وێڕای نیگەرانیی، هەردەم بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ بەرگرتن لەو بارودۆخە تەرخان کردووە. ڕاسپاردە ولێکۆڵینەوەکانیان، باس لە هەرچی زووتری چارەسەری

ڕادیکالأنەی ناوچەکە دەکەن. ئەمرۆش، بەهۆی دەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی وشۆڕشی گەلانی ناوچەکە وئەو داکەوتەی هاتووەتە ئاراوە، پێدەچێت چەمکەکانی لێکبوردن وپێکەوە ژیان ویەکێتی ودەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی وهاونیشتمانی وهاوخەبات وچەمکگەلێکیتر، چیتر پێزی نەمابێ. پێدەچێت، هێندەی هزری فەندەمێنتالێزم وئیسلامی سیاسی گەشەی کردبێ، ئەوەندە نەتەوەییبوون مانای نەمابێ. ئەمەش، سەردەمی زێڕینی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ویەکیەتی سەرتاسەریی وئیشتراکیەت بە سەردەمی سەلەفیەت وئوسولیەت وڕەوت وهێزە ئیسلامی وئیسلامگەرایەتی دەگۆڕێ.

من، باس لە ڕێژەی سوود وقازانجی ئەم ئالۆگۆڕ وهەلأوێردییە ناکەم، هەروەك چۆن باسی ناسیۆنالیزم وئیسلامیزم ناکەم. بەلأم، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، واقعی ئیستای گەلەکەمە. هەڵسەنگاندنی بڕی سوود وقازانجی گەلەکەم لەم گۆڕانکارییە ڕێژەییەدا، مەبەستی سەرەکی من وهاوشێوەکانمە. سوپاس بۆ خوا، وێڕای بوونی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ، وەلێ پێدەچێت دەوڵەتەکەشمان ببێتە هەقیقەتێکی حەتمی. بەلأم، مەخابن، بوونی گەندەڵی لە ئاستە جیاجیاکاندا، نەك خەریکە حکومەت تووشی ئیفلیجی وئایندەی هەرێم تەم ومژاوی دەکات، بەڵکو خەریکە لە خەوە خۆشەکەشمان بێبەش وبێدارمان دەکات. کەواتە، گەر کاری

**بەپەلە وجددی بۆ نەکەین، ئەوا دەبێت سەدەیەکیتریش چاوەڕوان بین. بگرە، دەشێت پەی بەو چاوەڕوانییەش نەبەین.**

**سەردەم، سەردەمی بەجیهانیبوونە، وەك ئەوەی دەڵێن، جیهان بووەتە گوندێکی بچووك. ئەوەتا، سەردەمی پەیوەندییەکان وتەکنۆلۆژیا ومیدیای جیهانیی وکۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، کە زادەی گلۆبالیزەیشنن، جێگەیان بە گلۆکاڵیزەیشن لەق کردووە. مرۆڤایەتی وسیستمی حومڕانیش، بە دوا وێزگەیان گەیشتوون، کە لیبراڵ-دێمۆکراتە، بەمەش کۆتایی بە مێژوو هاتووە. دەکرێت، بپرسین، ئایا گەلی کورد، لە کوێی ئەو گوندەدایە؟ ئایا، کورد لە ناو مێژوودایە؟ یاخود، مێژوو ئەوی بەجێهێشتووە وبەدەر لەو واقیعە گوزەر دەکات؟ ئەدی، ڕۆحی گشتی چۆن سەیرمان دەکات؟ ئایا، لە ڕەوڕەوەی مێژووی ئێمەدا، ئەویش گەیشتووەتە ئاستی کامڵبوونی خۆی؟**

**کۆتا وەڵامی ئایاکان، بەوە دەدەینەوە، کە لە هەرێمی کوردستان، دێمۆکراسی لە قەیراندایە، بگرە بوون لە بەردەم دووڕیانێکی وێڵگەدایە. واتە، دێمۆکراسی سیاسی نێوخۆی هەرێم، تووشی چەقبەستوویی ودۆگمایی بووە، کە ناتوانێ هەنگاو بەرەو دێمۆکراسی کۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگی بنێ. بۆیە، لە هەلومەرجێکی سیاسی وەهادا، نەك دەسەڵات بەڵکو خودی دێمۆکراسی وستراکتووری کۆمەڵگاش بەر ڕەخنە و وەیشوومەی هەڵاوسان وناڕەزایی وبێمتمانەیی وبزربوون دەبێتەوە. بەمەش،**

جارێکیتر بژاردەکانمان لەکیس دەچێ وگوزەر بەرەو دێمۆکراسی مەحاڵ دەبێ، کە مەحاڵبوونی دەوڵەتی کوردیش دەگەیەنێ.

ئازاد تۆفیق خەیات

هاوینی ٢٠١٢

## تەوەری یەکەم/

## ئایا هەرێمی کوردستان خەسڵەتەکانی بوون بە دەوڵەتی تێدایە؟

**هەرچەند ژانگرتنی درێژە بکێشێ، بەلاّم ئەو دەوڵەتە هەر دەبێت دروست ببێت...** [1]

لە ڕوانگەی لۆژیك وبە شێوەیەکی ئاکادیمی دوور لە سیاسەت، گەر گەلی کورد لە ئێستادا بتوانێت (دەوڵەتی سەربەخۆ) ڕابگەیەنێت، ئەوا کارێکی مەحاڵ نابێت. هەڵبەت، کۆمەڵێك هۆکار وفاکت هەیە کە ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە بکەنە داکەوت. هەڵبەت، هەرێمی کوردستان، هەڵگری خەسڵەتگەلێکە کە پێویستە بۆ بونیادنانی بنەمای ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کە ئێمە مەبەستمانە. هەربۆیە، دەڵێین شتێکی مەحاڵ نییە، ڕاگەیاندنی ئەو کارە.

دەوترێت دەوڵەت، بەرزترین شێوە وڕوخساری دەسەلاّت وفەرمانڕەواییە، کە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا هەیە. لێرەدا، چەمکی دەوڵەت، لە واتایەکی بەربلاّوتر لە دامەزراوە یاساگوزاری وجێبەجێکارەکاندا بەکاردێن. ئاشکرایە، گرنگترین ڕوخساری فەرمانڕەوایی دەوڵەت، جێبەجێکردن ودانانی یاساکانە لەنێو کۆمەڵگادا. وەلێ، دەسەلاّت، سەرچاوەی کەڵك لێوەرگیراوی دەوڵەتە.

---

[1] وتەیەکی فەلسەفیی فەیلەسووفی ئەڵمانیی (هیگڵ)ە

هەروەها حکومەتیش، کۆمەڵێك دامەزراوەیە کە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانڕەوایی بڕیارەکان وهەڵوێستەکان پێویستن. پاشان، سیاسەتیش، کۆمەڵێك کاروباری دەوڵەتن. بەم پێیە، دەوڵەت، چەمکێکی هزری ڕووت وناکەسایەتییە، کە هەر وەك (ماکس ڤێبەر)* دەڵێت: "دەوڵەت، بە تەنیا، بەکاربەری دەسەڵات وهێزە، لەسەر زەوییەکی تایبەتی ولەنێو کۆمەڵێك لە دەوڵەتانی خاوەن سەروەریدا." کەواتە، دەسەڵاتی دەوڵەت، نایابترین وبێهاوتاترین فەرمانڕەواییە کە لەنێو وڵاتێکدایە. هەڵبەت، دابەشکردنی

* ماکس ڤێبەر: ماکسیمیلیان کارڵ ئیمیل ڤێبەر، لە (٢١/ ٤/ ١٨٦٤ز) لە (ئێرفۆرت) لە ویلایەتی ساکسۆنیای پروسیا لەدایك بووە. زانا وئابووریناسێکی سیاسی وکۆمەڵناسێکی ئەڵمانی بوو. لە خێزانێکی پرۆتستانتی دەوڵەمەند هاتووەتە دنیاوە. باوکی ئەندامێکی گرنگی (پارتی نەتەوەیی لیبراڵی) بوو، کە پارتێکی سەر بە چینی ڕۆشنبیران وبۆرژوا بووە. ڤێبەر، یەکێك لە سێ دامەزرێنەرەکەی (کۆمەڵناسی نوێ) بووە، کە (خۆیی وکارڵ مارکس وئیمیل دۆرکهایم) بووە. یەکەم کەس بووە کە پێناسەی (بیرۆکراتی) بە شێوەیەکی زانستییانە کردووە وزۆر گرنگی بە دیاردەی (تازەگەری) داوە. هەروەها گرنگی زۆری بە ئاکار وئایینزای پرۆتستانتی دەدا. هەر لەو بارەیەوە کتێبێکی گرنگی بە ناوی (ئاکاری پرۆتستانتی وڕۆحی سەرمایەداری) نووسیبوو. ناوبراو لە (١٤/ ٧/ ١٩٢٠ز) ولە تەمەنی (٥٦)ساڵیدا، لە شاری (میونیخ) لە هەرێمی (باڤاریا)ی سەر بە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە.

فەرمانڕەوایەتیش، بە مانای دابەشبوونی دەسەڵات دێت.. [1]

سەرەتا، باشتر وایە پێناسەی کۆمەڵێك لەو چەمکانەی تایبەتن بەم بابەتە بکەین، پاشان لە ڕووی یاخود لە لایەنی یاسایی وئابووری وسیاسییەوە شرۆڤەکارییەك بۆ ئەم پرسە بکەین.

## لایەنی یاسایی //

پێش ئەوەی باس لە لایەنی سیاسی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەین، باشتر وایە پێناسەیەکی پوختی هەردوو چەمکی "وڵات، دەوڵەت" بکەین. پاشان، بەهۆیانەوە وەك ڕێخۆشکەرێك بچینە ناو بابەتە سەرەکییەکەوە، کە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە.

### پێناسەی وڵات:-

وڵات، بە شوێنێکی جوگرافی دەگوترێ کە خەڵکی تێدا نیشتەجێیە، ولە بواری سیاسیدا سنووری دیاریکراوی نێودەوڵەتی

[1] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسی- تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٤- ٣٥

هەیە ولەلایەن دەستەیەك دەسەلاَتدارەوە بەڕێوە دەچێ. وەلێ، بوونی ٣ فاكتەری خاك، دانیشتوان وڕێكخراوی حكومەتیی، بۆ پێكهێنانی ولاَتێك پێویستن. گەر، دەستەی دەسەلاَتداری ولاَت، لە بەڕێوەبردنی كارەكان وداڕشتنی سیاسەت وبڕیاردا ئازادبن وسەربەستانە وبەبێ دەستێوەردانی ولاَتێكی بیانی، ولاَت بەڕێوەببەن، وسەربەخۆیی ئەو ولاَتەش لەلایەن چەند ولاَتێكی سەربەخۆی دیكەوە بە ڕەسمی ناسرابێ، ئەوا ئەو ولاَتە سەربەخۆیە، دەنا وەكو یەكێك لە شێوەكانی كۆلۆنیی، لەژێر سەرپەرشتیاریی ولاَتی كاتیی و... هتد، دەبێ.[١]

هەرگیز، كەس ناتوانێت نكوولّی لە بوونی خاكی كوردان بكات، بەلاَم مەخابن كەسیش ناتوانێت لە ئێستادا باس لە بوونی دەولّەتی كوردان بكات.

## پێناسەی دەولّەت:-

**تەنها ئەو كەسەی كە دایكی نییە، دەزانێت بێدایكی مانای چی**
**تەنها ئەو كەسەش كە دەولّەتی نییە، دەزانێت بێدەولّەتی یانی چی**

---

[١] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ): وەرگێڕانی: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٧٤٩

ئـــەم زاراوەیـــە، كـــە هاووواتـــا ئینگلیزییەكـــەی (state)ەو لاتینییەكـەی (status)ە، لـە چـەمكی (stare) بـەواتای (ڕاوەسـتاو) وەرگیراوە. دەوڵەت، لە واتا بەرفراوانەكەیدا، بریتییە لە كۆمەڵگایـەك كە تیایدا دەسەلاّتی سیاسی بەپێی "دەستوور" دیـاریكراوە. بـەلاّم، لـــە واتـــا بەرتەســـكەكەیدا، دەوڵـــەت بریتییـــە لـــە دەســـەلاّتێك كـــە چارەنووسـی كۆمەڵگایـەكی لەبەردەسـتدایە. لـە واتـا گشـتییەكەیدا، دەوڵەت بـە واتـای كۆمـەڵێك ڕێكخـراوی بەڕێوەبەرییـە، كـە دەسـەلاّتی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگایان پێسپێردراوە.[1]

چـەمكی دەوڵـەت، لـە چـەندین ڕووی سیاسـی وجـوگرافی وياسايی وكۆمەلاّیـەتی وئـابووری وگـەلێك ڕەهەنـدی تـرەوە پێناسـە هەڵدەگرێت. بەلاّم، بەشێوەیەكی سانا، دەتوانین وای پێناسـە بكـەین كە " دەوڵەت، بریتییـە لـە كۆمەڵـە تاكێك، كـە هەڵسوكەوت وچالاكی لەسـەر هـەرێمێكی جـوگرافی سـنوور دیـاریكراو دەكـەن وملكەچـی سیســـتمێكی سیاســـی دیـــاریكراون، كـــە كاروبـــاری دەوڵـــەت بـەڕێوەدەبات. هــەر دەوڵەتیشــە، سەرپەرشــتی چــالاكییە سیاســی وكۆمەلاّیـەتی وئابوورییـەكان دەكـات، كـە هـەوڵ بـۆ بەرەوپێشـبردن وگەشـانەوە وباشـتركردنی بـاری گـوزەرانی تاكـەكان دەدەن. ئەمـە بێجگەلـەوەی، جیهـان بەســەر كۆمــەڵێك دەوڵەتــدا دابــەش دەكـات،

---

[1] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نویٚ): وەرگێرانی: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧

هەرچــەندە لــە ڕووی شــێوە وســنوور وسیســتمی سیاســییەوە جیاوازن." [1]

کەواتــە، دەوڵــەت وەك دیاردەیــەکی سیاســی وقــانوونیی، زۆرێـك پێناسـەی بۆکراوە وتـا ئێستا لەسـەر پێناسـەیەکی گشـتگیر وکۆکـەرەوە بـۆ دەوڵـەت یاساناسـان کـۆك نـین. بـەڵام، بـە شێوەیەکی گشـتی، دەتـوانین دەوڵـەت بـەوە بناسـێنین کـە: "بریتییـە لـە کۆمەڵـە خەڵکێك، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی ولەسەر هەرێمێکی دیـاریکراو نیشتەجێ وجێگیرن، وملکەچـی دەسـەڵاتێکی سیاسـی بـاڵان." وەلێ، لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەم پێناســەیە، بــۆ ســەرهەڵدان ودروســتبوونی دەوڵەت، پێویست بە هاتنـەدی چـەند بنـەما وڕایەڵەیـەك دەکرێت کە ئەمانەن:

**یەکەم**: کۆمەڵە خەڵکێك

**دووەم**: هـەرێمێکی دیـاریکراو، کـە ئـەو خەڵکـەی لەسـەر نیشـتەجێ وجێگیرن.

**سێیەم**: هەیئـەتێکی فـەرمانڕەوا، کـە سـەروەری بەسـەر ئـەو خـەڵك وهەرێمەدا هەبێ. بەم جـۆرە، هـەر دەوڵـەتێك، ئـەو سـێ ڕایەڵـەی تێدا بووایە، بە شێوەیەکی کلاسیکی بەسی بوو بۆئەوەی دانیپیادا بنرێت وەك دەوڵـەت. ئەمـە، تـا نیـوەی دووەمـی سـەدەی ڕابـردوو بـەردەوام

[1] دولة: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٣/ اغسطس/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org

بوو. بەلاّم، دواتر، بەهۆی گۆڕانی هاوکێشەی هێزە جیهانییەکان وبەرەوپێش چوونی جیهان، ڕایەڵێکی تریش دروستبوو بۆ مەرجی هاتنەکایەی دەوڵەت، ئەویش دانپێدانانی نێودەوڵەتی بوو. واتە:

<u>چوارەم</u>: دانپێدانانی نێودەوڵەتی.[1]

له ڕووی یاساییەوە، دەوترێت زامنکردن ودەستەبەرکردنی هێمنی وئارامی وئاسایش بۆ کۆمەڵگای سیاسی، له گرنگترین بەرپرسیارێتییەکانی خودی دەسەلاّتی سیاسییە، که خۆی له دەستەبەرکردنی سیستم وڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکاندا دەبینێتەوە. کەواتە، دەسەلاّتی دەوڵەت، به مانای بوونی فەرمانڕەوا، که فەرمان ونەهی به ناوی دەوڵەتەوە دەردەکات. هەر لەبەرئەوەشە، که دەشتوانین بڵێین، دەسەلاّت دیاردەیەکی "کۆمەلاّیەتی، سیاسی، یاساییە."[2]

دەشکرێت، وا پێناسەی دەوڵەت بکەین، کە: "بریتییە له کۆمەڵێك کەس، که له ناوچەیەکی دیاریکراو جێنشینی بەردەوامن، وله لایەنی شەرعیشەوە ئەوانە له ژێر دەسەلاّت وکۆنترۆڵی هیچ دەسەلاّتێکی دەرەکی نین، وخاوەنی حکومەتێکی ڕێکخراون، که

---

[1] فەرهەنگی ڕامیاری: ئامادەکردنی: گەیلان عەباس، چاپی یەکەم، چاپ (کۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر)– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٨٠

[2] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب– القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٤٩

ئەرکی بریتییە لە دارشتنی یاسا وپراکتیککردنی بەسەر هەموو دانیشتوان وگرووپەکانی نێو ئەو سنوورە یاساییە دیاریکراوەدا." [1]

وێڕای ئەوەی وترا، دەکرێت دەوڵەت بە وێنەیەکی هاوچەرخی کۆمەڵگاش بچوێندرێت، کە بریتییە لە هزرێك ولە مێشکدا چەسپیبێت، بەوەی هیچ کەسێك نەتوانێت نکوڵی لێبکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ کەسێك نە دەیبینێ، نە دەیبیسێ. کەواتە، دەوڵەت، لە لایەکەوە فیکرەیە ولە لایەکیتریشەوە دیاردەیە، هەروەها وەکی قەوارەیەکی دروستبوو، بوون ودەسەڵاتی هەیە. سەرباری ئەوەش، دەوڵەت چەندین شێوەی هەیە، سەرەڕای ئەوەی بەرپرسیارێتی چەندین کار وفەرمان وئەرك لەخۆدەگرێت.. [2]

بۆچوونێکیتر هەیە، کە دەڵێت: "دەوڵەت ڕێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵگایە وگرنگترین هۆی دەسەڵاتگرتنەدەستی چینێکە، کە لە ڕووی ئابوورییەوە ڕۆڵێکی گرنگ لەو کۆمەڵگایەدا دەگێڕێ. لێرەدا، ئەرکی سەرەکی دەوڵەت، هێشتنەوەی ڕژێمی ئابووری وداکۆکیکردنە لەو چینە فەرمانڕەوایە." [3]

---

[1] ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٨- ٢٩

[2] تعریف الدولة: منتديات برق العامة، ٢٨/ ٣/ ٢٠٠٨، forum٨.brg .com

[3] برهان قانع: زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا، ١٩٨٥، ل ٨٤- ٨٥

دەوترێت، دەوڵەت، لە بوونەوەرێکی زیندوو دەچێت، بۆیە گەشەکردنیشی کارێکی پێویستە. گەورەیی وڕووبەر فراوانیی وڵات، گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەت لە کاتی جەنگدا. هەڵبەت، ئەم گرنگییەش، لەو زاراوە سەربازییەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت (بەرگری لە قوڵاییەوە). دیارە، دەوڵەتی ڕووبەر بچووکیش، هەر زوو دەڕووخێت لەبەردەم دراوسێ ڕووبەر گەورەکاندا. گەر، ڕووبەرە گەورەکەی دەوڵەت، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی تێدابێت ودەرامەتەکانیان بەباشی بەکارهێنابێت، ئەوا ئەو یەکە سیاسییە دەبێتە هێزێکی سیاسی.[1]

هەژیی گۆتنە، فەیلەسووفێکی وەك (تۆماس هۆبس) * لە کاتی خۆیدا، باسی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کردبوو، ئاماژەی بەوە

---

[1] د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥، ل ٥٢– ٥٣

* تۆماس هۆبس: لە (١٥/مایس/١٥٨٨) لە شاری (ماڵمسبری) لەدایك بووە، کەسایەتییەکی ئینگلیز بووە، بە یەکەمین فەیلەسوفی نوێ دادەنرێت کە هەوڵی هێنانە ئارای ڕێبازێکی سیاسی مۆدێرنی دابێت، کە بە جۆرێك ڕووماڵی حەقیقەتەکانی سروشتی کردبێت، لەوانە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. لە سەردەمێکدا ژیاوە، کە ئینگلتەرا نگرۆی جەنگ وشەڕی ناوخۆیی وململانێکان بووە. ناوبراو گرنگترین تیۆری داڕشتووە دەربارەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی). ناوبراو، (٩١) ساڵ تەمەنی بووە، وساڵی (١٦٧٩ز) کۆچی دوایی کردووە.

دابـوو کـە مـرۆڤ بۆیـە حـەزی بـە ژیـانی کۆمەڵایەتییـە، لەبەرئـەوەی بەرژەوەنـدی وپێداویسـتی خـۆیی تێـدا دەبینێتـەوە. پێچـەوانەی (ئەرستۆ)، * کە پێیوابووە ژیانی کۆمەڵایـەتی مـەیلێکی خۆڕسکانە بێت، لـە نـاخی مرۆڤدا. کەواتـە، دەوڵـەت، بەرهـەمی ئیرادەی هـەموو ئینسانەکانە، ولـە بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکانی مرۆڤـەوە سەرچاوە دەگـرێ. نـاوبراو، ئامـاژەی بـەوەش دابـوو، دەوڵـەت، گەرچـی دڕندەیـەکی زەبەلاحـە ومرۆڤـەکان ڕێـزی لێنـاگرن وچارەیان ناوێـت، بـەلآم لـەپێناو بـەدیهێنان وپاراسـتنی بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکانی خۆیاندا، ملکەچ وگوێڕایەڵی دەبن. [١]

---

* ئەرستۆ: ساڵی (٣٨٤پ.ز– ٣٢٢پ.ز)، لە ستاجیری لەدایك بووە. بە باوکی زانستی سیاسی ویەکەمین مامۆستا دادەنرێت، سەرۆکی قوتابخانەی مەشائییە لە مێژووی فەلسەفەدا. بۆماوەی بیست ساڵ، قوتابی ئەفلاتۆن بووە. ئەرستۆ، (واقعیەت) بەسەر هزریدا زاڵ بووە، وە هەوڵی داوە میتۆدی توێژینەوەیی ومێژوویی لەبارەی سیاسەت وکۆمەڵەوە بەکاربهێنێت. لە ساڵی (٣٦٧پ.ز) دا پەیوەندی کردووە بە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتۆنەوە وتا مردن لەوێ ماوەتەوە. ئەرستۆ، لە دوای مردنی (ئەسکەندەری مەکدۆنی)، وە پاش ئەوەی بە لادەر لە ئایین تۆمەتبار کرا، ناچار ساڵی (٣٢٣پ.ز) ئەتینای بەجێهێشت و هەلآت، ناوبراو لەدوای یەك ساڵ لەم مێژووەوە کۆچی دوایی دەکات.

[١] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ١٢٩

هەرچـــەندە، مانـــای دەوڵـــەت، لای فەیلەســـووفێکی وەك (هیگڵ) * زۆر لەوە بەرفراوانترە کە تەنها ئامڕازێك بێت بۆ پاراستنی ئازادی وبەرژەوەندییە کەسییەکان. بەڵکو، دەوڵەتی بە (ڕۆحی ڕەها) نـاودەبرد. چـونکە، تاکـەکان لـە ڕێگـەی دەوڵەتـەوە تواناکـانی خۆیـان بەرجەسـتە دەکـەن. ئـەو، لـەو بڕوایـەدا بـوو، دەوڵـەت دوا قۆنـاغی گەشەسەندنی ڕۆحی ڕەهایە، واتە سەروەری وئیرادەی دەوڵەت، ڕەها وبێسـنوورە. [١] هەربۆیـە، هـەردەم باسـی لـەوە دەکـرد کـە "ئامـانجی ئـەقڵانی مـرۆڤ، ئەوەیـە کـە لـە دەوڵەتێکـدا بـژی. خـۆ ئەگـەر، مـرۆڤ دەوڵـەتی دەسـتنەکەوێت، ئـەوا عـەقڵ ناچـاردەبێت هـەر زوو ئـەو

---

* هیگڵ: جۆن فردریش هیگڵ: یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیای سەدەی هەژدە و نۆزدە، ساڵی (١٧٧٠)ی زایینی لە شتوتگارت هاتووەتە دنیاوە، سەرەتای تەمەنی هاوکاتی شۆڕشی فەرەنسی بووە، ساڵی (١٨١٧ز) وەك مامۆستایەك بۆ یەکەمجار لە زانکۆی (هایدڵبرگ) دەستبەکار بووە، دواتر لە ساڵی (١٨٣١)ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە..

[١] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر– بيروت، لبنان،١٩٩٤، ص ٢٤٥

دەوڵەتە لە مێشکی خۆیدا دابمەزرێنێ." [1] کەواتە، دەتوانین بڵێین، هیگڵ دەوڵەتی دەکردە ئامانج وکۆتایی ڕەوتی مێژوو. [2]

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، خودی دەوڵەت لە کۆمەڵێك ڕەگەز وبنەمای سەرەکی پێویست پێکدێت، کە بەهۆیانەوە ئەو دەوڵەتە دەستەبەر وفەراهەم دەبێت، وئێستاکێ دێینە سەر باسی ئەوەش:

---

[1] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) – سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧٦

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ٣٦٧

**بنەماکان، یاخود ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت:-**

**١- دانیشتوان، یان گەل یاخود خەڵك**

یەکەمین وپێویستترین بنەما لەبۆ دروستبوونی بناغەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بوونی دانیشتوانە، یاخود هەبوونی ئەو هاووڵاتییانەیە کە لەسەر هەرێمێکی جوگرافی سنوور دیاریکراو هەڵسوکەوت وچالاکی وژیان بەسەر دەبەن. مەحاڵە، وێنای دەوڵەتێك بەبێ بوونی دانیشتوان یاخود گەلێك بکەین. دیارە، ئەو بابەتەی هیچ جیاوازییەکی لەسەر نییە، وە تێکڕای زانایان لەسەری ڕێککەوتوون ئەوەیە کە: دەوڵەت، هەرگیز بەبێ کۆبوونەوەی کۆمەڵێك مرۆۋ پێکنایەت، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەژین لە سنووری چوارچێوەی هەرێمێکدا. بەمانای، دەوڵەتێك نابینرێت بەبێ گەل..[١]

لە ڕاستیدا، ولەڕووی یاساییەوە، گەر میللەت یاخود دانیشتوان ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوە مانای وایە "تێکڕای تاکە نیشتەجێبووەکانی سەر هەرێمی دەوڵەتێك دەگەیەنێت، کە ڕەگەزنامەی هەمان دەوڵەتیان هەیە." خۆ ئەگەر، ڕاستییەکی سیاسیش بێت، ئەوا مانای: "تێکڕای ئەو تاکانە دەگەیەنێت، کە

[١] نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٨

**مافی سیاسییان هەیە." هەربۆیە، میللەت یان گەل، بە یەکەمین ماتریاڵی دەوڵەت دادەنرێت..[1] چەمکی گەل، بەمانای کۆمەڵە کەسێك لە هەروو ڕەگەزەکە، کە بە سیفەتێکی هەمیشەیی لە هەرێمێکی دیاریکراودا نیشتەجێن، لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی سیاسی.[2]**

**لە لایەکیترەوە، پسپۆڕانی بواری یاسایی (الفقهاء)، لەسەر چۆنیەتی بوونی دانیشتوان لە ناو دەوڵەتدا ناکۆکبوون. لەبەرئەوەی، ئەو بنەمایەی کە تاوەکو ئێستاکەش لەسەری دەڕۆن، ئاماژە بەوە دەکات کە: "مەحاڵە (گەل) یاخود دانیشتوان، لە یەك وەچەوە، یاخود یەك ڕەگەزی مرۆییەوە شۆڕبووبنەوە. هەرگیز، ناکرێت بڕیار لەسەر ئەوەش بدرێت، کە "نەتەوە" هۆکاری دروستبوونی گەلان بێت، نە لە مێژووی کۆن ونە لە مێژووی ناوەڕاستدا. لەبەرئەوەش، ناکرێت ئەو وتەیە وەك پێوەرێك، بۆ دروستبوونی گەل پشتی پێببەسترێت. بە هیچ شێوەیەك، ناکرێت کرداری کۆچکردنی بەردەوام بەدرێژایی مێژوو، پشتگوێ بخرێت، بەوەی بەهۆیەوە پەرشوبڵاو دەبنەوە ودەتوێنەوە ودواتریش لەگەڵ گەلانیتردا یەکدەگرن، ئەمەش سەرجەم وەچە وڕەگەزە مرۆییەکان**

---

[1] **د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، مصدر سابق، ص ٣٠**

[2] **بارزان جەوهەر سیان: گواستنەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ دەوڵەتی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٨**

دەگرێتەوە. هەربۆیە، ئەمانەی وتران وئاماژەیان پێدرا، هۆکارێکی کاریگەر وتەواون بۆئەوەی ئەو وتانە بەدرۆ بخەنەوە کە باس لە بوونی "ڕەگەزی مرۆیی پالأوتە" دەکەن.

هەڵبەت، ئەو داکەوتەی ئێستاکە ئێمەی تێدا دەژین، باشترین نموونە بێت بۆ ئەو وتانەی پێشوو. ئاشکرایە، دانیشتوانی ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێکدێن لە چەندین نەتەوە وڕەگەزی مرۆیی جۆراوجۆر، کە سەردەمانێکی پێشوتر وبە چەندین قۆناغی جیاجیا کۆچ وڕەویان بۆ خاکی ئێستای ئەمریکا کردووە ونیشتەجێیبوون ودواتریش بوون بە گەلی ئەمریکا. هەروەها، ڕووسیای فیدراڵ، وەك نموونەی دەوڵەتێکیتر دێنینەوە، کە (گەل)ەکەی یان دانیشتوانەکەی پێکدێت لە (١٢٠) نەتەوەی جیاواز. بە هەمان شێوە، دانیشتوانی عێراقیش، نەتەوەی کورد وعەرەب وئەوانیتریش لەخۆ دەگرێ. یان، ولأتانی سووریا ولوبنان، کە لە پێکهاتەی دانیشتوانەکەیدا، نەتەوەی چەرکەس وعەرەب لەخۆدەگرن..[1]

---

[1] د. يوسف محمد عبيدان: مبادىء العلوم السياسية، الطبعة الثانية، دار الكتب القطرية- الدوحة، قطر، ١٩٩٦، ص ٧٤- ٧٥

## ٢- هەرێم، یان خاكێكی جوگرافیی سنوور دیاریكراو

ئاشكرایە، كە لە ڕووی یاساییەوە، بوونی هەرێم، دووەمین مەرجی سەرەكییە لەبۆ دروستبوونی دەوڵەت. وە هەر هەرێمیشە، كە سنووری زەوییەكان وئاوەكان وبواری ئاسمان دەنوێنیٚ، كە دەوڵەت مامەڵەی سەروەری خۆیی لەسەر دەكات وسستمی دەسەڵات ویاساكانی خۆیی لەسەر جێبەجیٚ دەكات. لەبەرئەوە، هەرگیز دەوڵەتێك بوونی نابێت، گەر هەرێمێكی دەستنیشانكراو ودیاری نەبێت، وە بەردەوام گەڵی ئەو دەوڵەتەشی لەسەر نیشتەجیٚ نەبێت. هەر لەبەر ئەوەشە، كە "كۆچەرییەكان" بە گەل دانانرێن، لەبەرئەوەی ئەوان نیشتەجێی هەرێمێكی دیاریكراو نین، گەرچی جۆرێك لە دەسەڵاتیش لەنێو خۆیاندا دەساودەس پێدەكەن. جا هەر لەبەرئەوەیە، كە دەوترێت "هەرێم، خەسڵەتی بەردەوامبوون وجێگیربوون دەستەبەر دەكات." [١]

دەوڵەت، سەروەری خۆی لەنێو ئەو سنوورە دیاریكراوەدا دەردەخات، ولەگەڵ كۆتایی ئەو سنوورەدا، سەروەری دەوڵەتێكیتر دەستپێدەكات. هەربۆیە، دەوترێت "بەبیٚ بوونی ئەم ڕەگەزە،

---

[١] د. احسان حمید المفرجي، د. كطران زغیر نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظریة العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، مصدر سابق، ص ٣٧

ناتوانرێت دەوڵەت دروستبکرێت. تەنانەت، ناکرێت پێشبینی بوونیشی بکرێت." [1]

ئەمڕۆ، لە عێراقدا تەنها "هەرێمی کوردستان" هەرێمێکی فیدراڵییە وخاوەنی دام ودەزگا فەرمییەکانی (سەرۆکایەتی هەرێم وپەرلەمان وئەنجومەنی وەزیران ودەسەلأتی دادوەریی)یە، وهیچ هەرێمێکی دیکەی لەو شێوەیە لە عێراقدا بوونی نییە. شایستەی وتنە، هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، بە فەرمی ناسێنراوە ودان بە هەموو دام ودەزگاکانیدا نراوە. هەروەها، لە دەستووری هەمیشەییشدا، دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوە ولەو چوارچێوەیەشدا، بڕگەی (یەك)ی ماددەی (١١٧)، هەرێمی کوردستانی بە هەموو دەسەلأتەکانییەوە، بە هەرێمێکی فیدراڵ ناسیوە. ئەمەش، دانپێدانانێکی ڕوون وئاشکرایە، بە دام ودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی یاسایی ودەستوورییەوە، وە ئەم هەرێمە لە سایەی دەستووری هەمیشەییشدا (دەستووری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥)، هەمان پێگە ودەسەلأتی یاسایی خۆی دەبێت وتایبەتمەندییەکانی پارێزراوە. ئەمە بێجگەلەوەی، ماددەی (١٢٠)ی هەمان دەستووری هەمیشەیی عێراق، ڕێگەی بە هەرێمی کوردستان داوە، کە دەستوور بۆخۆی دابنێت وتێیدا پەیکەری دەزگا فەرمییەکان ومیکانیزمی

---

[1] بەرزان ئەحمەد کوردە: کورد ودەوڵەت، ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٧

پیادەکردنی دەسەلاّتەکانی دابنێت، بە مەرجێك لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناکۆك نەبێت..[1]

گەلی دۆست وبرادەرینا، دەمەوێت ڕاستییەك بخەمە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە پێگەی هەرێمی کوردستان، بە فەرمی وبە شێوەیەکی یاسایی وبەپێی دەستوور، دانیپێدانراوە. کەواتە، لەپاڵ بنەماکانیتردا، دەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی خاوەن سەروەری. یان، ئەوەی کە ناوی بابەتەکەمانە "ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی."

---

[1] خەلیل عەبدوڵلاّ: کورد وپرسی دانپێدانانی دەستووری، لە بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، زنجیرەی هۆشیاری (٢٢)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٤١- ٤٢

## ٣- سیستمی سیاسیی، یاخود دەسەلاّتی سیاسیی

سیستمی سیاسی، یا دەسەلاّتی سیاسی، وە یاخود هەر هەیئەتێکی حوکمڕانیکردن کە لە چوارچێوەی ئەو هەرێمە یاخود ئەو پانتاییە جوگرافییەدا حوکمڕانی دەکات، یەکێکە لە بنەما پێویست وسەرەکییەکانیتری دروستبوونی دەوڵەت، کە باس وخواسی بابەتەکەمانە.

زاراوەی سیستەم، واتە هەر گشتێك کە لە کۆمەڵێك بەشی بچووك بچووك پێکهاتووە، کە ئەو بەشە بچووکانەش جۆرێك لە پەیوەندی هەیە لە نێوانیاندا وپێکەوەی گرێداون. لە حاڵەتێکیشدا، کە گۆڕانکارییەك بەسەر یەکێك لە بەشە بچووکەکاندا بێت، ئەوا کاریگەری لەسەر گشتەکە دەبێت وگۆڕانی بەسەردا دێت.

لە زانستی سیاسەتدا، (سیستمی سیاسی) چەمکێکی فراوانترە لە (ڕژێمی سیاسی)، وتەنیا دامەزراوە سیاسییەکان لەخۆی ناگرێت، بەڵکو سەرجەم پێکهاتە ودامەزراوە سیاسی وکۆمەلاّیەتی وئابوورییەکانیش دەگرێتەوە. کەواتە، سیستمی سیاسی وا سەیر دەکرێ کە گشتێکە وخۆیشی بەشێکە لەو گشتەی کە لە چەند بەشێکیتریش پێکهاتووە، وەك ڕژێمی سیاسی (دامەزراوە سیاسییەکان) وسەرجەم پێکهاتە وکۆمەڵەکانیش کە دەکرێ چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن، هەروەها کاریگەرییان لەسەر سیستمی

سیاسی هەبێت.[1]

مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، کە ناوەڕۆکی "دەسەڵاتی سیاسی" لە بنچینەدا پەیوەستە بە بابەتی دەستنیشانکردنی بنچینەکانی گردبوونەوەی تاکەکان لەنێو دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا. هەربۆیە، دەسەڵات لە بنچینەدا داکەوتێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، کە پێناسەکردنی هەرگیز کارێکی ئاسان نییە، ئەوەش بەهۆی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانیەوە. بە بڕوای ئەرستۆ: (مرۆڤ، ئاژەڵێکی سیاسی، یان سیڤیلە)، بەمانای مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو ئارەزووی ئەوە دەکات کە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی تری خۆیدا بژی. وێڕای ئەوەی، کۆمەڵ، دیاردەیەکی سروشتیی وخۆڕسکە، وە بە هۆی "خواستی کۆمەڵایەتی" مرۆڤەوە دروست دەبێت. کەواتە، "گردبوونەوە" دیاردەیەکی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکانە، ولەمێژەوە تاك هەرگیز نەیتوانیوە وناشتوانێت فەرمانڕەوایی ژیانی خۆی دوور لە تاکەکانیترەوە بکات..[2]

سەرباری ئەوانەی باسکران، دەسەڵاتی سیاسی، پێویستی بە پەیوەندییەکی دەروونیی لەنێو بژاردە سیاسییەکان وئەو کەسانەدا هەیە کە لە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتدان. ئاشکرایە، کە

---

[1] فەرهەنگی ڕامیاری: ئامادەکردنی: گەیلان عەباس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧

[2] زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون- دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر والوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠٠٩، ص ٢١- ٢٢

سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی، سەرەکیترین تایبەتمەندێتی سیستمێکی سیاسییە، لە کاتی سەرهەڵدانی چەمکی سەروەریدا.[١]

دەسەڵات، چەمکێکە بە کۆمەڵە داموودەزگایەکەوە بەستراوەتەوە، هەروەك چۆن بەوەش بەستراوەتەوە کە بە "توندوتیژی ڕەوا" ناودەبرێت. لێرەوە، بیرمەند "ماکس ڤێبەر" هێز ودەسەڵات وا دیاریدەکات، کە تاکە ڕێگا یان تاکە هەلێك بێت لەبۆ ئەوەی کەسێك (یاخود دەوڵەت- نووسەر) بەهۆیەوە ئیرادەی خۆی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێ، وکارێکی وەها بکات کە ئەو ئیرادەیە لە کاکڵەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەربکەوێت. وەلێ، ناوبراو پێی وایە کە کۆنترۆڵکردن، هەلی ڕێکەوتن وبوونی کەسانێکە، کە ئامادەن ملکەچ وگوێڕایەڵ بن. لەبەرئەوەی، لە هەموو کۆنترۆڵێکی سیاسیدا، پەیوەندییەکی سیاسی لە نێوان دوو لایەندا هەیە، فەرمانڕەوا وفەرمان لەسەرکراو. هەروەها، کۆمەڵە هۆکارێکی جیاجیا، کار لەو پەیوەندییانە دەکەن. وەکو ڕێزگرتن، ترس، سوودوەرگرتن، سەرکەوتن ونەریت، بەڵام هەژموون وەك زاراوە، شتێکی بنەڕەتییە بۆ هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی. لەبەرئەوەی، گشت دەسەڵاتێکی سیاسی لە هەموو دەوڵەتێکدا لە ڕێگەی هێزەوە، هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە هەژموون، کە جۆرە هەستێکی (خۆبەزل

---

[١] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ): وەرگێڕانی: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩

زانین وگەورەییەك) لەگەڵ خۆیدا دێنێ..[1]

وەلێ، بێمکووڕیکردن، دەوڵەت کۆمەڵگایەکی مرۆییە، لە مەرجە سەرەکییەکانیشی ئەوەیە کە ڕەگەزی ڕێکخستنی سیاسی هەبێت. مانای، پێویستە لە بنچینەدا دەسەلاٌتێکی سیاسی بوونی هەبێت، تاوەکو کاروبارە دەوڵەتییە نێوخۆیی ودەرەکییەکان بەجێبهێنێت. لە هەمان کاتیشدا، بەرپرسبێت لە بەردەم کۆمەلاٌنیتر، دەربارەی هەموو ئەو کاروبارانەی تایبەتن بە هەرێم وگەل. وەلێ، کاتێکیش بوونی دەسەلاٌت دەسەلمێنرێت، کە تاکەکانی کۆمەڵگا دابەش بن بۆ دوو دەستە، دەستەی حوکمدار، کە ڕووکەشی هێزەکەی ئابووری یان ئایینیی وەیاخود سەربازی بێت. دەستەیەکی تریش، کە حوکملەسەر بن وملکەچی فەرمانەکانی دەستەی یەکەم بن. بەم شێوەیە، ئەم کۆمەڵگایەی باسکرا، دەگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو ودیسپلینکراو، کە هزری یاسای ناچاریی بەسەردا زاڵ دەبێت.[2]

---

[1] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٥

[2] د. احسان حمید المفرجي، د. کطران زغیر نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظریة العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، مصدر سابق، ص ٤١

## ٤- دانپێدانانی نێودەوڵەتیی

دەوترێت، ئەگەر دەوڵەتێك، ئەندامێكی دانپێدانراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بێت، ئەوە مانای ئەندامێكی شەرعی هاوشانی وڵاتانیترە ویاسا نێودەوڵەتییەكان دەیپارێزن، ویەكسانە لەگەڵ وڵاتانیتر لە لایەنی یاسای نێودەوڵەتییەوە.[1]

گونجاوترین ڕا، لە لای یاساناسان وتێگەیشتووانی یاسا (الفقهاء)، ئەوەیە كە دانپێدانان بە دەوڵەتی نوێ لە لایەن دەوڵەتانی ترەوە، بە بەجێهێنانێكی سەربەخۆ لە چالاكییەكانی دادەنرێت. لە ڕاستیدا، دەوڵەت، كاتێك دروست دەبێت وبوونی یاسایشی بۆ دروست دەبێت، ئەگەر سێ ڕەگەزەكەی پێشتر ئاماژەی پێدرا لەبەردەستدا بوون، یاخود بوونیان هەبوو. بەڵام، هەرچی بابەتی دانپێدانانە، تەنها بڕیارلەسەردانێكە لەلایەن دەوڵەتانەوە بە دیفاكتۆدا (الامر الواقع). واتە، دانپێدانانێكە بە بوونی "ڕووداوێكی یاسایی"دا، كە دروستبووە وبەئەنجام گەیشتووە، پێش دەچوونی ئەو دانپێدانانە.[2]

---

[1] ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەكان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[2] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، مصدر سابق، ص ٤٣

ئەم بنەمایە، بەکاردێت بۆئەوەی دانبنرێت بە مەشروعیەتی دەوڵەتێکدا، لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی جیهانەوە. بۆئەوەی، ئەمیش بتوانێت لەسەر ئاستی جیهانیی، چالاکییەکانی ئەنجام بدات. سەرەتا، بۆ دانپێدانان بە هەر دەوڵەتێکدا، پێویست بوو ئەو دەوڵەتە هەر سێ بنەمای (خاك وگەل ودەسەڵاتێکی خاوەن سەروەری) هەبوایە، بۆئەوەی دانبنرێ بە مەشروعیەتی ئەو دەوڵەتەدا. بەڵام، ئەم ئاڕاستەیە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بە تایبەتی پاش ڕووخانی بلۆکی بەناو سۆشیالیستی لەساڵی (١٩٩١ز) دا، وە دەرکەوتنی کارەکتەری نوێی جیهانیی، کە تیایدا ئەمریکا وەك زلهێزێکی جیهان، سەرکردایەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی کردووە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. چونکە، لە ئێستادا جەمسەری تر هاتوونەتە دەرکەوتن، وەك ڕووسیا وچین.

لە دوای ئەمەوە، دانپێدانان لەلایەن ئەم دەوڵەتەوە بوو بە بنەمای سەربەخۆبوونی دەوڵەت. واتە، هەرچەندە ئەگەر دەوڵەتێ هەر سێ بنەمای خاك وگەل ودەسەڵاتی خاوەن سەروەری هەبێت، گەر لەلایەن دەوڵەتانی تریشەوە دانپێدانەنرێ، بە دەوڵەت دانانرێ. یاخود، نابێتە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. باشترین نموونەش بۆ ئەمە، (کوردستان وفەلەستین)ە، کە نەبووەتە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی..[١]

[١] فەرهەنگی ڕامیاری: ئامادەکردنی: گەیلان عەباس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧

**هەژیی گۆتنە، کۆڕی یاسای نێودەوڵەتی (مجمع القانون الدولي)، مانای وشەی دانپێدانانی بەوە دەستنیشان کردووە کە: دانپێدانان، کارێکی سەربەستانەیە، بەو پێیەی دەوڵەتێك یاخود دەوڵەتگەلێك بڕیار دەدەن لە بوونی کۆمەڵێك، کە ڕێکخستنێکی سیاسییان لە هەرێمێکی دیاریکراودا هەیە، بەوەی ئەو هەرێمە جودا وسەربەخۆیە لە تێکڕای دەوڵەتانیتر، وە لە هەمان کاتیشدا توانای ئەوەیان هەیە بەوەفابن بەرانبەر سەرجەم پابەندبوونە یاساییە نێودەوڵەتییەکان. لە بەرانبەریشدا، دەوڵەتان بە دانپێدانان، نییەتی خۆیان بەرانبەر ئەو دەوڵەتە (یاخود ئەو کۆمەڵە) دەردەبڕن بەوەی ئیدی ئەندامێکە لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتیدا.** [1]

**شتێکی یاساییە، گەر دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ، مانای دروستبوونی کەسایەتییەکی یاسایی نێودەوڵەتی نوێ بگەیەنێ، کە بتوانێت دەستبەکار بێت لە بەڕێوەبردنی تایبەتمەندێتییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیدا، وە لە هەمان کاتدا بەریەککەوتنی ئەرێنی ونەرێنی لەگەڵ تایبەتمەنێتی کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکانی تردا دروست بکات، ئەوا "یاسای نێودەوڵەتی،" خودی ئەو دەوڵەتە نوێیە پەیوەست دەکات بەوەی لەگەڵ تەواوکردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، کردارێکی یاسایی تر پەیڕەو بکرێت کە خۆی لە دانپێدانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەم قەوارە نوێیەدا دەبینێتەوە.**

---

[1] **نشأة الدولة: منتديات ستارتايمز، شؤون قانونية، ٢٢/ ١٢/ ٢٠١٠،**
**www.startimes.com**

واتە، کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکانی تری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، دان بەوەدا بنێن کە ئەو دەوڵەتە نوێیە هەموو پایەکانی دەوڵەتبوونی تەواوکردووە، وئەوانیش ڕازی وئامادەن تا هەڵسوکەوت وپەیوەندی لەگەڵدا بکەن وەکی ئەندامێك لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا..[١]

جێگەی ئاماژەپێدانە، ئەو سێ ڕەگەزە سەرەکییەی بۆ دروستبوونی دەوڵەت، کە پێشتر باسی لێوەکرا، کە خاك یان هەرێمێکی جوگرافی سنوور دیاریکراو بوو، لەگەڵ دانیشتوان یاخود گەلێکی نیشتەجێ لەسەر ئەو هەرێمە، پاشان دەسەڵاتێکی سیاسی یاخود سیستمێکی سیاسی، کە مامەڵەی سەروەری خۆی لەسەر ئەو گەل وهەرێمە جوگرافییە بکات، دەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە دەوڵەتان وقەوارە ئەوروپییەکان لە کۆنفرانسی (وێستڤالیا)ی ساڵی (١٦٤٨ز)دا لەسەری ڕێککەوتن، ئەمەش دوای ئەو جەنگە ئایینییانە بوو کە لە ئەڵمانیا وبۆ ماوەی (٣٠) ساڵ بەردەوام بوو. دوابەدوای ئەمانە، لە پەیماننامەی (مۆنتیفیدیۆ)ی ساڵی (١٩٣٣ز)دا، مەرجی چوارەمی بۆ زیادکرا، کە مەرجی (دانپێدانانی نێودەوڵەتی) بوو، بە دەوڵەتی نوێ دا. ئەوەش، بۆئەوەی ئەو دەوڵەتە نوێیە ببێتە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. ئەم مەرجانە یاخود بنەمایانە، بوونە

---

[١] محمد عزيز شكري: الاعتراف الدولي، الموسوعة العربية، ٢٠١١، www.arab-ency.com

بەشێك لە (یاسای نێودەوڵەتی) ئەمڕۆ، بەم پێیەش زۆرینەی دەوڵەتانی جیهان دامەزران..[1]

سەرباری ئەوانەی وتران، گونجاوترین ڕا وبۆچوونی یاساناسان وپسپۆڕان، ئەوەیە کە دانپێدانان بە دەوڵەتی تازە دروستبوو لەلایەن وڵاتانیترەوە، تەنها بەجێهێنانی کارێکی سەربەخۆیە، دوور لە چالاکییەکانیتر. بەوەی، ئەو دەوڵەتەی ئاماژەی پێدرا، تازە دروستبووە وە بوونی یاسایشی بەهۆی ئەو سێ ڕەگەزەی کە پێشتر باسکرا، جێبەجێ بووە. وەلێ، هەرچی مەرجی دانپێدانانیشە، تەنها بڕیاردانێکە لەلایەن دەوڵەتانیترەوە بە دەوڵەتێکی دیفاکتۆدا (الامر الواقع). مانای، تەنها بڕیاردانێکە لەسەر ئەوەی کە ڕووداوێکی یاسایی بوونی هەیە، وەلێ ئەم کارە جێبەجێ بووە پێش دەرچوونی دانپێدانانی ئەو وڵاتانە. لەبەر ئەم هۆیە، "دانپێدانان" سیفەتێکی بڕیارلەسەردانە، نەك سیفەتێکی دامەزرێنەر (الاعتراف، صفة اقرارية، لا صفة انشائية). ئەوەشی لێوەی دەچنرێتەوە، دەرخستنی ئەو دەوڵەتە نوێیەیە وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. خۆ ئەگەر، دەوڵەتان لە دانپێدانانی دەوڵەتێکی نوێ دا دوورەپەرێز بوون، ئەوا هەرگیز کارێکی لەو جۆرە ڕوونادات، یاخود ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەوڵەتە نوێیە، نەتوانێت مافەکانی وکەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتیی خۆی، مامەڵە

---

[1] خدر شنكالي: عناصر ومقومات الدولة الكوردية المرتقبة /٣ / الاعتراف الدولي، دوغاتا كوم، ١١/ ١١/ ٢٠١١، www.doxata.com

وتاووتویٚ نەکات. کەواتە، دەرەنجامی ئەم کارە (الامتناع)، تەنها کێشە دروستکردنە بۆ ئەو وڵاتە، بۆ بەجێنەهێنانی مافە یاساییەکانی خۆی بە تەواوی، هەروەها بۆئەوەشە کە نەتوانێت پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانیتردا دروست بکات.[1]

دەکرێت، ئاماژە بەوەش بدرێت، کە دانپێدانان بە چەند شێوەیەك وزیاد لە شێوازێك دەبێت. ئەوجا دەشێت، ئەو کارە بە شێوەی "ئاشکرا- علني" ولە ڕێگای "جاڕدانی فەرمیی"یەوە بێت، وەك ئەوەی لە کاتی خۆیدا ئەمریکا دانینا بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا. یاخود، دەشێت بە شێوەی "شاراوە- ضمني" بێت، وەك ئەوەی دەوڵەتان پەیوەندی دپلۆماتیی یاخود ئابووریی لەگەڵ دەوڵەتانی نوێدا ببەستن. ئاشکرایە، کە ئەم هەڵسوکەوتە، وەك دانپێدانانێك بەو دەوڵەتە نوێیەدا وایە. هەروەها، دەکرێت دانپێدانان لە ڕێگەی "پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی"یەوە بێت، کە تیایدا بە دەق باس لەو دانپێدانانە کرابێت، وجەختیشی لەسەر بکاتەوە. ئەوەش، وەکی ئەو پەیماننامەیەی لە نێوان (ئەندۆنیسیا وهۆڵەندا) مۆرکرابوو، کە دانپێدانان بە دەوڵەتی "ئەندۆنیسیای نویٚ"ی لەخۆگرتبوو.[2]

هەر لە نێوکۆی بابەتی دانپێداناندا، دەکرێت ئاماژە بە دوو بەشی تری یاسایی بدەین، کە خۆی لە سروشتی یاسایی دانپێدانان

---

[1] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، مصدر سابق، ص ٤٣

[2] د. يوسف محمد عبيدان: مبادىء العلوم السياسية، مصدر سابق، ص ٨٥

وشێوەکانی دانپێدانانندا دەبینێتەوە. هەڵبەت، ئەم بەشانەش، وەك خۆیان دابەش دەبنەوە بەسەر چەند بەشێکیتردا.

**أ- سروشتی یاسایی دانپێدانان (الطبيعة القانونية للاعتراف):**

دەربارەی بابەتی دانپێدانان، یاساناسان هاوڕا نین لەسەری، کۆمەڵێکیان وای تێدەڕوانن کە "کارێکی دامەزراندن- عملاً انشائياً- constitutive" بێت. بەلآم، کۆمەڵێکیتر وەکی "کارێکی خستنەڕوویی یان ڕواڵەتیی- عملاً اظهارياً- declaratory" تێیدەڕوانن. دیارە، ئەوانەی دەڕواننە دانپێدانان وەك کارێکی دامەزراندن، لەو باوەڕەدان کە ئەو دانپێدانانە مانای ڕازیبوونی دەوڵەتانە بە هاوڕێیەکی نوێ لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتیدا، وە بڕیاردانیشە لەسەر مافەکان وتایبەتمەندییە پێویستییەکانی سەروەری. ئەم بۆچوونە، وا لە دانپێدانان دەکات وەك ئەوەی کارێك بێت کە ملکەچ وڕەچاوی بەها سیاسییەکان بکات، یاخود ملکەچی کۆمەڵە مەرجێکی دیاریکراوبێت، بەوەی گوزارشتە لە ویستی ئازاد (الارادة الحرة)ی دەوڵەتی دانپێدانراو.

بەلآم، ئەوانەی دانپێدانان وەك کارێکی خستنەڕوویی یان دەرخستن دەبینن، دیارە ئەو بۆچوونەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دانپێدانان کارێکی ڕواڵەتییە، وە کار وفەرمانی تەنها لە گەواهیدان بە دروستبوونی ئەندامێکی نوێ لە کۆمەڵەی

نێودەوڵەتیدا کورت دەبێتەوە، وبڕیاردانە لەسەر دیفاکتۆ (الامر الواقع). ئەمە بێجگەلەوەی، ئەم بۆچوونە دەتوانێت وا لە بابەتی دانپێدانان بکات کە ببێتە کارێکی مافناسیی پەتی، ودەوڵەتانیش پابەند بکات پێوەی. ئەوەش، تەنها لەو کاتەدا دەبێت، کە ئەو دەوڵەتە نوێیە ڕەگەزە پێویستەکانی بوونی (بوون بەدەوڵەت)ی تەواوکردبێت.

لە ڕاستیدا، ئەگەر سروشتی بابەتی دانپێدانان نزیك بێت لە کارێکی ڕواڵەتییەوە، ئەوا دەبێ جەختیش لەوە بکرێتەوە کە ئەو دەوڵەتەی دانی نەناوە بە دەوڵەتە نوێیەکەدا، بە هیچ جۆرێکیش پەیوەست نابێ بە بەستنی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دپلۆماتیی لەگەڵیدا. کەواتە، بەستن یاخود نەبەستنی پەیوەندی دپلۆماتی، کارێکی ئارەزوومەندانەیە. تەنانەت، هیچ ڕێگرییەکیش نییە وا لەو دەوڵەتە بکات ناچار ببێ بەوەی دانبنێ بە دەوڵەتبوونی ئەو سیستمە نوێیەدا، ئەوەش بە هێنانەوەی بەهانەی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە نوێیە خاوەنی ڕەگەزەکانی بوون بەدەوڵەتی تێدا نییە. لەبەرئەوە، هەڵسەنگاندن وبوون یان نەبوونی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت لەو سیستمە نوێیەدا، کارێکی سیاسی ولە هەمان کاتیشدا مافناسییە. [1]

---

[1] مفهوم الاعتراف الدولي: منتديات الحقوق والعلوم القانونية، ٧/ ٤/ ٢٠١١، www.droit-dz.com

له لایەکیترەوە، جیاوازی بیروبۆچوونە یاساییەکان لەمەڕ بابەتی دانپێدانان، دوو (تیۆر)ی بنچینەیی هێنایە گۆڕێ، ئەویش (تیۆری دانپێدانانی دامەزرێنەر– نظرية الاعتراف المنشيء)، وە (تیۆری دانپێدانانی بڕیار لەسەردراو– نظرية الاعتراف المقرر)ە.

## ١- تیۆری دانپێدانانی دامەزرێنەر (دروستکەر):

بە بڕوای لایەنگرانی ئەم تیۆرە، کە سەر بە مەزهەبی ئیرادین، [١] بوونی توخم وڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت، تەنها دەبێتە هۆی بونیادنانی (دەوڵەتی ماتریالّی). بەلاّم، هەرگیز بوونی یاسایی بۆ ئەو دەوڵەتە دروست نابێت، گەر دەوڵەتانیتر دانیپێدا نەنێن. کەواتە، بەپێی ئەم تیۆرە، ئەوە (دانپێدانان)ە کە کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ ئەو دەوڵەتە نوێیە فەراهەم دەکات.

کەواتە، لەم ڕوانگەیەوە، ناکرێت پەیوەندی نێودەوڵەتی یاسایی لەگەڵ یەکەیەکی سیاسیدا ببەسترێ، ئەگەر لە بنەڕەتدا دانیپێدا نەنرابێت. هەروەها، کاتێك ئەو دەوڵەتە نوێیە توانای بەکاربردنی ئەو مافە یاساییانەی دەبێ (کە پێشتر یاسای نێودەوڵەتی گشتی بڕیاری لەسەرداوە)، ئەگەر لەلایەن دەوڵەتانیترەوە دانیپێدا بنرێ. ئیدی لێرەوە، هەموو یەکەیەکی

---

[١] بارزان جەوهەر سیان: گواستنەوەی دەسەلاّتی فیدرالّی بۆ دەوڵەتی باشووری کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣

سیاسی نویٚ، دەبێتە هەڵگری یاخود سیفەتی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بەدەست دێنیٚ، تەنها لە بەرانبەر ئەو دەوڵەتانەی کە دانیان پێداناوە. بە پێچەوانەشەوە، دەوڵەتی نویٚ، ناتوانێت ئەو سیفەتە بەدەست بهێنیٚ لە بەرانبەر ئەو دەوڵەتانەی پێشتر دانیانپێدا نەناوە یاخود دوورەپەرێز بوون.

## ٢- تیۆری دانپێدانانی بڕیار لەسەردراو (بەیادخەر یان ئاشکرا):

بەڵام، لایەنگرانی ئەم تیۆرەیتر، کە سەر بە مەزهەبی بابەتین، وای دەبینن کە فەراهەمبوونی دەوڵەت بە دەستەبەربوونی ڕەگەزەپێکهێنەرەکان دێتە ئەنجام، وئەم کردارەش پەیوەست نییە بە ویستی وڵاتانیترەوە. بە مانای، دانپێدانان دەوڵەتی نویٚ دروست ناکات، بەڵکو بڕیاردانە لەسەر بوونی ئەو دەوڵەتە وگەرەنتی مامەڵەکردنی سەروەری دەرەکی پێدەبەخشیٚ، بەوەی دەوڵەتگەلێك ڕازی دەبن بە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەم تیۆرە لەکەڵ لۆژیك (منطق)دا دەگونجیٚ. بەو پێیەی، دانپێدانان لە ڕاستیدا هیچ بەهایەکی نابیٚ، گەر ئەو دەوڵەتە توخم وبنەماکانی بوون بەدەوڵەتی تێدا نەبیٚ. واتە، دانپێدانان، دەوڵەتێك دروست دەکات گەر بنەماکانی تەواو نەبووبن، وە زمانێکیشە بۆ ئاماژەدان بە بوونی

شتێك كه دانیپێدا نرابێ. مانای، دەلالەت وئاماژەدان نییه به شتێك كه بوونی نەبێ. لەبەرئەوە، گەر دەوڵەتگەلێك دانینەنا به دەوڵەتێكی نوێدا، ئەوا كاریگەریی نابێت لەسەر بوونی ئەو دەوڵەتە، یاخود ڕێگری لەبەردەم ئەو دەوڵەتەدا دروست ناكات، بەوەی نەتوانێ مافەكانی خۆی وەك كەسایەتییەكی یاسایی نێودەوڵەتی نوێ تاووتوێ بكات. بەڵكو، دەشتوانێ پەیوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەشدا دروست بكات، كه پێشتر دانیانپێدا ناوە، یان ئەو دەوڵەتانەی ڕازین به مامەڵە وهەڵسوكەوتكردن لەگەڵیدا.

له ڕاستیدا، كۆڕی یاسای نێودەوڵەتی، پشتگیری لەم تیۆری دانپێدانانی بڕیارلەسەردانه كردووە. هەروەها، وەها بڕیاردراوە كه دانپێدانان سیفەتێكی بڕیارلەسەردانی هەیە، نەك سیفەتێكی دامەزرێنەر (الاعتراف، ذا صفة اقراري، لا انشائية)، وه تەنها كردارێكی یاساییە، بۆ بڕیاردان لەسەر كارێكی پێشینە. مانای، كاریگەرییەكەی بۆ ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە كه ڕەگەزەپێكهێنەرەكانی ئەو دەوڵەتەی تێدا دەستەبەر بووە، نەك بۆ ئەو مێژووەی دانیپێدا نراوە. ئەمەش، وێڕای ئەوەی داننراوە به بوونی ئەو یەكه سیاسییەدا، وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ.[1]

## ب- شێوەكانی دانپێدانان:

---

[1] نشأة الدولة: منتديات ستارتايمز، شؤون قانونية، ٢٢/ ١٢/ ٢٠١٠، www.startimes.com

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەتوانین ئەوە دووبارە بکەینەوە کە دانپێدانان لە دوو شێوە یان لە دوو جۆر زیاتر تێناپەڕێ، ئەویش دانپێدانانی (ئاشکرا- علني) یاخود (شاراوە- ضمني)یە.

**<u>یەکەم</u>**- دیارە، شێوەی یەکەمی کە **ئاشکرایە**، دانپێدانانێکی (یاسایی وتەواوە- قانوني وکامل- de jure)، ئەوەش بە پشتبەستن بە داخوازی و وەڵامدانەوەیەکی ڕوون وئاشکرا. وێڕای ئەوانەی وتران، ئەم جۆرە دانپێدانانە، یا بە شێوەی (تاکلایەنانە- فردي) وە بەپێی دەستووری وڵات ولەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دەبێت، یاخود بە شێوەی (کۆمەڵ- جماعي) دەبێت، کە تیایدا کۆمەڵێك دەوڵەت دان بەو دەوڵەتە نوێیەدا دەنێن، وەك ئەوەی لە ساڵی (١٩٤٩ن) دا ڕوویدا، کە لە ڕێی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دان بە (لیبیا) دا نرا.

**<u>دووەم</u>**- هەرچی شێوەی دووەمیشە، واتە دانپێدانانی **شاراوە**، دانپێدانانێکی (کرداریی- فعلي- de facto)یە، کە لە ڕێی هەڵسوکەوت وڕەفتارکردنەوە لەگەڵ دەوڵەتی نوێدا دەبێت. بەوەی، دەوڵەتان، پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە نوێیەدا دەبەستن. بەڵام، ئەم هەڵسوکەوتەیان پێش ئەو دانپێدانانەیان

ناکەوێت.نموونەش بۆ ئەمە، دانپێدانانی شاراوەی (ئێران)ی سەردەمی شا بوو بە (ئیسرائیل) دا.[1]

لە ڕاستیدا، بابەتی دانپێدانان تەنها دەوڵەتی نوێ ناگرێتەوە، بەڵکو دەشێت ئەو دانپێدانانە (شۆڕشگێڕان، جەنگاوەران، حکومەتە پراگماتیکەکان) بگرێتەوە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕان وتێگەیشتووان ویاساناسانی هاوچەرخ (الفقه المعاصر)، پشتگیریی لە جۆری چوارەمی دانپێدانان دەکەن، کە ئەویش دانپێدانانە بە (نەتەوە یاخود حکومەتە نادیارەکان).

---

[1] محمد عزيز شكري: الاعتراف الدولي، الموسوعة العربية، ٢٠١١، www.arab-ency.com

## لایەنی ئابووری //

دەوترێت، ژێرخانی ئابووری زۆر گرنگە بۆ دەوڵەت. دەشوترێت، هەردەم بەرژەوەندییەکان یەکلاکەرەوەی کێشەکانن. کاتێکیش، دوو دەوڵەت تێکدەچن، مانای بەرژەوەندییەکانیان تێکچووە. لە ڕاستیدا، ستراتیژ وسیاسەتی دەرەوەی گشت دەوڵەتێك بەرژەوەندی لەپشتە، یاخود بە پێوەری بەرژەوەندی دەپێورێت. یان، وەك ئەوەی تۆماس هۆبس دەڵێت: "مرۆڤ، ناگەڕێت بەدوای هاوڕێدا، گەر پاڵنەری بەرژەوەندی وپێداویستی نەبێت." [1] لە لایەکیتریشدا، ئامارژە بەوە دەدات کە: "مرۆڤ، ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو کەسانی تریش لەم ژیانەیدا هاوبەشی دەکەن. ئەوانیش وەکو ئەم، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە دەدەن، کە ئەم هەوڵی بۆدەدات. واتە، مسۆگەرکردنی بەردەوامی وزیادکردنی جووڵە ژیانداریییەکان، بێ ڕاوەستان وئاستەنگ. دیارە، هاوبەشیی تاکەکان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەدا، دەکرێ پاڵنەرێك بێت بۆیان، بۆ دەستبەسەراگرتن یان بەدەستهێنانی هەندێك شتی دیاریکراو." [2]

---

[1] احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠١٢، ص ١٠٦

[2] دکتۆر نەبیل عەبدولحەمید: تۆماس هۆبز وڕێبازە ئاکاری وڕامیارییەکەی، و: د. محەمەد شوانی، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٤٦- ١٤٧

هەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تاکەکانەوە، دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین، کە لە کاتی خۆیدا، کەسێکی وەك (ماکیاڤێللی) * وتوویەتی: "ئادەمیزادان، تەبیعەتیان وەهایە، کە پەیوەندی نێوانیان بەندی ئەو

* نیکۆلۆ ماکیاڤێللی: هزرڤان وسیاسەتڤانی ناوداری ئیتالی، لە (٣/ ٥/ ١٤٦٩ز) لە (فلۆرەنسا) لەدایك بووە. باوکی پارێزەرێکی ناودار وخاوەن بیروڕایەکی هیومانیستی بووە ولە بواری سیاسەتدا خاوەن نفوز بووە. ئەم کەشوهەوایەی خێزانەکەی وای لە ماکیاڤیللی کرد لە تەمەنی (٢٩) ساڵیدا بگاتە پلەوپایەیەکی گرنگی کارگێڕی لە فلۆرەنسا، وبۆ ماوەی (١٤) ساڵ ڕاوێژکاری گشتی ودواتریش پلەی باڵیۆزی بەدەستهێنابوو. بەڵام بەگەڕانەوەی بنەماڵەی (میدیچی) بۆ سەر کورسی حوکم لە (١٥١٢ز)دا، ناوبراو لە پۆستەکەی دەرکرا ودوورخرایەوە بۆ دەرەوەی وڵات. بۆ ماوەی (١٢) ساڵ بە گۆشەگیری وهەژاری دەمێنێتەوە. هەرچەندە لەساڵی (١٥١٣ز) دا کتێبی میر دەنووسێ وپێشکەشی بنەماڵەی (میدیچی)یەکانی دەکات بۆئەوەی لێیخۆشبن وبچێتەوە سەر کارەکەی. هەرچەندە پاش مردنی، ئەم کتێبە بووە هۆی ناودەرکردنێکی سەیر ونائاسایی نووسەرەکەی. ناوبراو دەیویست بەهۆی ئەم کتێبەوە (ئاکاری گشتی) لە (ئاکاری دەوڵەت) جیابکاتەوە، ئامانجی ئەو یەکخستنەوەی ئیتالیای پارچەپارچە بوو، سەرخستنی وڵاتی کردبووە ئامانج بە هەر ئامڕاز وشێوەیەك بێ. لەم بوارەدا، گرنگترین وتەزای ئەو (ئامانج پاساو دێنێتەوە بۆ ئامڕاز- الغایە تبرر الوسیلە) بوو. لە ڕاستیدا، ئەم کتێبە گەورەترین دەستکەوت بوو لە مێژووی فەلسەفە وبیری سیاسی نوێدا. مەکیاڤێللی یەکەم بیریاری سیاسی بوو کە سیاسەتی مۆدێرنی دژ بە نەریتی ئەخلاقیی مەسیحی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست داڕشت، بۆیە دەتوانین ناوبراو بە نوێنەری ڕەوتی (ڕێنیسانس) لە بواری سیاسەتدا دابنێین. لە (٢٢/ ٦/ ١٥٢٧ز) دا ماکیاڤێللی کۆچی دوایی کردووە.

سوود وبەرژەوەندییانەیە کە لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕی دەکەن." [1] هەڵبەت، ئەم وتەزایانە، نزیکمان دەکاتەوە لەو دەستەواژەیەی دەڵێت: "ئاشتی تا سەر نییە، شەڕیش تا سەر نییە، بەڵام بەرژەوەندی تا سەر هەیە." بێمکووڕیکردن، ئێستاکێ ئابوورییە زەبەلاحەکانی جیهان، ستراتیژ وسیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان دیاریدەکەن یان دادەڕێژن. هەر لەم ڕوانگەیەوە، وە بە پشتبەستن بە پێشهات وداتا وزانیارییەکان، دەگەینە ئەو هەقیقەتەی ئەمڕۆ لە عێراقی سەردەمی نوێدا، کێ دەسەڵاتی بەسەر بەرهەمهێنان وداهاتی نەوت وگازدا هەبێ، بێشك دەتوانێ وەك بەهێزترین فاکتەر، گرنگترین ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە کێشمەکێش وملانملانی هێز وئاڕاستەکردنی دەسەڵاتدا بگێڕێ.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە ئەمڕۆ دەوڵەتی تورکیا بە یەکێك لەو دەوڵەتانە دادەنرێت کە سوود وقازانجێکی بێشومار لە ئاڵوویری بازرگانی وسەرجەم بوارەکانیتر لەگەڵ هەرێم دەبینێت. وەلێ، لە دوای دەوڵەتی ئەڵمانیا، هەرێمی کوردستان بە گەورەترین بازاڕ لەبۆ ساغکردنەوەی کالاّ وخزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتی تورکیا دادەنرێت. ئەمە بێجگەلەوەی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە

---

[1] نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حسێن عارف، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٦٧

نزیکەی (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاوی خۆی، لە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی نێوان عێراق وتورکیاوە دەنێرێتە دەرەوە.

لە سەرەتادا، پاش ئەوەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم، کێشەی لە نێوان هەرێم وناوەنددا دروستکرد، وە لە بەرانبەریشدا بەغدا پابەند نەبوو بە دابینکردنی خەرجی کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە هەرێم وبگرە بەشە سووتەمەنی هەرێمیشی بڕی، هەڵبەت حکومەتی هەرێمیش وەك پەرچەکردارێك، لە بەرواری (٥/ ٧/ ٢٠١٢ز)، هەنگاوێکی نوێی نا. بەلاَم، بەم کردارە، دەرگایەکی نویێ لەبەردەم تورکیادا والاَ کرا، کە لە ڕێیەوە وبە فەرمی ڕۆژانە نەوتی خاوی هەرێم بە تانکەر ڕەوانەی پالاَوگەکانی ئەو ولاَتە بکریێ، لە بەرانبەر پێدانی جۆرەکانی سووتەمەنی بۆ ناوخۆی هەرێم. لەم ڕووەوە، وەزیری وزەی تورکیا (تانەر یەڵدز) ڕایگەیاند: ئەم پەیوەندییە، بەردەوامی دەبێت وئاماژەشی بەوە کرد کە دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا، ڕۆژانە زیاتر لە (٢٠٠) تانکەر لە هەرێمی کوردستانەوە، بڕی (٤٠) هەزار بەرمیل نەوت ببەنە ولاَتەکەیەوە. ناوبراو، ئەوەشی خستە ڕوو کە ئەم کارە بەپێی دەستووری عێراقە. بەرپرسانی هەرێمیش، پلانی ئەوەیان هەیە کە پێش مانگی ئابی

**ساڵی (٢٠١٣ز)، نەوتی هەرێم لە ڕێی بۆرییەوە نەك تانكەرەوە ڕەوانەی توركیا بكەن..[١]**

**لە گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی) ئەمریكیدا، (دیك چینی) [*] ئاماژەی بەوە دابوو، كە: "ئەگەر هەرێمی كوردستان، بۆرییە نەوتەكانی ڕابكێشێ بۆ توركیا ولەوێشەوە بۆ ئەورووپا هەناردەی بكات، ئەوا توانای سەربەخۆبوونی زیاتر دەكات."**

**هەر لە هەمان گۆڤاردا، بەڵاّم بە بەرواریێكیتر، ئاماژە بەوە درابوو كە لە مانگی ئایاری (٢٠١٢ز)دا، ئەنكەرە وهەولێر ڕێككەوتننامەیەكیان بە مەبەستی دانانی بۆرییەكی گاز ودوو بۆری نەوت واژۆ كردووە، بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە نەوت وگازی هەرێمی**

---

[١] ئەمریكا داوا لە بەغدا دەكات واز لە هەڕەشەكانی دژ بە كوردستان بهێنێت: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر، ١٠/ ٩/ ٢٠١٢، www.hawler.in

[*] ریچارد بروس چینی: ناسراو بە (دیك چینی)، لە ٣٠/ یەنایەر/ ١٩٤١ لەدایك بووە، كەسایەتییەكی سیاسی وجێگری سەرۆكی پێشووی ئەمریكا (جۆرج بۆش) بووە لە ماوەی (٢٠/ یەنایەر/٢٠٠١- ٢٠/ یەنایەر/ ٢٠٠٩). ساڵی (١٩٧٨ز)، سەرەتای كاری سیاسی ناوبراو بووە، كاتێك وەك ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریكا هەڵبژێردرا. لە نێوان ساڵانی (١٩٨٩- ١٩٩٣ز) دا، پۆستی وەزیری بەرگری ئەمریكای وەرگرتووە. ئەمە بێجگەلەوەی لە نێوان ساڵانی (١٩٩٥- ٢٠٠٠ز) وەك سەرۆكی ئەنجومەنی ئیدارە وسەرۆكی جێبەجێكاری كۆمپانیای (هالیبرتۆن) بۆ خزمەتگوزارییە نەوتییەكان كاری كردووە، سەرەڕای چەندین كاری تری ئەو بوارە. ئیستاش ناوبراو زیاتر وەك كەسایەتییەكی سیاسی ناوزەد دەكرێ.

کوردستان ڕاستەوخۆ بگەیەنرێتە تورکیا. ئەگەر، ئەم ڕێککەوتننامەیە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا نەوتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەگاتە بازاڕەکانی دەرەوە، ئەمەش یارمەتیدەرێکی زۆر باش دەبێت بۆئەوەی کوردەکان لە خەونی دێرینەی خۆیان نزیك ببنەوە، کە سەربەخۆییە.[١]

لێرەدا، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە بڕیارێکی ژیرانە بوو کاتێك بەرپرسانی هەرێم تانکەری نەوتیان بە بۆری نەوت گۆڕی. چونکە، ڕاکێشانی بۆری نەوت لە خاکی هەرێمەوە بۆ نێو خاکی تورکیا ولەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئەمە مانای جێبەجێکردنی کارێك یان پرۆژەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگە، لەبۆ ژێرخانی هەرێمی کوردستان وئاییندەی ئەو دەوڵەتەی گەنگەشەی دەکەین. بێجگەلەوەی، هەرێم، ڕاستەوخۆ دەبێتە خاوەنی ئەو بۆریگەل ونەوت وکەیسە، وە دەتوانێت وەك فرۆشیارێکی نێودەوڵەتی کڕیاری لەسەر ئاستی جیهان بۆ پەیدا بکات. دەنا، هەناردەکردنی ئەو بڕە نەوتە لە ڕێگەی تانکەرەوە، لە ڕووی پلانی ستراتیژی وکارنامەی حکومەتەوە بێجگەلە چنگکەوتنی مشتێك داهاتی کاتیی پچڕپچڕ، ناکرێت وەکی میکانیزم وسیستمێکی ئابووری پێشکەوتووی کاریگەر، یان بە پاڵپشتێکی باشی بودجە وداهاتی گشتی هەژمار بکرێت. بەوەی،

---

[١] چیتر تورکیا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نیگەران نییە: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢/ ٢/ ٢٠١٣، www.hawler.in

تورکیا، بەپێی بەرژەوەندی خۆی ڕێگە بە هەناردەکردنی ئەو بڕە نەوتە خاوە لە ڕێی تانکەرەوە دەدات. یاخود، بابڵێین ئەو بڕە نەوتە تەنها بۆ بەکاربردنی ناوخۆی هەرێم دەشێت. بەمانای، هەرێم ناتوانێت وەك دەستکەوتنی داهاتێکی گشتی پشتی پێببەستێ، یاخود زێدەبەرهەمی ئەو نەوتە هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی بکات. جا لەبەرئەوەی، لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، دەکرێت ئەوەش بە هەند وەربگیرێت، کاتێك پەیوەندییە دیپلۆماتییکانی نێوان عێراق وتورکیا ئاسایی بووەوە، ئیدی شتێك نامێنێ بە ناوی سەربەخۆیی وهەناردەکردنەوە. دیارە، لەم ڕوانگەیەوە، گەلی کورد بە درێژایی مێژوو، وبەهۆی شۆڕشەکانییەوە، ئەزموونێکی تاڵ وبیرەوەرییەکی زۆر وزەوەندی هەیە. بەمەش، تورکیا دەبێتە دەرچەیەکی نامۆی ئابووری هەرێم.

ئەوەی ئاماژەی پێدرا، وەك سەرەتایەك یان بەرچاوڕوونییەك وابوو بۆئەوەی بڵێین ناکرێت دەوڵەتی تورکیا پشتی تەواوی پێببەسترێ، هەروەك چۆن ناکرێ ئەو دەرچە ئابوورییە گرنگەی هەرێمیش لەخۆی دابخات، یاخود ئەو کێکە گەورەیەی بەردەمی ڕەتبکاتەوە. بەوەی، وەك پێشتر باسی لێوەکرا، ئەوە هەڵسەنگاندنی بڕی سوود وقازانج وبەرژەوەندیەکانە کە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی سەرجەم دەوڵەتان لە دووتوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دیاری دەکات. واتە، تورکیا لەبەر چاوی کاڵی کورد ئەو کارە ناکات، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی دوورمەودای خۆیەتی. تەنانەت، بۆچوونێکیش

هەبوو کە پێیوابوو سەرخستنی پرۆژەی (نابۆکۆ) ودابینکردنی وزەی پێویست بۆ تورکیا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە دەستی تورکیای بۆ گفتوگۆکردن ڕووەو ئۆجەلان وپەکەکە وبەرقەرارکردنی ئاشتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان درێژ کردووە.[١] گەر، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانەوە هەڵسەنگاندن بکەین، دەشێت بۆچوونی ئاماژەپێدراو بەسەر ئێرانیشدا ڕاست وجێبەجێ ببێت. بەڵام، لە ئێستادا ولە دووتوێی ئەم بابەتەدا، زیاتر تورکیا جێگەی مشتومڕ وپەنجە خستنە سەرە.

ئەوەش ژێیر نەکەین، لە ئێستادا زیاتر لە (٧٥ ٪)ی پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا وئێراندایە.[٢] هەر لە چوارچێوەی پلان وبەرنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبۆ فراوانکردنی پەیوەندییە ئابووری وبازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، وبووژاندنەوە وپەرەپێدانی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم. تا دێت، ژمارەی کۆمپانیا وسەرمایە بیانییەکان لە کوردستاندا، لە زیادبووندایە. ڕاوێژکارێکی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی هەرێم، ماوەیەك لەمەوبەر ئاماژەی بەوە دابوو کە: تورکیا وئێران، بەشدارییەکی کارا لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا دەکەن. وتبووشی، "لە ڕابردوودا،

---

[١] ئاوێنە: کوردستانی، ژمارە (٣٦٧)، سێ شەممە، ٥/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٥

[٢] کوردستانی نوێ:ساڵی بیست ویەکەم، ئابووری، ژمارە (٥٨٥٧)، چوار شەممە، ١٥/ ٨/ ٢٠١٢، ل ١١

پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێم، زیاتر لەگەڵ وڵاتی ئێراندا بووە. بەڵام، ئێستا زیاتر لەگەڵ وڵاتی تورکیادایە، کە هەردووکیان دراوسێی هەرێمی کوردستانن."

ناوبراو، ئەوەشی ئاشکرا کردبوو، کە قەبارەی ئاڵوگۆڕی سەرمایەی تورکیا لەگەڵ هەرێم لە ساڵی (٢٠١٢ن) دا (٨) ملیار دۆلار بووە. بەڵام، پێشبینی ئەوە دەکرێ کە ئەو بڕە بگاتە زیاتر لە (١٢) ملیار دۆلار لە داهاتوودا.[١]

وێڕای ئەوانەی وتران، ئەنکەرە دەیەوێت (ئاسایشی بواری وزە)ی خۆی پارێزراو بێت، وهەروەها ببێتە پردێك بۆ بەیەکگەیاندنی ئەو وڵاتانەی کە لە خۆرهەڵات وزە بەرهەم دێنن، بەو وڵاتانەی کە لە خۆرئاوا پێویستییان بەو وزەیە هەیە. تورکیا، لە سەرەتادا، زیاتر پشتی بە وزەی کۆماری ئیسلامی ئێران وڕووسیا دەبەست. بەڵام، قورسترکردنی سزاکانی سەر ئێران، کێشەی بۆ تورکیا دروست کرد. وەلێ، هەرێمی کوردستان، ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە لە بواری نەوت وگازدا، ولە دەوڵەتی تورکیاشەوە نزیکە. هەربۆیە، هەولێر ئامادەبوو بە نرخێکی کەمتر نەوت وگاز بداتە

---

[١] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، ئابووری وئاوەدانی، ژمارە (٦٠٤٤)، یەکشەممە، ٧/ ٤/ ٢٠١٣، ل ١٠

تورکیا، بۆئەوەی لە بەرانبەریشدا ئەنکەرە ڕێگە بدات وزەی ئەو هەرێمە بگاتە ئەوروپا.[1]

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی تورکیا، ئەو وڵاتە، ڕۆژانە بڕی (١١٤) هەزار بەرمیل نەوتی خاوی ئێرانی هاوردە دەکرد.[2] ئەمەش، بە مەبەستی پڕکردنەوە ودابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆی تورکیا لە وزە ونەوتی خاو، کە ڕۆژانە زیاتر لە (٧) ملیۆن بەرمیل دەبێت. ناکرێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە وزە بزوێنەرێکی سەرەکییە لەبۆ ستراتیژیی نوێی تورکیا. ئابووری تورکیا، بەوە ناسراوە کە گەشەی خێرایە وتینووی وزەیە، ئەمە وێڕای زیادبوونی بەکاربردنی ناوخۆیی وزە بە ڕێژەی (٦- ٨ ٪) ساڵانە. هەڵبەت، ئەم زیادبوونە بەردەوامەش لە بەکاربردن ودابینکردنی وزە، پێویستی بە تەرخانکردنی بڕێکی زیاتر لە خەرجی وداهات وبودجەی ساڵانە هەیە، بە مەبەستی دابینکردنی، کە زۆربەی جار دەرەنجامەکەی کورتهێنانی بودجەی لێدەکەوتەوە. هەربۆیە، پڕکردنەوەی ئەو زیادبوونە وزاڵبوون بەسەر کورتهێناندا، تورکیای ناچار کردبوو کە پشت بە وزەی دوو دەوڵەتی نەخوازراو ببەستێ، کە ڕووسیا وئێران بوون.

---

[1] چیتر تورکیا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نیگەران نییە: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢/ ٢/ ٢٠١٣، www.hawler.in

[2] تركيا تحافظ على مشترياتها من النفط الايراني: ٥/ ٤/ ٢٠١٣، www.menafn.com

پێش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە دوو ساڵ، واتە لە ساڵی (٢٠٠١ز) دا، (ئەحمەد داوود ئۆغلو) کە ئەو کات وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (قولایی ستراتیژی، پێگەی تورکیا وڕۆڵی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا– العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية)، ئاماژەی بەوە دابوو: " گەر بە وردی، سەیری ئەو ناوچە جوگرافییە بکەین کە کوردەکانی تێدا بڵاوبووەتەوە، بە ئاسانی لە گرنگی مەسەلەی کورد تێدەگەین، لە تەواوی هاوکێشە سیاسییەکان وهاوتابوونە ئیقلیمی ونێودەوڵەتییەکاندا. وە لەو هۆکارە سەرەکییەش تێدەگەین، کە بۆچی ئەو مەسەلەیە بووەتە ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی لێڵی لە ناوچەکەدا. دیارە، ئەو پێگە وجوگرافیایە، بووەتە یەکێك لە گرنگترین گۆڕەپانەکانی هاتووچۆ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئۆراسیادا. ئەمەش وایکردبوو، ئەو خاکە ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێودەوڵەتی وئیقلیمی. وەلێ، نەبوون وبەدەستنەهێنانی پشتگیرییەك لە بوونی قەوارەیەکی جیۆسیاسی یەکگرتوو، سەرچاوەیەك بووە لە سەرچاوەگەلی ناجێگیری لە ناوچەکەدا. بەڵام، گرنگترین هۆکاری بەدەستنەهێنانی پشتگیرییەك لەبۆ یەکێتییەکی جیۆسیاسی ناوخۆیی بۆ ئەم جوگرافیایە، دەگەڕێتەوە بۆ داخراویی خاك ونەبوونی پەیوەندییەکی دەریایی ڕاستەوخۆ. هەربۆیە، پێویستە

لەسەر ئەم ناوچە جوگرافییە، تەواوکاریی ویەکگرتن لەگەڵ یەکێك لەو دەوڵەتە کراوە خاوەن دەریایانەدا بکات کە لە ناوچەکەدایە." [1]

هەرچەندە، ناوبراو لەو کاتەدا لەوانەیە مەبەستێکی تری هەبووبێ، بەوەی هێشتا ڕژێمی بەعس لە دەسەلاتدا بووە، بەلام بێشك راستیشی پێکاوە. واتە، سەرباری هەموو نهێنییەکی نێوکۆی وتەزاکە، بەلام ئەوەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئاماژەی پێدابوو. هەڵبەت، ئەم وتەزایەی ناوبراو، دواتر بووەتە هەوێنی ئەو پەیوەندییە ئابووری وبازرگانییەی نێوان هەرێم وتورکیا. وێڕای هەموو لایەنێکی ئەرێنی ونەرێنی پەیوەندیگەلەکە، بەلام بە بڕوای من هەرێم کارێکی باشی کردووە، کاتێك توانیویەتی دەرچەیەکی ئابووری بۆخۆی بدۆزێتەوە. چەندە بتوانرێت، دەرچەی ئابووری بۆ هەرێم بدۆزرێتەوە، هێندە سوود وقازانج لەبرەودایە. ئەوەتا بێجگەلە تورکیا، هەرێمی کوردستان وکۆماری ئیسلامی ئێرانیش، لە هەوڵی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەکدان، بە مەبەستی ڕاکێشانی بۆری گازی سروشتی لە (قەسری شیرین)ی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بۆ ناوچەی گەرمیان ولەوێشەوە بۆ هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان. هەر لەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە، کە لە ئێرانەوە بە

---

[1] احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ترجمة: محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل، الطبعة الاولى، مركز الجزيرة للدراسات، الدار العربية للعلوم ناشرون، مطابع الدار العربية للعلوم- بيروت، لبنان، ٢٠١٠، ص ٤٧٤- ٤٧٥

ئاراستەی هەرێم، گازوایل بگەیەندرێتە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا وناوچە پیشەسازییەکانی باشووری کوردستان ولەوێشەوە بە مەبەستی تر بگەیەندرێتە مالأن. هەروەها، بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەشدا، لە هەرێمەوە بۆ ئێران، بۆری نەوت ڕابکێشرێ بە مەبەستی گەیاندنی نەوتی باشووری کوردستان بە (کەنداو) لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان.[١]

دیارە، چیرۆکی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، مێژوویەکی نوێی هەیە. سەرەتا، کۆمپانیای (جێنێڵ ئینێرجی) تورکی لە ساڵی (٢٠٠٢ز)دا دەستی بە گەڕان بە دوای نەوتدا لە هەرێم کرد. دواتر، کۆمپانیای وزەی نەرویژی (DNO)، لە ساڵی (٢٠٠٦ز)دا، یەکەمین کۆمپانیای بیانی بوو کە دەستی بە هەڵکەندنی یەکەمین بیرە نەوت لە هەرێمی کوردستاندا کرد. هەر لەو ساڵەدا، لە هەرێمی کوردستان، بۆ یەکەمین جار (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان)ی هەرێم پێکهات، وساڵی دواتریش (یاسای نەوت وگاز) لە پەرلەکانی کوردستان دەرچووو. ئیدی لەو ساڵأنەوە، چەندین کۆمپانیای وەك (گۆڵف پترۆڵیۆم، کایستۆنی بەریتانی، هیس وماراسۆنی ئەمریکی، ریبسۆل وئی بی ئێفی ئیسپانی، ئۆ ئێم ڤی نەمسایی، وێسترن ئۆیڵ ساندزی کەنەدی کە کۆمپانیای وێسترن زاگرۆس ڕیسۆرسز نوێنەرایەتی

---

[١] هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەیەکی گەورەی وزە لەگەڵ ئێران ئەنجام دەدات: لەلایەن کوردستان حەسەنەوە، ڕووداو- هەولێر، ٢٧/ ٢/ ٢٠١٥، www. rudaw.net

دەکات، هەروەها کۆمپانیای ستێرلینگ ئینێرجی بەریتانی ولە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١١ز)یشەوە ئێکسۆن مۆبێلی ئەمریکی ودواتریش شیڤرۆن وتۆتاڵ وگازبرۆمیش هاتنە هەرێمی کوردستانەوە.

هەڵبەت، گەورە کۆمپانیاکانی نەوت لە جیهاندا، کاتێك ڕوو دەکەنە هەرێمی کوردستان، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەهایەکی گرنگی ئابووری لە بازاڕی نەوتدا هەیە، جگە لە کاریگەری سیاسی. بە پێی دوایین ڕاپۆرتی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی ئاشتی (IPSC)، زۆربەی یەدەگی نەوتی هەرێم، سەرنجی کۆمپانیا بیانییە گەورەکانی نەوتی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. سەنتەرەکە، دەڵێت: "لە ساڵی (٢٠٠٦ز)یەوە، هەرێمی کوردستان (٥٧) گرێبەستی دۆزینەوە ودەرهێنان وهەناردەکردنی نەوت وگازی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا مۆر کردووە. بە پێی یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان، جۆری گرێبەستی نەوتیی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، گرێبەستی (بەشدارییپێکردن)ە لە بەرهەمهێنان. ئەم جۆری گرێبەستانە، هەرچەندە بڕێکی زۆری سوود وقازانج بە هەرێم ناگەیەنێ، بەڵام بە یەکێك لە باشترین جۆرەکانی گرێبەست بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان هەژمار دەکرێت.

لە کاتی خۆیدا، ئەوەی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق (مالیکی) ویاریدەدەرەکەی بۆ کاروباری وزە (حسێن شەهرستانی) نیگەران کردبوو، گرێبەستگەل وبەرەوپێشچوونە نەوتییەکانی

هەرێمی کوردستان بوو. بە پێی وتەکانی (ئاشتی هەورامی)، لە ساڵی (٢٠١٥ز)دا، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە (١) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە دەکرد. لە ساڵی (٢٠١٩ز)شدا، ئەو بڕە بۆ (٢) ملیۆن بەرمیل زیاد دەکرا، ئەمەش دەکاتە زیاتر لە (٧٠ ٪)ی هەناردەی ئێستای خودی عێراق." [١] بەڵام، واقعی ڕۆژگار ئەم وتانەی پشتڕاست نەکردەوە، بەوەی هەنووکە هەرێمی کوردستان نیوەی ئەو بڕەش ناتوانێت هەناردە بکات.

کەواتە، وەك ئاماژەی پێدرا، لە ڕووی گرێبەستە نەوتییەکانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا زیاتر لە (٥٧) گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهاندا مۆر کردووە، کە ئەمەش بنچینەی ناڕەزاییەکانی حکومەتی ناوەندیی عێراقە. لەبەرئەوەی، ناوەند ڕێگە بە کارێکی لەو جۆرە نادات وسزای هەموو کۆمپانیایەکی بیانیش دەدات لەو جۆرە گرێبەستانە لەگەڵ هەرێم مۆر بکات. دیارە، لە هەرێمی کوردستان، (٤) پاڵاوگەی نەوت هەیە، کە بە شێوەیەکی یاسایی کاردەکەن، وڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (٤٠٠٠– ٥٠٠٠) بەرمیل نەوتیان هەیە. ئەمانە، لە هەولێر،

---

[١] هێمن بابان ڕەحیم: کوردستان گەورەترین هێزی نەوتیی نوێیە لە جیهاندا، دەستگای میدیایی هەولێر، ١٠/ ٩/ ٢٠١٢، www.hawler.in

سلێمانی وبازیاندان وبڕیاریشە پاڵاوگەی نەوتی تەق تەق بکەوێتە کار وڕۆژانە (٦٠٠٠٠) بەرمیل نەوت بپاڵێوێ..[1]

ناکرێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە ژمارەی بەرمیلە نەوتە یەدەگەکانی هەرێمی کوردستان، هیوایەکی گەورەی بە بازاڕی نەوتی جیهانی بەخشی. ئێستاکێ، هەرێمی کوردستان، لە پلەی نۆیەمین وڵاتی جیهاندایە لە بواری یەدەگی نەوتی. وەك باسیشی لێوە دەکرێت، بە گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێندراوەکانیش، هەرێم دەبێتە یەکێك لە پێنج گەورەترین وڵاتانی نەوتیی جیهان.[2]

شیاوی وتنە، یاسای نەوت وگازی عێراق، هەردەم جێی مشتومڕ وکێشمەکێشی سەرجەم لایەنەکانی عێراق بووە. هەر بەو بۆنەیەوە، سێ ڕەشنووسی یاسایی بۆ ئەم بابەتە ئامادە کرابوو، یەکەمیان، لە ساڵی (٢٠٠٧ز)، ودووەمیان لەلایەن حکومەتی ناوەند وسێیەمیان، لیژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانی عێراق ئامادەی کردبوو، بەڵام ڕێککەوتن لەسەر هیچ کامیان ئەنجام نەدرابوو.

واتە، لە ساڵی (٢٠٠٧ز) دا، یەکەم ڕەشنووسی یاسای نەوت وگاز، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕەوانەی پەرلەمان کرابوو. دوابەدوای ئەوە، ڕەشنووسێکی یاسایی تر کەوتە بەر دیدە،

---

[1] زریان ڕۆژهەڵاتی– شنۆ عوسمان: کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر ئەمریکا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان، ٢٠١٢، ل ٤١

[2] هێمن بابان ڕەحیم: کوردستان گەورەترین هێزی نەوتیی نوێیە لە جیهاندا، دەستگای میدیایی هەولێر، ١٠/ ٩/ ٢٠١٢، www.hawler.in

که لیژنەی نەوت وگازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادەی کردبوو. پاشان، لە ساڵی (٢٠١١ز)دا، ڕەشنووسێکیتر کە لیژنەی وزەی حکومەتی ناوەند بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (حسێن شەهرستانی) ئامادە کرابوو. گەرچی، ئەمەی دواییان، ڕووبەڕووی هێرشێکی توند وڕەخنەئامێزی سەرۆکایەتی وسەرکردەکانی هەرێمی کوردستان ببوەوە، بە جۆرێك هێندەی نەمابوو کۆتایی بە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا وهەولێر بهێنێ.[١]

بێمکووڕیکردن، بابەتگەلی نەوت وگاز، هەردەم مایەی کێشمەکێش وسەرئێشە وئاریشە بووە بۆ گەلانی عێراق بە گشتی وگەلی کورد بە تایبەتی. ئەوەتا، لە بەرواری (٢٤/ ٩/ ٢٠٠٧)دا، بریکاری دەنگ وباسی ڕۆیتەرز (وکالة انباء رويترز)، وتەکانی وەزیری ئەوسای نەوتی عێراق (حسێن شەهرستانی) دەربارەی ناڕەوایی سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای مانگی (شوبات)ەوە گواستبوەوە. وەزیری ناوبراو، بەرواری (شوبات/ ٢٠٠٧ز)ی وەك بەروارێکی جیاکەرەوە ئاماژە پێدابوو. ئەوەش، لەبەرئەوەی ئاماژەدان بوو بەو یاسا داڕێژراوە فیدراڵییەی، لە (شوباتی ٢٠٠٧ز)دا حکومەتی ناوەند

---

[١] فلاح الناصري: قانون النفط والغاز، جدلية التشريع والتأثير على تطور القطاع النفطي، وكالة انباء المستقبل، ٧/ تشرين الاول/ ٢٠١٢، www.mustakbal.net

وهەرێمی کوردستان ڕێککەوتبوون لەسەری، وە کە تیایدا چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە وئاریشەکانی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم، پێش مانگی (شوبات/ ٢٠٠٧ز)ی تێدا خرابووە ڕوو.

شەهرستانی بۆ ڕۆیتەرز، ئەوەشی خستبووە ڕوو، کە "گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان یاسایی نییە، وئەو نەوتەشی لێوەی هەڵدەهێنجرێ وبەرهەم دەهێنرێ بە هەمان شێوە یاسایی نییە. هەروەها، لەگەڵ ڕەشنووسی یاسای نەوت وگازیشدا کە پێشتر ڕێککەوتبووین لەسەری ناگونجێت." ناوبراو، ئەوەشی وتبوو:"ئەوەی لەم گرێبەستانە دوودڵمان دەکات، نهێنی وپەنهانییەکەیەتی.... ئێمە، بەرپرسیاریەتی یاسایی دەخەینە ئەستۆی کۆمپانیا بیانییەکان، وپێیان ڕادەگەیەنین کە دەرەنجامەکان دەبێ وەرگرن."

بە هەمان شێوە، لە (١١/ ١١/ ٢٠٠٧ز)دا، ولە (ڕادیۆ سەوا)وە، وەزیری ناوبراو جارێکیتر حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئاگادار کردبووەوە، بەوەی واز لەو کارە بهێنێ وگرێبەستە نەوتییەکانی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، وپابەندیش بێت بە دەستووری عێراقەوە. وێڕای ئەوانە، ئاماژەی بە ناوەڕۆکی ماددەی (١١١)ی دەستووریش دابوو، کە تیایدا هاتووە ودەڵێت: " نەوت وگاز، موڵکی تێکڕای گەلی عێراقن....." [١] بەلاّم،

---

[١] فؤاد قاسم الامير: حكومة اقليم كوردستان وقانون النفط والغاز، منتديات ثوابتنا، ٢٠١٢، www. thawabitna. com

**هاوشێوەی حکومەت وبەرپرسانی هەرێم، حکومەت وبەرپرسانی توركیاش، پێیان وایە ناردنە دەرەوەی نەوت وگاز لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، كارێكی یاساییە وبە هیچ شێوەیەكیش دژی دەستووری عێراقی نییە..[1]**

**لە لایەكیترەوە، دوای (٤٨) ڕۆژ لە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق وكۆتایی هاتنی جەنگ بە شێوەیەكی فەرمی، سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق (نوری مالكی)ش، هاتە قسە وڕایگەیاند: "مۆركردنی گرێبەستی نەوتیی، كاری وەزارەتی فیدراڵی نەوتە. هیچ پارێزگایەك، بۆی نییە كاری وا بكات." مالكی، لەم قسانەیدا بۆ كەناڵی (ڕەشید)ی ئاسمانی، بە ئاشكرا ناوی هەرێمی كوردستانی نەهێنا، بەڵام ڕستەكانی ژێر زمانی، باسی گرێبەستە نەوتییەكانی هەرێمی كوردستانی دەكرد.**

**دوابەدوای ئەو ڕووداوانە، مالكی، سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەكانی هەرێم لەگەڵ كۆمپانیا ناودارە ئەمریكییەكاندا، نامەیەكی بۆ (ئۆباما) ڕەوانە كردبوو، وتێیدا وێڕای دەربڕینی نیگەرانی حکومەتەكەی لەو گرێبەستانە. بە فەرمی، داوای لە ئۆباما كردبوو، دەسەڵاتی خۆی بەكاربهێنێت بۆ فشارخستنە سەر ئەو كۆمپانیایانە، بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستانە،**

---

[1] ئەمریكا داوا لە بەغدا دەكات واز لە هەڕەشەكانی دژ بە كوردستان بهێنێت: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر، ١٠/ ٩/ ٢٠١٢، www.hawler.in

وڕێگریکردن له هەر کۆمپانیایەکی دی که بیەوێت بەبێ ڕەزامەندی (بەغدا) گرێبەست لەگەڵ هەرێمدا واژۆ بکات. بەڵام، له بەرانبەردا، سەرۆکی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەم شێوەیه وەڵامی نامەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی دابووەوە: "له ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئازادن له بڕیاری خۆیان، وبه شێوەیەکی گشتی له دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدان."[١] هەڵبەت، ئەم هەڵوێستەی ئیدارەی ئەمریکا، زۆر به ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات، که هەردەم بەرژەوەندی لەپێش شتەکانیترەوەیه.

وەك ئاشکرایه، حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی ناوەندی له بەغدا، ناکۆکیان هەیه وهەبووه لەسەر گرێبەسته نەوتییەکان، وئەمەش ڕەهەندی یاسایی وسیاسی هەیه. له ڕووی سیاسییەوە، حکومەتی مەرکەزی، دەیەوێت ئەم سامانه وداهاتەکانی کۆنترۆڵ بکات وبەو جۆرەش پێگەی خۆی له سەرتاسەری وڵاتدا قایم بکات، بەتایبەت له ناوچه کوردستانییه کێشه لەسەرەکان. له بەرانبەریشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، له هەوڵی هەرچی زووتر کۆنترۆڵ وئیدارەکردنی نەوتی هەرێمەکەیدایه، تا بەهۆیەوە

---

[١] د. ئاراس عەبدولکەریم: وەڵامەکەی سەرۆك ئۆباما مالیکی به تەواوی تووشی بێهیوایی کرد، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢٥/ ٧/ ٢٠١٢، www.hawler.in

دەرفەتی جووڵەیەکی سەربەخۆتر وئازادانەتر لە بەرانبەر حکومەتی مەرکەزی عێراقدا پەیدا بکات.

لەبارەی ڕەهەندی یاساییشەوە، دەتوانین بڵێین هەرچەندە ساڵی (٢٠٠٧ز) پرۆژە یاسایەکی بۆ دەرکرا، بەڵام هێشتا عێراق یاسایەکی فیدراڵی گشتگیری نەوت وگازی نییە. حکومەتی ناوەندی، پێیوایە بەگوێرەی دەستوور، پێویستە مەرکەز کەرتی نەوت وگازی سەرتاسەری وڵات کۆنترۆڵ بکات وحکومەتی هەرێمیش ئەمە ڕەت دەکاتەوە.

هەڵبەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێت ئەو بەپێی ماددەی (١١٥)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی، گرێبەستی نەوتیی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا مۆر کردووە. لەمەشدا، پشت بە یاسای نەوت وگازی هەرێم دەبەستێ، کە ساڵی (٢٠٠٧ز) لە دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەماندا پەسەند کراوە. بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١١٥) وهەردوو بڕگەی یەکەم ودووەمی ماددەی (١٢١)ی دەستووری فیدراڵی:"هیچ یاسا، ڕێککەوتن یان گرێبەست ویاداشتێکی لێکتێگەیشتن وە یاخود هەر بەڵگەیەکی فیدراڵی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت جێبەجێ ناکرێت، تاوەکو دەسەڵاتی تایبەتمەند لە هەرێم ڕەزامەندی لەسەر نەدات." هەروەها، ئەوەش باسکراوە، کە ئەگەر ناکۆکی هەبوو لە نێوان ناوەند وهەرێم لەبارەی یاسایەك، ئەوا یاسای هەرێم ئەولەوییەتی جێبەجێکردنی هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەی کردووەتە پاساو وپاڵپشتێك، بۆئەوەی بەپێی

یاسای نەوت وگازی خۆی بجولێتەوە. هەرچەندە، ساڵی (٢٠١١ز)، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕەشنووسی یاسایەکی نوێی بۆ نەوت وگاز پەسەند کرد، تا دواتر ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، بەڵام هێشتا پەسەند نەکراوە.[١]

لە لایەکیترەوە، لیژنەی نەوت و وزەی نوێنەرانی عێراق، ئەوەی ئاشکرا کردبوو کە ڕێکخراوی (ئۆپیك) پرۆژە یاسای نەوت وگازی حکومەتی عێراقی بە سەرپێچیکردنی (مخالفە)ی دەستووری عێراقی لەقەڵەم دابوو. هەروەها، داواشی لە دادگای فیدراڵی عێراقی کردبوو، کە ئەگەر حکومەتی بەغدا لە ئاییندەدا ئەو پرۆژە یاسایەی ئاماژەی پێدرا، ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کرد، ئەوا دەبێ ڕەتی بکاتەوە.

لێژنەکە ئەوەشی خستبووە ڕوو، کە ناکۆکییەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم وحکومەتی ناوەنددا بەردەوامە، لەسەر پرۆژە یاساکە. هەربۆیە، لە مانگی (تەمموزی ٢٠١٢) دا، حکومەتی عێراق، ڕایگەیاند کە ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەکی تری نەوت وگاز، وە بڕیاریشی داوە ڕەوانەی پەرلەمانی بکات بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەری. بەڵام، هەر لەو کاتەدا،

---

[١] زریان ڕۆژهەلاتی- شنۆ عوسمان: کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر ئەمریکا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢- ٤٣

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پرۆژەیە یاسایەی ڕەت کردبووەوە.**[1]

**گەر لە ڕووی یاساییەوە بڕوانینە ئەم بابەتە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە حکومەتی بەغدا ناتوانێت ڕێگری لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بکات. ئەوەش، لەبەر سێ هۆکار: یەکەمیان، هەرێم خاوەنی یاسای نەوت وگازی خۆیەتی، بەڵام هێشتا عێراق یاسای نەوت وگازی نییە. دووەمیان، ڕێککەوتنی ساڵی (٢٠٠٧ز)ی نێوان حکومەتی هەرێم وبەغدا، ڕێگە بە هەرێم دەدات نەوت هەناردە بکات. سێیەمیان، بڕگەی یەکەم ودووەمی یاسای ژمارە (١١٢)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ماف بە هەرێم دەدات، نەوت هەناردە بکات.**[2]

**هەر لە نێوکۆی لایەنی ئابووری دا، دەکرێت ئاماژە بە (دووەمین کۆنفرانسی وزە) بدەین کە لە بەرواری (٢٠/ ٥/ ٢٠١٢ز) لە هەولێری پایتەخت بەسترا، تیایدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم وە وەزیری وزەی تورکیا و وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم وژمارەیەك لە پسپۆڕان وشارەزایانی بواری ئابووری لە نێوخۆی هەرێم ودەرەوە وکەسانی بیانی بەشدارییان تێدا کردبوو. لەو**

---

[1] منظمةَ أوبك تصف مشروعَ قانونِ النفط والغاز بالمخالفٍ للدستورِ العراقي: البابلية نيوز، ٢٠١٢، www.albabelyia.tv

[2] بەغدا ناتوانێت ڕێگربێت لە هەناردەی نەوتی هەرێم: ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ، دووشەممە، ٢٧/ ئایار/ ٢٠١٣، www.radionawxo.org

کۆنفرانسەدا، (نێچیرڤان بارزانی)، بابەتێکی زۆر هەستیار وگرنگی درکاندبوو کە لە دوو بڕگە پێکهاتبوو. ناوبراو، وتبووی: "تورکیا، گەورەترین وەبەرهێنەرە لە هەرێم، وە خودی هەرێم ڕۆڵی گەورە لە دابینکردنی وزەی جیهانیدا دەبینێت."

وەك ئاماژەمان پێدا، بڕگەی یەکەم، ئاماژەدانە بە گرنگیی ڕۆڵ وپێگەی دەوڵەتی تورکیا، کە ئێستاکێ بووەتە یەکەمین وەبەرهێنەری بیانی لە هەرێمی کوردستان. بڕگەی دووەمیش، ئاماژەدانە بە یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییە جیهانییەکان، کە پرۆژەی (نابۆکۆ)ی * تایبەت بە گازی سروشتییە.

---

* پرۆژەی هێڵی نابۆکۆ: پرۆژەیەکی تایبەت بەهەناردەکردنی گازی سروشتییە لەئاسیاوە بۆ ئەوروپا، هەندێکجار بەپرۆژەی "ڕێگای ئاوریشمی نوێ" ناودەبرێت، درێژی هێڵی نابۆکۆ (٣٣٠٠ کم)ە، بڕی (١١) ملیار دۆلاری تێدەچێت، لەساڵێکدا (٣١) بلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی ڕەوانەی ئەوروپا دەکات، (١٥٠) ملیۆن هاوڵاتی ئەوروپی سوودبەخش دەبن. ئەو کۆمپانیایانەی بەشدارن، بریتین لە (OMV)ی نەمسایی، (MOL)ی هەنگاری، (RWE)ی ئەڵمانی، بولگار گازی بولگاری، ترانسگازی ڕۆمانی، بۆتاشی تورکی. بڕیاروایە ساڵی (٢٠١١ز) کارکردن لەم پرۆژەیە دەستپێبکات و(٢٠١٤ز) بکەوێتە کار، بەلاّم دیارە بە هۆکارگەلێك پرۆژەکە هێشتا تەواو نەبووە. ولاّتانی (تورکیا، بولگاریا، ڕۆمانیا، هەنگاریا، نەمسا) لایەنە سەرەکییەکانی ئیمزاکەری پرۆژەکەن، کە بۆرییەکان بەخاکیاندا تێپەڕ دەبێت. هەروەها ولاّتانی (ئازەربایجان، تورکمانستان، میسر، ئێران، کازاخستان، قەتەر، عێراق وهەرێمی کوردستان) دابینکەری گازی سروشتین بۆ پرۆژەکە. یەکێکە لەپرۆژە گرنگەکان

بۆ جەختکردنی زیاتر لەم ڕاستییە، ولە هەمان کۆنفرانسدا، وەزیری وەزی تورکیا (تانەر یەڵدز) ئەوەی خستبووە ڕوو کە ئێستاکە (واتە لە ساڵی ٢٠١٢ز دا) (٧٠ ٪)ی وەبەرهێنانی تورکیا لە عێراق، لە نێوخۆی هەرێمدایە. ئەمەش، بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەرێم وتورکیا لە قۆناغی ئێستادا نیشان دەدا. وەلێ، هەر لە هەمان کۆنفرانسدا، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم ئەو ڕاستییەی خستبووە ڕوو کە تورکیا توانیویەتی بە بەهای (٨) ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە هەرێم بکات، وە لە ئاییندەدا بەرپرسانی تورکیا بەنیازن ئەو بڕە بۆ (٢٠) ملیار دۆلار لە ساڵێکدا بەرز بکەنەوە (بەرواری ئەو وتانە، ساڵی ٢٠١٢ز یە). ئاشکرایە، کە لە ئێستادا، زیاتر لە (١٥٥٠) کۆمپانیای تورکی لە خاکی هەرێمدا ولە سەرجەم بوارەکاندا کاردەکەن. بێگومان، هەندێك لەو کۆمپانیایانە لە بواری وەبەرهێنانی نەوت وگازدا کار دەکەن.

هەژی گۆتنە، ماوەیەك دوای ئەو کۆنفرانسە، وەزیری وزەی تورکیا، لە هەڤپەیڤینێکدا کە ڕۆژنامەی (تودەیز زەمان)ی تورکی بڵاویکردبووەوە، ئاماژەی بەوە دابوو کە: "هەنگاوەکانی تورکیا، وەکو ڕۆژی ڕووناك ڕوون وئاشکرایە، چونکە ناتوانێت گوێ نەدات بەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی وزە کە لە تەنیشت خۆیەوەیەتی، لە کاتێکدا ئەو بەشداری لە گرێبەستی نەوتی زۆر دووریشدا دەکات،

---

کە ئەمریکا وئەوروپا وچەندین وڵاتیتر پشتگیری لێدەکەن. لەکاتێکدا کە ڕوسیا دژی ئەم پرۆژەیەیە.

وەك ئەوانەی ڤەنزوێللا وكۆلۆمبیا." هەروەها ناوبراو ئەوەشی وتبوو كە: "قەبارەی بازرگانی نێوان عێراق وتوركیا لە ئێستادا (بەرواری ٢٠١٣ز) نزیكەی ١٥ ملیار دۆلارە، داتاكانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ١١ ملیار دۆلار لەو بڕە پارەیە لە باكووری عێراقەوەیە (مەبەست لە هەرێمی كوردستانە– نووسەر)، لە كاتێكدا تەنها ٤ ملیار دۆلاری لە ناوچەكانی تری عێراقەوەیە." [1]

بێمكووڕیكردن، هەموو ئەم چاوپێكەوتن وڕاگەیاندن و وتانەی ناوبراو وگرنگیدانی بە هەرێم وبابەتی نەوت، لە لێدوانێكی ساڵی (٢٠١٣ز) دا بۆ ڕۆژنامەی (حوڕیەت)ی توركی كورت دەكەینەوە، كە جەختی لەوە كردبوەوە: "حكومەتی توركیا، هیچ بەڵێنێكی بە بەغدا نەداوە كە ڕێكەوتننامەی نەوت لەگەڵ هەرێم بەبێ ئاگاداری حكومەتی عێراق ئیمزا نەكات." ناوبراو، ئاماژەی بەوەش دابوو، كە "وەزارەتی وزەی توركیا، هیچ بەڵێنێكی لەو جۆرەی بە بەغدا نەداوە." [2] هەرچەندە، ئایندە ئەوەی خستە ڕوو، كە حكومەتەكەی عەبادی، توانی بالآنسی هێز بەلای خۆیدا لار بكات وجۆرێك لە لێكتێگەیشتن لەگەڵ حكومەتی توركیادا واژۆ بكات، دەربارەی سەرچاوەكانی وزە، كە دەشێت هێندە بەرژەوەندی

---

[1] كوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، ئابووری وئاوەدانی، ژمارە (٦٠٢١)، پێنجشەممە، ٧/ ٣/ ٢٠١٣، ل ١١

[2] كوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، هەواڵ وڕاپۆرت، ژمارە (٦٠٢٥)، سێشەممە، ١٢/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٢

هەرێمدا نەبێت. ئەمەش، ئەوەمان پێدەڵێت کە بەرژەوەندی بەڵێن نازانێ.

سەرباری ئەوانەی وتران، وهەر لە ڕووی ئابوورییەوە، دەکرێت ئاماژە بە وتارێکی تری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بدەین، کە لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئاسایشی وزە وکاروباری دەرەوە لە (بەرلین) لە بەرواری (٢٠/ ٣/ ٢٠١٣ز) دا پێشکەشی ئامادەبوانی کردبوو. ناوبراو، جارێکیتر ئاماژەی بەوە دابووەوە کە "هەرێم، بەشێك لە ئاسایشی وزەی ئەوروپا دابین دەکات." هەروەها، ئاماژەی بەوەش دابوو، کە لەگەڵ ئامادەبوونی هێڵی گواستنەوەی هەناردەکردن لە ساڵی (٢٠١٩ز)دا، هەرێم دەتوانێت ڕۆژانە زیاتر لە (٣) ملیۆن بەرمیل لە ڕێگەی دەروازەی وزەی هەرێمی کوردستانەوە، هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات.[1] بەمەش، قۆناغێکی نوێ لە نێوان هەرێم وئەوروپا لە بواری وزەدا، دەستپێدەکات.[2]

دواتر، ولە بەرواری (٢٥/ ٣/ ٢٠١٣ز)دا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی (ئەردۆگان) لە ئەنکەرە ولە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا، هەردوولا ئامادەییان نیشاندابوو بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی دیکەی سنووریی لە نێوان هەرێم وتورکیادا، وە ڕێکاری تایبەت بۆ ئەو مەبەستەش بگیرێتەبەر.

---

[1] هەرێم بەشێك لە ئاسایشی وزەی ئەوروپا دابین دەکات: ئامادەکردنی: سەعد هەورامی، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٣، www.hawler.in

[2] هەولێر: ژمارە (١٥٨٩)، پێنج شەممە، ٢٨/ ئادار/ ٢٠١٣، ل ١

ئەمەش، گەورەیی قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییانەی دەخستە ڕوو کە لە نێوان هەرێم وتورکیادا لەو کاتەدا دروستببوون. واتە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنان، ئیدی پێویستی بە مامەڵە وکرانەوەی زیاتر وپێگەی جوگرافی زیاتر دەکات.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، و وەك لە دۆکیومێنت وداتا فەرمی وزانستییەکانیشدا ئاماژەی پێدراوە وباسکراوە، یەدەگی نەوتی هەرێم بە نزیکەی (٤٥) ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت. هەروەها، یەدەگی گازی هەرێمیش بە نزیکەی (٢.٨– ٥.٧) ترلیۆن مەتر سێجا دەخەملێنرێت. بەڵام، بەگوێرەی (دامەزراوەی وزەی ئەمریکی)، هەرێمی کوردستان، نزیکەی (٥٠) ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی هەیە. ڕێکخراوی ئۆپێك، یەدەگی نەوتی جیهان بە (١٤٨٠) ملیار بەرمیل دەخەملێنێت. واتە، هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە زەبەلاحە نەوتییەکان وخاوەنی زیاتر لە (٣ ٪)ی نەوتی جیهانە. لەسەر ئاستی جیهانیش، هەرێم لە ڕیزبەندی نۆیەم دێت، ولە دوای سعودیە، ڤەنزوێلا، کەنەدا، ئێران، عێراق، کوێت، ئیمارات، ڕووسیا، زۆرترین یەدەگی نەوتی هەیە، ونازناوی نۆیەم دەوڵەمەندترین نەوتیی جیهانیش لە لیبیا دەستێنێت.[١]

دوابەدوای ئەو بەروارەش، حکومەتی تورکیا، سەرقاڵی ئیمزاکردنی چەند گرێبەستێك بوو لەگەڵ کۆمپانیا ڕووسییەکان لە

---

[١] د. ئارام ڕەفعەت: نەوت وسیاسەت، هاوڵاتی، ٨/ ٥/ ٢٠١٣، www.hawlati.co

**بواری سەرمایەگوزاری نەوت لە هەرێمی کوردستان. پێشتریش، لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبێل گرێبەستێکی ئیمزاکردبوو، بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا لە هەرێم.[1] شایانی باسە، ئەم بڕە زۆرەی نەوت نەوت وگازی هەرێمی کوردستان، بەهێزترین کارتی فشار دەبێت، لە حاڵەتی ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. بەڵام، ئەوەش لە یاد نەکەین، ئەم کارتە کاتێك دەبێتە فشار وکاریگەریی تەواو دروست دەکات کە شفاف بێت وبەپێی یاسا وبەرژەوەندی نیشتمانی دوور لە دەستێوەردانی حزبی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.**

**پاشان، لە هەگبەی لایەنی ئابوورییەوە، جۆرەکانی گرێبەست دەخەینە ڕوو، با بزانین لە هەرێمی کوردستاندا کاتێك ئەو گرێبەستانە واژۆ دەکرێن کامەیان زیاتر کاری پێدەکرێت.**

---

[1] **فازل هەورامی: پلانە نوێیەکەی تورکیا بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان، هاوڵاتی، ٢٤/ ٥/ ٢٠١٣، hawlati.co www.**

## جۆرەکانی گرێبەستی نەوتیی:-

بە گشتی، دەشێت داڕشتنی گرێبەستەکانی سەرجەم پرۆژە نەوتییەکانی جیهان، دابەش بکرێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:

١- گرێبەستە نایابەکان (عقود الامتیان)

٢- گرێبەستی ڕێککەوتنی هاوبەشیی بەرهەمهێنان (اتفاقیات مشارکة الانتاج)

٣- گرێبەستی خزمەتکردن لەگەڵ سەرکێشیی ومەترسیی (الخدمة مع المخاطرة)

٤- گرێبەستی کڕینی فرۆشراو (شراء المباع)

لەگەڵئەوەی، دەشێت چەندین جۆری تریشی هەبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لە نێوکۆی ئەم گرێبەستە نەوتییانە بیخەینە ڕوو، تەنها گرێبەستی (هاوبەشیی وخزمەتکردنە)، واتە تەنها خستنەڕووی خاڵەکانی (٢، ٣)یە لە ڕیزبەندیی گرێبەستە نەوتییەکان، کە لە نێوخۆی دەوڵەتی عێراق وهەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت. ئاشکرایە، کە حکومەتی عێراق یان وەزارەتی نەوتی عێراق، کار بە گرێبەستی (کار وخزمەتکردن) دەکات. لە کاتێکدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کار بە گرێبەستی (هاوبەشیی) دەکات. ئەمەش، ئەو میکانیزمەیە کە هەردوو حکومەتی هەرێم وناوەند مامەڵەی لەگەڵ

کۆمپانیا وەبەرهێنەرە زەبەلاحەکانی بواری دەرهێنانی نەوتدا پێدەکەن. هەڵبەت، ئەم گرێبەست وکارە ئاماژەپێدراوانەش بە چەندین ماددەی دەستوری ویاسایی لە نێوخۆی هەرێم وخودی بەغدادا ڕێکخراوە.

## ١- گرێبەستی هاوبەشیی ( عقد الشراكة ):

ئەم جۆرە گرێبەستە، ڕێککەوتنێکە کە دوو کەسی سروشتی یان مەعنەوی یان زیاتر لەسەر بەشداریکردن لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا پەیوەست دەکات، بە پێشکەشکردنی پشکێك لە کار یاخود دارایی، ئەوەش بە مەبەستی دابەشکردنی ئەو قازانجەی لەو کارەوە دێتە بەرهەم، وە یان گەیشتن بە ئامانجێکی ئابووری خاوەن سوودی هاوبەش، وەك قۆرخکردنی بازاڕ یان بەرزکردنەوەی ئاستی فرۆشەکان.

لە ڕێگەی ئەم پێناسەیەوە، دەتوانین ڕەگەزەکانی (گرێبەستی هاوبەشیی) وەربگرین یاخود کورت بکەینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

هاوبەشیی، بریتییە لە گرێبەستێك، پێویستی بە بەشداربوونی دوو هاوبەش یان زیاتر هەیە، کە دەشێت ئەو دوو هاوبەشە سروشتی یان مەعنەوی بن. ئەمە بێجگەلەوەی، هاوبەشیی، پێویستی بە بەشداریکردنە بە پشکێك لە دارایی یان کار، بە پێی

ئەو ڕێککەوتنەی دوو هاوبەشەکە لە کاتی نووسینەوەی گرێبەستەکە لەسەری ڕێککەوتوون.[1]

ئەم شێوازی گرێبەستە، دەشێت ببێتە جۆرێك لە گرێبەستی قۆرخکاری، گەر مەرجەکانی سوودوەرگرتنی دەوڵەتی بەشداربوو یان هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیای وەبەرهێن یەکنەخرێن. یاخود، دەشێت بەپێی ئەو گرێبەستانە، ئەو دەوڵەتە هاوبەشە بەشێکی کەم لە سوودی ئابووری چنگ کەوێت، گەر ئەو مەرجانەی لە بەرژەوەندی دەوڵەتەکەیە وکە دەبێ پێشتر دیاریکرابێ، دانەنرابێ. کەواتە، ئەم جۆرەیان، بریتییە لەو گرێبەستانەی ئاییندەی دەوڵەتی پێدەری گرێبەستەکە، بە شێوەیەکی توند پەیوەست دەکات بە بارودۆخی بازاڕەوە لە کاتی فرۆشتنندا. خۆ ئەگەر، ڕێژەیەك بۆ بەشداری ودەستکەوت دیاری نەکرابێ، ئەوا داهاتەکە بەپێی ڕێژەی دیاریکراو دابەش دەکرێ، لەگەڵ دانانی مەرجەکانی مافی چنگکەوتنی ڕێژەیەك لەو کرێکارانەی کە لە کۆمپانیاکەن، هەروەها مافی مەشقپێکردن بە کادرانی دەوڵەتە هاوبەشەکە. ئەم کارەش، کۆمپانیای هاوبەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتی هاوبەش، دەبێت هەستێ پێی. نموونەی ئەم جۆرە گرێبەستانەش، گرێبەستی

[1] فؤاد قاسم الامير: حكومة اقليم كوردستان وقانون النفط والغاز، منتديات ثوابتنا، ٢٠١٢، www. thawabitna. com

هاوبەشی ئەنگۆلا بوو، کە لە نێوان کۆمپانیای نەوتی ئەنگۆلی وکۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا مۆرکرابوو.[1]

لەلایەکیترەوە، گرێبەستی هاوبەشیی، بەوەش پێناسە دەکرێ کە بریتییە لە جۆرە ڕێککەوتنێك لە نێوان دەوڵەتی بەرهەمهێنی نەوت وکۆمپانیا بیانییەکانی نەوت، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کۆمپانیا بیانییەکان هەڵدەستن بە کنە وپشکنینێکی چڕ وپڕ، پاشان نەوتی دۆزراوە لە کێڵگەکاندا دەردەهێنن، سەرباری پەرەپێدانی خودی کێڵگەکانیش، تا دەگاتە قۆناغی بەرهەمهێنان وهەناردەکردنی ئەو نەوتە خاوە دەرهێنراوە. ئەم گرێبەستانە، دوو جۆر قەرەبووکردن یاخود ئەوەی پێیدەوترێت "نەوتی تێچوون ونەوتی دەستکەوت" لەخۆ دەگرن. دیارە، نەوتی تێچوون، بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیا بیانییەکان بە بڕێك لە نەوت، ئەوەش بۆ پڕکردنەوەی تێچوونی وەبەرهێنان. پاش ئەوەی، بڕی ئەو تێچوونە بە نەوت دەدرێتەوە، ئینجا کۆمپانیای ناوبراو نەوتی دەستکەوتی چنگ دەکەوێ. هەڵبەت، ئەمەش بەدەستهێنانی بڕێکی دیاریکراوە لە نەوتی خاو، لە پێناو چنگکەوتنی بڕێك قازانج، وەلێ بە ڕێژە وماوەی دیاریکراو، وبەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە گرێبەستەکەدا هاتووە.[2]

---

[1] انواع العقود في الصناعة النفطية: موقع النفط والغاز الطبيعي العربي، ٢٠١١، arab-oil-naturalgas.com

[2] د. علي حسين: صناعاتنا النفطية مابين عقود المشاركة وعقود الخدمة، موقع الجريدة، ٢٠٠٦، www.aljaredah.com

## ٢- گرێبەستی خزمەتکردن ( عقد الخدمة ):

ئەمەیان، جۆرە گرێبەستێکە، کە ئەو دەوڵەتە لە سەرتاوە تا کۆتایی دەیگرێتە ئەستۆی خۆی. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، پەنا بۆ کۆمپانیایەك دەبات کە وەکو بەڵێندەر کاربکات لەبۆ جێبەجێکردنی کارەکانی کنە وپشکنین، کە ئەمەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتەکەدایە، هەروەك عێراق کە لە سەردەمانی پێشوودا لەم جۆرە گرێبەستەی پەسەند وجێبەجیٚ دەکرد. شایانی باسە، ئەم جۆرە گرێبەستانە، وەبەرهێنەری پێویستی بەلای خۆیدا ڕانەدەکێشا، هەروەك چۆن هیچ جۆرە کۆمپانیایەکیش نەیدەویست ئەو سەرەڕۆییە بکات، هاوکات لەگەڵ نەبوونی دڵنیابوون لە قازانج وسوودێکی ئەوتۆ. [1]

وێڕای ئەوانەی وتران، دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە گرێبەستی خزمەتکردن بریتییە لە خزمەتگوزارییەکی ڕاوێژکاریی، یاخود چەند کارێکی دیاریکراو کە کۆمپانیا بیانییەکان پێشکەشی کادرە نەوتییە نیشتمانییەکان یان کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی دەکەن، لەبەرانبەر نرخ وکرێیەکی دیاریکراودا. وەلیٚ، زۆربەی کات کۆمپانیا نەوتییە نیشتمانییەکان، ئەوانەی خاوەنی پسپۆڕییەکی فراوانی چەندین ساڵەیین وکادری هونەریی نیشتمانیی شارەزا وپێشکەوتوویان هەیە، سوودمەند دەبن لەم خزمەتگوزارییانە.

---

[1] انواع العقود في الصناعة النفطية: موقع النفط والغاز الطبيعي العربي، ٢٠١١، arab-oil-naturalgas.com

هەڵبەت، ئەوەش لە کۆمەڵێك بوار وبەکاربردنی نەوتیی دیارکراودا خۆی دەبینێتەوە، کە لە کۆتاییدا هەموو ئەمانە ڕێخۆشکەر وگەشەپێدەری کەرتی نەوتیی نیشتمانین.[١]

بەرسڤی لایەنی ئابووریی، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە دەشێت وەك پێگەیەکی ئابووری بەهێز لەسەر ئاستی هەرێمیی ونێودەوڵەتی وێنا بکرێت. بەوەی، خاوەنی سامانێکی سروشتی زۆر وزەوەند وڕێژەنە، وێڕای خاکێکی ستراتیژی گونجاو لەبۆ بازرگانی. ئەمە، وسەرباری ئەوەی پێگەی خاکی کوردستان بە گشتی، ئەو ڕێڕەوە خوداکردەیە کە ڕۆژهەلاَت وڕۆژئاوا بەیەك دەگەیەنیٚ. بەلاَم، گەندەڵی ونەبوونی شەفافیەت وپلان ونادادپەروەری وتەحەزوب، نەك ئەو سامان وگرنگییە ناهێڵیٚ، بگرە دروستبوونی ئەو دەوڵەتەش دەکاتە تراویلکە.

---

[١] د. علي حسين: صناعاتنا النفطية مابين عقود المشاركة وعقود الخدمة، موقع الجريدة، ٢٠٠٦،www.aljaredah.com

## لایەنی سیاسی //

دەوترێت، لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە. وە هەر لە سیاسەتیشدا، هیچ شتێك ڕاستەقینە نییە یاخود بوونی نییە، تەنها بەرژەوەندی نەبێت. ئەمەش، دەقاودەق جێبەجێکردنی ئەو وتەزایەی (شارڵ دیگۆل)ە * سەبارەت بە فەرەنسا، کاتێك وتبووی:"فەرەنسا هاوڕێی نییە، بەڵکو تەنها بەرژەوەندی هەیە." [١] بەڵام، لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئەوەیە کە دەبێت خودی ئەو سیاسەتە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بەڕێوە بچێ، بۆئەوەی بتوانرێ ڕەوایی ودیمۆکراسی مسۆگەر بکرێت. واتە، لەگەڵئەوەی لە سیاسەتدا هەردەم بەرژەوەندی لەبەرچاو دەگیرێ، بەڵام باشتر وایە ئەو

---

* شارڵ دیگۆل: (١٨٩٠- ١٩٧٠ز)، لە شاری (لیل)ی فەرنسا لەدایك بووە. ژانراڵ وپیاوی سیاسەتی فەرەنسی بووە. دەرچووی خوێندنگەی سەربازی (سان سیر) بەشی پیادە بووە لە (١٩١٢ز) دا. ساڵی (١٩٤٠ز) ولە میانەی جەنگی جیهانی دووەمدا وەك ژانراڵ وجێگری فەرماندەی بەرگری نیشتمانی دەستنیشان کراوە. پاشان دیگۆل سەرۆکاری حکومەتی فەرەنسای ئازاد لە لەندەن دەکات. ساڵی (١٩٤٣ز) دەبێتە سەرۆکی لیژنەی فەرەنسی بۆ زرگاری نیشتمانی کە دواتر ولە ساڵی (١٩٤٤ز) دا بە حکومەتی کاتی کۆماری فەرنسا ناودەبرێت. دیگۆل یەکەمین سەرۆکی کۆماری پێنجەمی فەرەنسییە. ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٠ز) دا کۆچی دوایی کردووە.

[١] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کتێب، ژمارە (٥٩٩٣)، یەکشەممە، ٣/ ٢/ ٢٠١٣، ل ١٥

سیاسەتە لەلایەن دەسەڵاتێکی سیاسی هەڵبژێردراوەوە بە شێوەیەکی دیمۆکراسییانە بەڕێوە بچێ.

بەڵام، بۆچوونێك هەیە پێیوایە، ئەمڕۆ سیاسەت لە کوردستان وبەتایبەت لە هەرێم، لەلایەن (هێزی سیاسی) نەك (دەسەڵاتی سیاسی)یەوە بەڕێوەدەچێ، وە تا ئێستاش ئەو هێزە سیاسییانە نەبوونەتە دەسەڵاتی سیاسی وخاوەن سەروەری سیاسی. بەمانای، ئەم هێزە سیاسییانەی کە ئێستا حوکمڕانی کوردستان دەکەن، دەسەڵاتی سیاسی سەروەر نین. هەڵبەت، سەروەری سیاسی، بریتی نییە لە دەسەڵاتی هێزی سیاسی دیفاکتۆ. وەلێ، کۆمەڵگای کوردی، لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی تێدا بێت، کەچی لەلایەن هێزی سیاسی دیفاکتۆوە بەڕێوەدەبرێ. هەروەها، دەوترێت بەرژەوەندی سەرکردە وپیاوانی سیاسی بەهێز، ڕێگا بەوە نادات کە سیاسەتی کوردیی ببێتە یان بکرێتە سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار، بەوەی سیستم، بەرپرسیاریەتی ولێپرسینەوەی تێدایە، وئەوانیش نایانەوێت بکەونە بەر لێپرسینەوە.[١]

کەواتە، دەبێت هەموو کارەکتەرە سیاسییەکانی کوردستان، وهەموو دامودەزگاکان، بە پارلەمان وحکومەت وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وتاك بە تاکی خەڵکی کوردستان وبەتایبەت

---

[١] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١١، ل ١٤٦– ١٤٩

**هەرێم، بە ئاڕاستەیەك هەنگاو بنێن کە ئەم پرۆسەیەی هەرێمی کوردستانی باشوور نەکەوێتە تەنگژەی سیاسییەوە، ولەبەر بەرژەوەندییەکان وخواستە حزبی وتایبەتییەکان لەبار ببرێت، بەڵکو هەوڵبدرێ لە قەوارەیەکی مرۆیی دیفاکتۆوە بەرەو قەوارەیەکی سیاسی خاوەن سەروەری ودامودەزگای یاسایی ڕەوا بچێ.[١]**

**ئەمڕۆ، ئەوەی بۆ حکومەتی هەرێم وکۆمەڵگای کوردەواری گرنگ بێت، هەنگاونانی زیاترە بەرەو دیمۆکراسی، وەك ئەوەی بیرمەند (حوسێن بەشیریە) * لە بەرهەمە هزرییەکانیدا بە (گوزەر**

---

**[١] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٦٣- ٦٤**

*** د. حوسێن بەشیریە: ساڵی (١٩٥٣ز) لە شاری (هەمەدان) لە ڕۆژئاوای ئێران لەدایك بووە. بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تاران وەرگرتووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە بەریتانیا وساڵی (١٩٧٩ز) لە زانکۆی (ئێسکس) بڕوانامەی ماجستێری لە ڕەفتارناسیی سیاسیدا وەرگرتووە. ساڵی (١٩٨٢ز) لە زانکۆی (لیڤرپووڵ) دکتۆرای لە بواری تیۆرییە سیاسییەکان بەدەستهێناوە. لە ساڵانی (١٩٨٣- ٢٠٠٧ز)، لە زانکۆی تاران خەریکی وانە وتنەوە وتوێژینەوە بووە. بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٧ز) دا بە هۆکاری سیاسی کۆتایی بە خزمەتی هێنرا. بۆیە لەو مێژووەوە ناوبراو ئێرانی بەجێهێشتووە و ڕووی کردووەتە ئەمریکا وتا ئێستاش لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی (سیراکیۆز)ی نیویۆرك خەریکی وانە وتنەوە وتوێژینەوەیە. ناوبراو خاوەنی چەندین بەرهەمە کە بە زمانی فارسی وئینگلیزی نووسراون وبۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون.**

بەرەو دێمۆكراسی) ناوی دەبات. هەڵبەت، لە سادەترین پێناسەدا، گوزەر بەرەو دێمۆكراسی لە لایەكەوە– لە ڕووی سیاسییەوە– بە واتای سەقامگیریی حكومەتێكی هەڵبژێردراو وبەرپرسە لە ڕێگەی ململانێی ئازاد ودادپەروەرانە لە نێوان هەموو ئەو هێزە سیاسییانەی كە لە گۆڕەپانەكەدان. لە لایەكیتریشەوە، – لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە– بەو واتایە دێت كە هەموو خەڵك خاوەن ئازادی ومافە مەدەنی وسیاسییەكان بن وئەنجومەن وڕێكخراوی مەدەنی چالاك وكاریگەر دروست ببن. وەڵێ، بە واتایەكیتریش وبە كورتی، گوزەر بەرەو دێمۆكراسی، دوو ڕەهەندی هەیە: یەكەم، حكومی ودووەم، كۆمەڵایەتی.[١]

وێڕای ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، لەسەر حكومەتی هەرێمیشە كە ئەركی خۆی لە ماف وخۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان جێبەجێ بكات وهەوڵی بەهێزكردنی هەژموونی خۆی بدا، بەوەی هێزی سیاسی فەرمانڕەوا بكاتە دەسەڵاتی سیاسی تۆكمە وڕاستەقینە. لەوەش گرنگتر، كاركردنیەتی لەسەر دروستكردن وبەهێزكردنی هەستی نەتەوایەتی وبوونگەرایی تاكی كورد. زۆر لەوانەش گرنگتر، پەڕینەوەی دەسەڵاتە لە قۆناغی دێمۆكراسی سیاسییەوە بۆ قۆناغی دێمۆكراسی كۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وئابووری وكەلتووری و.....هتد. پاشان، پەیڕەوكردنی دادپەروەری

---

[١] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموكراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپی یەكەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلأت– هەولێر، ٢٠١١، ل ٢٤

کۆمەڵایەتی ویەکسانی وشەفافیەت وبەیاساکردنی دەسەڵات وکارکردن لەسەر ئاشتکردنەوەی حکومەت وجەماوەر. بەم جۆرە، دەسەڵات، ڕەوابوون ومانەوەی خۆی مسۆگەر دەکات. لەبەرئەوەی، تەنها تاکەکانی کۆمەڵگایە، کە بڕیاردەری مانەوەی حکومەتەکان وهێزە سیاسییەکانن، لە سیستمی دیمۆکراتی وپێشکەوتوودا. هەروەك (لینکۆڵن) دەڵێت: دیمۆکراسی دەسەڵاتی خەڵکە، لە ڕێگەی خەڵکەوە ولەپێناوی خەڵکدا. [1]

دیارە، سیاسەت بەپێی سروشتی دەسەڵات، ویستی تاکگەرایی، ناوەندگەرایی، تاکڕەویی، سڕینەوە وپەراوێزخستنی ئەوانیتری هەیە. لە بەرانبەردا، سەرهەڵدانی دیمۆکراسی، بە پرۆسەیەکی "ناسروشتی" وبەدەر لە شێوازی ئاسایی سیاسەت لەقەڵەم دەدرێ، وپێویستی بە دروستبوونی کۆمەڵە فاکتەرێکی "ناسروشتی" هەیە. [2]

دەوترێت، دیمۆکراسی، حکومەتێکە لەسەر بنەمای ڕاوبۆچوونی گشتی دامەزراوە، ولە بەرانبەردا، پێویستە ئەو حکومەتە بەردەوام هەست بە لێپرسراوێتی بکات. بە واتایەکی دی، دیمۆکراسیبوونی ڕووت سەرچاوەی فەرمانڕەوایی کردنی

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١١٥

[2] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠١١، ل ١٠٧

دێمۆکراسییانە نییە، بەڵکو پێویستە لە بەرانبەر خەڵکیدا خۆی بە لێپرسراو بزانێت وبەردەوام ئەو حکومەتە سەرچاوەی دێمۆکراسیبوونی خۆی نویێ بکاتەوە. حکومەتی دێمۆکراسی، لە کەش وهەوایەکی فرەڕێکخراو وە فرە ئەنجومەنی سەربەخۆ وهەڵقولاوی ناخدا کاردەکات، وە لە بەرانبەر ئەگەرەکانی بەدیکتاتۆریبوونی دەسەلاتدا ڕادەوەستێت، وە بەرگری لە مافەکان وئازادییەکانی تاك وئەنجومەنەکان دەکات..[1]

ئەوانەی ئاماژەمان پێدا، دەمانگەیەنێتە هەقیقەتی چەمکی کۆمەڵگای تەندروست. هەڵبەت، کۆمەڵگایەك دەتوانین بە تەندروست بزانین، کە تیایدا هیچ مرۆڤێك ئامراز نەبێ بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی کەسانیتر. بەڵکو، ئەنجامی هەوڵەکانی هەر کەسێك بەخۆی ببڕێت. واتە، مەبەستی کار وهەوڵدان، تەنیا بۆ هێزە مرۆییە شاراوەکانی خودی کەسەکە تەرکیزی پێکرابێت. مرۆڤ، وەك چەق وناوەند، لەقەڵەم بدرێت وهەموو چالاکییە ئابووری وسیاسییەکان بە مەبەستی گەشەکردنی مرۆڤ بێت. کۆمەڵگای تەندروست، ئەو کۆمەڵگایەیە کە نەتوانرێت لە هۆکارەکانی وەك تەماح، دەستڕەنج

---

[1] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٩٦

خواردن، تەسلیم، خۆویستی بۆ سوودی زیاتری ماددی یان بەرزکردنەوەی پلە وپایەی تاکەکەسیی کەڵك وەربگیرێت.[١]

ئاشکرایە، کە هەموو کۆمەڵگایەکی سیاسی تەندروست، لە هەناویدا چەندین پارتی سیاسی بە دەسەڵاتدار وئۆپۆزسیۆنەوە بوونی هەیە. هەریەکە وبە جۆرێك هەڵسوکەوت دەکات، واتە بەپێی بەرژەوەندی وپەیڕەو وپرۆگرامی ناوخۆی پارتەکە، وێڕای دەرنەچوون لە چوارچێوەی خودی ئەو تەندروستییە. دروستە، هەر پارتە وبەپێی میکانیزمێکی گونجاوی خۆی کار بکات، لە چوارچێوەی شەرعیەت ویاسادا. بەڵام، پێش هەموو شتێك، دەبێت بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگاکە ڕەچاوبکرێت. لەبەرئەوەی، پارتی سیاسی وەك ئامرازێك، زیاتر بۆ خزمەتی گەل وجەماوەر دروست بووە، کە ئەوەش ئامانجە (لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا). واتە، زۆر گرنگە کار بۆ سەرخستنی خواستەکانی جەماوەر وبەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگاکە بکات، نەوەك بەرژەوەندی تایبەتی یاخود تەسکی حزبایەتی بەتەنها.

دەشێت، ئەو بەرژەوەندییە، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی، ئیتنی، کەلتووری، ئایینی، یان هەر بەرژەوەندییەکی تری گەل بێت. بەڵام، بە پێچەوانەوە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێ یاخود وڵاتانی دواکەوتووی خاوەن سیستمی

---

[١] ئەریك فرۆم: کۆمەڵگای تەندروست، و: زاهیر محەمەد ڕەشید، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٧٥

تۆتالیتاریدا، دەبینین کە حزب بالأدەستە وبەرژەوەندی تایبەتی حزب لە پێش بەرژەوەندییە بالأکانی گەلەوەیە، بگرە خودی گەل لە خزمەتی حزبدایە.. مەحاڵە، ڕێگە بە بەشداری سیاسی پارتی ئۆپۆزسیۆن بدرێت (سیستمی تۆتالیتاری)، کۆمەڵێك کۆمپانیا ودامەزراوەی ئابووری کارا لە برەودان کە تایبەت بە حزب یان گروپ ودەستە وتاقمی نێو پارتەکەن، ئەمانە شادەماری ئەو حزبانەن..

وەلێ، لەم دۆخەدا، سروشتییە کە لە نێوخۆی کۆمەڵگاکەدا لەلایەن جەماوەرەوە دەنگی ناڕەزایی بەرزببێتەوە وهەوڵ بۆ بنبڕکردنی تێکڕای گەندەڵییەکان بدرێت. چیتر، پێشێلکارییەکان پەسەند ناکرێت، دەسەلأت دەبێتە دێوەزمەیەك وجەماوەریش شۆڕشگێڕ، تیۆرەکانی بەرپابوونی شۆڕش لە دژی حزب وچینایەتی وگەندەڵییەکان پراکتیزە دەکرێن. دیارە، بەمەش گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری لە کۆمەڵگادا فەراهەم دەبێت، وپارت یان گروپێکی تر دەسەلأت دەگرنە دەست. بەلأم، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە، ئایا ئەو گروپە یان پارتە سیاسییە نوێیە هەتا چەند یاساکان پەیڕەو دەکات وهەوڵ بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی وشەفافیەت ودادپەروەری وشەرعیەت دەدات لەو کۆمەڵگایەدا. گەر، شەرعیەتی بەدەستهێنابوو، ئایا دەتوانێت یاسایی کار بکات؟ ئاخۆ، لە کۆتاییدا

مەبەستی سەرەکی پارتی تازە گەیشتوو بە هەرەمی دەسەڵات، قۆرخکردنی دەسەڵات نییە وەکی ئەوی پێشوو؟![1]

جا بۆئەوەی لانەدەین، وهەر لە نێوکۆی بابەتەکەدا بمێنینەوە کە ئاماژەدان بوو بە لایەنی سیاسی، دەکرێت باس لە کۆمەڵێك فاکتەر وفاکتی مێژوویی بکەین کە زۆر گرنگ وپێویستن بۆ دۆزی کورد. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەرژەوەندییەکانی (بەریتانیا وفەرەنسا) وای دەخواست کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت ناوچەی کەوانەی بەپیت (الهلال الخصیب) لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، ئەویش بەپێی پەیماننامەی (سایکس بیکۆ– ١٩١٦ز)، * کە بەرژەوندی وخواستەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی نێو

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ٧١– ٧٢

* سایکس– بیکۆ: ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ سازانۆڤ (١٩١٦ز)، لێکتێگەیشتنێکی نهێنی نێوان بەریتانیا وفەرەنسا بوو بە ئاگاداری ڕووسیای قەیسەری. بۆ ماوەی یەك ساڵ دانوستان لە نێوان دپلۆماتی فەرەنسی (فرانسوا جۆرج بیکۆ) وبەریتانی (مارك سایکس) لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە بەردەوام بوو، بۆ دابەشکردنی ناوچەی (کەوانەی بەپیت). ساڵی (١٩١٧ز) کاتێك کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەم ڕێکەوتننامە نهێنییە ئاشکرابوو، بۆیە گەلانی ئەو ناوچەیەی ئەم ڕێکەوتنە دەیگرتەوە تووشی هەژان بوون لەبەرانبەر ئەم کارەدا. هەڵبەت بەپێی ئەم پلانە، خاکی کوردستانی گەورە و وڵاتانی چواردەوری لە نێوان بەریتانیا وفەرەنسادا دابەش دەکرا.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تا ڕاددەیەکی زۆر لەبەرچاو نەگرتبوو. بەو مانایەی، دابەشکردنی ناوچەکە بە خواستی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە بووە، نەك بەهۆی فشاری شۆڕشی گەلان یان گوێگرتن لە داواکاری ودەنگی گەلان ومافی مرۆڤ وپێویستیی ڕزگارکردنی ئەو نەتەوە ومیللەتە ژێردەستانە. لەبەرئەوەی، گەر گویٚ لە خواستی نەتەوەکان بگیرایە، ئەوا سنووری جوگرافی وسیاسی وفەرهەنگی وکەلتووری وئیتنی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا، نە بەم شێوەیە دەبوون، نە پێویستیشی بە دووبارە داڕێژرانەوە دەکرد، لە ئاییندەدا. بگرە، ئەو هەموو جەنگ وخوێنڕشتن وشۆڕش وخەباتی چەکداری ومالۆێرانی وجینۆساید وپاکتاوی ڕەگەزی وڕاسیزم ونەخوێندەواری وهەژاری وقاتوقڕییەش، ڕووی نەدەکردە تەواوی ناوچەکە.

دواتر ولە (٨/ کانوونی دووەم/ ١٩١٨ز) دا، (ودرۆ وڵسن)ی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا، خاڵگەلێکی پێشکەش بە کۆنگرێس کرد، کە پێکهاتبوو لە (١٤) پرەنسیپ، بژاردە ومەرجگەلێکی لەخۆگرتبوو، کە گوایە ڕێخۆشکەر دەبوو بۆ بەرگرتن لە دووبارەبوونەوەی جەنگێکی جیهانیی ماڵوێرانکاری وەك ئەوەی ڕوویدا. ئەوەی مەبەستە، لەم کۆمەڵە پرەنسیپەدا بیخەینە ڕوو، خاڵبەندی (١٢) یە کە باس لە پارێزگاریکردن وسەربەخۆبوونی تەواوی بەشە تورکییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات. لە کاتێکدا، تەنها باس لە مسۆگەریی ژیان وگوزەران وپێدانی

فرسەتێکی گونجاو لەبۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی هەمیشەیی بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی ناو ئەو ئیمپراتۆریەتە دەکات.[1]

گەر، چاوێك بە خاڵەکانیتری پرەنسیپگەلەکەدا بخشێنین، بە ڕوونی هەست بە جیاوازی ڕەگەزی وڕاسیزمێکی تەواو دەکەین. بەوەی، نەتەوەکانی ئەوروپا وئاسیا وباڵکان، ئەوانەی داگیرکارییان بەرانبەر کراوە یاخود ئەوانەی هێشتا نەبوونەتە دەوڵەتی سەربەخۆ وناویان براوە، شیاوە یاخود دەتوانین بڵێین کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا لەبارەیانەوە هەیە، تا ببنە دەوڵەت. لە کاتێکدا، نەتەوە جێنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (بێجگەلە ئەرمەن، کە بەپێی بەڵگەنامەکان، ئەوان هێشتا ئامادەنەبوون بۆ خودموختاری)، ناکرێت ڕاستەوخۆ ببنە خاوەن دەوڵەت، یان باشتر وایە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ژێر ماندات (ئینتیداب)ی زلهێزاندا بمێننەوە، تا دوابڕیار لەسەر بارودۆخیان دەدرێت.

وڵسن، ئاماژەی بەوە کردبوو، کە پێویستە ئەم پرەنسیپە بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا جێبەجێ ببێت کە خاوەن بزوتنەوە وسەرکردایەتییەکی ڕێکخراون. لە کاتێکدا، بەهیچ شێوەیەك خوازیاری جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە نەبوو، بەسەر ئەوانەی کە

[1] ديفد كورن: الرجلان اللذان الحقا الكرد بالعراق، ت: حسن سيدو، سلسلة التوعية (٦١)، منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠١٣، ص ٨٠- ٨١

خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە نین. دەکرێت، ئاماژە بە کورد بدەین، بەوەی هەژار بوون لە ڕووی ڕێکخستن وسیستماتیکەوە، سەرباری ململانێی ناوخۆیان لەسەر ڕابەرایەتیکردن وسەرکردایەتیکردنیان. هەموو ئەمانە، ڕێخۆشکەر بوون بۆ سەرنەکەوتنیان لەبۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی. وەلێ، ئەم هزرە، لە ڕاپۆرتە ئەمریکییەکانی تایبەت بە کورد، پلورالیزە ببوو. ئەوەش، بە پشتبەستن بە وتنەوەی ئەو وتەزایەی دەیوت: "حساب دەکرێن بە سەربازی لێهاتوو، وە ڕابەری لاواز- یعدون جنوداً أكفاء، وزعماء ضعفاء." ئەم وەسفکردنە گشتگیرەی کورد، لایەنگریی وهێمایەکی ڕوون بوو بۆ جیاوازی ئیتنیی لەو ڕۆژەدا. ئەم لێدوانانەش، ئاماژەدانێك بوو بۆ دواکەوتوویی کورد وپێویستییان بە هاوکاری بیانی، تاوەکو سەرکەوتووبن.[1]

لەلایەکیترەوە، ولەگەڵئەوەی پەیماننامەی نێونەتەوەیی (سیڤەر) [*] کە لە گەلاوێژی (١٩٢٠ز) دا ئیمزا کرا، ڕەوابوونی

---

[1] روبين متشل اوشروود: الحرب العالمية الاولى وسياسة حق تقرير المصير، ت: احمد السورميري، دار الثقافة والنشر الكوردية، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد، ٢٠٠٨، ص ٥٥

[*] پەیماننامەی سیڤەر: لە (١٠/ ئاب/ ١٩٢٠ز) لە نێوان دەوڵەتانی (تورکیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەرمەنستان، ژاپۆن، یۆنان، بەلژیکا، پۆرتوگال، پۆڵەندا، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلوانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، حیجاز) مۆرکرا. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، وەك چاودێر دانرا. لەم کۆنگرەیەدا، بوار بە ژانراڵ (شەریف پاشا) درا وەك نوێنەری کورد بەشداری بکات. ئامانج لەم

داخوازییەکانی ژانراڵ (شەریف پاشا)ی * بە فەرمی قبووڵ کرد، کە

---

کۆنگرەیە، دابەشکردنی خاك وسامانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر دەوڵەتە براوەکانی جەنگدا بوو. لەگەڵئەوەی چارەسەرێکیش بۆ گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی ناوبراو بدۆزرێتەوە. ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)، تایبەت بوون بە گەلی کورد. بەلاّم هەر لە سەرەتاوە ئەم پەیماننامەیە وئەم ماددانەی تایبەت بوون بە کورد، بە مردوویی لەدایك بوون.

* ژانراڵ شەریف پاشا: (١٨٦٥- ١٩٥١ز)، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری کورد وپلەداری سوپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە. بە درێژایی ژیانی، چەندین پلە وپۆستی ئیداری وسەربازی وەرگرتووە، دواییینیان لە ساڵی (١٨٩٨- ١٩٠٨ز) وەك دپلۆماتێك و وەزیری ڕێپێدراوی دەوڵەتی عوسمانی لە سوید کاری کردووە. کاتێك کۆمەڵەی (ئیتیحاد وتەرەقی) وەك ئۆپۆزسیۆن دروستبوو، ناوبراو لەو کاتەدا کاربەدەستی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە سوید وبە شێوەیەکی نهێنی پشتگیری لێدەکردن، لە دژی حوکمڕانی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم). بەلاّم پاش کودەتای کۆمەڵەی ناوبراو لە ساڵی (١٩٠٨ز) دا، ژانراڵی ناوبراو ئیدی بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتگیری خۆیی نیشاندا بۆیان. پاش ئەوەی کۆمەڵەی ناوبراو لە ڕێی کودەتاکەیەوە توانی بە دەسەلاّت بگات، ئیدی وردە وردە ناوەڕۆك ومەبەستیان دەرکەوت، بەتایبەت سیاسەت وبۆچوونیان لەمەڕ گەلی کورد وگەلە ناتورکەکان. ئەمە بووەهۆی ئەوەی شەریف پاشا لێرە بەدواوە وەك نەیارێکی سەرسەختی سیاسەتی ئەو کۆمەڵەیە دەربکەوێت بەتایبەت لەنێوان (١٩٠٨- ١٩٠٩ز) دا. پەرچەکرداری ئەو سیاسەتەی ئیتیحاد وتەرەقی وای لە ژانراڵ کرد وەك داکۆکیکەرێکی نەتەوەی کورد دەربکەوێت. ژانراڵی ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو کە دەکرێت گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات لە ڕێگەی بەریتانییەکانەوە. ناوبراو لە (کۆنگرەی ئاشتی) ساڵی (١٩١٩- ١٩٢٠ز) وەك نوێنەری کورد دەرکەوت، دواتر لە

تایبەت بوو بە کورد. بەڵام، بۆچی ئەم دەوڵەتە کوردییە هەرگیز دانەمەزرا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پڕ ئێش وژانە، سادە نییە، هەرچەندە بەرپرسیارێتی سەرەکی ئەم مەسەلەیە، لە ئەستۆی زلهێزەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەو کاتە، واتە بەریتانیا وفەرەنسادا بوو، کە نەخشەی ناوچەکەیان بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان وبێ ڕەچاوکردنی خواست وئامانجی خەڵکی ناوچەکە داڕێژا. یەکێکیتر لە هۆیەکانی بەدەستنەهێنان وئەم هەرەسهێنانە، ئەوە بوو کە پێکهاتەی کەلتووری کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا، بەهۆی ململانێ خوێناوییەکانی نێوان گەورە کوردەکان، پارچە پارچە ببوو. ڕابەرانی کورد، نەیاندەتوانی بەسەر ناکۆکییە مێژووییەکانیاندا زاڵ بن. پاش ئەوەش، گەلێك لە کوردان باوەڕیان بە بەڵێن وگفتەکانی ژانراڵی تورك (مستەفا کەمال)، * دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی

---

(پەیماننامەی سیڤەر)دا کە لە گەلاوێژی (١٩٢٠ز) بەسترا، دەوڵەتانی هاوپەیمانانی ئەو سەردەمە داخوازییەکانی کوردیان بە ڕەوا زانی وقبووڵیان کرد، کە بەهۆی شەریف پاشاوە گەڵاڵە کرابوو وە خرابووەڕوو، هەرچەندە دواتر ئەو پەیماننامەیە پشتگوێ خرا. لە ساڵی (١٩٤٥- ١٩٤٦ز)، جارێکیتر شەریف پاشا لەگەڵ بەریتانییەکان تێهەڵچووەوە دەربارەی مەسەلەی کورد، بەڵام ئەمجارەشیان هەر مایە پووچ دەرچوو.

* مستەفا کەمال ئەتاتورك: (١٨٨١- ١٩٣٨ز) لە سالۆنیك لەدایك بووە، دایکی ناوی (زوبێدە) بووە، باوکیشی ناوی (عەلی ڕەزا) بووە وفەمانبەرێکی سادەی حکومی بووە. ناوبراو، لە خوێندن وژیانیدا کەسێکی زیرەك ولێهاتوو بووە،

**موسڵمانی کورد وتورك کردبوو. بۆیە، بڕیاریان دابوو کە هەموو هێزی خۆیان لەم ڕێگەیەدا بخەنە گەڕ. بەڵام، کاتێك کە ئەم دەوڵەتە**

---

**توانیویەتی بەرزترین پلەی سەربازی بەدەست بهێنێت. بەشداری ئەو ڕەوت وبزوتنەوە شۆڕشگێڕانەشی کردووە کە دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی بوون. لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، ولەسەر کەلاوەی دەوڵەتی عوسمانی، کۆماری تورکیای دامەزراند. ناوبراو، ڕێکخەری ڕێبازی ڕەگەزپەرستانەی تورك بوو، ئەم سیاسەتەشی هەتا ئێستا ڕەنگدانەوەی لە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیادا هەیە. دوای ئەوەی نێوانی لەگەڵ سوڵتان تێکدەچێت، ئیدی ساڵی (١٩٢٣ز) سیستمی خەلافەتی هەڵوەشاندەوە، ولە (١٩٢٤ز)یشدا خەلیفایەتی لادا وسیستمی ئایینی هەڵگرت وڕێنووسی عەرەبیشی قەدەغە کرد، ونووسینی بە پیتی لاتینی هێنایە گۆڕێ، بەمەش سیستمێکی سیکیۆلاری سەپاند. ئەتاتورك، زیرەکانە دژی ئەو لەشکرە یۆنانییەی وڵاتەکەی داگیر کردبوو، سەرکردایەتی شەڕی سەربەخۆیی تورکیای کرد. کاتێکیش بووە سەرۆك کۆمار، لەو بەڵێنانەی پاشگەز بووەوە کە پێشتر دابووی بە کورد، بگرە بەپێچەوانەوە بە چەپۆکێکی پۆڵایین لەگەڵ نەتەوەی کورد وشۆڕشە کوردییەکاندا دەجولایەوە و وشەی (کورد)ی بە گەورەترین مەترسی لەقەڵەم دەدا، کە هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا بکات. زیندووترین نموونەش بۆ ئەم کارەی، دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی (١٩٢٥ز) بوو، کە بەهۆیەوە گەورەترین جینۆساید وئەنفال وڕاگواستنی دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجام دا. لەوەش زیاتر، قەدەغەکردنی هەموو ئەو خوێندنگە وحوجرە وکۆمەڵ وڕۆژنامە وچاپەمەنییە کوردییانە بوو کە وشەی کوردی تێدا دەخوێنراو بەکار دەهێنرا. نەك هەر ئاخاوتن بە کوردی، تەنانەت وشەی کورد وکوردستانیشی لە فەرهەنگی دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکەیدا سڕییەوە ولەبری ئەوە وشەی (تورکی چیا)ی بەکاردەهێنا.**

دروست بوو، وه له پەیماننامەی (لۆزان)دا، * که له (پووشپەڕی ١٩٢٣ز) دا بەسترا، وبه فەرمی ناسرا، مستەفا کەمال کتوپڕ ئەو بەڵێنانەی که لەبارەی خودموختاری کوردستانەوه دابووی، خستییه ژێر پێ، ودواتر (مەجلیسی نەتەوەیی) که (٧٥) نوێنەری کوردی تێدا بوو، هەڵوەشاندەوه. ناوبراو، تەنانەت قوتابخانه کوردییەکانیشی داخست، وهەموو دیاردە کلتوورییەکانی کوردیشی قەدەغه کرد..[١]

شایەنی باسه، له ڕاپۆرتێکی شەش لاپەڕەیی بەڵگەنامەیی بەریتانیدا، هاتووه که به (شاڕاپۆرتی ڕاپۆرتان) ناوزەد کراوه، وه به ژمارەی (N.A., F.O., ٩٧٣/٦٨٩) ودەربارەی (کێشەی کورد له

---

* پەیماننامەی لۆزان: ئەم پەیماننامەیه، له (٢٤/ تەمموز/ ١٩٢٣ز) له شاری (لۆزان)ی سویسرا، له نێوان (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلڤانیا، تورکیا) بەسترا. ئەمەش، بۆ ناسینی دەوڵەتی نوێی تورکیا، وپێداچوونەوه به پەیمانی سیڤەردا. لەم کۆنگرەیەدا، (عیسمەت ئینۆنۆ)ی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، وەك نوێنەری تورکیا، و(لۆرد کرزۆن) سیاسەتمەداری ناوداری ئینگلیز، وەك نوێنەری حکومەتی بەریتانیا، لەسەر مەسەلەی ویلایەتی موسڵ کەوتنه گفتوگۆ. سەرەنجام پەیماننامەی سیڤەر وەلانرا وخاکی کوردستان دابەشکرا، ودەوڵەتی نوێی تورکیاش به فەرمی ناسێنرا، وێڕای ئازادبوونی له سەرجەم بڕیارەکانیدا.

[١] فیلیپ کرینبروك، کریستییەن ئالیسۆن: کولتوور وناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوه وبڵاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٠

عێراق)، که مایسی ساڵی (١٩٩٢ز) نووسراوه، ئه‌م ڕاستییانه خراونه‌ته‌ڕوو که ئه‌مه ده‌قه‌که‌یه‌تی: "کورد، که ژماره‌یان له پازده ملیۆن تێده‌په‌ڕێت، وه‌ك گه‌لێکی عه‌شره‌تیی، خاوه‌ن که‌لتوور ونه‌ریت وزوبانی خۆیانن وبه‌لایه‌نی که‌مه‌وه، سێ هه‌زار ساڵه هه‌ن. به‌ڵام، له‌گه‌ڵ ئاواتی زۆری ڕزگاربوونیان له داگیرکه‌ری بیانی، هه‌رگیز له‌ژێر ئاڵای یه‌ك سه‌رۆکدا کۆنه‌بوونه‌ته‌وه...... دووبه‌ره‌کی هۆزایه‌تی له‌نێو کورددا، هه‌میشه قووڵ بووه، ئه‌وه‌ی که حکومه‌ته ناوه‌ندییه‌کان هه‌میشه له‌گه‌ڵ جیاوازی سیاسیی نێوان سه‌رۆك هۆزه موحافیزه‌کان وچه‌پڕه‌وه ڕادیکاڵه‌کاندا ده‌یانقۆزنه‌وه. هه‌روه‌ها، کۆسپێکی دیکه‌ی گه‌وره که له‌به‌رده‌م یه‌کگرتنی ڕیزه‌کانی کورددایه، ته‌شه‌نه‌سه‌ندنی نه‌خوێنده‌واری وجیاوازیی دیالێکته‌کانی زمانه‌که‌یانه." [١]

گه‌لی دۆست وبراده‌رینه، ئه‌وه‌تا حکومه‌تی به‌ریتانی، له‌و ڕاپۆرته‌یدا ئه‌وه‌ی خستووه‌ته‌ڕوو که پێویسته گه‌لی کورد، هه‌رچی زووتره له‌ژێر ئاڵای یه‌ك سه‌رۆکدا کۆببنه‌وه. واته، ئه‌گه‌ر ئه‌م بۆچوونه ڕای ئه‌وان بێت، ئه‌وا پێویسته له‌سه‌ر گه‌لی کورد به‌تێکڕا وزۆر به‌په‌له ئه‌م کاره بهێننه‌دی. ئه‌مه‌و، بێجگه‌له‌وه‌ی له ڕاپۆرته‌که‌دا ئاماژه به ئاماده‌یی وزیندوویی خێڵایه‌تی وهۆزگه‌رایی دراوه، وه‌ك نه‌نگیی ودواکه‌وتوویی گه‌لێکی دێرین. هه‌روه‌ها، باس له

---

[١] د. که‌مال مه‌زهه‌ر: کورد وکوردستان له به‌ڵگه‌نامه نهێنییه‌کانی حکومه‌تی به‌ریتانیادا، به‌رگی یه‌که‌م، چاپی دووه‌م، چاپخانه‌ی گرین گلۆری- به‌یروت/ هه‌ولێر، هه‌رێمی کوردستان، ٢٠٠٩، ل ٥٦٩

نەخوێندەواری ونەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەییش کراوە. دواتریش، ئاماژە بە عەقڵییەتی کۆنزەرڤاتیزمیی وفەندەمێنتاڵیزمیی وڕاستڕەوان کراوە کە لەگەڵ ئازادیخوازان وچەپڕەواندا یەکناگرنەوە. دیارە، سیاسەت وئیتیکی حکومەتە ناوەندییەکان، وا دەخوازن کە یاری بە ئاوەزی بەرەکان وتاکی کورد بکەن.

هەموو ئەم ڕاستییانە، بۆ ئەوەیە کە بڵێین سیاسەت هەر سیاسەتە وبەرژەوەندی برا گەورەیە وگەلی کوردیش دەبێت ئامادەباش بێت بۆ هەموو بژاردە وئەگەرەکان. ڕاستە، ئێستاکێ بیستەکان ونەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو نییە، تەنانەت ئەو سەدەیە گوزەشت. بەڵام، سیاسەت وبەرژەوەندی، دوو ڕێژەی نەگۆڕ وبەهاداری نێو هاوکێشە سیاسییەکانی زلهێزانن لە بەرانبەر کورد. سوپاس بۆ خوا، پێدەچێت ئەستێرە گەشەی کورد لەم سەردەمەدا، وردە وردە بدرەوشێتەوە. بەڵام، وەك پێشتریش ئاماژەی پێدرا، ئەوە مێژووە کە پێمان دەڵێت "لە سیاسەتدا، هیچ شتێك مەحاڵ نییە." لەبەرئەوەی، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، ئامانجی سەرەکی وچارەنووسسازی سیاسەتی دەرەوەی هەموو وڵاتێك پێکدێنێ. وەلێ، هەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیشە، کە بنەما سەرەکییەکانی هەر وڵاتێك پێکدێنێ.[1]

---

[1] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٨٠

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەوەیە کە بنچینەی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمڕۆی زلهێزان ودەوڵەتانی جیهاندا بە ئاڕاستەی ناوچەکە، هۆکارەکەی خودی گۆڕانکارییە لە ئاڕاستەکردنی سیاسەت وگەمەی سیاسیدا. لەبەرئەوەی، ئەمڕۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت باشووری ڕۆژهەڵات، بەهۆی دەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی وئەو شۆڕشانەی ڕوویان تێکردبوو، بە شێوەیەکی ڕێژەیی، تووشی جۆرێك لە قەیران وبۆشایی دەسەڵات بوونەتەوە. هەربۆیە، بەرەنجامی تیۆرییەکانی (گەمەی سیاسی وپڕکردنەوەی بۆشایی) وداکەوتی ناوچەکە، ئەوە دەخوازێ کە بە زووترین کات هەل بڕەخسێت ولەلایەن گەمەکاران ودەسەڵاتێکی بەهێزی نوێوە ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکرێتەوە ودووبارە بۆشایی دەسەڵاتیش پڕبکرێتەوە.[١]

بە مانای، پێویستیی پلانداڕشتنێکی نوێ لەلایەن زلهێزانی دەرەکی وبەکارخستنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەلایەن دەسەڵاتێکی ئەڵتەرناتیڤی لۆکاڵییەوە، خۆی قوتدەکاتەوە. کۆواتای ئەمەش، گۆڕانکاری لە سنووری سیاسی وجوگرافی وئیتنی وفەرهەنگی وکەلتووری وئابووری وکۆمەڵایەتی ناوچەکە، لە داهاتوودا دەبێتە شتێکی حەتمی. بەوەی، ستەمکارترین وهەڕەمەکیترین سنوور، ئەوانەن کە لە ئەفریقا وڕۆژهەڵاتی

---

[١] سعد عباس: محاولة لفهم ما يجري، الزمان، عربية دولية مستقلة، ١٨/ ٣/ ٢٠١٣، www.azzaman.com

ناوەڕاستدان. واتە، ئەو سنوورانەی کە ئەوروپاییە بێباکەکان دایانڕشتبوو، کە تا ئێستا بووەتە هۆی کوشتنی ملیۆنەها کەس لەو میللەتانە. ئەمەش، کۆمەڵێك کێشەی دروستکردووە، کە چیتر لە توانای گەلانی ئەم ناوچانەدا نییە.[١] بەڵام، ئایا ئەو گۆڕانکارییە کێ دەیکات؟ ئاخۆ نەتەوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتە، یاخود زلهێزانی دوێنێیە؟

هەر لە نێوکۆی ئەم ئاماژەپێکردنانەوە، دەکرێت باس لەوەش بکەین، کە حکومەتەکانی پێشووی تورکیا، سیاسەتێکی دوژمنکارانەیان دەرهەق بە بزوتنەوەی سیاسی کورد لە باکوور گرتبووەبەر. وەلێ، دەسەڵاتی تورکی، لە پاش دامەزراندنی تورکیای مۆدێرن لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دژی هەر جۆرە دابەشبوونێکی وڵاتەکەیان بوون، لەسەر بنەمای ئیتنی. هەر ئەو بەرپرسانە دەیانگوت، تورکیای نوێ، هاوشێوەی فەرەنسای نوێیە. واتە، هەر کەسێك کە لەناو خاکی تورکیادا دەژی، دەبێت تورك بێت، هەروەك چۆن هەر کەسێك کە لە ناو فەرەنسادا دەژی بە فەرەنسی دادەنرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە لە جەزائیرەوە یان لە هەر وڵاتێکیترەوە هاتووە. هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش بوو، حکومەتەکانی پێشووی تورکیا کوردەکانیان بە (تورکە کێوییەکان)

---

[١] ألوف بن وفرانك جاكوبس وباراج خانا ورالف بيترز: الشرق الاوسط خرائط جديدة ترسم، سلسلة ترجمات الزيتونة (٧٤)، مركز الزيتونة للدراسات والاستشارات- بيروت، لبنان، كانون الثاني/ ٢٠١٣، ص ٢٣

ناودەبرد. بەڵام، ئەم سیاسەتەی تورکیا، لەگەڵ هاتنی پارتی داد وگەشەپێدان تا ڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بەرپرسانی ئێستای تورکیا، چیتر ئەو پێناسەیە بۆ کوردەکان ناکەن، کە بەرپرسانی پێشووی وڵاتەکەیان دەیانکرد.[١]

ڕۆژی (٢٥/ ٣/ ٢٠١٣ن)، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی (ئەردۆگان)، لە ئەنکەرە ولە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا، هەردوولا باسیان لە پێویستی کردنەوەی دەروازەیەکی دیکەی سنووریی لە نێوان هەرێم وتورکیادا کردبوو. بەڵام، ئەوەی مەبەستە لەم کۆبوونەوەیەدا بیخەمە ڕوو، ئەوەیە کە قسەگەلێك لە بارەی پرسی کورد لە تورکیا کرابوو. هەڵبەت، حکومەتی هەرێم، ئەوەشی دووپاتکردبووەوە، کە هەرێمی کوردستان بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا خۆشحاڵە، وبە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسەکە دەکات.[٢]

بێگومان، لە میانی ئەم وتەگەل ولێکۆڵینەوە وتیۆرانەوە، شیمانەی ئەوەش دەکرێ کە پاش سەدەیەك تێپەڕبوون بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆدا، سنوورە جیۆپۆلەتیکەکانی هەمان ناوچە، جارێکیتر پێویستی بە دارشتنەوەگەلێك هەبێ. لە ئێستادا،

---

[١] سەربەخۆیی کوردستان لە بەرژەوەندی ناوچەکە وئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوادایە: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢٧/ ٨/ ٢٠١٢، www.hawler.in

[٢] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، هەواڵ وڕاپۆرت، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٤

هەرچەندە هەمان سیناریۆیە، بەڵام کارەکتەرەکان گۆڕدراون، واتە لەبری بەریتانیا وفەرەنسای کۆن، کارەکتەرێکی نوێ بە هەماهەنگی هەڵدەستێ بەو دابەشکردنە، ئەویش (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)یە. ئەمە سەرباری ئەوەی، بەرژەوەندییە باڵاکانی هەردوو کارەکتەرە کۆنەکە وکارەکتەرە لاوەکییەکانیش پارێزراوە وهەرگیز لەبیر ناکرێ.

ساڵی (١٩٨٠ز)، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەو کاتەی ئەمریکا (زبگنییێڤ برژنسکی) * لەبەردەم کۆنگرێسدا وتبووی: "ئەگەر، ئێمە جارێکیتر سنوورەکانی پەیماننامەی سایکس- بیکۆ

---

* زبگنییێڤ برژنسکی: (زبگنییێڤ بژەژینسکی) (٢٨/ مارس/ ١٩٢٨ز) لە (وارشۆ) لە پۆڵەندا لەدایك بووە، بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دادەنرێت، کە خاوەنی کاریگەریی وپلە وڕێزێکی بێسنوورە لە واشنگتۆن. لە ساڵانی (١٩٧٧- ١٩٨١ز) لە سەردەمی سەرۆك (جێمی کارتەر)دا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بووە وێڕای ئەوەی وەك مامۆستایەك لە زانکۆی (هارفارد) وانەی وتووەتەوە. برژنسکی لەگەڵ ئەوەی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا کاری کردووە، بەڵام وەك بیرمەندێکی بواری (جیۆ ستراتیژی)ش دەرکەوتووە، کە خاوەنی چەندین بابەتی بەپێزە. لە ئێستادا ناوبراو لە بنکەی دیراساتی ستراتیژی ونێودەوڵەتی سەرقاڵی توێژینەوەیە. بەوەش ناسراوە کە لە کاتی خۆیدا دژایەتی سەرۆك (جۆرج بوش)ی کردووە، بەتایبەت لە بابەتی (جەنگ لە بەرانبەر تیرۆر)، بەڵام لە هەمان کاتدا پشتگیری لە سەرۆك (ئۆباما) کردبوو لەبەرئەوەی خۆی سەر بە حزبی دیمۆکراتەکانە. برژنسکی تا هەنووکەش لە بواری سیاسەتی دەرەوە ورەخنەی سیاسیدا قەڵەمێکی بەبڕشتە.

دانەڕێژینەوە، ئەوا دەکەوینە ناو هەڵەیەکی مێژوویی گەورەوە." [1] هەڵبەت، لەساڵی (١٩٨٣ن) دا، کۆنگرێسی ئەمریکی، بە شێوەیەکی نهێنی ئەم پرۆژە پێشنیارکراوەی تاوتویٚ کردبوو. [2] هەربۆیە، دواتر وپاش ئەوەی پێنتاگۆن وئیدارەی ئەمریکی ئەم بابەتەیان بە هەند وەرگرتبوو، ئیدی کۆمەڵێك سیاسەتکار وسەنتەری لێکۆڵینەوەیان ڕاسپاردبوو تاوەکو لەم پرسگەلە بکۆڵنەوە وپێشنیار وڕاسپاردەی خۆیان لە دووتویێ پرۆژە تێزێکدا پێشکەش بکەن. وەلیٚ، ڕۆژهەلاٚتناس ومێژوونووس (بێرنارد لویس)، * یەکێك بوو لەوانەی

---

[1] بزاو: کۆمەلاٚیەتی، ژمارە (٧٠)، چوارشەممە، ٥/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١١، ل ٥

٢ د. محمد المهدي ولد محمد البشير: حرب صليبية لاعادة تقسيم العالم العربي، التواصل، مساحة اعلانية، ٣٠/ ١/ ٢٠١١، www.tawassoul.net

* بێرنارد لویس: لە (٣١/ ٥/ ١٩١٦ن) لە (لەندەن) لەدایك بووە. لە خێزانێکی مامناوەندی جوولەکە لە (لەندەن) هاتووەتە دنیاوە. هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی لە بابەتی (زمان ومێژوو) هەبووە، هەربۆیە دواتر ولە ماوەی منداڵی وهەرزەکاریدا زۆرێك لە زمانە عیبری وئارامی ولاتینی وعەرەبی وئینگلیزی ویۆنانی وتورکی وفارسی خوێندووە وفێربووە. ئەمە بێجگەلەوەی ئارەزووی بواری (یاسا)شی هەبووە، تا دواجار بووەتە پارێزەر، بەلاٚم جارێکیتر ولە ساڵی (١٩٣٧ن) دا لایداوەتەوە بەلای بابەتی مێژووی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاستدا. پاشان لە زانکۆی (پاریس) خوێندنی بالاٚی تەواوکردووە. ساڵی (١٩٤٠ن) لە میانی جەنگی جیهانی دووەمدا لە سوپای بەریتانی بەشی هەواڵگری کاری کردووە، پاش جەنگ لە وەزارەتی دەرەوە کاری کردووە. ساڵی (١٩٨٢ن) ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت، ولەویٚ نیشتەجیٚ دەبیٚ. بێرنارد لویس مامۆستای فەخری بەریتانی ئەمریکییە لە زانکۆی (برنستۆن)، پسپۆڕی (دیراساتی

ڕاسپێردرابوو بەو کارە. ناوبراو، لەگەڵئەوەی پێشتر لە ساڵی (١٩٧٩ن) دا، نەخشەڕێگایەکی ئامادە کردبوو، دەربارەی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە. بەڵام، لە پاییزی (١٩٩٢ن)دا، ولە گۆڤاری (فۆرین ئەفێرس)دا، نەخشەڕێگایەکی تری نوێی بە ناوی (چاوپێخشاندنەوەیەك بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) بڵاوکردەوە، کە دەبوو سنوورەکانی دەوڵەتگەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ ولەڕووی ڕەگەز وئاییینزاوە ڕێکبخرێنەوە.[١]

سەربار، لە نێو ئەم حەمکە تێز وڕاسپاردەیەدا، پرۆژەکەی (بێرنارد لویس) بە ناوی (پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ– مشروع الشرق الاوسط الجديد)، کە باسی لە پێویستیی دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنچینەی ڕەگەز وئاییینزا دەکرد، ڕەزامەندی لەسەر درا. دواتر، لە ساڵی (١٩٩٣ن) دا، ئەم

---

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ومێژووی ئیسلام وکارلێکی نێوان ئیسلام وڕۆژئاوا)یە. ناوبراو لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە بە گرنگترین زانای بواری ڕۆژهەڵاتی ناڤین دادەنرێت، کە بتوانێ توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدات. سەرەڕای ئەوەی خاوەنی گەنجینەیەکی زۆر وزەوەندی بابەتی سیاسی وستراتیژییە. پرۆژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ) کە شاکاری ئەوە، وەك توێژینەوەیەکی سیاسی وستراتیژی دوورمەودای ئەمریکا دادەنرێت. تا ئێستا لە ژیاندا ماوە.

[١] ماهو مشروع الشرق الاوسط الجديد؟: منتديات دريمز كريزي، ١/ ٨/ ٢٠٠٨، www.dcrazy.com

پرۆژەیە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکییەوە پەسەندکرا، وخرایە نێوکۆی سیاسەتی ئاییندەی ئەمریکای دوای (١٩٩٣ز)یەوە.[١]

یەکێك لە سیناریۆکانیتر، (پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) بوو، کە بەناوی چاکسازی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ولەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە خرایەڕوو. ئەم پرۆژەیە، لە ساڵی (٢٠٠٢ز)دا بە شێوەیەکی فەرمی، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە باسکرا. لە (نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ز)دا، ئیدارەی بوش گەلاڵەی خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە ڕاگەیاند. بەڵام، بەهۆی دژایەتیکردنی عەرەبەکان وئەوروپییەکانەوە، ئەم پرۆژەیە هەندێك دەستکاری تێدا کراو لە ساڵی (٢٠٠٤ز)دا بە پەسەند گەیشت.[٢]

لە ڕاستیدا، ئەم ڕاسپاردەیە یاخود ئەم پرۆژە سیاسییە، ئاماژەدانێکی ئەگەریی ئاشکرابوو بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنووری جوگرافی وسیاسی ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە نێو چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە پێوەری ئەمریکی. هاوکات، لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا کە ئەم ناوچەیەی گرتبووەوە، پێدەچێت هێدی هێدی سەرەتاکانی ئەم گۆرانکارییانە چرۆ بکات. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەمان، شرۆڤەکارێکی

---

[١] مهدی داریوس نازمروایا: خطط لتفكيك واعادة تركيب دول الشرق الاوسط، الصباح الجديد، ٧/ ١١/ ٢٠١٢، www.newsabah.com

[٢] بارزان جەوهەر سیان: گواستنەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ دەوڵەتی باشووری کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧

عەرەبی وەك (محەمەد حەسەنێن هەیکەل) * لە هەڤپەیڤینێکی زنجیرەییدا لەگەڵ کەناڵی تەلەڤزیۆنی (CBC)ی میسری ولە بەشی کۆتایی ئەو زنجیرەیەدا کە شەوی (١٠/ ١/ ٢٠١٣ز) پەخش کرا، بە کۆمەڵێك بەڵگەنامە ئەوەی خستە ڕوو کە سەرلەبەری ئەوەی لە جیهانی عەرەبیدا ڕوودەدات، شتێکی ڕەمەکی وبێپلان نییە، بەڵکو لە ڕۆژی یەکەمی بەرپابوونی شۆڕشەکەوە لە تونس لە مانگی دیسەمبەری (٢٠١٠ز)، پەیمانی باکووری ئەتلەنتیك (ناتۆ) ئەکتەری سەرەکی نێو ڕووداوەکان بووە.

هەیکەل، لە بەشی شەشەمی ئەو هەڤپەیڤینەدا، چەند بەڵگەنامەیەکی تری خستە ڕوو، کە گوایە ناتۆ بەر لە ساڵێك لە ڕوودانی ئەو ڕووداوانە، واتە لە ساڵی (٢٠٠٩ز)دا ولە (شتراسبۆرگ) کۆبوونەتەوە، "بۆ سڕینەوەی یەکجارەکی ئاسەوارەکانی جەنگی

---

* محەمەد حەسەنێن هەیکەل: لە (٢٣/ ٩/ ١٩٢٣ز) لە گوندی (باسیوس)ی سەر بە پارێزگای (قلیوبیە) لە میسر لەدایك بووە. ساڵی (١٩٤١ز) کاری ڕاگەیاندنی دەستپێکردووە، ساڵی (١٩٥١ز) یەکەم بەرهەمی بە ناوی (ئێران لەسەر گڕکان) دەرچووە وتا ئێستاش چەندین بەرهەمی تری بەچاپ گەیاندووە. کەسێکی نزیك لە (جەمال عەبدولناسر)ەوە بووە، تەنانەت ڕێنوێنی ناسریشی کردووە لە چۆنیەتی داڕشتنی بابەتە فیکرییەکانی وبەچاپگەیاندنی. لە (٣١/ تموز/ ١٩٥٧ز) بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری (ئەهرام)دا کار دەکات. ناوبراو بە درێژایی تەمەنی وهەتا ئێستاش هەر خەریکی وتارنووسین وبابەتی فیکری وسیاسی وکۆمەڵایەتی بووە. هەیکەل بە ناودارترین میدیاکار وڕاگەیاندنکاری میسری وعەرەبی ئەم سەردەمە دادەنرێت.

سارد." وەك ئەو ئاماژەی پێدا: گوایە "لەوێ، لیژنەی عاقڵمەندان بە سەرۆكایەتی (مادلین ئۆڵبرایت) وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریكا پێكهێنرا، بۆئەوەی ڕاپۆرتێك لە بارەی ڕۆڵی ناتۆ لەو قۆناغە نوێیەدا ئامادە بكەن." لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتە، كە هەیكەل دەڵێ لە كۆبوونەوەی (لشبۆنە) لە نۆڤەمبەری (٢٠١٠ز) خرابووە ڕوو، پلانێك ئامادە كراوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو ئاڵۆزییانەی كە پەیمانی ناتۆ پێیوابووە لە باشووری دەریای ناوەڕاست ڕوودەدەن. مانگێك دواتر، واتە لە كانونی یەكەمی (٢٠١٠ز)، شۆڕشی تونس دەستیپێكرد. ئەم پلانەی ناتۆ، وەك هەیكەل دەڵێ، ناوی (سیاسەتی دەرگای كراوە)یە. بە گوێرەی ئەم پلانە، هەموو ئەندامانی ناتۆ دەبوایە بە خێرایی ڕەفتار لەگەڵ ئەو ڕووداوانە بكەن كە دێنە پێش. هەر بە گوێرەی پلانەكە، فەرەنسا وئیتالیا، بەتایبەتی تەكلیفكراون بۆ گرنگیدان بە باشووری دەریای ناوەڕاست، وتوركیاش بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، واتە شام.

لە كۆتاییدا، هەیكەل ئەوەشی خستە ڕوو كە ئەوەی لە سووریادا ڕوودەدات هیچ نییە جگە لە ئامادەكاریی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە گەورەكە لەگەڵ ئێران. لە سایەی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەدا، ئەو وایدەبینێ كە "خەریكە دەوڵەتێكی كوردی لە ئاسۆوە دەردەكەوێ." هەروەها، هەیكەل لە زاری گرنگترین

سیاسەتکاری عەرەبەوە کە ناوی نەهێنا، دەڵێ:" بەهاری عەرەبی، خەریکە دەبێتە بەهاری کوردی." [1]

ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، چەند ڕاستییەك وبەڵگەنامەیەکی مێژوویی بوون لەسەر ئاستی (**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**). هاوکات، هەر لە سۆنگەی ستراتیژ وبەرژەوەندییە باڵاکانی ڕۆژئاواوە، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر ئاستی خودی (**عێراق**)، دەکرێت ئاماژە بە چەند بیرۆکە وپرۆژە وسیناریۆیەکیتر بدەین. لەوانە، بیرۆکە یان وتەزاکەی (هێنری کیسنجەر)، [*] کە لە ئازاری (٢٠٠٦ز)دا وتبووی "ئەو

---

[1] ڕووداو: کاروباری سیاسی، ژمارە (٢٤٤)، دووشەممە، ١٤/ ١/ ٢٠١٣، ل ٦

[*] هێنری کیسنجەر: (١٩٢٣-     )، ڕاوێژکاری سیاسی سەرۆکی ئەمریکی، ڕیچارد نیکسۆن بوو. ساڵی (١٩٧٤ز)، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، کاتێك پشتی کردە بارزانی وشۆڕشی کورد، هەربۆیە دواتر ئەو شۆڕشە دووچاری نسکۆ بوو. کورد هەردەم وا هەست دەکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکیسنجەر بەبێ هۆ خیانەتیان لەگەڵ کردوون. کیسنجەر لە کاتی خۆیدا پاکانەی بۆ خیانەتەکەی دەکرد، وبەهانەی ئەوەی دەهێنایەوە کە پشتیوانیکردنی ئەمریکا وئێران لە کورد، بۆ ئەوە بووە کە هێزی سەربازی عێراق لەلایەن کوردەوە لاواز بکرێت، بۆئەوەی لەدوای شەڕی ئۆکتۆبەری (١٩٧٣ز) عێراق نەبێتە هەڕەشە ومەترسی بۆ سەر ئیسرائیل. کاتێکیش لە ڕوانگەی ئەوەوە پشتگیریکردنی کورد سوودی نەما، ئیدی ئەو وتەیەی دەوتەوە کە (کردەوەی نهێنی لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئەرکدا نابێت تێکەڵ بکرێت). چەند ساڵ پاشتریش، ناوبراو پاکانەی ئەوەی بۆ خۆی وئەمریکا دەکرد وبەهانەی ئەوەی دەهێنایەوە کە بۆچی ئەمریکا چیتر پشتیوانی شۆڕشی کوردی نەکردووە. ناوبراو لە دووتوێی ڕاپۆرتێکدا، هەموو ئەمانەی نووسیبووەوە وئەوەی

چارەنووسەی چاوەڕوانی عێراق دەکات، هاوشێوەی چارەنووسی یۆگۆسلاڤیای جارانە." [1] یان، ئەو وتار ونەخشەیەی ژانراڵی خانەنشینکراوی ئەمریکی (ڕاڵف پیتەرز)، لە مانگی (٦/ ٢٠٠٦ز) دا، لە گۆڤاری هێزە چەکدارەکان– ئارمد فۆرسس جۆرناڵ)، بە ناوی (سنووری خوێن)ەوە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاویکردبووەوە، وە باسی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکەی کردبوو. ناوبراو، ئاماژەی بەوەش دابوو کە لە عێراقدا سێ دەوڵەتی کوردی وسوننی وشیعی لەسەر بنەمای ڕەگەز وئاییینزا دروست دەبێ، وێڕای ناوبردنی (کوردستانی ئازاد) بە یەکێك لە دەوڵەتە براوەکان. [2]

یاخود، پلانەکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکی، سیناتۆر"جۆزێف بایدن،" کە باڵاترین بەرپرسی پارتی دیمۆکراتی ئەمریکی ولە هەمان کاتدا لێپرسراوی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکی. دیارە، ئەم پلانەی ناوبراویش بۆ دابەشکردنی عێراق بوو لەسەر بنچینەی (ڕەگەز

---

خستبووە ڕوو کە (شا بڕیارەکەی دا)، بەڵام دانی بەو ڕاستییەشدا نابوو کە (ئەوەی لەگەڵ گەلی کورددا کرا، کە بە درێژایی مێژوو کراون بە قوربانی، مایەی دڵخۆشی نییە). بڕوانە (ڕاپۆرتی کۆمیتەی پایك).

[1] علي الطالقاني: تقسيم العراق في الفكر الامريكي، شبكة النبأ المعلوماتية، الاربعاء، ٣/ تشرين الاول/ ٢٠٠٧، **annabaa.org**

[2] مقالة الجنرال المتقاعد رالف بيترز...حدود الدم: منتديات بني حسن، ٢٨/ ٥/ ٢٠١١، **/www.bani-hasan.com**

وئايينزا)، كه ساڵی (٢٠٠٦ز) ڕووناكی بینی. له ڕاستیدا، ئەم تێزەش یاخود ئەم پلانه، لەگەڵئەوەی وەك فریادڕەسێك بۆ نێوخۆی عێراق قوت بووەوە، تاوەکو بەهۆیەوە لایەنه ناکۆکەکانی عێراق لەو هەموو کوشت وکوشتار وپاکتاوی مەزهەبی وناوچەگەرییە ڕزگاریان ببیٚ، كه پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس له (٢٠٠٣ز)دا ڕوویدا وزیاتر ناوچه سوننی وشیعه نشینەکانی عێراقی گرتەوە، پێدەچێت درێژەپێدەری هەمان پرۆژەی پێشوو بێت، كه ئاماژەمان پێدا. لەبەرئەوەی، باسی له پێویستیی دابەشکردن لەسەر بنچینەی ڕەگەز وئايينزا دەکرد، بەڵام نەك لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق، به تەنها.

بەپێی ناوەڕۆکی ئەم پلانه گریمانەییەش، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراقی تازە ڕزگاربوو، لەو نەهامەتییانه ڕزگاری ببیٚ، دەکریٚ خاکی ئەو دەوڵەته بۆ سیٚ قەوارە یان سیٚ هەرێمی (شیعی، سوننی، کوردی) لەگەڵ حکومەتێکی ناوەندیی لاواز، دابەش بکریٚ. به مانای، تەنها وتەنها، باشترین گەرەنتی لەبۆ عێراقێکی خۆشگوزەران له ئاییندەدا، جیاکردنەوەی هەرێمەکان وناوچەکانیەتی لەسەر بنچینەی ئايينزایی ورەگەزیی (مذهبي وعرقي).

پاشان، له (٢٦/ ٩/ ٢٠٠٧ز)دا وله ناو هۆڵی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکیدا، ئەم پلانه خرایه دەنگدانەوە تاوەکو بزانرێت ڕای ئەوان چۆنه بەرانبەری. ئەوە بوو، (٧٥ ٪)ی دەنگی ئامادەبوانی

بەدەستهێنا. بە مانای، زۆرینە بە (بەڵێ) وەڵامیان دایەوە وپەسەندیانکرد. هەڵبەت، لەسەر ئەم پرسە ولە کاتی خۆیدا، لە نێوخۆی حکومەتی عێراقی وتەنانەت ئەمریکیشدا، دەنگی ناڕەزایی بەرز ببوەوە، تا کار گەیشتبووە ئەوەی هەندێك لە سیاسەتمەدارانی عێراق، ئەم بۆچوونەی بایدن وپەیمانی (بەلفۆر)ی بەریتانی ساڵی (١٩١٧ز) بۆ دروستبوونی دەوڵەتی (ئیسرائیل)، وەك دوالیزمێك وێنا بکەن.[١]

عەرەبە سوننەکانی عێراق، لەو کاتەدا لایەنێك بوون لەوانەی سەرسەختانە دژایەتی ئەم بیرۆکە وبۆچوونەیان دەکرد، بگرە داکۆکیشیان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکرد، وبە تێزێکی تێکدەرانەیان دەدایە قەڵەم، کە مەترسییەکی زۆری بۆ یەکپارچەیی وئاییندەی عێراق هەیە. کەچی، ئەمڕۆکە هەر سوننەکان خۆیان بۆچوونیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە چیتر هەڵکردن لەگەڵ حکومەتێکی زۆرینەی شیعە مەزهەب لە بەغدا گرانە. بە شێوەیەك، دەنگۆی جیاکردنەوەی هەرێمی سوننەنشین ودروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، کە سەرجەم شار وشارۆچکە وشارەدێ سوننییەکان لەخۆ بگرێت، بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبیسترێ.

---

[١] خطة تقسيم العراق يثير جدل سياسي عراقي: شبكة اخبار النجف الاشرف، ١٨/ اذار/ ٢٠١٣، www.alnajafnews.net

هەربۆیە، جارێکیتر ولە ناوەڕاستی (٢٠١٣ن) دا، بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (قەبەس)ی کوەیتی، کە لە زاری سەرچاوەیەکی ئاگادار بڵاویکردبووەوە، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، جۆزێف بایدن، چاوی بە چەندین بەرپرسی عێراقی لە (واشنتۆن) کەوتبوو، پێیڕاگەیاندبوون کە بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێم، باشترین ڕێگەچارەیە بۆ کێشەکانی ئێستای عێراق. بەپێی ڕۆژنامەکە، بایدن، بە ڕاشکاوی لەبەردەم ئەو بەرپرسە عێراقییانەدا ڕایگەیاندبوو، کە دامەزراندنی هەر سێ هەرێمی (شیعی، سوننی، کوردی)، دەبێتە چارەسەرێکی پێویست بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی سیاسی وئەو گرژی وئاڵۆزییانەی بەرۆکی عێراقی گرتووە. بەمەش، جارێکیتر بیرۆکەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری سەردەمی دوای پرۆسەی ئازادی عێراقی وروژاندبوەوە، کە پێشنیار کرابوو.[1]

شرۆڤەکارێکی سیاسی ئەمریکی، لەلای خۆیەوە ئەو ڕاستییەی خستبووە ڕوو، کە ئەگەر سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هەموار نەکرێتەوە، بەشێوەیەك کە گوزارشت بکات لەو بۆندە سروشتییانەی پشتبەستوون بە خوێن وبیروباوەڕ، ئەوا دەبێت ئەو

---

[1] بایدن پرۆژەی دابەشکردن دەداتەوە بە گوێی عێراقییەکاندا: خەندان، ٢/ ٦/ ٢٠١٣، www.xendan.org

ڕاستییەش پەسەند بکەین، کە بەشێك لەو خوێنە ڕێژراوەی ئەم ناوچەیە، لە ئەستۆی ئێمەی ئەمریکیدایە.[١]

شایانی باسە، ئەمڕۆی گەلی کورد، دوێنێی نییە. خۆ ئەگەر، دابەشبوونیش لەسەر ئاستی عێراق بێت یان لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەوا لە هەردوو حالەتەکەدا کورد سوودمەندی یەکەم دەبێت. واتە، جێبەجێبوونی ئەو ڕاستییەی کە دەولەتبوونی کورد بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا ولە ئاییندەدا، حەتمییە. لەبەرئەوەی، سەرجەمی ئەم پرۆژە گریمانەییانەی ئاماژەیان پێدرا، داڕشتنەوەی سنوورەکانی ناوچەکەی لەسەر بنچینەی ڕەگەز وئایینزا کردووەتە مەرجی سەرەکی، هەربۆیە هاندەرێکی باش دەبێت لەبۆ دەستنیشانکردن وجیاکردنەوەی کەوشەنی سیاسی وجوگرافی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا، وکوردستانی گەورەش لە داهاتووتردا. بە مانای، بەرژەوەندییەکان وا دەخوازن، کە لە ڕووی سیاسیشەوە، دەکرێت هۆکارگەلێکی وەهامان هەبێ کە دلخۆشکەر بێت، وببێتە سەرخانێکی باش لەبۆ ئەو دەولەتە خەونییەی لە نێوخۆی هەرێمی کوردستاندا سەردەمانێکە بە تاسووقەوە چاوەڕوانین.

ئەوەش ژبیر نەکەین، وێڕای ئەوەی دۆزی کورد وپرسی ئەنفال وهەلەبجە لەسەر ئاستی بەشێك لە پارلەمان وحکومەتەکانی

---

[١] ألوف بن وفرانك جاكوبس وباراج خانا ورالف بيترز: الشرق الاوسط خرائط جديدة ترسم، مصدر سابق، ص ٢٨

جیهان، ڕەهەندێکی سیاسی ومرۆییان وەرگرت، بەوەی خواستێکی جیهانیی لەسەر گفتوگۆ وپرۆژە یاسایەك بۆ زیاتر ناساندنی ئەو بابەتە دروستبوو، کە بەهۆیەوە قەرەبوو ومافگێڕانەوەی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوانی لێبکەوێتەوە لە ئاییندەدا، وە سەرباری دەنگۆی تەرخانکردنی کورسییەکیش بۆ هەڵەبجە لە پارلەمانی ئەورووپی، ئەوا کەڕەنای مژدەبەخشی میدیاکانیش لە تەواوی بڵندگۆکانی جیهان، هەواڵی ئازایەتی ونەبەردی وبەرخودانی پێشمەرگە وشەرڤانان وگەریلاکان بڵاو دەکەنەوە، کە بە ناوی دێموکراتی وئازادیخوازان وتێکڕای گەلانی جیهانەوە شەڕی تیرۆریستان دەکەن.

گوڵەوەچنەی هەموو ئەم باس وخواسانە، تەنها وشەیەکە، ئەویش (ئیرادەیە). مانای، سەباری چانسێك لەبۆ کورد، کە ئێستاکێ هاتووەتە ئاراوە وخەت وخاڵی داوە، ئیدی هەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییەوە بۆ پتەوترکردنی پێگەی کورد لە بەغدا وهەوڵی ناساندن وبەجیهانیبوونی ئەنفال وهەڵەبجە وجینۆساید وشەڕی تیرۆریستان، تا دەگاتە بابەتە ناوخۆییەکانی وەك یەکبوون وچاکسازی وبنبڕکردنی گەندەڵییەکان وخۆئامادەکردن بۆ تەواوی بژاردەکان، دەبێت کورد بە گشتی وحکومەتی هەرێم بە تایبەتی، ئامادەباش بن بۆئەوەی لە کاتی خۆیدا بە ئیرادەیەکی پۆڵاییینەوە سەرجەم ئەگەرەکان تاقیبکەنەوە، ودەرەنجامەکانیش مسۆگەر وخوازراو بن.

کەواتە، ئەوە تەنها بوونی (ویست) ئیرادەیە، کە خوڵقێنەری ئەو دەوڵەتە خەونییە وبابەتگەلەیە کە ئاماژەمان پێدا. یاخود دەتوانین بڵێین، خودی دەوڵەتیش، بەرهەمی ئیرادەی ئینسانەکانە.[1] بەمەش، یاسای دیالێکتیك، چەندین ئایدیا ومیکانیزم وقۆناغێکی مێژوویی نویٚ بۆ گەلی کورد دەرەخسێنیٚ، کە بەهۆیەوە ڕەوڕەوەی مێژوو دواجار لە دوا مەنزڵگە نزیك دەبێتەوە. واتە، گەیشتن بە ستراکتووری دەوڵەتێکی نەتەوەیی ( یاخود هاونیشتمانی) کوردی وخستنەڕووی شارستانییەتێکی کوردی هاوچەرخانە. ئەمەش، پشتڕاستکردنەوەی تێز وبۆچوونەکانی هیگڵە، کە هەردەم دەیگوت: "مرۆڤ، خۆی شارستانییەتەکەی خۆی دروست دەکات."[2]

بێمکووڕیکردن، کارەکتەری سەرەکی ئەو کارگەلەش، هەر خودی خۆمانین، کە ئیدی بە هەوڵ وهزر ودەستی خۆمان، ئاوەزمەندانە مێژووی خۆمان دەنەخشێنین. مارکس[*] وتەنی:

---

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە، عوسمان حەمە ڕەشید گورون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٠٣

[*] کارڵ مارکس: (١٨١٨- ١٨٨٣ز): کەسایەتییەکی جوولەکەی ئەڵمانی بوو، باوکی پارێزەر بوو، داهێنەری هزری کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی بوو. هەرزوو دەستی بە کار و چالاکی فیکری کرد، بە شێوەیەکی تایبەت دەستی کرد بە خوێندنی یاسا و فەلسەفە و مێژوو، ساڵی (١٨٤١ز) بڕوانامەی دکتۆرای لە

"خەڵك، خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەكەن." [1] هەڵبەت، ئەم وتەزا فەلسەفییە پێچەوانەكەشی هەر ڕاستە. واتە، بە خاوبوونەوە وپەراوێزخستنی ویست وئاوەز وهەوڵەكان، نەك هەر شارستانییەت ودوا مەنزڵگە بەدیناهێنین، بگرە لە ناوخۆشدا هەرەس دێنین. ئەمەش هەر بە پێی وتەكەی خودی ماركسە، كە وتبووی " هەموو سیستمێكی كۆمەڵایەتی لە ناو خۆیدا هۆكاری لەناوچوونی خۆیی هەڵگرتووە. [2]

سەرەنجام، ئەو شتانەی ئاماژەمان پێدا، جەختكردنێك بوو لەسەر ئەوەی، كە مەرج نییە لە ڕووی سیاسیشەوە گەلی كورد بەگشتی وهەرێمی كوردستان بەتایبەت، جارێكیتر تووشی نەهامەتی وقاتوقڕی وئەنفال وجینۆساید ببێتەوە. مەرج نییە، وەكی سەدەیەك

---

فەلسەفەدا وەرگرت. ئەو لەژێر كاریگەری فەلسەفەی هیگڵدا بوو، بۆیە دواتر دەبێتە یەكێك لە هیگڵییە چەپڕەوەكان. هەژاری و چەرمەسەری و ڕاوەدونانێكی زۆر دەبینێت. ساڵی (١٨٤٨ز) هاوڕێ لەگەڵ (ئەنگڵز)دا مانەفێستی كاری كۆمۆنیستی بلاْودەكەنەوە، ئیتر لێرەوە دەبێتە ڕابەر و داینەمۆی ئینتەر ناشناڵ و فەیلەسوفێكی نێودەوڵەتی. لە گرنگترین كتێبەكانی (سەرمایە) یە. لە ساڵی (١٨٦٤ز) بزوتنەوەی (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی كرێكاران) دادەمەزرێنێت، دواجار ساڵی (١٨٨٣ز) لە تاراوگە لە (لەندەن)، گیانی بەخاك دەسپێرێت..

[1] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، المصدر السابق، ص ٢٠٩

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیكری سیاسی خۆرئاوا لە مەكیاڤیلیەوە تا ماركس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم– كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٠٤– ٣٠٥

لەمەوبەر مایەپووچ ببێ وبە کەم مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەرچەندە، هەموو جارێکیش ئاماژە بەوە دەدەین کە لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە. چونکە، تازە بە تازە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بەناو (داعش)، خوازیاری ئەوەیە جارێکیتر جینۆسایدمان بکاتەوە ولە بنج دەرمان بهێنێ.

کەواتە، لە حاڵەتی ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، چ لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان، کە خواستێکی خودی هەرێمە، یان بە لکاندنی باشوور بە ڕۆژئاواوە، بۆئەوەی دەرچەیەکی ئاوی دروستببێ، کە دەشێت خواستێکی زلهێزان ئەوجا کوردی بێت، یاخود لە حاڵەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانی ئازاد لە ئاییندەدا، لەسەر نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەر چوار پارچەکە بە تەواوی لەخۆبگرێ، ئەوەی براوە دەبێ (کورد)ە. هەربۆیە، لە نەخشەڕێگای سیاسی (سنووری خوێن) دا، کاتێك باس لەو دەوڵەتگەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرابوو، وە تیایدا هەڵاوێردییەك لە نێوان دەوڵەتەکانی ئەو ناوچەیەدا کرابوو، بەوەی کام دەوڵەتگەلە براوە دەبن وکامەش زەرەرمەند، ناوی دەوڵەتی کوردستانی ئازاد (واتە کوردستانی گەورە) بە براوە هێنرابوو. کەوابێ، مژدەبێ ڕەوڕەوەی مێژوویی یاسای دیالێکتیك کەوتووەتە جووڵە. بەتایبەت، کاتێك باس لەوە دەکرێت کە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، پاش سەدەیەك تێپەڕبوون، دەبێت پێداچوونەوەی تێدا بکرێت، وجارێکیتر

کەوشەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گوێرەی بەرژەوەندییە تایبەتەکان وبە شێوازێکی نویٚ ڕێکبخرێتەوە. مشتومالٚی ئەم باس وخواسەش، ئەوەیە کە ئایا کورد پاش سەدەیەك خۆی بۆ بەڕێکردنی سەدەیەك ئامادە کردووە؟ داخۆ، گەرەنتی چ بیٚ، لەبۆ دووبارە نەبوونەوەی پەراوێز وڕەشەکوژی؟ ئایا، دوای کۆتاییهێنان بە داعش، ئەبیٚ کورد چاوەنواڕی چ ئەگەرێك بیٚ لەم گەمەیەدا؟ تۆ بڵێی بگاتە دوا مەنزڵگەی خۆی؟

## تەوەری دووەم/

## ئایا هۆکار ومەترسییە ناوخۆیی ودەرەکییەکان چین؟

چاکتر وایە، لە سەرەتادا پێناسەی چەمکگەلێك بکەین، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن وزیاتر تیشکخستنەسەر کرۆکی بابەتەکە. هەڵبەت، ئەو کۆمەڵە پێناسەیەی ئاماژەی پێدەدرێ، خاوەنی چەندین خەسڵەتن، کە لە کۆتاییشدا هەر هەموویان دەبنە ڕێنیشاندەر وڕێنوێنیکەری دەوڵەتێکی وەها، کە خواستی سەرەکی وزۆرینەیە.

## پێناسەکان:-

- **پێناسەی دیمۆکراسی :-**

**زەمەن بەرەو دیمۆکراسی دەچێت، دیمۆکراسی هەموو جیهان دەگرێتەوە** *

**وەك زانراوە، دەوترێت، دیمۆکراتی، لە پیواری یاسادا، بە گەڕەلاوژێ دادەنرێ (الديمقراطية في غياب القانون، تعتبر فوضى).**
**دیمۆکراسی، باشترین وگونجاوترین سیستەمی حوکمڕانییە، کە مێژووی مرۆڤایەتی بە درێژایی ژیانی خۆی بەدەستی هێنابێت.**
**دیارە، دیمۆکراسی، زاراوەیەکی یۆنانییە لە (دیمۆس- کراتۆس)(Demos- Cratos)ەوە هاتووە، کە مانای (حوکمڕانی گەل- حکم الشعب) دەگەیەنێت..**
**دیمۆکراسی یان دیمۆکراتی، لەگەڵئەوەی زاراوەیەکی یۆنانییە و"دیمۆ" بە مانای خەڵك، وە "کراتۆس" بە مانای دەسەڵات دێت. کەوابوو، "دیمۆس کراتۆس،" واتای "دەسەڵاتی خەڵك" یان "دەسەڵاتی گەل" دەگەیەنێت.**

---

* وتەزایەکی بیرمەندی بواری سیستەمە سیاسییەکان (ساموئێل هنتنیگتۆن)

دیمۆکراسی، جۆرە دەسەڵاتداریتییەکی تایبەتە، کە تیایدا دەسەڵات بە دەست زۆربەی خەڵکەوە بێت. بەربەستی لە ئازادی نەکرێت، ئەندامانی کۆمەڵ وەك یەك یەکسان بن..[1]

لە ڕاستیدا، زاراوەی "دیمۆکراسیا" بۆ یەکەمجار لە ئەسینا سەریهەڵدا. لەمبارەیەوە، (هیرۆدۆت)ی مێژوونووسی یۆنانیی دەنووسێ: "ئەگەرچی، دیمۆکراسی هەموو کەس لە بەرانبەر یاسادا بە یەکسان دەزانێ، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە بەئاسانی ببێ بە "مۆبۆکراسی" یان حکومەتی نەزان ونالێهاتووەکان، کە بە دڵنیاییەوە حکومەتی زانا وکەسە لێهاتووەکان لە حکومەتی نەزانەکان باشترە."[2]

کەواتە، دیمۆکراتییەت شێوەیەکە لە حوکمڕانی، کە تیایدا گەل (واتە دیمۆس لە گریکیدا) دەسەڵاتی ڕامیاری بە کردەوە پیادە دەکات، بەو پێیەی ئەو دەسەڵاتەیە کە ڕامیارییەکان دادەنێت یان دادەڕێژێت (دیمۆکراتییەتە ڕاستەوخۆکان)، یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنیەوە بۆ ئەوانەی کە ڕامیارییەکان دادەنێن یان دادەڕێژن لەبری ئەو، (دیمۆکراتییەتی نوێنەرایەتی)..[3]

ژان ژاك ڕۆسۆ، دیمۆکراسی بە گرنگترین ئالیەت ناوزەد دەکرد، کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئازادی یاخود ئۆتۆنۆمی

---

[1] زاراوەی نویێ یان فەرهەنگی نوێ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣

[2] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ): هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤

[3] فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩

بەدەست بهێنێت، لە سۆنگەی گوێرایەڵبوون بە یاسایەك کە هەر کەسە و وەسفی خودی خۆی دەکات. ناوبراو، ڕەخنەگرێکی توندی مومارەسەی هەڵبژاردنەکان بوو، وە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هاوڵاتیان ئازادن لە بەشداریکردن ودروستکردنی ژیانی کۆمەڵگەکەیان، بە شێوەیەکی بەردەوام وڕاستەوخۆ. بە ڕای ڕۆسۆ، دواجار ئەمە بە مانای گوێڕایەڵی ویستی گشتی (الارادە العامە) دێت..[1]

دوای لە ناوچوونی شارستانیەتی ئەتینی، وپاش دابڕانێکی زۆر لە دێمۆکراتی، جارێکیتر خۆرئاوای ئەوروپا توانی بەهۆی هزر وسەردەمی ڕۆشنگەری وداهێنانە نوێکانییەوە، بەهۆی بیریاران وفەیلەسوفەکانییەوە، پاش (هەژدە سەدە)، سەرلەنوێ ڕۆح بکاتەوە بە بەری دێمۆکراتیدا، وبە گوڕ وتینێکی زیاترەوە بیخاتەوە گەڕ، سەرلەنوێ شەتڵی نوێ لە باخچەی دێمۆکراتیدا لێبداتەوە.

- **پێناسەی سیاسەت :-**

بەبێ تێگەیشتن لە چەمکی مرۆڤ، ناتوانین لە چەمکی سیاسەت تێبگەین.[2] هەرچەندە سیاسەت، بە پیادەکردنی هێز یان

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٠

[2] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، مانگی ١/ ٢٠١٠، ل ١٩

دەسەڵات وەسف دەکرێت. هەروەها، وەك پرۆسەیەکی بڕیاری بەکۆمەڵ، وەك تەرخانکردنی سەرچاوەی نایاب، وەك ناوەندێکی فریودان یان قۆرخکردن .... تا دوایی، وەسف دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەك بابەتی سەرەکی هەن، کە لەو پێناسانەدا دەردەکەون.

**یەکەم:**– سیاسەت، بریتییە لە چالاکی. هەرچەندە، سیاسەت، بابەتێکی ئەکادیمیشە، کەچی هەندێ جار وەك دیراسەی چالاکییەکانی سیاسەت بەکاردەهێنرێت.

**دووەم:**– سیاسەت، چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، لە کارلێکی نێوان خەڵکدا ڕوودەدات.

**سێیەم:**– سیاسەت، لە سەرەنجامی فرەییەوە پێشدەکەوێت. ئەوەش، بە بوونی زنجیرەیەك ڕا وبۆچوون و ویست وپێویستی وبەرژەوەندی جیاجیا پێشدەکەوێت.

**چوارەم:**– فرەیی، گرێدراوە بە وجودی ململانێ.

کەواتە، سیاسەت، مانای دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاواز. واتە، پێشبڕکێی نێوان ئامانجە کێبڕکێییەکان وململانێی نێوان بەرژەوەندییە نائاشتەوەبووەکان. کاتێکیش، لە نێو سیاسەتدا ڕێککەوتن وسازانی سروشتی ڕوودەدات، ئەوا سیاسەت ناتوانرێت بدۆزرێتەوە. لە کۆتاییدا، سیاسەت، دەربارەی بڕیارەکانە، بڕیاری بەکۆمەڵ کە لە هەندێ ڕێگادا وا بەدیدەکرێت کە لە ئەستۆی گروپێکدایە. هەر، لە ڕێگەی ئەو بڕیارانەوەیە، کە چەند ململانێیەك

چارەسەر دەکرێن. بەڵام، سیاسەت، وەك گەڕان بەدوای چارەسەری ململانێکان، نەك وەك دەسکەوتەکانی، بیری لێبکەینەوە باشترە. هەرچەندە، هەموو ململانێکانیش، ناتوانرێت چارەسەر بکرێت.

به بڕوای ماکیاڤیللی، سیاسەت، سیستمێکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت. وەلێ، لەم ڕوانگەیەوە، دەسەڵات وەك بزوێنەری سەرەکی خستنەکار وچالاکی دامەزراوەکانی دەوڵەت، خۆی دەردەخات. بە واتایەکی دی، دەوڵەت، تەنیا لە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە بوونی هەیە. دەسەڵاتی دەوڵەت، تەنیا لە ڕێی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە پیادە دەکرێت. کەواتە، ماهیەتی دەسەڵاتی دەوڵەت هەرچیەك بێت، ئەوا ئاشکرایە کە ناتوانین کۆمەڵگا بەبێ هێنانەدی ڕێکخستن، ڕێکبخەین. چونکە، تەنانەت پڕئاژاوەترین کۆمەڵگای مرۆیش، لەسەر جۆرە فەرمان وڕێکخستنێك دامەزراوە. خۆ ئەگەر، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نەبێت، ژیانی کۆمەڵایەتیش نابێت. مانای، دەتوانین بڵێین، ڕێکخستن هۆکاری یەکپارچەیی کۆمەڵگای سیاسییە. کەواتە، هەر دەسەڵاتێکیش بۆئەوەی دەسەڵات بێت، پێویستی بە ڕێکخستنێکی تایبەت بەخۆی هەیە. لە دیمۆکراسیدا، ڕێکخستنی یاساکان زاڵە. لە کاتێکدا،

حکومەتە چەوسێنەر وزۆردارەکان، بە هێزی چەك ولەڕێی توندوتیژییەوە سیستم دەهێننە کایەوە.[1]

هەڵبەت، لەسەر سیاسەت، سیٚ تێگەیشتنی جیاواز هەیە. یەکەم: سیاسەت، دەمێکە گرێدراوە بە دامەزراوەکانی حکومەت وئەو چالاکییانەی لە نێو حکومەتدا ڕوودەدەن. دووەم: سیاسەت، بە شێوەیەکی گشتی بەستراوەتەوە بە ژیانی گشتی وچالاکییە گشتییەکان، بە پێچەوانەی ئەوەی پێیدەوترێت تایبەت یان کەسیی. سێیەم: سیاسەت، بەندە بە دابەشکردنی دەسەڵات وسامان وسەرچاوەکان، شتێك کە لە نێو دامەزراوەکان وهەموو ئاستەکانی وجودی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات.

بە گشتی، سیاسەت، بە واتای کاری بڕیاردان، یاخود بە واتای جێبەجێکردنی بڕیار بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا دێت. کەواتە، لە سیاسەتدا، کار وهۆکار وبابەتکار لە ئارادایە. هۆکاری کار، سیاسەتی حکومەتیی وە یاخود دامەزراوە بڕیارساز وجێبەجێکارەکانی دەوڵەتە. بابەتی کاریش، گرووپەکان، تاکەکان وبەشە جیاوازەکانی جەماوەرن. دەوڵەتیش، بەوەی بڕیارساز وجێبەجێکاری بڕیارە وسیاسەتیش پێکدەهێنێت، بۆیە پێویستی بە دەسەڵات، هەروەها ڕەوایی وئایدیۆلۆژیایە. دیارە، دەسەڵات،

---

[1] ڕامین جیهانبەگلو: ماکیاڤیللی وبیری ڕێنسانس، و: موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل ١١٠- ١١١

سەرچاوەی جۆراوجۆری هەیە. سیاسەتیش، بەوەی بریتییە لە بڕیارسازی وجێبەجێکردنی بڕیارەکان، بۆیە هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە.[1]

سەرباری ئەوانەی وتران، سیاسەت: واتە هەموو ئەو شتانەی بەلای سیاسەتەوە گرنگن. بەڵام، پێناسە مۆدێرنەکەی، بەرانبەر ئەمە دەڵێت: سیاسەت، واتە هەموو ئەو شتانەی بەلای دەوڵەتەوە گرنگن. هەڵبەت، ئەمە پێناسەیەکە، کە زانستی سیاسی ئەکادیمی بێ هیچ گومانێك یارمەتی بەردەوامبوونیدا، لە ڕێگەی جەختکردنە سەر حکومەتی کەسیی یان ڕێکخراوەیی، لە ڕووی نەریتەوە.[2]

بیرمەند، (بێرتراند ڕەسڵ)[*] لە کتێبی (دەسەڵات وتاك)دا، ئەوەی خستووەتە ڕوو کە: "ئێمە، زۆر جار ئەوەمان بیردەچێتەوە،

---

[1] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧– ٣٨

[2] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٩٤– ٩٦

[*] بێرتراند ڕەسڵ: (١٨٧٢– ١٩٧٠ز)، بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی فەیلەسووفە مەزنەکانی دیکەدا خاوەن ژیانێکی سەرنجڕاکێش بووە. ناوبراو کوڕەزای لۆرد (جۆن ڕەسڵ) بووە، کە ساڵی (١٨٣٢ز) لە پەرلەمانی بەریتانیا بە هەوڵ وکۆششێکی زۆر توانی پرۆژە یاسای (ڕیفۆرمی مەزن) تێپەڕێنێت، کە دواتریش بوو بە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا. بێرتراند ڕەسڵ، بەر لە تەمەنی چوار ساڵی دایك وباوکی مردوون ولەلایەن نەنك وباپیریەوە بەخێو دەکرێ ودواتریش

**که سیاسەت وئابووری وڕیکخستنی کۆمەڵایەتی، پەیوەستن بە وەسیلەوە نەوەك ئامانجەکان. کاتێکیش، وەکو ئامانج تەماشا دەکرێن، ئەوە ئەنجامی فریودانی ئێمەیە لەلایەن بەرپرس وسیاسەتمەدارانەوە. چونکە، حکومەت بەلای ئێمەوە، بریتییە لە خزمەتگوزاری بەردەوامی خەڵك. بەوەش، هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە وەسیلە نەوەك ئامانج. خۆ ئەگەر، حکومەت، وەها تەماشا بکرێت کە بۆخۆی بریتییە لە ئامانج، ئەو کاتە زۆر سانایە، کە خڵك ملکەچی خۆی بکات. چاکسازی کۆمەڵگا، لەسەر ڕادەی توانای حکومەت وەستاوە، لە بەرانبەر خزمەتکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا. بەوەش، حکومەت، دەبێتە وەسیلە بۆئەوەی تاکەکان ژیانێکی سروشتی بەسەر ببەن. چونکە، دەوڵەت**

---

**پێیانخوێندووە. ناوبراو لە نێو چینی هەرە ئەرستوکراتی بەریتانیادا گەورە بووە. لە تەمەنی یازدە ساڵییەوە ئارەزووی ماتماتیکی هەبووە، بۆیە لەو بوارەدا سەرباری بواری فەلسەفەش خوێندوویەتی. ساڵی (١٩٠٠ز) یەکەم کتێبی خۆیی بڵاوکردووەتەوە. ڕەسڵ خاوەنی بیرکردنەوەیەکی تایبەت بەخۆی بووە، کاندیدی پارتی کرێکارانی بەریتانیا بووە. ناوبراو بێجگەلە ئەم بوارە، خولیای ژیانی تایبەتی خۆی بووە وچوار ژنی هێناوە، کەچی لە تەمەنێکی دیاریکراودا هێشتا چاوی گێڕاوە. ئەم فەیلەسووفە پتر لە (٦٠) کتێبی نووسیوە وخەلاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب وەرگرتووە. بەر لە مردنی، کە نزیکی سەد ساڵ دەبووەوە هەر کەسێکی چالاك بووە.**

وحکومەت، هەرگیز لە دەرەوەی تاکەکان بوونێکی دابڕاویان هەیە وڕاستەقینە نین.[1]

- **پێناسەی دەسەڵات :-**

کاتێك، ئێمە دەڵێین، دەوڵەت دەسەڵاتی سیاسی پیادە دەکات، ئایا ئێمە مەبەستمان چییە؟ دیارە، دەسەڵاتی سیاسی، دوو دیوی هەیە. لە لایەکەوە، خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی وەکو دەسەڵات دانی پێدادەنێن. بە دەربڕینێکیتر، وەکو هەبوونی ماف، بۆ فرمانپێکردنیان بۆ ڕەفتارکردن بە شێوازی دیاریکراو. لە لایەکیترەوە، خەڵکی پەیڕەوکردن ڕەت دەکەنەوە. بەلاَم، لە ڕێگەی هەڕەشەی سزاکانەوە، ناچارن ئەمە بکەن. ئەم دوو لایەنەش، تەواوکەری یەکترن. خۆ ئەگەر، زۆربەی خەڵکی، زۆربەی کات پەیڕەوی یاسایان نەکردایە، بەهۆی باوەڕبوونیان بە شەرعییەتەکەی، ئەوا سیستمەکە نەیدەتوانی کار بکات. کەواتە،

[1] برتراند رسلٚ: دەسەلاَت وتاك، و: ئەژین عەبدەلخالق، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی ڕێبین، چاپخانەی ڕەنج- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١١٩ ١٢٠

دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵات لەگەڵ خۆگونجاندنی ناچاریدا، لێکدەدات.[1]

یەکێك لە پێناسەکان، ئەوەیە کە ئاماژە دەدات بەوەی دەسەڵات، کۆمەڵە هۆکارێکی زۆرەملێ ونازۆرەملێیانەیە، کە حکومەتەکان لەبۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە تایبەتییەکانیان هەیانە وبەکاری دێنن. پاراستنی سەرچاوەکانی دەسەڵات، ودابەشکردنیان وململانێ لەبۆ دەستبەسەراگرتنیان، لە گرنگترین کۆباسەکانی زانستی سیاسییە. سیاسەت، تەنها مانای بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هێز ودەسەڵات بۆ کارە تایبەتییەکانی حکومەت ناگەیەنێت، بەڵکو سیاسەتمەدارانیش بۆ ئەو سەرچاوانە لەتەك ڕکابەرەکان ونەیارەکانیاندا دەبێت بکەونە ململانێوە. لە نێو زانستی سیاسی ئەمڕۆدا، زۆر بە ڕوونی کارەکانیان دابەشکراون. ئەو بەشەی تایبەت بە باسی حکومەت وسیاسەتەوە بێت، ولەمەڕ ململانێکان لەبۆ دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی دەسەڵات، لەڕێی شۆڕش یان هەر شێوەیەکیتری خەبات یاخود هەڵبژاردنەوە بێت، ئەدی وا باوە لە لقی (کۆمەڵناسی سیاسی)دا تاوتوێ دەکرێت. لە بەرانبەردا ولەو بەشەی کە پەیوەستە بە سیاسەت وحکومەت (بە واتای بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە وپاراستنی یاسا وئارامی

---

[1] دەیڤد میلەر: ناساندنێکی زۆر کورتی فەلسەفەی سیاسی، و: کارزان کاوسێن، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٤٨- ٤٩

وجێبەجێکردنی هەموو سیاسەتە جیاوازەکان)، لە لقی (زانستی سیاسەت)دا تاوتوێ دەکرێت ودەخوێندرێت..[1]

ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، کە پێویستە لە کۆمەڵگا سیاسییەکاندا، دەسەڵات لەلایەن پارتی سیاسییەوە بەڕێوەببرێ. بە مانای، جڵەوی کاروباری حکومەت، بە دەست پارتی سیاسییەوە دەبێت. وەك زانراوە، لە کۆمەڵگا دیموکراتخوازەکاندا، دەسەڵات لەلایەن پارتێك یان چەند پارتێك وبەنۆرە وبەپێی یاسا دەبرێت بەڕێوە. ئەوجا، سیستمی حوکم، سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی یاخود هەر هەیئەتێکی یاسایی وشەرعیتر بێت. هەڵبەت، پێچەوانەی هەموو ئەمانەش، لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەدیدەکرێت. مانای، نەبوونی کەشێکی دیموکراسی، تاوەکو لە ڕێیەوە پراکتیکی بەشداری سیاسی بوونی هەبێت. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە:"کۆمەڵگای پێشکەوتوو، لە ڕووی سیاسییەوە، دامەزراوە جێگیرەکان دەیبەن بەڕێوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگای دواکەوتوو، لە ڕووی سیاسییەوە، کەسانێك دەیبەن بەڕێوە."[2]

لە ڕوانگەی فەیلەسووفێکی وەك (ماکیاڤێللی)یەوە، دەکرێت وانەیەکی گەورە فێرببین، ئەویش ئەوەیە کە: "تۆکمەیی کۆمەڵگە،

---

[1] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

[2] د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات– الكويت، ١٩٨٥، ص ١٧

بەبێ ئازادی سیاسی، ئیمکانی نییە." یان، هەروەك چۆن دەڵێن: "ئازادی سیاسی، دەبێتە هۆی ئەوەی كە مرۆڤەكان لێوەشاوەیی پێویست بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە بەدەست بهێنن، وببن بە شارۆمەند. ئازادی سیاسی، مرۆڤەكان ناكاتە كەسانێكی دەستەمۆ، یان كەسانێكی ئاژاوەگێڕ، بەڵكو دەیانكاتە كەسانێكی بەرپرس ورەخنەگر." [1]

هەرچەندە، سیاسەت، لە ڕووی نەریتەوە پەیوەستە بە مومارەسەكردنی هێزەوە، كەچی زۆرجار چڕتر لەسەر دیاردەیەك دەوەستێت كە پێیدەوترێت "دەسەڵات،" بەتایبەتیش "دەسەڵاتی سیاسی." لە فراوانترین ماناشیدا، دەسەڵات، بریتییە لە فۆرمێكی هێز. بەڵام، زۆرجار دەسەڵات وهێز لەیەكتر جیادەكرێنەوە وەك دوو ناوەندی دژ بەیەك، كە لە ڕێگەیەوە پابەند بوون یان گوێڕایەڵی بەدەست دەهێنرێت. لە كاتێكدا، هێز، دەكرێت پێناسە بكرێت وەك توانایەك لەبۆ كارتێكردن لە هەڵسوكەوتی یەكتر. بەڵام، دەسەڵات، دەكرێت بەو مافە پێناسە بكرێت، كە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە پێویستە.

هەڵبەت، بەكارهێنانی هێز، دەبێتە هۆی پابەندبوون لە ڕێگەی قەناعەت پێكردن وپاڵپەستۆ وهەڕەشەلێكردن وتوندوتیژی وزۆرلێكردنەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەكیترەوە، دەسەڵات، واتە "مافی

---

[1] د. ڕامین جەهانبەگلو: ماكیاڤێللی وماكیاڤێللیزم، و: نەوید مێهراوەر، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٠٣

حوكمكردن،" كه دەبێته هۆی دروستكردنی پابەندبوون، له ڕێگەی پابەندبوونێكی ئەخلاقی لەلایەن ئەوانەی گوێڕایەڵی ئەو حوكمكردنەن..[1] دیاره، ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، هاوتەریبن لەگەڵ ئەو بۆچوونەی پێشوو كه دەیووت: "دەسەلاَت، كۆمەڵێك هۆكاری زۆرەملێ ونازۆرەملێیه. حكومەتەكان، لەبۆ بەئەنجام گەیاندنی كاروباره تایبەتییەكانی خۆیان هەیانه وبەكاری دەهێنن."

هەڵبەت، لەڕووی یاساییشەوە، زامنكردن ودەستەبەركردنی هێمنیی وئارامیی وئاسایش بۆ كۆمەڵگای سیاسیی، له گرنگترین كار وبەرپرسیارێتییەكانی دەسەلاَتی سیاسییه، كه خۆی له دەستەبەركردنی سیستم وڕێكخستنی پەیوەندییه كۆمەلاَیەتییەكاندا دەبینێتەوه. هەربۆیه، دەسەلاَتی دەوڵەت، واته بوونی فەرمانڕەوا، كه فەرمان ونەهی به ناوی دەوڵەتەوه دەردەكات. هەربۆیه، دەشتوانین بڵێین، دەسەلاَت دیاردەیەكی "كۆمەلاَیەتی، سیاسی، یاساییه."[2]

دەسەلاَتیش، وەكو ئەو چەمكانەیتر كه پەیوەستن پێیەوه، وەك هێز وبوونی قەڵەمڕەوی وسەركردایەتی، بنەمایه بۆ زامنكردنی ڕازیبوون لەسەریان، یاخود گوێڕایەڵی بۆ بڕیارێك یان شێوازی كار. لەبەرئەوه، زاراوەكه مانایەكی جودای پێدەدرێت، كه پشت به سروشتی هۆكارەكانی قبوڵكردن یان گوێڕایەڵی دەبەستێت. بوونی

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

[2] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، مصدر سابق، ص ٤٩

هێزیش، هەردەم سزا زۆرەملێكانی لەگەڵدایە، وە بوونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیش هۆكارێكی قەناعەتپێكەر یان هەڵوێستێك هاوەڵێتیی دەكات. هەروەها، سەركردایەتیش، هاوڕێ دەبێت لەگەڵ پشتبەستن بە شێوەیەك لە بالأبوون، كە خەڵكی ملكەچی بوون. ئەمە لەكاتێكدایە، كە زۆرێك لە شیكارییەكان پێمان دەڵێن كە بنەمای جیاكەرەوەی دەسەڵات، بریتییە لە توانای زامنكردنی ملكەچیی یان گوێڕایەڵیی، لەبەر چەند هۆكارێك كە پەیوەندییان بە بەهاكان یان ئەو ڕێسا بنەڕەتییانەوە هەیە كە بە گشتی دانیپێدا دەنرێت، بەوەی كە شەرعییە..[1]

- **پێناسەی سەروەریی :-**

ناتوانین، بە شێوەیەكی دروست، لە پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت، وە پەیوەندی نێوان دەوڵەت وهاووڵاتیان تێبگەین، تەنیا ئەو كاتە نەبێت كە بكۆڵینەوە لەو سیفەتەی كە دەوڵەت لە ڕێكخراوەكانیتر جیادەكاتەوە. ئەو لێكۆڵینەوەیەش، بەرەو ئەوەمان

---

[1] فەرهەنگی نویٚ بۆ شیكاری ڕامیاری: وەرگێڕانی بۆ كوردی: محەممەد چیا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢٢- ٢٣

دەبات کە ڕاستەوخۆ دوابەدوای سەروەری دەوڵەت، سەروەری تاك دێت.[1]

سەروەری، بریتییە لە هێزی باڵای دابڕان وداڕشتنی یاساکان وبەڕێوەبردنی بڕیارەکان لە لایەن حکومەتی وڵاتێکەوە. سەروەری وڵات، لە نێو سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا جێبەجێ دەکرێ. وەلێ، سەروەری دەرەکی، واتە مافی پەیوەندیکردن یان شەڕ ڕاگرتن لەگەڵ وڵاتێکیتر. دەزگای حکومەتیی هەر وڵاتێك، کە لە تاکەکەس یان دەستەی بەڕێوەبەریی پێکدێ، بەرزترین دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی لە وڵاتدا هەیە، ودەتوانێ بڕیارەکانی خۆی پراکتیزە بکات.

دیارە، سەروەری، نیشاندەری بڕیاردانی سەربەخۆی وڵاتانە. هەربۆیە، سەروەری لەگەڵ شێوازی چەقبەستوویی ڕێکخراوی حکومەتی جیهانیدا یەك ناگرێتەوە. لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم، هاندەر وپتەوکەری سەروەرییە. لە ڕاستیدا، سەروەری، ڕەنگدانەوەی حکومەت وگەورەترین ئەرك ورۆڵی حکومەتە.[2]

چەمکی سەروەری، لە سەدەی حەڤدەیەم لەدایك بووە، ئەوەش لە سەرەنجامی سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئەورووپا. لە چەرخی ناوەڕاستدا، میر وپاشا وئیمپراتۆرەکان، لە فۆرمی خوادا،

---

[1] ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧

[2] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ): هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٠– ٣٨١

دەسەڵاتێکی بەرز (پاشای پاشاکان) وباوکایەتییان بە خۆیان بەخشیبوو. وێڕای ئەمەش، دەسەڵات دابەش کرابوو، بەتایبەت لە نێوان سەرچاوە کاتی وهەمیشەییەکانی دەسەڵات. بەڵام، هەر کە دەرەبەگایەتی، لە سەدەی پانزە وشانزەدا لە بەین چوو، دەسەڵاتی دامەزراوە ئینتیقالییەکان، وەك کەنیسەی کاسۆلیکی وئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆم، شوێنیان گیرا بەهۆی پاشایەتی مەرکەزی.

بۆ یەکەمجار، حوکمڕانە عەلمانییەکان، توانییان ڕایبگەیەنن کە پیادەی دەسەڵاتی باڵا بکەن. ئەمەشیان، بە زمانێکی نوێی سەروەری ئەنجامدا. دیارە، سەروەری، واتە دەسەڵاتی ڕاها وبێ سنوور. بەڵام، ئەم قسە سادە وساکارە، چەندین ناکۆکی وبەهەڵە تێگەیشتن وسەرلێتێکدان دەشارێتەوە. پێش هەموو شتێك، ڕوون نییە ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە لە چی پێکدێت. سەروەری، یان ئەوەتا ئاماژەیە بە دەسەڵاتی یاسای باڵا، یانیش واتە دەسەڵاتێکی سیاسی بێ ڕووبەڕووبوونەوە. ئەم دەمەتەقێیە، پەیوەستە بە جیاوازی نێوان دوو جۆری سەروەری. ئەوانیش، سەروەری یاسایی وسەروەری سیاسی.[1]

یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکانی بنچینەی یاسایی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، تیۆری سەروەریی گەلە، (نظرية سيادة الشعب). ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە، کە ڕەگ وڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢

**هزره ڕاستەقینەکانی (ڕۆسۆ)، * جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە سەروەری موڵکی گەلە (السيادة ملك الشعب). مانای، موڵکی گشت تاکە ڕاستەقینەکانی نەوەی ئێستای میللەتن، کە گەل پێکدێنن. لەبەرئەوە، بەلای ڕۆسۆوە، سەروەری (هەروەك ئاشکرایە) بریتییە لە: "ئیرادەی گشتی" یاخود لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا هاوڕێکە. ئەوەش، مانای وایە کە ئیرادەی گشتی، لە ڕێی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە (العقد الاجتماعي) دێتە کایەوە، کە گوڵەوەچنەی تێکڕای ئیرادەی تاکەکانە کە کۆمەڵ پێکدێنن. بەو پێیە، سەروەری ئیرادەی گشتی، تەنها کۆکردنەوەی هەموو سەروەرییە تاکەکانە، کە**

---

* **ژان ژاك ڕۆسۆ (١٧١٢– ١٧٧٨): لە شاری (ژنێڤ) لە سویسرا لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی فەرەنسی پرۆتستانت مەزهەب هاتۆتە دنیاوە. باوکی پیشەی سەعاتچی بووە، هەر لەمنداڵییەوە ژیانی پڕ نەهامەتی بووە، هەفتەی دوای لەدایك بوونی دایکی دەمرێت و پووری دەیگرێتە خۆی. سەرەتای تەمەنی بە پیشەی هەڵکۆڵین دەستپێکرد، بەڵام لە تەمەنی شازدەساڵیدا ڕوودەکاتە ئیتالیا، ساڵی (١٧٤١ز) دەچێتە پاریس، پاش ماوەیەك ئەوێش جێدێڵێ و ڕوودەکاتە ڤینیسیا و دەبێتە نووسەری باڵیۆزی فەرەنسا. لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا دەگەڕێتەوە پاریس و لەوێ خێزان دروست دەکات، بەڵام بەهۆی هەژاری و دەست کورتییەوە منداڵەکانی دەنێرێتە هەتیوخانە. لەم قۆناغەدا زۆر سەردانی فەیلەسوفەکاان دەکات، بەتایبەت (دیدرۆ). ساڵی(١٧٦٢ز) دوو کتێب بڵاودەکاتەوە: (پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئەمیل)، لەسەر نووسینی (ئەمیل) ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستە کرا لەلایەن باوەڕداران و فەیلەسوفانەوە. بەر لە شۆڕشی فەرەنسی بە دەساڵ، کۆچی دوایی کردووە.**

هەموو تاکێك هەڵگرێتی..[1]

- **پێناسەی دادوەریی :-**

بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵە، دادوەری گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەبووە بۆ فەلسەفەی سیاسی. بەپێی تێپەڕبوونی سەدەکان، هزرمەندە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی باش بە کۆمەڵگەیەکی عادیلانە وەسف دەکەن. بەڵام، ناکۆکییەکی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی ئایا دادوەری چی دەگەیەنێت.

لە ڕاستیدا، لە زمانی ڕۆژانەدا، دادپەروەری بە شێوەیەکی ئاسایی بە مانای یەکسانی وڕاستی بەکاردەهێنرێت. یاخۆ، ئەوەتا بە شتێك دەوترێت کە ئەخلاقیەن ڕاست بێت. بێگومان، دادوەری چەمکێکی ئەخلاقی یاخود پێوانەییە. واتە، ئەو شتەی کە عادیلانەبێت، لە لایەنی ئەخلاقەوە شتێکی باشە. هەروەها، کاتێك بە شتێك دەوترێت ناعادیلانە، واتە ئیدانەی ئەو شتە دەکرێت، وەك شتێکی خراپ لە ڕووی ئەخلاقەوە. بەڵام، دادوەری، هەر مانای ئەخلاق ناگەیەنێت، بگرە جۆرێکی تایبەتی حوکمێکی ئەخلاقییە. بە کورتی، دادوەری، واتە بەخشینی مافی هەموو کەسێك بە دروستی

---

[1] القاضي لطيف مصطفى أمين: مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقهما في الدساتير العراقية- دراسة تحليلية مقارنة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٨٥

به یەکسانی. بەڵام، لەوەش زەحمەتتر، بریتییە لە پێناسەی ئەو مافە، دەبێت ئەو مافانە چی بن؟ بۆیە، دادوەری نموونەیی، چەمکێکە لە جەوهەردا قسە وباسی زۆر هەڵدەگرێت.[1]

کەواتە، دادپەروەری، شتێکە پەیوەندی بە سزا وپاداشت ویەکسانییەوە هەیە. بەڵام، چۆن دەکرێ پێناسەی بکەین؟ پێناسەیەکی زۆر کۆن، کە لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانییەوە (جەستینیان) دەربڕاوە، ودەڵێت: "دادپەروەری، ئیرادەیەکی بەردەوام ودرێژخایەنە، بۆ بەخشینی هەقی خۆی بە هەر کەسێك." ئەمە، پێناچێت لە خۆیدا زانیاریبەخش بێت. بەڵام، لانیکەم، دەمانخاتە سەر ئاڕاستەی ڕاست. یەکەم: جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دادپەروەری بریتییە لەوەی هەر تاکە کەسێك بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. واتە، دادپەروەری، بریتی نییە لەوەی ئاخۆ کۆمەڵگە بە گشتی کامەرانە یان هەژار، لە ڕووی کەلتوورییەوە دەوڵەمەندە یان بێفەڕ و... هتد. ئەمە، بەو مانایە نییە کە دەکرێ بیرۆکەی دادپەروەری بۆ گرووپەکان بەبێ بیرلێکردنەوە تێپەڕێت. بەڵام، خەمی سەرەکی دادپەروەری، ئەوەیە کە تاکەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

دووەم: "ئیرادەی بەردەوام ودرێژخایەن،" کە بەشێکی پێناسەکەیە، بیرمان دەهێنێتەوە کە لایەنێکی ناوەندی دادپەروەری، ئەوەیە کە پێویستە خەڵکی بە شێوازێکی ڕیکوپێك وناهەڕەمەکی

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤

مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. وە پێویستە، جێگیرییەك هەبێت لەوەدا، کە کەسێك بە درێژایی کات چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، وهەروەها پێویستیشە جێگیرییەك لە نێوان خەڵکیدا هەبێت، بۆئەوەی ئەگەر هاوڕێکەم ومن بە هەمان شێواز ڕەفتارمان کرد، ئەوا بە گوێرەی بارودۆخەکە هەمان سوود، یان هەمان سزا وەربگرین.[١]

بۆ ڕاستی تێگەیشتن لە دادوەری، پێویست بە پێناسەکردنی ئەم چەمکە لە ڕووگەلی زمانەوانیی وفەلسەفیی ویاساییەوە دەکات.

**پێناسەی زمانەوانی دادوەری:** مانا زمانەوانییەکانی دادوەری، ئەوە دەگەیەنن کە دادوەری بریتییە لە ڕێکی ویەکسانی وکاری باشە. لە ڕوانگەی ئەم ماناگەلەوە، دەکریّ بڵێین: "دادوەری، ئەوەیە کە دەروون هەڵیبسەنگێنیّ کە ڕێکە، وئاوەزیش بڕیار لە باشی کارەکەی بدات."

**پێناسەی فەلسەفی دادوەری:** هەرچەندە، فەیلەسووفان بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونیانەوە لەسەر یەك پێناسە لەبۆ دادوەری ڕێکنەکەوتوون، بۆیە شتێکی سەیر نییە گەر ڕاڤەگەلێك بەدی بکەین. بەلاّم، دەشێت لە ڕوانگەی ئاکاریی وفەلسەفییەوە، وەهای وێنا بکەین کە "سازانێکە، لە نێوان ئاشکرا وهەناودا. چاکەکردنیش، ئەوەیە کە ناوەخن یان هەناوی مرۆۋ باشتربیّ لە ڕواڵەتی."

---

[١] دەیڤد میڵەر: ناساندنێکی زۆر کورتی فەلسەفەی سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦– ١٦٧

**<u>پێناسەی یاسایی دادوەری:</u>** پێشئەوەی، لە ڕووی یاساییەوە پێناسەی چەمکی دادوەری بکەین، دەوترێت باشتر وایە کە لە فەرهەنگە یاساییەکاندا چاوێك بخشێنین بە ماناکانیدا. دیارە، لە نێوکۆی دەستەواژە یاساییەکانی تایبەت بە دادوەری، کۆمەڵێك مانا خراونەتە ڕوو، کە بوارگەلێك لەخۆدەگرن. بەڵام، دەکرێت هەر لە ڕووی یاساییەوە، پێناسەیەکی بەپێز وپڕمانا لەبۆ چەمکی دادوەری بکەین، بەوەی "دادوەری، هێزێکی شاراوەی پەیوەستە، کە ڕێگە بە ئەقڵ دەدا بۆ دانانی چارەگەلێکی گونجاو." [1]

دادوەری، ناوێکە بۆ داخوازیگەلێکی ئەخلاقی دیاریکراو، کە ئەگەر وردتر سەیری بکەین، لە ئاستێکی باڵاتردا دەوەستێت لە تەرازووی سوودی کۆمەڵایەتیدا. لەبەرئەوە، دادوەری، نمایشی پلە یەك لە ئیلزامکردن دەکات، کە باڵاترە لە هەر داخوازیگەلێکی دیکە. سەرەڕای ئەوەی، ڕەنگە هەندێك حاڵەتی هەندەکی ڕووبدات، کە تێیدا هەندێك لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیتر زۆر گرنگتربن، هەتا ئەوەی هەر ڕێسایەك لە ڕێساکانی دادپەروەری پێویست دەکات. [2]

- **پێناسەی نەتەوە :-**

---

[1] اسماعيل نامق حسين: العدالة بين الفلسفة والقانون، من منشورات مكتب الفكر والوعي، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، ٢٠١٠، ص ٤٢- ٥٦

[2] جۆن ستیوارت میل: بنەماکانی لیبراڵیزمی سیاسی، (٢٨)، و: محەمەد چیا، پرۆژەی وەرگێڕانی (٦٠) کتێب، مەکتەبی ڕێکخراوە دێمۆکراتییەکانی (ی.ن.ك)- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٥٩

ماوەی دوو سەد ساڵ زیاتر، نەتەوە بە حوکمێکی سیاسی یەکگرتوو ورەوا دادەنرا. ئەم باوەڕە، ڕەنگی دایەوە، لە خواستی بەرچاوی ناشناڵیزم. بێشك، ناشناڵیزم، کاریگەرترین ڕێبازە سیاسییەکانی جیهانە، لە زۆربەی کاتەکانی سەدەی نۆزدە وسەدەی بیستەم. وەلێ، ناشناڵیزم، ئەو مەزهەبەیە کە تیایدا هەر نەتەوەیەك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. هەروەها، ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەشە، کە بە پێی پێویست سنوورەکانی نەتەوە وسنوورەکانی دەوڵەت دەبێت یەك بن. بۆیە، ئایدیای نەتەوە، بەکارهێنراوە وەك ڕێگایەك بۆ دامەزراندنی بنەمای ڕێك وپێك لەبۆ سنوورەکانی دەوڵەت. ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێت کە بەرزترین فۆرمی ڕێکخراوی سیاسی نەتەوە، دەوڵەتە. واتە، هەر نەتەوەیەك، بریتییە لە گیانێکی سەروەر. ئاشکرایە، کە ناشناڵیزم، نەخشەی جیهانی دووبارە کێشایەوە، وبەردەوامیش دەبێت لە ئەنجامدانی ئەم کارە، لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە ئەوروپییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ کۆششەکانی ئازادی نەتەوەکانی سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی.[1]

دەکرێ، تێگەی نەتەوە بەم شێوەیە پێناسە بکرێ: "کۆمەڵگایەکی مرۆیی دیاریکراو، کە لە نیشتمانێکدا بژین، ئەفسانە ومێژووی هاوبەش وکەلتوورێکی جەماوەریی هاوبەشیان هەبێ

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣- ١٦٤

وخاوەنی یەك ئابووری وماف وئەرکی هاوتا بن، بۆ هەموو ئەندامەکانیان.[1]

گەر چەمکەکانی نەتەوە ونەتەوەخوازی وهەستی نەتەوایەتی وناسیۆنالیزم، دیاردەیەکی تا ڕادەیەك نویٚ بن لەچاو هزر وئایدیۆلۆژیا ودیاردە کۆمەلاٚیەتییەکانی تردا، ئەمە مانای نویٚترین پیٚناسەی تایبەت بە شوناسی نەتەوە جیاجیاکان، ئەوەندە نابیٚت هاتووەتە کایەوە. دەشیٚت، ئەم چەمکانە، لە سەردەمانیٚکی پیٚشتردا وبە شیٚوازیٚکی تر ودەربڕینیٚکی تر بوونی بووبیٚت. واتە، تا ڕادەیەك مەبەستەکەی ئیٚمەی پیٚکابیٚت. بەلاٚم، ئاشکرایە لە دوای سەدەی هەژدەی زایینییەوە، بەتایبەت لە دوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩ز)، ئەم چەمکانە بە جوانترین شیٚوە خۆیان دەرخستبوو. بەمانای، دەستەواژەی ناسیۆنالیزم، لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە کاملٚبوونی تەواوەتی بەخۆوە بینی.

نەتەوە، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی میٚژووییدا دروست بووە، کە زیاد لە هۆکاریٚك دەوری لە دروستبوونیدا هەیە. مۆدیٚرنە، بە داهیٚنان ودۆزینەوە وناسینی جوگرافیای تازە، فەزایەکی دروستکرد کە تیایدا هۆشیاربوونی خەڵك بە کۆبوونەوە وهاوبەشییان لەگەڵ هەندیٚك کەسدا، وجیاوازیشیان لەگەڵ خەڵکی دیدا، بووە هۆی

---

[1] ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی– تیۆری وئایدیۆلۆجی ومیٚژوو، و: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاٚوکردنەوەی ئاراس– هەولیٚر، ٢٠٠٤، ل ٢٣

دروستبوونی نەتەوە. لەم ئاڕاستەیەدا، دەوری خودی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم لە دروستبوونی نەتەوەدا، کاریگەر وچارەنووسساز بووە. واتە، ئەتوانین بڵێین لاوازبوونی هەستی ئینتیما بۆ نەتەوە، لە بەشێکیدا پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی بە لاوازی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە، وبەپێچەوانەشەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی لەبەر هەر هۆیەك بووە، پرۆژەی مۆدێرنەکردنی بە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە تیادا کامڵ نەبووە، یان کەموکوڕی تێدابووە، ناسیۆنالیزمەکەشیان لاواز وکەمڕەنگ وبێگڕوتین بووە. ناسیۆنالیزم، پێویستی بە هەموو بوارەکانی مۆدێرنە هەیە، وکەموکوڕیش یان نائامادەیی وناچالاکی هەر بوارێکیش لەو بوارانە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هێز وتوانای ناسیۆنالیزم هەیە.[1]

کاتێك ئاماژەمان بەوەدا، کە شێوەیەك لە هەستی نەتەوایەتی دەشێت لە سەردەمانی پێشوودا بەدیکرابێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ناسیونالیزم وچەمکە هاوشێوەکانی لە دێرزەمانەوە لەنێو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ئامادەبوونیان بووبێت، هەروەك چۆن ئامادەنەبوونیشیان ناگەیەنێت. کەواتە کۆمەڵگاکان بەهۆی ڕوداو وداگیرکاری وهۆکارە مێژووییەکانەوە جۆرێك هۆشیارییان بۆ تاکەکانیان بەرهەم هێنابوو، ئەوجا بەرنامەڕێژی بێت یا کاردانەوە، بەرزی ئاستی تێڕوانینی تاکەکان بێت یان گەڕان بەدوای شوناسدا.

---

[1] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، مانگی ٢/ ٢٠١٠، ل ٨

ئەوروپای خۆرئاوا، پێشەنگی جیهان بوو لەم ڕووەوە، وەڵێ فەرەنسا لەنێویاندا سەرقافڵەی کاروانی سەربەخۆیی وداهێنەری چەمکەکانی سەروەری وئازادی ودەوڵەتی نەتەوەیی بوو، لە کاتێکدا کەسانێکی تر پێیان وابوو ئینگلیزەکان ڕچەشکێنی ئەو دیاردەیە بوون، ئەمەش بە پشتبەستن بە شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیزی ساڵی (١٦٨٨ز)، کە بە مەزنترین هۆکاری گۆڕانکاری وداهێنانی چەمکەکانی ڕۆشنگەری وکۆلۆنیالیزم وبۆرژوا وپیشەسازی وئابووری هەژمار دەکرا.[١]

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، ژمارەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تا دەهات بە مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی وبیرۆکەی ناسیۆنالیزم ئاشنا دەبوون. لەو ڕۆژگارەدا، تەمەنی ئەم مۆدێلە لە ئەوروپا، نزیکەی سەدەیەك دەبوو، مۆدێلی فەرەنسی وئینگلیزیش دیارترین شێوەکانی ئەم مۆدێلە تازەیەی ناسیۆنالیزم بوون..[٢]

سەرباری ئەوانەی وتران، وهەر لە نێوکۆی ئەم بابەتەوە دەتوانین پێناسەیەکی چەمکی نەتەوە بکەین، بەوەی "نەتەوە، پێکهاتووە لە چوارچێوەیەکی جێگیر کە لە ڕەوتی مێژوییدا، لە زمان، خاك، ژیانی ئابووری، ڕەوشی فەرهەنگیی ودەسەلاتی

---

[١] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣- ٢٤

[٢] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٠

هاوبەشدا خۆی دەنوێنێ وگەشەی کردووە." یاخود، دەوترێت: "نەتەوە، پێکهاتووە لە هەردوو چوارچێوەی سیاسی (دەستووری)، ونەتەوایەتی (فەرهەنگیی). یاخود، چوارچێوەی دەوڵەتیی ونەتەوایەتی، دەبێت جووتبن." پێناسەی جۆراوجۆری تریش هەیە، وەك ئەوەی دەڵێ: "نەتەوەکان، نەتەوایەتی ودەوڵەت پێکناهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە." هەروەها، "نەتەوە، مانای یەکێتی سیاسی وسەربەخۆییە." یان، دەوترێت "نەتەوە، ڕیفراندۆمێکی گشتی وبەردەوامە." لێرەدا، کۆتایی بە دوایین پێناسە دێنین، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ: "نەتەوە، بریتییە لە ئیرادە وفەرهەنگ." ئەمە، وکۆمەڵێکیتر لە پێناسەی نەتەوە.

ئەگەر، نەتەوە، تەنیا بە کۆمەڵگەیەکی سیاسی ڕەوا دابنرێت، ئەوا لەبەرئەوەیە کە سروشتی مرۆڤ حەز بەوە دەکات، بەرەو مرۆڤیتر بچێت ولەگەڵ یەکیدی وێکچوونە کەلتوورییەکانیان هاوبەش بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، دەگەینە ئەوەی نەتەوەکان کۆمەڵگای ئۆرگانین، کە لە یەك کاتدا پەرەدەسێنن. هزرمەندە پارێزگارەکان، هەمیشە ئامادەیی خۆیان وەرگرتووە بۆ برەودان بەم مشتومڕە، لەو باوەڕەوە کە مرۆڤ بوونەوەری ناسەربەخۆن وپشت بەوانیتر دەبەستن، بەبێ ویستی خۆیان دەچنە پاڵ یەکتر، چونکە دەوڵەت ناسنامەی کۆمەڵایەتی وئاسایشیان بۆ دابین دەکات.

هزرمەند، بێنێدێکت ئەندرسۆن، [*] لە کتێبەکەیدا بە ناوی (Imagined Communities)، جەخت دەکاتە سەر ئەو خاڵەی کە: "نەتەوەکان، وجوودیان هەیە، وەك وێنەی ئەقڵانی نەك وەکی کۆمەڵگای ڕاستەقینە." وەلێ، ئاشکرایە، خودی هزرمەندی ناوبراو، یەکەمین کەس بووە کە زاراوەی "کۆمەڵگای خەیاڵی ودروستکراو"ی بەکارهێناوە.. [١]

سروشتی نەتەوە، مشتومڕی زۆر لەسەرە. بەتایبەتی، ئایا نەتەوەکان گرووپی تایبەتین، یان گرووپی کەمینەی پێشوازینەکەر وبێلێبوردەن؟ ئایا، گرووپی بەگومانن، یاخود گرووپی دوژمنکارین دژی نەتەوەکانیتر؟ ئاخۆ، ئایا نەتەوەکان دەتوانن پێکەوە، بە ئاشتی وسازانەوە بژین؟ هەروەها، پەسنی فرەکەلتووری وفرەڕەگەزی، لە نێو سنوورەکانیاندا دەکەن؟ بێگومان، چەند فۆرمێکی ناسیۆنالیزمی نالیبراڵ وبێلێبوردەن. دیارە، ئەمەش جێبەجێ دەبێت، کاتێك نەتەوە

---

[*] بێنێدێکت ئەندرسۆن: بێنێدێکت ڕیچارد ئۆ. گۆرمان ئەندرسۆن، لە (٢٦/ ٨/ ١٩٣٦ز) لە(کۆنمینگ) لە(چین) لەدایك بووە، ڕەگەز ئێرلەندییە، برای مێژوونووس (پێری ئەندرسۆن)ە، ساڵی (١٩٤١ز) خێزانی ناوبراو ڕۆیشتوون بۆ کالیفۆرنیا لەئەمریکا. ئەندرسۆن بڕوانامەکانی لەزانکۆکانی کامبریج وکۆرنێڵ بەدەستهێناوە. ناوبراو بیرمەندی بواری زانستی سیاسییە، هەروەها پرۆفیسۆری فەخرییە لەزانکۆی (کۆرنێڵ) لەئەندۆنیسیا، خاوەنی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری زانستییە.

[١] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٨

پێناس دەکرێ بە زاراوەی تایبەت وتەسکبین، جودابوونەوەیەکی توند دروست دەکات، لە نێوان ئەوانەی کە ئەندامی نەتەوەیەکن وئەوانەشی کە نامۆن بەو نەتەوەیە. هەربۆیە، ناسیۆنالیزمی تایبەت، ئاکامی ڕوونی لێدەکەوێتەوە، بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. خۆ ئەگەر، کۆچبەران وکەمینەکان، لە نێو نەتەوەیەکدا بە "نامۆ" دابنرێن، ئەوا خەڵکی بێگانەی دەرەوەی ئەو نەتەوەیەش، دەبێ بە دوژمن وبێمتمانە دابنرێن. تایبەتمەندێتی نەتەوەیی، زۆرجار ڕەنگدانەوەی فۆرمێکی "خینۆفۆبیایە،" (واتە، ترس یاخود ڕق لە بێگانان). لەم جۆرە حاڵەتانەشدا، ناسیۆنالیزم، دەبێتە فۆرمێکی شۆڤێنیزمیی ودوژمنکارانە وچەوسێنەر.

لەگەڵئەوەی، گەلی کورد، پێکهاتووە لە چەندین هۆز وتیرە وخێڵ، وە لەگەڵئەوەی بەر لە سەردەمانێك، خاوەنی چەندین میرنشین بووە، کە لەسەر بنچینەی هۆز وناوچە وخێڵگەرایی دامەزراون، بەڵام ئەوەتا لەم سەردەمەشدا، گەلی کورد، نەیتوانیوە فیدراسیۆنێك، یەکێتییەك یاخود دەوڵەتێکی نەتەوەیی، یان هەر هیچ نەبێت دەوڵەتێکی هاونیشتمانی بۆخۆی بونیاد بنێت، کە لە ڕووی مێژووییەوە کۆی ئەو میرنشینانەی پێشوو بووبێت. یاخود، بابڵێین، تەنانەت نەگەیشتووە بە خودی دەوڵەتی خێڵەکیی وهۆزگەراییش. ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێ، کە گەلی کورد نە پرۆژەیەکی نەتەوەیی ئاوەزمەندانەی کامڵی هەبووە دەربارەی دەوڵەت، نە دەوڵەتیش بووەتە دوا ترۆپك وئامانجی عەقڵانی کۆمەڵگا ودەسەڵاتی کوردی.

کەواتە، واباشترە، لە فاکتەرەکانی نەگەیشتنی گەلی کورد بە هیوای خۆی، یاخود لە نەگەیشتنی بە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، بکۆڵینەوە وبیخەینە ڕوو. سەرەتا، دەشێت لە ڕووی هۆکارە ناوخۆیی ودەرەکییەکانەوە، ئاماژەی پێبدەین.

## هۆكاره ناوخۆییەكان:-

هەر لە سۆنگەی دەستەواژەی نەتەوەوە، دەكرێت جارێكیتر پێناسەی چەمكی (نەتەوە) بكەین وبەسەر كورددا جێبەجێی بكەین. بەڵام، ئەمجارەیان نەك وەك بۆچوونگەلی كۆمەڵێك هزرمەندی ئامارژەپێدراو، بەڵكو بە مەبەستی خستنەڕووی كۆمەڵێك كێشە وكەلێنی زمانەوانیی وبابەتیی ومێژوویی فرە ڕەهەند، ولە چوارچێوەی هۆكاری ناوخۆییدا. ئەوجا سەرەتا، باشتروایە پێناسەیەكی بابەتییانە وخودییانەی خودی چەمكەكە بكەین، تا بەهۆیەوە لە سەرجەم ئاریشە وكەموكوڕییەكان تێبگەین.

### ١- پێناسەی بابەتییانە:

لە ڕووی بابەتییانەوە، كە توخمە پێكهێنەرەكانی وەك (خاك، زمان، كەلتوور، مێژوو، نەریت، ئابووری و....هتد) لەخۆ دەگرێت، كورد كێشەیەكی ئەوتۆی نییە. چونكە، خاوەنی تێكڕای ئەو ڕەگەزانەیە بە شێوەیەكی ڕێژەیی، هەڵبەت مێژووش گەواهی ئەوە دەدات. لەبەرئەوەی، گەلی كورد، سەرباری ئەوەی ئەدەب وزمانێكی پاراوی ڕەسەن وكەلتوورێكی دێرین وفەرهەنگێكی دەوڵەمەند ومێژوویەكی لێوانلێو لەنەهامەتی ودەردەسەریی وخەباتی نەپساوەی هەیە، خاوەنی خاكێكی پیرۆزی

پارچەپارچەکراو وچەشەکراو بە خوێنی خۆشیەتی.

**٢- پێناسەی خودییانە:**

**بەڵام، لە ڕووی خودییانەوە، کە جەخت لەسەر هەڵوێست وبەهاکان دەکاتەوە، کورد کێشەی هەیە. یاخود، پێناسەی خودییانەی نەتەوە، بۆ کورد ناکامڵ وناتەواوە، لەبەرئەوەی، "ئێرنست ڕێنان" * وتەنی: "نەتەوە، ڕیفراندۆمێك یاخود (دەنگدان)ی گشتی وبەردەوامە." بە مانای، نەتەوە لە ڕووی پێناسەی خودییانەوە، دەبێت بە بەردەوامی خۆی بسەلمێنێت. یاخود، بە مانای: "ئینتیما بۆ نەتەوە، مەسەلەی ڕەگەز نییە، بەڵکو**

---

* ئێرنست ڕێنان: لە(٢٨/ ٢/ ١٨٢٣ز) لەبەریتانیا لەدایك بووە، لە(٢/ ١٠/ ١٨٩٢ز) لەفەرەنسا کۆچی دوایی کردووە. لەگەڵئەوەی مێژوونووس وفەیلەسوفێکی فەرەنسی بووە، بەڵام بەبڕوایەکی تەواوەوە ، وەلائی بۆ بەریتانیا بووە. ناوبراو بەهۆی وەرگێڕانی کتێبی عیساوە (س.خ) ناوی دەرکرد، لەگەڵئەوەی لەلایەن کاتۆلیکەکانەوە تووشی ڕەخنەی توند بووەوە. ئەمە بێجگەلەوەی لەدوتوێی وەرگێڕانەکەیدا، ڕق وکینەی خۆیی بۆ ئایینی ئیسلامی پیرۆز خستبووە ڕوو. ناوبراو هەروەها بەهۆی پێناسەکردنی (نەتەوە)وە هێندەیتر ناوبانگی دەرکرد. ڕێنان بەهۆی تێڕوانینە ناسیۆنالیستە بێوێنەکانیەوە، وەکی کەسێکی گرنگ وبەبەها ناوی دەرکردبوو، بۆیە ببوە سومبولێك لەسومبولەکانی کۆماری فەرەنسای عەلمانی نەتەوەیی، هەڵبەت زۆرێك لە بینا گشتییەکان وقوتابخانەکان بەناوی ئەوەوە ناونران.

مەسەلەی ئیرادەیە." بۆیە، وەسفی نەتەوەی کردبوو بە ڕاپرسییەکی ڕۆژانە.. [1]

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە ئەم خۆناساندنەی نەتەوە یاخود فەراهەمبوونی نەتەوە وکامڵبوونی بە شێوەیەکی سروشتی، تەنها لە ڕێی دەوڵەت ودەسەلاٚتی سیاسییەوە دەبێت. بەلاٚم، گەلی کورد، لە ڕێی "بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانییەوە" توانیویەتی بە بەردەوامی خۆی بسەلمێنێت.[2] کە لە ڕووی فەلسەفی وئەکادیمی ویاسایی وسروشتییەوە مایەی تیشك خستنەسەرە، بەوەی ئەو خۆناساندنەی لەم ڕێیەوە بێت، یان لەڕێی خەباتی چەکدارییەوە بێت، هەردەم لاوازە. هەرگیز، وەك ئەو خۆناساندنە سروشتییە نییە، کە لە ڕێی خودی دەوڵەتەوە بێت.

دەوترێت، ئەو نەتەوەیەی لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، بە شێوەیەکی گشتی لە ناو فەرهەنگێکی سیاسی داخراودا دەمێنێتەوە.. [3] دیارە، ئەمە وەك ئەوە وایە کە باس لە شۆڕش بکرێت. چونکە، شۆڕش، گەرچی شەرعیەتی

---

[1] ارنســـت رينـــان: ويكيبيـــديا، الموســـوعة الحـــرة، ٩/ اوكتـــوبر/ ٢٠١٠، ar.wikipedia.org

[2] ئـــەکرەمی میهـــرداد: ناســـیۆنالیزم (گۆڕانکـــاری، تیـــۆری، ڕەخنـــە)، هـــەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩

[3] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٣٦)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠، ل ٧

دروستبوونی هەبێ، بەلأم شەرعیەتی یاسایی نابێ.[1] بەوەی، هەموو شۆڕشێك سەرباری ئەوەی نادادپەروەری خوڵقێنەرێتی، بەلأم لەبەرئەوەی توند وتیژی بالأدەست دەبێ ولەو کاتەدا کار بە یاسا ودێمۆکراتی وهەڵبژاردن ناکرێت ، بۆیە لە ڕووی دەستووریی ویاساییەوە قانونیی نییە، گەرچی ڕەواش بێ.

هەڵبەت، دوای ئەو خۆناسینە سروشتییە بەردەوامەی باسمان کرد، جۆرێك لە هۆشیاری نەتەوەیی بۆ تاکەکانی نەتەوە دروست دەبێت، کە بوونی نەتەوە ونەتەوایەتی دەسەلمێنێت. دواجار، هەر دەوڵەتیشە، کە بەهۆی سنووری دەسەلأتەکەیەوە، نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکیتر جودا دەکاتەوە. کەواتە، ئەوە دەوڵەت وناسیۆنالیزمە، کە "نەتەوە" دروست دەکەن.[2] بەمانای، وێڕای ئەوەی بە خۆمان دەڵێین نەتەوەی کورد، بەلأم لە ڕووی ئەکادیمی ویاساییەوە، وشەی (نەتەوە)مان بە تەواوی پێنابڕێ. لەبەرئەوەی، نە دەوڵەتمان هەیە، نە پرۆژەیەکی نەتەوەیی کامڵ (ناسیۆنالیزم)، کە ببنە داینەمۆی خوڵقاندنی نەتەوە.

لەڕاستیدا، هەموو ئەوانەی وتران، بەشێکن لە کێشەی کورد، لە سەردەمانی پێشوودا ولە ئێستاشدا. ئەمە، وبێجگەلە نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، نیشتمانیی، ستاندارد

---

[1] ثورة: ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٢٠١٤، ar.wikipedia.org

[2] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

وفەرمی دەسەلاتی کوردی، کە شێوەزمانەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە وتێکڕای کورد کۆکبن لەسەری. دیارە، ئەم هەوڵەش، بە دەوڵەت ودەسەلاتی سیاسی ئەنجام دەدرێت.[1] هەرچەندە، زمانی یەکگرتوو، یەکگرتوو، مانای زمانی نەتەوە وزمانی دایك دەگەیەنیٚ، نەك زمانی ستاندارد، کە زمانی خوێندن ونووسینە، وزمانی دایك یان ئاخاوتن نییە. بەلاٚم، بۆ گەلی کورد، زمانی ستاندارد، ئاسایشی نەتەوەیی وپاراستنی تاکەکانیەتی.[2]

شایانی وتنە، زۆرینەی بیرمەندانی بواری ناسیۆنالیزم، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە (زمانی هاوبەش) بەهێزترین هۆکاری دروستبوونی نەتەوەیە.[3] وەلیٚ، ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، دەشێت سەرلەبەری لە خانەی هۆکارە ناوخۆییەکان دابنرێن. گەرچی، لە ئێستادا، ولە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیدا، هێندەی دووبارەبوونەوەی وانەکانی مێژوو فەراهەم دەبێت، هێندە بابەتی هەنووکەیی پێویست وتایبەت بە ئاییندە ئامادە نابێت.

**<u>هۆکارە دەرەکییەکان</u>:-**

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤

[2] کوردۆلۆجی: کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٨٣- ٨٥

[3] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٠

دیاره، ئێستاکێ ماوەتەوە سەر ئەوەی، ئاماژە بە هۆکارە دەرەکییەکانیش بدەین، کە خۆی لە ڕازینەبوونی زلهێزانی ئەو سەردەمەدا دەبینێتەوە، بەوەی هەردەم خواستیان لەسەر هاتنەدی مافی چارەنووسی کورد نەبووە. بە مانای، ململانێی سەختی زلهێزان ونەخشە وبەرژەوەندی هەمەلایەنە وهاوکێشەی سیاسی ئەو سەردەمەی وڵاتانی ئیقلیمیی ونێودەوڵەتیی وهۆکارگەلێك، فاکتەرگەل ودژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ بوون.

لە ڕاستیدا، ولەمڕۆدا، لەگەڵئەوەی جیهان لە تاکجەمسەرییەوە بەرەو فرەجەمسەری هەنگاو دەنێ، بەڵام دەشێت هەمان لێکدانەوەی سیاسی وستراتیژ ونەخشەڕێگای سیاسی، بەرانبەر بە گەلی کورد بوونی هەبێ، یان پەیڕەو بکرێت. مەگەر، بڵێین گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هزر وهەڵوێست وتێڕوانینی حکومەتە جیهانییەکانی ئەمڕۆدا بەدیدەکرێت. یاخود، هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکان وئابوورییە زەبەلاحەکان، لە ئاییندەدا شکێنەری ئەو سیاسەت وبیرکردنەوانەبن کە هەبوون. بەڵام، لەگەڵئەوەشدا، ناچارین دووبارەی بکەینەوە، کە هیچ شتێك لە سیاسەتدا مەحاڵ نییە.

ئەوانەی باسکران، گەرچی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرن، بەڵام دەکرێت وەکی ئەگەرێکی گریمانەیی لەبەرچاو بگیرێن ولە ئێستا وئاییندەشدا کاری لەسەر بکرێت، لەبۆ دووبارەنەبوونەوەی

هەمان ئەزموونگەل ونەهامەتی وتاڵیی مێژوویی. ئەوەش، بە مەبەستی ئەگەری دەستەبەربوونی پرۆژەیەکی نەتەوەیی فرە ڕەهەند، هەر لەپێناو ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی لە چوارچێوە وسنووری جوگرافی ئێستای هەرێمی کوردستان یان زیاتر، کە هەڵگری یەکێتییەکی ڕۆحیی وکایەیەکی نیشتمانیی ویەك دیسکۆرسی نەتەوەیی وچەمکی هاولاتیبوون بێت. هەرچەندە، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، دەشێت پێش یان پاش ئەم بۆچوونە گریمانەییانە بێت. بەلام، لە ڕاستیدا، زۆر پێویستە ئەوانە لەبەرچاو بگیرێن، بۆ بناغەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یان هاونیشتمانی هاوچەرخی تۆکمەی تەندروست. دەوڵەتێك، کە سەرەتا کار لەسەر چەمکگەلی هاوولاتیبوون ودادپەروەری بکات. لەبەرئەوەی، چەمکی هاوولاتیبوون، بەگشتیکردنی مافەکانی مرۆڤە بێ جیاوازی، مافیش دەبێت یاسا بیپارێزێت.[1]

شیاوی وتنە، هەڵبەت نێوخۆی هەرێمی کوردستان، لەچاو سەدەیەك لەمەوبەر، هەڵگری کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەرچاوە، لە سەرجەم بوارە سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتییەکان. بە تایبەت، ئەوەی کە خودی ئەم خاکە لە ئێستادا خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتە، کە پێشتر نەیبووە. بەلام، ئاخۆ ئەم گۆڕانکاری وتایبەتمەندییانە، تا چەند لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکاندا هاوتەریب

[1] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، مانگی ١/ ٢٠١٠، ل ٣٣

بووە؟ یاخود، ئایا، هەرێمی کوردستان توانیویەتی گۆڕانکارییەکی ئاسایی وتەندروست بەخۆوە ببینێ، ولەگەڵ دنیای تەکنۆلۆژیا وپێشکەوتنەکان وبەجیهانیبووندا یەکبگرێتەوە؟

گەر، لە دووتوێی ئەم بۆچوونانەوە ولە ڕوانگەی هەرێمەوە بڕوانینە ئەمڕۆی جیهان، ئەوا دەبینین کە چەمکی بەجیهانیبوون (گلۆبالیزەیشن) بۆ خۆی بەرهەمی ئەو ئالوگۆڕە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە ماوەی (مۆدێرنیتەی دووەمدا)، لە پرۆسێسێکدا لە ڕۆژئاوا سەریهەڵداوە. بەڵام، لێرەدا ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە: ئەی جێگەی شوناسی کوردی، لەم پرۆسێسی پێشڤەچوونەدا لەکوێیە؟

کێشەکە، لێرەدا قووڵتر دەبێتەوە کە دەبینین گەلی کورد هەرگیز لە مێژوودا تەجروبەی (مۆدێرنیتەی یەکەم)یان نەکردووە، کە سەردەمی دروستبوون وسەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان وپاشان دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە. لەگەڵئەوەی، حاڵەتی کوردی، بە قورسی شوێنەواری مۆدێرنیتەی دووەمی پێوە دیارە (واتە سەردەمی بەجیهانیبوون)، بەڵام هەوڵی گەڕان بەدوای دەسەڵاتی نەتەوەییدا لەلایەن کوردەکانەوە، بمانەوێ ونەمانەوێ، ئەمە تایبەتمەندێتی بزوتنەوەی کوردی دەباتەوە بۆ سەردەمی

مۆدێرنیتەی یەکەم، بەمانای بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی..[1]

شرۆڤەی ئەم باس وخواسی مۆدێرنیتەیە، ئەوە دەگەیەنێ کە شتێکی حەتمییە، بەوەی گەلی کورد دەبێت یەکەم هەنگاو (مۆدێرنیتەی یەکەم) بنێ، پاشان دواهەنگاو (مۆدێرنیتەی دووەم). واتە، لەگەڵئەوەی داکەوتی ئێستای کورد وهەرێمی کوردستان، چەشەکراوە بە جیهانیبوون وجیهانی پەیوەندییەکان وکۆمەڵگای مەدەنی وتەکنۆلۆژیا وئابووری وکۆمپانیای فرەڕەگەز ودنیای دەرەوە. بەڵام، گەر گەورەبوون وپێشکەوتن وگۆڕانکاری تەندروستمان لە هەرێم بوێ، ئەوا دەبێت پەیڕەوی یاسای مۆدێرنیتە بکەین. لەبەرئەوەی، سەرەتا یەکەم پلیکانە دەبڕین، پاشان دووەم وسێیەم وبەو جۆرە. بەمانای، مۆدێرنیتەی یەکەم، ئینجا مۆدێرنیتەی دووەم. کەواتە، پشتیوان بە خوا، هەرکاتێك لە نێوخۆی هەرێم دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕاگەیەنرا، ئەوا بەبێ خواستی خۆمان، وبە میکانیزمێکی خۆڕسکانە، ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی مۆدێرنیتەی یەکەم. واتە، گەڕانەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی سەروەر، بەڵام بە پێوەری ئەم سەردەمە. ئەوەش ژبیر نەکەین، کە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە

---

[1] سیاوەش گۆدەرزی: هەوییەتی کورد، میدیا، تاراوگە، فیدراڵیزم، و....، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٧٢

**هەرکۆمەڵگایەکی مرۆییدا، بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگی خودی ئەو کۆمەڵگایەیە. بەمانای، گەر بە زمانێکی پاراوتر قسان بکەین، دەتوانین بڵێین: "ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە." [1]**

**هەموو داتا ودۆکیۆمێنتەکان، جەختکردنەوەن لەسەر ئەوەی کە کورد نەیتوانیوە یاخود دەرفەتی ئەوەی نەبووە سەردەمی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ببینێ، بەو هۆکارگەلانەی ئاماژەی پێدرا. ئەدی چلۆن، دەتوانێ لە ئێستا وئاییندەدا درێژە بە حاڵەتێکی نامۆ بدات، کە ئیدی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی تێدا کاڵ دەبێتەوە. بەمانای، درێژەکێشانی هەلومەرجی ئێستای هەرێم، ناواقعییە. ناکرێت، بڵێین نابێ، بەلاّم ناشێت بشوترێت کە سروشتییە. واتە، هەلومەرجێکی ناوازەی خوڵقاوی دیفاکتۆیە، کە فاکتەرگەلێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری ڕاگریەتی.**

**ئەمڕۆ، زۆرێك لە بیریارانی سیاسی، لەسەر ئەوە کۆکن کە ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی نزیکی بە مۆدێرنەوە هەیە. بگرە، هەندێك بیرمەند بڕوایان وایە، بەبێ مۆدێرنە وئەو توانایانەی مۆدێرنە بەرهەمیدێنێ، ناسیۆنالیزم بوونی نابێ. چ نەتەوە چ ناسیۆنالیزم، وەك پرۆژەیەکی سیاسی کە پشت بە بوونی نەتەوە دەبەستێ، بەبێ مۆدێرنە وئەو کەرەستانەی مۆدێرنە بەرهەمیدێنێ،**

---

**[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٧٥**

ئەستەمە لەدایکبیٚ. چ نەتەوە چ ناسیۆنالیزم، پێویستیان بە بوونی کۆمەڵێك شت هەیە، کە تەنها مۆدێرنە دەتوانێت دابینیبکات. [1]

پێدەچێت، ڕەوڕەوەی مێژوو لای ئێمەی کورد، هێشتا نەگەیشتبیٚ بە دواقۆناغی کامڵبوون یاخود دوا مەنزڵگە. بەڵام، بەپێی پرەنسیپی دیالێکتیکی هیگڵیی، دەشێت لە ئەنجامی بەردەوامی وگۆڕانکاری دۆخە هاودژ وکۆدژەکان، دۆخێکی نویٚ بێتە کایەوە، کە دوا قۆناغی خودناسین وگەشەسەندنی ڕۆحی ڕەهایە. لێرەدا، پیرۆزترین وپڕبایەخترین یەکە دروست دەبێت کە یەکەی سیاسییە ( واتە دەوڵەت)، وخاوەنی دەسەلاٚت وسەروەری وئیرادەی ڕەهایە. هەڵبەت، دەوڵەت، بەرجەستەی ڕۆحی ڕەهایە، لەسەر زەوی. ئیدی، لێرەدا، ئیرادە وئازادی تاکەکان، بەرجەستە دەبێت. سەرەڕای ئەوەی، خودی نەتەوە وچەمکی نەتەوەییبوون بۆ ئێمەی کورد، لە دوای قۆناغی دەوڵەتی سەربەخۆ، بوون وئەرزشی زیاتر پەیدا دەکات. لەبەرئەوەی، پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ئەوە دەوڵەت وناسیۆنالیزمە نەتەوە دروست دەکەن. ئەمەش، پێچەوانەی تیۆری ماتریاڵیزمی مێژوویی مارکسە، کە بڕوای وایە، لە سیستمی کۆمۆنیزمیدا، دەوڵەت پاساوی بوون ومانەوەی نامێنیٚ. [2]

---

[1] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاٚوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، مانگی ٢/ ٢٠١٠، ل ٧- ٨

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧

هەرچەندە، لە سەردەمانێکی دواتردا، ئەم تیۆرەی مارکس ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستەکرا، سەبارەت بە هۆکاری ڕاوەستانی کتوپڕی جووڵەی دیالێکتیك، لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا. وەلێ، مەبەست لە یەکێتی سۆڤێتی جاران بووە، کە دەسەلأتدارانی دەستەبژێر نەیانتوانی دەستبەرداری دەوڵەت بن. بەڵکو، بەپێچەوانەوە، خودی دەوڵەت لەگەڵئەوەی درێژە بە مانەوەی درا، بوو بە دەستگایەکی داپڵۆسێنەری تۆتالیتاریش بۆ ململانێی چینایەتی. هەڵبەت، بەپێی ئەو تیۆرە، ئەو دەوڵەتەی کە چینی پرۆلیتار دەستیان بەسەردا دەگرت، دەبوو دواتر لێکهەڵوەشێ وبڕەوێتەوە، بەوەی ئامڕازی دەستی چینی سەرمایەدارە، بۆ ململانێ وچەوساندنەوەی چینێکیتر وسەرکوتکردنیان دروستبووە. بەلأم، دیفاکتۆ وداکەوتی ژیان ومێژوو، ئەوەی دەرخست کە ئەو دەوڵەتە دێوەزمەیە نەك هەر مایەوە، بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کرد. ئەمەش مانای، تیۆر وبۆچوونەکانی هیگڵ لەم بابەتەدا ڕاستتر دەرچوون نەك ئەوەی مارکس. هەرچەندە، هزری کۆمۆنیستی، ئەوەندە بڕوای بە دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، هێندەی بڕوابوونی بە نێونەتەوەییبوون. لەبەرئەوەی، بە بڕوای ئەوان دەوڵەتی نەتەوەیی، فیکرەی چینی بۆرژوایە.

دیاردەی نەتەوەییبوون، یەکێکە لە دیاردە گرنگ وکاریگەرەکانی ئەم دوو سەدەیەی دوایی جیهان، واتە سەدەی نۆزدە وبیست. دیارە، ئەم دوو سەدەیە، سەدەی سەرهەڵدان وبەهێزبوونی

لیبراڵیزم، دیمۆکراسی وسۆشیالیزم بووە. بەلآم، بزاڤەکانی نەتەوایەتی، شانبەشانی هەرسێکیان، بەردەوام لە دەرکەوتن وگەشە وپێشڕەویدا بوون وهاوچەرخی هەرسێکیان بوون.[1] ئاشکرایە، گەلان، بۆئەوەی ببنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لە هەلومەرج وقۆناغی جیاجیادا، ولە ڕێی چەندین پرۆژەی نەتەوەییەوە ئەو کارەیان بەئەنجام گەیاندووە. خۆ ئەگەر، نەتەوەییبوون، بە بڕوای کەسانێکیتر، حاڵەتێکی فەنتازیاش بێ، ئەوا لە ئێستادا بووەتە دیاردەیەکی بینراو وهەستپێکراو. بەلآم، لێرەدا قسە لەسەر دەوڵەتی پێش نەتەوەییبوونە، کە دەبێتە داینەمۆ ونوێکەرەوە وخوڵقێنەری خودی نەتەوە، وخاڵی هاوبەشی بابەتگەلی ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییە.

وەك ئاماژەمان پێدا، بە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەشێت دەسەلآت بەمۆدێرن بێ. واتە، باشتر وایە کە دەسەلآت خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بگونجێنێ وهاوجووت بێ لەگەڵیدا. تاوەکو، ڕەوایی ودیمۆکراسی ویاساییبوون بەدەستبهێنێ. بەمەش، جۆرێك لە هاوتەریبی لەگەڵ مۆدێرنیتەی دووەمدا لە داهاتوودا، دروست دەبێ. ئەوجا، خودی چەمکی (نەتەوەی کورد)، مانای ڕاستەقینەی دەبێ. بەمەش، (ڕۆژانە خودسەلماندنی بەردەوام) دێتە کایەوە. واتە، کامڵبوون وبەئەنجامگەیاندنی پێناسەی خودییانەی نەتەوە، کە

---

[1] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧

یەکێکە لە کێشە گەورەکانی کورد.

پرۆژەی بەنەتەوەییبوون، پاش ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، کارگەلی سەرجەم چین وتوێژەکانی دەوێ. بەتایبەت، نوخبەی کورد، لە بوارە جیاجیاکان. هەروەك چۆن، بزاڤی نەتەوەیی کورد، لە کاتی خۆیدا -لە ئەگەر وگریمانەی دەوڵەتی کوردیشدا-، بێوچان هەوڵی ئازادی وسەرفرازی لە چوارچێوەی خەبات وکوردایەتیدا، بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوە. ئەمەش، مانای سەرخستنی فەرهەنگی نەتەوەیی کوردییە. لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە ئەگەری ئەو ڕاگەیاندنە گریمانەییە، دەبێتە ئامانجی عەقڵانی تاکی کورد، وێڕای نەخشاندنی کوردایەتی -ناسیۆنالیزم- وئیرادەی گشتی. واتە، بەم هەنگاوە، کورد ئامانجی عەقڵانی خۆی دەپێکێ، کە چەشەکراوە بە دوالیزمی ئیرادە وفەرهەنگ. هەربۆیە، وتراوە (ناسیۆنالیزم عەقڵگەراییە).[1]

کۆتا وەڵام، بۆ ئەم پرسگەلە، ئەوەیە کە لەگەڵئەوەی مێژووی دووسەد ساڵەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، بمانەوێ ونەمانەوێ، مۆرکی جۆرێك لە توندوتیژی وپاکتاوی ڕەگەزیی وسەنتراڵیزم ودیسپۆتیزم ومیلیتاریزم وڕاسیزمی پێوەیە. بەڵام، مەرج نییە، ئەو دەوڵەتە کوردییە گریمانەییە، خاوەنی ئەو کۆمەڵە دەستەواژە نێگەتیڤانە بێ. بەوەی، سەردەمی ئێستا، سەردەمی دوای شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ز) نییە، بەڵکو سەردەمی

[1] ئاسۆ: ژمارە (٧٧٧)، پێنجشەممە، ٢٤/ ٧/ ٢٠٠٨، ل ٤

گڵۆباڵیزەیشن ودیمۆکراسی ولێکبوردن وپۆست مۆدێرنیزم وپلوراڵیزم وتەکنۆلۆژیایە. لە ئێستادا، شیمانەی ئەوەش دەکرێ، کە سەرجەمی هزرە فەندەمێنتاڵیزم وکۆنزەرڤاتیزم ودۆگماتیزم ودیماگۆجی وتۆتالیتێرەکان، چیتر نەتوانن لە داهاتوودا پەرە بە بوونی خۆیان بدەن، لەسەر ئاستی جیهانیی، وتووشی فراژووتن ببن. هەربۆیە، پێناچێت ئەو دەوڵەتە کوردییە گریمانەییە، ئەوانەی بەسەردا بچەسپێ، یاخود دەوڵەتێکی نەتەوەپەرستی توندڕەو دەربچێ. لەبەرئەوەی، کورد زۆر بە باشی لە مانای پاکتاو ونەتەوەپەرستی وڕەگەزپەرستی تێگەیشتووە ولە هەلومەرج ونێوکۆی سەردەمی مۆدێرنیتەی دووەمدایە، کە لەوانەیە ئەو سەردەمەش تێبپەڕێنێ. لە ئێستادا، گەلی کورد بە گشتی وهەرێمی کوردستان بە تایبەتی، جارێکیتر بوونەتەوە شوناس ولانکەی مرۆڤایەتی، هەروەك چۆن پێشتر لە مێژوودا کوردستان بە لانکەی دروستبوونی مرۆڤایەتی ناسراوە. داتا دێکۆمێنتەرییەکان، گەواهی ئەو ڕاستییەش دەدەن، کە چۆن خاکی هەرێم لە ئێستادا بووەتە پەناگەیەکی ئارامی سەدان هەزار ئاوارە.

## مەترسییەکان:-

- **مەترسییە دەرەکییەکان:-**

**لە سۆنگەی بابەتەکە ومەترسییە دەرەکییەکانەوە بۆ سەر خودی هەرێم، دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە گەورەترین مەترسی دەرەکی، گەر بەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، دەشێت خۆی لە داخستنی سنوورەکان بە ڕووی هەرێمدا وپچڕاندنی تێکڕای پەیوەندییە دەرەکییەکان وڕاگرتنی سەرجەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان وهێنان وهاتنەناوەوەی تیرۆریستان وسوپای داگیرکەری سێ وڵاتە تەقلیدییەکە – عێراق وئێران وتورکیا– بۆسەر سنوورەکانی هەرێم ببینێتەوە. هەرچەندە، ئەمە ئەگەرێکی تاڕادەیەك لاوازە، بەوەی بەرژەوەندییە دوولایەنەکان، لەم سەردەمەدا بڕیاردەری کۆتایین لەو پرسەدا. وێڕای ئەوەی، پێناچێت عێراق بەو کارە هەستێ، یاخود توانای ئەوەی هەبێ. لەبەرئەوەی، قەوارە وپێگەی هەرێم لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، بە تایبەت بە پێی ماددەی (١١٧) (بڕگەی یەکەم)، جێگیر وپارێزراوە ودەستوور ڕێگە نادات سەرپێچی یاسایی بکرێت. ئەوە ئێرانیشە، هەڵاوسان وسزا ئابووری وسیاسییەکان وئاریشە ناوخۆییەکان، بێزاری کردووە. هەرچەندە، ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئێران بوون وئامادەباشییەکی بەهێز وتەواوی نەك لە عێراق بگرە لە سووریا**

ولوبنان ویەمەن وبەحرێن وزۆر ناوچەی تریش هەیە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، داگیرکاریی وسنوور داخستنی تەواوەتی، دەشێت قورس بێت. لەبەرئەوەی، کاریگەری وئاڵوگۆڕی بازرگانی وبەرژەوەندییە ئابوورییەکان ئەوە ناڵێن. وەڵێ، تورکیاش، سەرباری ڕێککەوتننامەی دوو قۆڵی، تازە بە تازە نەوتی هەرێم بە (زەیتی زەیتوون) ناودەبا ودەچوێنێ. بەڵام، لێکتێگەیشتنی ئەمدواییەی داود ئۆغلۆ وعەبادی، بێدارمان دەکاتەوە لە بێخەمیی وپێمان دەڵێ لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، ودەشێت خراپترین سیناریۆ ڕووبدات.

ئەوانەی ئاماژمان پێدان، ڕاستین. بەڵام، سەرباری ئەوەش، لەوە ڕاستتر ئەوەیە کە وڵاتانی دەرەوە لە ئێستادا تا ڕادەیەك دڵنەواییمان دەکەن. لەبەرئەوەی، باش دەزانن کە گەلی کورد بە گشتی وهەرێم بەتایبەتی، لەبری ئەوان شەڕی تیرۆری نێودەوڵەتی دەکەن. ئەوانە، لە هەوڵی ناردنی بڕێکی باشی چەك وتەقەمەنین بۆ هێزی پێشمەرگە، گەرچی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەغداشەوە پێمان بگات. بەڵام، داکۆکیکردن وبوونی کونسوڵگەریی وکۆمپانیاکانیان، جۆرێك لە ئارامیمان پێدەبەخشن. چکاوەی مەبەست، بەو وتەیەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ئۆباما) کۆتایی پێدەهێنم، کاتێك داعش نزیکببوەوە لە هەولێر ومەترسییەکی گەورەی

دروستکرد، ئەویش ڕاستەوخۆ هاتە سەر هێڵ و وتی: "هەولێر هێڵی سوورە."[1]

وەك ئاشکرایە، هەرێم، باشترین بازاڕە بۆ ساغکردنەوەی کالاّ ئێرانی وتورکییەکان. ئەدی، چلۆن حکومەتەکانی ئەو دوو دەوڵەتە، هەڵەی کوشندەی وەها دەکەن، ئەوە هەرگیز کارێکی ئاوەزمەندانە نییە. شیاوە، گەر فشاری قورس وبەهانە وپێداگریی لەسەر زۆر بابەتی هەستیار وچارەنووسساز بکەن، هەوڵی کۆنترۆڵی ئابووری هەرێم، بەتایبەت لە بواری وزەدا بدەن، بەلاّم خودی ئەو دەوڵەتە کوردییە گریمانەییەی مەبەستمانە وجەوهەری بابەتەکەیە، مەرج نییە بەو شێوەیە بۆ هەموو داواکاریی وفشارگەلەکان ملکەچ بێت (گەر ئیرادەی هەبێ). لەبەرئەوەی، ئەو کاتە خودی ئەو دەوڵەتە گریمانەییە، دەبێتە خاوەنی سەروەریی وشوناسێکی نەتەوەیی وئیرادەیەکی شکۆدار. دەشێت، دەستێوەردانی دەرەکی وئیقلیمی بە تەواوی ببینرێ، بەلاّم مەرج نییە بگاتە ئاستی پێشێلی سەروەریی.

سەربار، هەرێمی کوردستان، کە لە ئاییندەدا دەبێتە میراتگری ئەو دەوڵەتە ئاماژەپێکراوە، وێڕای پێگە وخاکێکی ستراتیژی، خاوەن نەوت وگازی سروشتیشە، کە دەتوانێت وەکی کارتی فشار ئەگەر ئیرادەی هەبێ، لە بەرانبەر دەوڵەتانی دەرەکی

---

[1] واشنطن مستعدة للعودة الى العراق: أربيل خط أحمر!: موقع الاخبار، ٩/ آب/ ٢٠١٤، www.al-akhbar.com

بەكاری بهێنێت. ئەمە، لە كاتێكدایە كە ئێستاكێ گواستنەوەی نەوتی هەرێم لەلایەن بۆریگەلی خۆماڵییەوە بۆ توركیا لەكاردایە.[١]

بێمكووڕیكردن، ولاٚتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، لەگەڵئەوەی مەرج نییە بە ئاسانی دان بەو دەوڵەتەدا بنێت، بەلاٚم لە كۆتاییدا وبە لەبەرچاوگرتن وهەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەكانی، دەشێت ملكەچی دیفاكتۆ ودواتریش ڕایگشتی ولاٚتەكەی وفاكتەری بلاٚوبوونەوەی نەبەردیەكانی پێشمەرگە ببێت ودێمۆكراسیەتیش كاریگەریی خۆی بنوێنێ. هەرچەندە، لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەكی ئەمریكا، زیادكردنی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقە، تاوەكو بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی خوازراو لەگەڵ ولاٚتە گەورەكانیتری بەرهەمهێنەری نەوت. ئەوەش، بە ئامانجی بەدەستهێنانی سەقامگیری بازاڕەكان لە دۆخی ئاسایی ونائاساییدا.[٢] جا لەبەرئەوەی، هەرێمیش، لە نێو ئەو نەخشەی بەرژەوەندییەدایە وخاوەنی یەدەگێكی زۆری نەوت وگازە ولە ئێستاشدا بەشێكە لە عێراق، بۆیە پرۆژە سیاسییەكان وپلانە ستراتیژییەكانی ڕۆژهەلاٚتی ناڤین وهاوكێشەكان بەلایەكیتردا دەشكێتەوە، كە دواجار بەرژەوەندی خودی هەرێمی تێدایە.

حكومەتی هەرێم (گەر ئیرادەی هەبێ)، باش لەو ڕاستییە گەیشتووە، كە دەتوانێ یاخود لە توانایدایە، بابەتی نەوت وگاز وەك كارتی فشار لە بەرانبەر فشارە دەرەكییەكانی بەغدا بەكاربهێنێ.

---

[١] هاولاٚتی: ئابووری، ژمارە (١٠٣٦)، پێنجشەممە، ١٨/ ٤/ ٢٠١٣، ل ٦

[٢] هاولاٚتی: ئابووری، ژمارە (١٠٢٠)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٨

باشترین نموونەش، وەستاندنی هەناردەکردنی بەشەنەوتی هەرێم بوو بە بۆریدا، بۆ بازاڕەکانی دەرەوە، لە ڕابردوودا. ئەمە وێڕای، بەستنی چەندین گرێبەستی ئازادانە، لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانییەکانی وەبەرهێنانی نەوت.[1]

ئێستای هەرێم، بوونی زیاتر لە (٢٢) کونسوڵگەری وچەندین کۆمپانیای بیانی وچەندین پرۆتۆکۆل وپەیوەندی دوولایەنە وکرانەوەی زیاتری هەرێم بە جیهانی دەرەوەدا، هەروەها زیاتر ناسینی گەلی کورد وهەرێم وشۆڕەتی پێشمەرگە وجینۆساید وئەنفال ونەهامەتییەکانی لەسەر ئاستی جیهانی، ئەوەمان پێدەڵێن کە خودی هەرێم بەرەوپێشچوونی زیاتر بەخۆوە دەبینێ، وێڕای ئەوەی لەچاو ناوچەکانیتری عێراقدا، پێگەیەکی ئارامیشە بۆ بەرژەوەندی ئەوان. لەبەرئەوەی، ئاشکرایە کە سەرمایەداریی ترسنۆکە وناچێتە شوێنی مەترسیدارەوە. هەربۆیە، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا، بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەرێمدا بوونیان هەیە وکێبڕکێ دەکەن، بەوەی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی هەیە. ئەمە، وسەرباری سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە بواری وەبەرهێنان وگرێبەستەکاندا، کە دواجار قازانجێکی زۆر بە بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایانە دەگەیەنێ.

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک) دەری دەکا، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١٢، ل ٤٧- ٤٨

هەرچەندە، لە ئێستادا سیاسەتی وەبەرهێنانی هەرێم، وێڕای سوود گەیاندنی خودیی، مانای سوود وقازانج گەیاندنیشە بە ئەوان. بەڵام، لە بەرانبەریشدا، پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ئیقلیمی، ناوخۆیی ودەرەکی بەهێز دەکات. بەو پێودانگەی، ڕێژەی زیادی قازانج لەو گرێبەستانەدا، بوونی ئەو کۆمپانیا گەورانە لە هەرێم زیاد دەکات. ئەمەش وادەکات، هەر هیچ نەبێت، لەبەر بەرژەوەندی خۆیان پارێزگاری لە بوونی خۆیان بکەن. بە مانایەکیتر، پارێزگاریکردن لە خۆیان، پارێزگاریکردنە لە هەرێم. بەوەی، ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە، بۆ ڕۆژ ودوو ڕۆژ کارکردن نەهاتوونەتە هەرێم، بەڵکو کارێکی سوود بەخش ودرێژخایەنە.

هەڵبەت، ئەوە بەرژەوەندییەکانە، کە وا لە کەسێکی وەك ئەردۆگان دەکات لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی (CNN)ی تورکیدا، ئاماژە بەوە بدات کە: "سەرقاڵی ئەنجامدانی گرێبەستێکی بازرگانین، لەگەڵ کوردستاندا." هەر لە میانەی ئەو دیدارەدا، ناوبراو ئاماژەی بەوەش دابوو کە: "حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی دەستووری عێراق، مافی خۆیەتی مامەڵە بە بەشێك لەو سەرچاوانەی وزە بکات، لەگەڵ هەر دەوڵەتێك کە خۆی دەیەوێت."[١]

ئایا، هەموو ئەوانەی باسکران، ئەوە ناگەیەنێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی دەرەوە وبە شێوەیەکی شاراوە (ضمني) دانپێدانراوە؟ ئایا، ڕێژەی بەرزی سوود وقازانج، کە

[١] هاوڵاتی: ئابووری، ژمارە (١٠٢٢)، یەکشەممە، ٣١/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٩

کۆمپانیاگەلی بیانی لە هەرێم بەدەستی دێنن لە سەرجەم بوارەکاندا، ڕێگە بەوە دەدات کە ڕێچکە وئاڕاستەی بەرژەوەندی خۆیان تێکبدەن؟ چ شتێك لەوە باشترە، گەر هەرێمی کوردستان ببێتە بازاڕێکی زەبەلاحی ساغکردنەوەی کالاّ وخزمەتگوزارییە بیانییەکان. ئایا، ئەو ولاّتانە، ستراتیژی ئاسایشی ئابووری خۆیان لەسەر بەردەوامیی کار وهەناردەکردن بۆ هەرێم دانەڕشتووە؟

شرۆڤەکارانی سیاسی، پێیانوایە کە لە نێوان سالاّنی (١٩١٦ز) و(١٩٢٢ز) دا، ولە نێوکۆی دانوستانەکانی یزە ئەوروپییەکاندا، سنوورەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەستنیشان کران. بەلاّم، ئەم سنوورگەلە، جارێکیتر ولە سەدەی بیست ویەکدا ڕەنگڕێژ دەکرێتەوە، بەلاّم لەسەر بنچینەی هێز وجەنگ وسنووری خوێن وڕاپەڕینە جەماوەرییەکان. سەرەتا، ئەم بۆچوونە، لەگەلّ داگیرکارییەکانی هێزە ئەمریکییەکان بۆ سەر عێراق، بەر لە دە سالّ لەمەوبەر دەستی پێکرد. دیارە، بە تێکشکاندنی ڕژێمی بەعسیزم وسەنترالّیزم کۆتایی هات، کە لە هەمان کاتدا خولّقێنەری چەند پێگەیەکی ڕەگەزییش بوو. دوابەدوای ئەمە، پاشەکشەی ئیسرائیل لە کەرتی (غەززە) دەستیپێکرد، کە ئەمەش ڕۆلّێکی سەرەکی بینی لە سەپاندنی دەسەلاّتی (بزوتنەوەی حەماس) ودواتریش دروستبوونی دەولّەتی (یان ئیدراەی) دیفاکتۆ. هەر بە بڕوای شرۆڤەکاران، ئینجا بابەتی ڕیفراندۆم لەسەر پرسی دابەشکردنی سۆدان هاتەکایەوەن کە دەرەنجامێکی بەرچاوی هەبوو. دیارە، ئەم

پرسە پەلەی تێدا کرا، کە هاوکات بوو لەگەڵ لەدایکبوونی بەهاری عەرەبی وهەڵگیرسانی شۆڕشگەلی زۆرێك لە ولأتانی عەرەبی، کە هێشتا لە سەرەتادا بوو.

لە نێو ئەم کۆمەڵە شرۆڤەکارە سیاسییانەدا، کەسایەتی (پاراگ خانا)، * کە لێکۆڵەرێکە لە (دامەزراوەی ئەمریکای نوێ)دا کاردەکات، لە کتێبە نوێیەکەیدا بە ناوی (چۆن جیهان بەڕێوەببەین؟)، کە لەلایەن (خانەی بلأوکردنەوەی ڕاندۆم هاوس)ەوە وپێش هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی میسر وتونس، بلأوکرابووەوە، پێشبینی ئەوەی کردبوو، کە لە چەند دەیەیەکی کەمی داهاتوودا، ژمارەی دەوڵەتانی سەربەخۆی خاوەن سەروەری، لە (٢٠٠) دەوڵەتەوە دەبنە (٣٠٠) دەوڵەت. ناوبراو، بەهۆی ئەم دابەشبوونەوە، ئەم قۆناغەی ناونابوو (قەیرانی پاش ئیمپریالیزم). لەبەرئەوەی، زۆرینەی ئەو دەوڵەتانە، لە منداڵدانی کۆڵۆنیاکانی پێشووەوە لەدایك دەبن. [١]

هەموو ئەم باس وشرۆڤەکارییە، بۆئەوە بوو کە بڵێین لەسەر ئاستی دەرەکی، مەترسییەکان گەرچی زۆریش بن، بەلأم تروسکەی

* پاراگ خانا: نووسەر ولێکۆڵەرێکی ئەمریکی بەڕەگەز هندییە، بەڕێوەبەری پەیمانگای (داکەوتی دووڕەگ- الواقع الهجين)ە وگەورە هاوڕێی دامەزراوەی ئەمریکای نوێیە. هەروەها، پسپۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. خاوەنی کتێبی (جیهانی دووەم)، (چۆن جیهان بەڕێوەببەین؟)، (واقیعی دووڕەگ)ە.

[١] ألوف بن وفرانك جاكوبس وباراج خانا ورالف بيترز: الشرق الاوسط خرائط جديدة ترسم، مصدر سابق، ص ٦

هیوای ئایینده، هێنده بوونی هەیە کە تارمایی وشەوەزەنگی ناڕۆشنیی ودڵەڕاوکێ بڕەوێنێتەوە.

- **مەترسییە ناوخۆییەکان:-**

کرۆك ومەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە، لێرەدا چڕ دەبێتەوە، کە خۆی لە پرسی مەترسییە ناوخۆییەکاندا دەبینێتەوە، کاتێك بەرۆکی هەرێم وحکومەتەکەی دەگرێتەوە. هەربۆیە، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە کار وداڕشتەی جدی وبەپەلە بگرێتەبەر. سەرەتا، ئەم مەترسییانە لە نەبوونگەلێکدا دەخەینە ڕوو، کە زۆر پێویستە حکومەت کاری زیاتری لەسەر بکات، مادامەکی پرسێکی نەتەوەیی ونیشتمانیی وامان لە پێشە، کە تایبەتە بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی خاوەن سەروەری چاوەڕوانکراو. جا لەبەرئەوەی، ئەو دەوڵەتەی ئێمە چاوەڕوانین، دەبێت پایەکانی هێندە تۆکمە بن، کە بەرگەی سەرجەم فشارە دەرەکییەکان بگرێت، کەواتە کارێکی تاقەت پڕوکێنی لێمان دەوێت، کە تەواوی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، بە حاکم ومەحکوومەوە بەشداربن تێیدا. ئەمەش، ئەو خاڵبەندییەیە کە هەڵوێستەکردن لەسەری گرنگە:-

١- نەبوونی یەکدەنگیی ویەکڕیزیی ویەکهەڵوێستیی وناڕێکی ماڵ ولۆبی کوردی

٢- نەبوونی گوتاری نەتەوەیی وزمانی ستاندارد ولاوازیی پرۆژەی نەتەوەیی
٣- نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە وشەفافیەت وپلان بۆ داهاتوو
٤- زاڵبوونی ئەقڵییەتی خێڵایەتیی وناوچەگەریی وحزبایەتیی
٥- لێڵی ماف وئازادییەکانی تاکی کورد
٦- چەقبەستوویی دێمۆکراسی سیاسیی وناسیستماتیکیی پرۆژە وکارنامەی حکومەت

لێرەدا، قەیرانگەل وکێشەکانمان بەم چەند خاڵە خستە ڕوو، کە دەشێت خاڵبەندییەکی زۆرتریش لەخۆ بگرێت. بەڵام، گرنگترین کار، زووترین چاکسازی وزۆرترین دەرەنجامە. لە بەشەکانی داهاتوودا، هەوڵ دەدەین ئەم خاڵبەندییانەی ئاماژەمان پێدا، لە ڕوانگەی کۆمەڵێك فەیلەسووف وبیرمەندەوە شرۆڤەکاریی بۆ بکەین. یاخود، وێنای ئاریشەگەلی هەرێم وهەنگاوی دەربازبوون لە کلاوڕۆژنەی ئەوانەوە بکەین، تاوەکو لە گرێکوێرە وکێشەگەلی نێوخۆی هەرێم تێبگەین وگونجاوترین وخێراترین چارەسەر بخەینە ڕوو.

هەڵبەت، پێشتر ئاماژە بەوە درا، کە بۆچوونێك هەیە وپێیوایە، ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، سیاسەت لەلایەن هێزی سیاسی نەك دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەڕێوەدەچێ. وێڕای ئەوەی، هەمان بۆچوون لەو بڕوایەدایە، کە تا هەنووکەش ئەو هێزە سیاسییانە نە بوونەتە دەسەڵاتی سیاسی، وە نە خاوەنی سەروەری

سیاسین. بەمانای، ئەم هێزە سیاسییانەی کە ئێستا حوکمڕانی کوردستان دەکەن، دەسەڵاتی سیاسی سەروەر نین.

بێگومان، لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێك بوونی هەیە، کە خۆشبەختانە لە ڕێگای هەڵبژاردن وپارلەمانەوە هاتووەتەدی. واتە، مەجی یەکەمی دیمۆکراسیبوون، لەم دەسەڵاتەدا بەدی دەکرێت. بەڵام، بە داخەوە مێژووی زیاد لە بیست ساڵەی حوکمڕانی کوردی، ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەو مێژووەوە لایەنی هەژموونخوازی ودەسەڵاتپەرستییان بە پلەی نایاب بەدەستهێناوە. گەرچی، لە دوای هەڵبژاردنی (٢٥/ ٧/ ٢٠٠٩ن)یەوە، ئەم دەسەڵاتە لە هەژموونخوازی ودەسەڵاتپەرستییەوە هێدی هێدی بەرەو شێوەی حوکمڕانیی (نەك سیستمی) لیبڕاڵی دیمۆکراتی هەنگاو دەنێت.[١]

یەکێك لە وانەکانی مێژوو، جەختکردنە لەوەی: هەر دەوڵەتێك، سیستمێکی حوکمڕانی، حکومەتێك یان حزب ولایەنێك، گەر بیەوێت لە پێگەی جوگرافی خۆیدا، ئایدیۆلۆژیایەك، مەزهەبێك، سیستمێك، شێوازێکی حوکمڕانی لۆکاڵی یان هەر جۆرە شوناسێك بسەپێنێ، ئەوا بێمکووڕی لە داهاتوودا، پێچەوانەی ئەو هەوڵانە دەبێتە گوڵەوەچنە. بە مانای، هەر دەسەڵاتێك لە ڕوانگەی

---

[١] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، نیسان ٢٠١٢، ل ٢٧

بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیەوە، نەك بەرژەوەندی گەل ونیشتمان، پێداگری لەسەر چی بکات، ئەوا پێچەوانەی ئەوە دەچنێتەوە. لەبەرئەوەی، شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە هەموو دەسەلاَتێك بێئەوەی بەخۆی بزانیٚ، تۆوی فراژووتنی خۆیی لە هەناوی خۆیدا حەشارداوە. بە مانایەکیتر، وبەپێی "یاسای گۆڕان یان پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ،" هەموو حاڵەتێکی ئاڵۆز، تۆوی ناکۆکی ودارمانی خۆیی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.[1]

وەك پێشتر ئامارژەمان پێدا، کەسێکی وەك مارکس، لەم ڕوانگەیەوە ولە بەرەوپێشچوونی مێژووییەوە، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بەپێی فەلسەفەی (ماتریاڵیزمی مێژوویی)، "هەموو سیستمێکی کۆمەلاَیەتی، لە ناو خۆیدا هۆکاری لەناوچوونی خۆیی هەڵگرتووە." ناوبراو، جەختی لەسەر ئەوەش کردبوو، کە لە هەموو سیستمێکدا هێزی دژ دروست دەبێت، ولەگەڵیدا دەکەوێتە ململانیٚ، تا لەناوی دەبات وڕایدەماڵێت، پاشان لە جێگەیدا سیستمێکی نویٚ دادەمەزرێنێت. لە ناو ئەم سیستمە نوێیەشدا، هێزی نەیاری دیکە دروست دەبێت، کە بە گژ سیستمەکەدا دەچێتەوە تاوەکو لەناوی دەبات ولە شوێنی ئەو سیستمێکی تازەتر دێنێتە ئاراوە..[2]

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لبە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤– ٣٠٥

لە ڕاستیدا، سەرەڕای نەسەپاندنی هیچ جۆرە شوناسێك، هەڵبەت ئەوە بەشداریکردنی سیاسییە، کە دەبێتە یەکێك لە مەرجگەلە سەرەکییەکانی سەرخستن وبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا، لە ڕووی سیاسی وئابووری وکۆمەلاّیەتییەوە، وفاکتەرێکی زۆر گرنگیشە لەبۆ بەدیموکراتکردنی کۆمەڵگا. ئەمە، ویڕای ئەوەی پایەکانی ئەو حکومەت ودەسەلاّتەش، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تۆکمەتر ویاساییتر وڕەوابوونی زیاتر بەخۆوە دەبینیّ. واتە، هیچ کۆمەڵگایەك، بەبیّ بوونی دەسەلاّتێکی دادپەروەر وئازادیخواز، ناتوانیّ بە گوزەر بەرەو دیموکراسی شادبیّ. دیارە، هەر دەسەلاّتیشە، دەتوانێت لە ناو کۆمەڵگادا ببێتە دیکتاتۆر وتۆتالیتار، بەلاّم هەرگیز تەمەن درێژ نابیّ.

لە ساتە وەختی دروستبوونی دەوڵەتانی عەرەبیدا، ناسیۆنالیزمێکی توندڕەو تینوو بە سۆسیالیزم بووە شوناسی زۆربەیان، ئیدی ڕۆحێکی دیسپۆتیزمانە ئاوێزان بە جەستەیەکی تۆتالیتێرانە کرا بە بەریاندا. هەرچەندە، سەرکردە کاریزماکانیان، بانگەشەی هزری سۆشیالیزم ودیموکراتی وکۆمەڵگای مەدەنی وپێکەوەژیان ویەکسانی ودادپەروەرییان دەکرد. کەچی، ئەمڕۆ واقیع، دەقاودەق پێچەوانەی ئەوانە دەخاتە ڕوو، بەوەی ئەو بانگەشانە تەنها ڕووکەش ودیکۆر بوون. هەربۆیە، ئەوەی بەرچاو دەکەویّ ئەوەیە کە نەتەوەگەرایی گۆڕدراوە بە ئیسلامگەرایی، خەونی دەوڵەتێکی گەورەی یەکگرتووی نەتەوەیی عەرەبی لەپێشڕا،

گۆڕدراوه بە خەونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەرتاسەریی ئیسلامیی. بگرە، خەون بە پانئیسلامیزم وجیهانێکی ئیسلامییەوە دەبینرێ. مانای، ئەو شوناسەی پێشتر خواست لەسەری بوو، وە دەیانویست بیکەنە ئایدیۆلۆژیا وپیرۆزی بکەن، دواتر هەر بە بەرچاوی خۆیانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات. پێدەچێت، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو ململانێی چینایەتییەوە ڕێچکەی گرتبێ کە مارکس باسی دەکات. گرامشی * وتەنی: "تا ئەو کاتەی، دەوڵەتی چینایەتی

---

* ئەنتۆنیۆ گرامشی: فەیلەسووف وتێکۆشەرێکی مارکسی ئیتالی بوو. ساڵی (١٨٩١ز) لە شارۆچکەی (ئالیس)ی سەر بە دوورگەی (ساردینیا)ی ئیتالیا لەدایك بووە. پاش ئەوەی خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات، ئیدی کۆلێژی ئاداب لە (تۆرینۆ) دەخوێنێت. ناوبراو ساڵی (١٩١٦ز) وەك ڕەخنەگرێکی شانۆکار کار دەکات. کاتێك پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا دادەمەزرێت، گرامشی پەیوەندییان پێوە دەکات، بە شێوەیەك کە دواتر دەبێتە ئەندامێکی باڵای ئەو حزبە. لە ساڵی (١٩١٧ز)دا لەگەڵ کەسێکیتر بە ناوی (تۆلیاتی) گۆڤاری (سیستمی نوێ) دەردەکەن، بەڵام لە مانگی (تەموزی ١٩١٩ز) دا بۆ یەکەمجار دەستگیر دەکرێ. ساڵی (١٩٢١ز) خۆی وکۆمەڵێکیتر لە هاوەڵانی (پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی) دادەمەزرێنن، دواتر ولە ساڵی (١٩٢٤ز) دا وەك جێگری سەرۆك ودواتریش وەك سەرۆکی جێبەجێکاری ئەو حزبە هەڵدەبژێردرێ. بەڵام لە (٨/ ١١/ ١٩٢٤ز) وبە فەرمانی (مۆسۆلینی) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ گرامشی دەستگیر دەکرێ. بەهۆی بیروبۆچوونەکانیەوە، ناوبراو لە زینداندا پچڕانی پەیوەندییەکانی بە (ستالین)ەوە ڕادەگەیەنێ، هەر لەوێش شاکاری (نامیلکەکانی زیندان) دەنووسێ. لە (٢٦/ ٤/ ١٩٣٧ز) دا بۆ دواجار ماڵئاوایی دەکات.

دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، کۆمەڵگای ڕێکخراو، ناتوانێت ئامادەگی هەبێت." [1]

هەڵبەت، ئەو دیمۆکراسییەی کە ئێستا لە هەرێمدا هەیە، گەر توانیبێتی ژیانی سیاسی یان شێوازی دیاریکردنی دەسەڵات وپەیوەندییەکانی دەسەڵاتدارێتی، دیمۆکراتیك بکات، بەڵام مەخابن نەیتوانیوە یان نایەوێت ئەم دیمۆکراسییە سیاسییە لانیکەمە، بەرەو دیمۆکراسی لانی زۆری کۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگی بەرێت. بێگومان، ئەمەش بەوە دەبێت کە دەسەڵاتی دەستووری ویاسایی، مافەکان وئازادییەکان ودادپەروەری کۆمەڵایەتی وبەشداری سیاسی وگشتی فەراهەم بکات، وتاك وخەڵك لەم بەرهەمانەی دیمۆکراسی بێبەش نەکات. [2] چونکە، ئەوە دەستوورە، کە ئەو مافانە وئەو ئەرکانە وتەنانەت دەسەڵاتەکانیش دیاریدەکات بە دەق. وەڵێ، ناکرێ وێنای کۆمەڵگایەکی سیاسی مۆدێرن بکەین، بەبێ بوونی دەستوور. لەبەرئەوەی، دەوترێت دەستوور بریتییە لە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی. ئەمە، وێڕای ئەوەی هیچ گەلێکی ئازاد بەبێ دەستوور ناژی.

---

[1] ئەنتۆنیۆ گرامشی: دەوڵەت وکۆمەڵگەی مەدەنی، و: مامەند ڕۆژە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، زنجیرە (٥٣)، چاپخانەی تیشك– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١١٥

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، کانوونی دووەمی ٢٠١٢، ل ٢١– ٢٤

ئیتیك وئیستاتیكای دەسەڵات، ئەوەمان پێدەڵێت كە گرنگ نییە حكومەت بەدەست كێیە، چ پارت وهێزێكی سیاسی بەڕێوەی دەبا، زۆرینەی دیمۆكراسی وهەڵبژێردراو یان كەمینەی ئەرستۆكراتی وئۆلیگارشی وكۆنزەرڤاتیزم وفەندەمێنتاڵیزم حوكم دەكا؟ بەڵكو، گرنگ ئەوەیە ئەو حكومەتە تا چەند كار بە یاسا دەكات؟ ئاخۆ، لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەكی، تا چەند توانیویەتی ڕەوایی بەدەستبهێنێ ویاسا پەیڕەو بكات وكۆمەڵگای مەدەنی ودیمۆكراسی لانی زۆر ویەكسانی ئابووری فەراهەم بكات؟ تا چەند توانیویەتی دادوەریی كۆمەڵایەتی دەستەبەر بكات؟ لەبەرئەوەی، مێژوو، ئاماژە بەوە دەدات كە زۆرجار زۆرینەی هەڵبژێردراو لە كۆتاییدا دەبنە زۆرینەی ئەنارشی ومیلیتار ودیكتاتۆر، هاوشێوەی ئەڵمانیای سەردەمی هێتلەر ویەكیەتی سۆڤێت وچینی سەردەمی ماوتسی تۆنگ وكۆریای باكووری ئێستا وچەندینیتر.

لە بەشەكانی پێشوودا، ئاماژە بەوە درا، كە لەسەر حكومەتی هەرێمە ئەركی خۆی لە ماف وخۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان جێبەجێ بكات وهەوڵی بەهێزكردنی هەژموونی خۆی بدا، بەوەی هێزی سیاسی فەرمانڕەوا بكاتە دەسەڵاتی سیاسی تۆكمە وڕاستەقینە. واتە، لەسەر هەرێمە كە لە ڕوانگەی "هەژموونەوە" هەوڵی خۆپتەوكردن بدات، بۆئەوەی بەسەر ناكۆكیی وململانێی ناوخۆیی ولە بەرانبەر داهاتووشدا خۆڕاگر بێت. بەڵام، ئایا ئەم كارە لە ڕێگەی حكومەتێكی كەمتەرخەمەوە دەبێت، یان حكومەتێك كە

هەوڵی ئازادی وخۆشگوزەرانی وپەیڕەوکردنی یاسا سەردەفتەری کارەکانی بێت ؟ هەڵبەت، مەبەست دووەمە.

دەبێت، هێز یان هەژموون، تەنها لە دەستی حکومەتی یاسا ومافەکاندا بێت، وئەو پرەنسیپە هێزدارییە بەرهەم بهێنێت کە کۆمەڵناسی ناوداری ئەڵمان، ماکس ڤێبەر، ناوی دەنێت (پاوانکردنی هێز وهەژموونی ڕەوا)، وسەرەنجام وەکو هیگڵ دەڵێت: "سیاسەت، ئاکامی عەقلانیەتکردنی واقعیەت وژیانە." لەم ڕوانگە یاسایی ودیمۆکراسی وعەقلانیەوە، سیاسەت ودەسەلات، نابێت ڕێگە بدات کە ڕەوشی سیاسی وکۆمەلایەتی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی توندوتیژی وجەنگی تاك دژی تاك وە هەموان دژی هەموان.[1] بەڵکو، دەبێت سیاسەت توندوتیژی وترس ونائارامی نەهێڵێت، بە ئاڕاستەی پێکەوە ژیان وئاشتی وئازادی.[2]

بەلام، ئاخۆ چەمکی "هەژموون" چیبی؟ وا بەو شێوەیە باسی دەکری؟ ئەنتۆنیۆ گرامشی، وەك میتۆدێك ئەو ڕاستییەی خستووەتە ڕوو، کە "ناوەڕۆکی سیاسەت ودەسەلات، بریتییە لە بەرهەمهێنانی پرسێك کە ناوی (هەژموون یان سەروەری)یە. وەلێ، چەمکی هەژموونی سەروەر، لە لای گرامشی وپەیڕەوانی دەبێتە

---

[1] احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، مصدر سابق، ص ٣٢

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، نیسان ٢٠١٢، ل ٥٩

پرسی ناوەندیی لە تێگەیشتنی سیاسەت. ئەم هەژموونە، لە زەمینەی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگادا مانا پەیدا دەکات، ولەسەر سێ بنەما ڕادەوەستێ: ناوەڕۆکی سیاسەت کە دەسەلاتە، پرسی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگا وڕزگارکردنی لە دیاردەی بۆشایی سیاسەت، وسەرەنجام گرتنەبەری ڕیفۆرمی کۆمەلایەتی وسیاسی، بەرەو ئایندە.[1]

لە ڕوانگەی گرامشییەوە، کۆمەبەستی چەمکی "هەژموون" ئەوە دەخاتە ڕوو کە "کردارێکە، بەهۆیەوە کۆمەڵگا جیاوازەکان هێمنی ومانەوەیان مسۆگەر دەبێت، ئەوەش بەهۆی ئاوێتەبوون لە نێوان کۆنترۆڵ یان هێز لەگەڵ هەژموونەدا، کە پێویستە بۆ ڕازیبوون بە ڕابەرایەتییەکی هزریی وئاکاریی." وەلێ، بەم هۆیەوە، سیستمە کۆمەلایەتییەکان دادەمەزرێن وبەرهەمهێنانەوەیان دووبارە دەبێتەوە. ئەم کردارەش، بە بوونی ئەو کۆمەڵ ودامەزراوانەی – وەك دەزگاکانی پۆلیس وسوپا ولێژنەکانی ئاسایش وهتد– بە توندی کار لەسەر لۆژیکی هێز وکۆنترۆڵ دەکەن، لەبۆ پارێزگاریکردن لە سنوور وبنەما کۆمەلایەتییەکان. هەروەها، بە بوونی کۆمەڵێکیتر لە دامەزراوەکان– وەك خانەکانی خوداپەرستی وسیستمی فێرکاری ومیدیاکان وهتد– کە هەڵدەستن بە دەستەمۆکردن وڕاکێشانی

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١١، ل ١٤١

خەڵك، لە پێناو ڕازیبوون بە سیستمی باو. دیارە، ئەو کارەش لە ئەنجامی ئەو هەژموون وکۆنترۆڵە ئایدیۆلۆژییەوە دەبێت کە دەگیرێتەبەر، لە پێناو سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو– وەك سەرمایەداریی بازاڕ، فاشیزم، کۆمۆنیزم و... هتد.[١]

دەکرێت، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، یاخود لە ڕوانگەی ئەم بیرمەندە مارکسییە ئیتالییەوە، بڕوانینە واقعی ئێستای هەرێمی کوردستان وڕاستییەکانیش وەك داتا وهەڵهێنجراوێك بخەینەڕوو. پێشتر، ئاماژەمان بەوەدا کە بۆچوونێك هەیە وپێییوایە، ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، سیاسەت لەلایەن هێزی سیاسی نەك دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەڕێوەدەچێ. وێڕای ئەوەی، ئاماژە بەوەش درا کە مێژووی زیاد لە بیست ساڵەی حوکمڕانی کوردی، ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەو مێژووەوە لایەنی هەژموونخوازی ودەسەڵاتپەرستییان بە پلەی نایاب بەدەستهێناوە. ئاخۆ، هۆکاری ئەوەی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان – بەتایبەت ئەوانەی جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە وسیاسەت ڕامدەکەم– کە بەم شێوەیە ناوزەد دەکرێن چییە؟ ئایا، ژینگەی کوردستان بە "دێمۆکراسی لانی زۆر" نامۆیە وتەنها ئەوە هەڵدەگرێ، یاخود هەناوی ئەو هێزە سیاسییانە هەڵگری "دێمۆکراسی لانی کەمە" وبەم جۆرە سیاسەتکردنە ئاشنایە؟

---

[١] دوغلاس کلنر: الماركسية الغربية، ت: كامل شياع، موقع الثقافة الجديدة، ٢١/ ٤/ ٢٠١٣، althakafaaljadeda.com www.

یاخود، ئەوان هەژموونەکەیان لەگەڵ ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، نایەتەوە؟

لە دیدگای گرامشییەوە، زۆر گرنگە هێزە سیاسییەکان کار لەسەر ئەوە بکەن کە لە قۆناغی داهاتوودا ببنە دەسەڵاتێکی سیاسی بەهەژموون، هەتاوەکو پرسی (کۆنترۆڵ وهەژموون) بە سەرجەم ڕەهەندەکانییەوە بەدەستبهێنن. هەڵبەت، مەبەستی سەرەکی ناوبراو، بنیاتنانی ستراکتووری کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی مەدەنییە، کە سەرخانێکی پلوڕاڵی تۆکمەی هەبێ. بەمانایەکیتر، گەر وەریبگێڕینە سەر داکەوتی هەرێم، واتە ستراکتووری دەوڵەتە کوردییەکە، کە ئەوەش هەم ئامانج وهەم مەرجی سەرەکی گەشەسەندن وگوزەر ودەسەڵاتی لیبراڵ ودیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگایە. لەبەرئەوەی، بە بڕوای گرامشی: "دەوڵەت، بە مانا فراوانەکەی، واتە یەکگرتنێکی دیالێکتیکی کۆمەڵگای سیاسی وکۆمەڵگای مەدەنی، لەبۆ هەژموون وزۆرەملێ. بەمانای، دەوڵەت، لەلایەکەوە دەسەڵاتە، لەلایەکیتریشەوە دەزگایە. ئەوجا، ئەو دەزگایە، دەبێتە دەزگایەکی زۆرەملێ ودەزگایەکی هەژموون. وەلێ، ئەو دەزگای هەژموونەش، دامەزراوگەلێکی مەدەنی دەوڵەتن، بە مانای کۆمەڵگای مەدەنی." [1] کەوابێ، پێویستە هێزە سیاسییە حوکمڕانەکان، هەردەم هەوڵی ئەوە بدەن کە ڕەوایی وسیستماتیك

---

[1] نایف سلوم: الدولة والسياسة– قراءة في فكر غرامشي، الحوار المتمدن، ٣١/ ١/ ٢٠٠٤، www.ahewar.org

بەدەستبهێنن لە ڕێی ئامڕازگەلێکەوە، تاوەکو بەرپرسیارێتییان بکەوێتە سەرشان، ئەوجا لە بەرانبەریشدا تاکەکانی کۆمەڵگا دان بە هەژموون وسەروەریبوونیان بهێنن.

زۆرێك لە بیرمەندان، لەو بڕوایەدان، کە کۆمەڵگای مەدەنی بنچینە ئایدیۆلۆژییەکەی لە کارلێکی سێ سیستم لە بەها وبیروباوەڕدا دەدۆزێتەوە، کە لیبراڵیزم وسەرمایەداری وعەلمانیەتن. وەلێ، بوونی ئەم بنچینەیە، وەك شتێکی سروشتی لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بەتایبەت، بووە هۆی جیاوازبوونی ئەم کۆمەڵگایانە و وەزیفەکانی لە تازەگەریدا، لە ئەنجامی سێ شۆڕشەکە، کە یەکێکیان شۆڕشی پیشەسازی بوو، ئەو شۆڕشەی بووە هۆی دەرخستنی ئابووری وەك بوارێکی سەربەخۆ. هەروەها، شۆڕشی فێرکاری، ئەوەی کە فێرکردن وڕۆشنبیری کردە کەرتێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ. دواجاریش، شۆڕشی دیمۆکراتی، کە بووە دەرخستنی سیاسەت وەك بوارێك بۆ بەشداری گشتی و چاودێری گشتی.[1]

گرامشی، بەوە ناسرابوو کە دیدگا وتێڕوانینە فەلسەفییەکانی لەگەڵ تێڕوانینی مارکسیستە ڕۆژئاواییەکاندا نەدەهاتەوە. ئەو، بۆچوونەکانی لەسەر بنەمای (تیۆری شۆڕشگێڕیی سەرخانیی– النظرية الثورية الفوقية) دادەڕشت. بە بڕوای ئەو، (سەرخان)، شتگەلێکی هەستپێکراوی وەك هزرگەلی سیاسی، مافیی،

---

[1] المحامي كريكار عبدالله خوشناو: الدستور العراقي المرتقب، من منشورات مكتب الفكر والتوعية– السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٥٠

ئایینیی، فەلسەفی، ئاکاریی، ئیستاتیکیی، ئارەزوومەندانیی، هەست وسۆزیی، سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیە، کە لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی پێویستە بۆ ڕەنگاڵەیەکی کۆمەڵایەتی چینایەتی جیاواز. وەلێ، ئەو سەرخانە، یەکێکە لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە دەبێتە هۆی پێشخستنی ئەو ڕەنگاڵە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەی ئاماژەی پێدرا. ئەمەش، وەك دەرەنجامی کردارێکی کارلێکیی ئاڵوگۆڕ، لە نێوان ئاستەکانی ئەو سەرخانەدا.

لە کلاۆڕۆژنەی سەرخانەوە، گرامشی جەختی لەوە دەکردەوە کە (دەوڵەتی سیاسی بۆرژوا)، سەرەکیترین دامەزراوەی ئەو سەرخانەیە. هەرچی دامەزراوەکان وڕێکخراوەکانیترە، وەك دامەزراوە یاساییەکان، پارتە سیاسییەکان، سەندیکا ویەکێتییەکان، دامەزراوە ڕۆشنبیری وتەقلیدییەکان، میدیاکان، هەموو ئەمانە پێکهاتە جیاوازەکانی (کۆمەڵگای مەدەنی)ن. ناوبراو، ئەوەشی باش دەزانی کە دامەزراوەکانی ئەم سەرخانە، بەرهەم وئامڕازی ململانێی چینایەتین لە چوارچێوەی ڕەنگاڵەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتی بۆرژوای چینایەتی. لە هەمان کاتدا، پارێزگاریکردن وگوزارشتکردنیشە لە بەرژەوەندییە بنچینەییە دژیەکەکان. هەڵبژاردنی ئەو بۆ سەرخان، لە ڕێز وبڕوابوونی تەواوی ئەو بە ڕۆشنبیری ومەعریفە وئاکارەوە بووە. وێڕای بڕوابوونی تەواوی بە

مرۆڤ، وەك ئاوەزمەند وكارکەر.[1]

ئەو، مشتومڕێکی زۆری لەسەر ئەوە دەکرد، کە یەکێتی نێو کۆمەڵەکان، زۆربەی کات لەلایەن دەوڵەتەوە دەستەبەر دەبێت. هەرچی دامەزراوگەلی کۆمەڵگای مەدەنییە، ئەویش ڕۆڵ لە دامەزراندن وپشتیوانیکردنی هەژمووندا دەبینیٚ. کۆمەڵگای مەدەنی، ناوەندگیرە لە نێوان بواری تایبەت لەبۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان وخێزان، وە بواری گشتی کە خۆی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەبینێتەوە.[2]

گەر لە ڕوانگەی گرامشییەوە بیٚ، دەبیٚ حکومەتی هەرێم ئازادییەکی تەواو بدا بە سەرجەم چین وتوێژەکان وبۆچوونە فیکریی وفەلسەفی وئایینیی ودەروونیی وهاوسۆزیی و.....هتد، لە چوارچێوەی یاسادا لەخۆ بگریٚ. بەمەش، سەرخانی کۆمەڵگای کوردی بە جۆرێك لە ئازادی ودیٚموکراسی، چەشە دەکرێت. هەرچەندە، لە ئێستادا دەوڵەتمان نییە، وەك سەرەکیترین دامەزراوەی خودی ئەو سەرخانە، بەڵام خۆ هەر هیچ نەبیٚ، پێگەی هەرێم، کە میراتگری ئەو دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەیە، لە ناوخۆدا قایمتر وپتەوتر دەکا. دیارە، پتەوبوونی سەرخان، هاوکاتیشە لەگەڵ

---

[1] توفيق المديني: المجتمع المدني والدولة السياسية في الوطن العربي (دراسة)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، مكتبة الاسد– دمشق، ١٩٩٧، ص ٩٨

[2] دوغلاس كلنر: الماركسية الغربية، ت: كامل شياع، موقع الثقافة الجديدة، ٢١/ ٤/ ٢٠١٣، althakafaaljadeda.com www.

پتەوبوونی کۆمەڵگای مەدەنی. چونکە، بە بڕوای گرامشی، دەوڵەتی سیاسی وکۆمەڵگای مەدەنی، هەردووکیان لە هەناوی خودی سەرخاندان. ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتریشەوە، هەرچی ڕێکخراوگەلی نێو کۆمەڵگای مەدەنییە، باشتروایە ئازادانەتر هەڵسوکەوت بکەن. ئەو کاتە، سەرجەمی کارلێکی چینایەتی، دروستیی وڕەوایی هەرێم زیاتر دەردەخەن، کە لە هەمان کاتیشدا مسۆگەری وهەژموون وکۆنترۆڵی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمیش دەخەنە ڕوو. ئەوەش بە مانای، بڕوابوونی تەواوی حکومەت بە ڕەهەندە ڕۆشنبیری ومەعریفی وئەخلاقییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، وپەڕینەوە لە کۆمەڵگایەکی ترادسیۆنییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دێت، کە بەردی بناغەی ستراکتووری ئەو دەوڵەتە خەونییەمان دەبێ.

ئەمە وێڕای ئەوەی، خودی ئەو کارلێکە بەردەوامە چینایەتییە، خستنەڕووی بۆرژوای کوردی وگەشەسەندن وبوژاندنەوەی ئەو چینەش لەخۆ دەگرێ، کە مەبەستە وزۆر پێویستە بۆ ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. مانای، بوونی ململانێی چینایەتی، سەرباری هەموو ڕەهەند ولایەنە ئەرێنی ونەرێنییەکانی، ولە هەموو کۆمەڵگایەکی سیاسیدا، شتێتێکی حەتمییە ولەنێوکۆی سەرخاندایە، وە لەسەر حکومەت ودامودەزگا دەوڵەتییەکانیەتی لە ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستانەوە گرنگی پێبدات. هەر ئەمەش وایکردبوو، کە تێڕوانینی گرامشی لەچاو تێڕوانینی (ئابووری– ئایدیۆلۆژی) مارکسی ئارتەدۆکسی،

هەڵگری جیاوازییەکی ڕادیکالانەبێ. لەبەرئەوەی، تێڕوانینی دووەم، تاریکستانێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنابوو. لەبەرئەوەی، وێنای مرۆڤی بە شێوەیەك کردبوو، وەك ئەوەی (کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەلایەتی بێ).[1]

دیارە، هەنگاوی یەکەمی هێزە سیاسییەکان، بۆئەوەی لە ڕەوایی ودێمۆکراسی لانی زۆر نزیك ببنەوە، هەنگاونانیانە لە دێمۆکراسی سیاسییەوە بەرەو دێمۆکراسی فەرهەنگی وکۆمەلایەتی وئابووری و...هتد. واتە، بۆئەوەی خودی هەرێم لە دێمۆکراسی سیاسی دۆگماتیزم ڕزگاری ببێ، باشتروایە هەوڵەکان بخرێنەگەڕ لەبۆ شکاندنی ئەو سەهۆڵبەندییەی هەلومەرجی سیاسی ئێستای کۆمەڵگاکە، وکار لەسەر ئاشتەوایی نێوان حکومەت وجەماوەر بکرێت. ڕاستە، بارودۆخی ئێستای هەرێم لەچاو دەیەیەك لەمەوبەر، گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، بەلام لە ئاست خواستەکاندا هێشتا کەمە. بەوەی، خودی گۆمەڵگاکەمان لە گۆڕانکاری بەردەوام وبەردەوامدایە. دیارە، بە نەهاویشتنی هەنگاوی زیاتر، خودی حوکمڕانی وتەنانەت هەرێمیش، ڕۆچوونی زیاتر وزیاتر لە فەرهەنگ ومۆرکی حزبایەتی وناوچەگەری وخێلایەتی دەبینێ، ومەحاڵە دەسەلاتێکی ڕەوا وهەژموونێکی سەروەر فەراهەم بێت وئازادی ویەکسانی ودادپەروەری کۆمەلایەتی چەکەرە بکات، ونەمانی

---

[1] توفيق المديني: المجتمع المدني والدولة السياسية في الوطن العربي (دراسة)، مصدر سابق، ص ٩٨

لۆیاڵیش (ولاء) تۆختر وفرەڕەهەند دەبێت. لێرەوە، دەگەینە ئەو وتەزایەی کە دەڵێت: "بۆئەوەی بگەینە قۆناغی دیمۆکراسی، پێویستە دوو هەنگاو بنێین. یەکەم هەنگاویان نێگەتیڤە، بەڵام دووەمیان پۆزەتیڤە. یەکەمیان لەناوبەرە، دووەمیان بونیاتنەرە. وەلێ، پێویستە هەموو بیرێکی کۆن وتەقلیدی لەناوبەرێ، بۆئەوەی بتوانین لە جێگایدا بیری نوێ ومۆدێرن وڕۆشنگەری وتۆلۆرانس وئازادی دروستبکەین، وە ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ، ئەوجا هەر مرۆڤێك بێت، بگرین." [1]

خۆ ئەگەر، هەنگاوی ئەرێنی نەگیرێنەبەر، ئەوا پێچەوانەی ئەوانەی ئاماژەمان پێدا، قوت دەبنەوە. دیارە، بەمەش پەرچەکرداری سروشتی لە نێوخۆی خودی کۆمەڵگاوە دروست دەبێت، کە گرامشی ناوی دەبات بە (بۆشایی سیاسی). بەمانای، وەرگێڕانی ئەم چەمکە بۆ نگرۆبوونی ناوخۆی هەرێم لە قەیران وململانێ وکێشە سیاسییە ناوخۆییەکان. سەربار، مژارکردنی قەیرانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی، وە دژواری هەلومەرج ولەبیرچوونەوەی خەونی گەیشتن بە دەوڵەتی کوردی دەبێتە بژاری ڕاستەقینە. زەقترین دیاردەش لەم هەلومەرجەدا، ئامادەگی گوتاری حزبی دەبێ لەبری گوتاری نەتەوەیی. باڵادەستیی فەرهەنگی حزبی، وئامادەباشی لەپێناو حزب وناوچە وخێڵ دەبێتە سەردەفتەری

---

[1] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٩- ٢٠

حزبەکان. واتە، هەموو ئەمانە، لە نەبوونی بەرنامە وپلانی ستراتیژییەوە دێنەدی.

بێمکووڕیکردن، ئیدی کۆمەڵگا بەسەر چەند بەرەیەك وبازرگانانی شەڕدا دابەش دەبێت، کە تەنها حزب نەك دەسەلاّتی سیاسی، بالاّدەستە تێیدا. ئەمە وێڕای ئەوەی، هەوڵی ئەوەش دەدرێت میدیا ومیدیاکاران وقەڵەم بەدەستان وەك فەرمانبەر ڕاپێچی ئەو داکەوتە بکرێن. گرامشی، لە شاکاری (نامیلکەکانی زیندان)دا، ئاماژە بە (ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی) دەکات، وشیکارییەکی کۆمەلاّیەتی بۆ ئەنجام دەدات. ئەو، لەو بڕوایەدابوو کە "هەموو خەڵك ڕۆشنبیرن، بەلاّم مەرج نییە هەموو خەڵك وەزیفەی ڕۆشنبیری لە ناو کۆمەڵگادا هەبێ." [1] هەرچەندە، ناوبراو لە ڕوانگەیەکی مارکسییەوە وبە مەبەستێکی ئەرێنی دەیویست ئەوە بڵێ، کە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وابەستەی چینێك یاخود کۆمەڵێك پرۆژەن، کە خودی ئەوانە پێویستییەکی زۆریان بەم ڕۆشنبیرانە هەیە لەبۆ بەجێگەیاندنی کارەکانیان. هەڵبەت، بەمەش زۆرترین بەرژەوەندی ودەسەلاّت وکۆنترۆڵ وهەژموون دەستەبەر دەکەن. [2]

کەواتە، بە حزبیبوونی کۆمەڵگا، دێمۆکراسی شلۆق دەکات. کاتێکیش، هێزە سیاسییە لۆکاڵییەکان دەکەونە نێو ململانێی

---

[1] انطونيو غرامشي: المثقفون، الحوار المتمدن، العدد (٣٤٧٤)، ١/ ٩/ ٢٠١١، www.ahewar.org

[2] ادوارد سعيد: تمثيلات المثقف، نزوى مساحة اعلانية، ٤/ ٦/ ٢٠٠٩، www.nizwa.com

توندی بەرژەوەندییەکانیان، یاخود ئەوەی گرامشی ناوی دەبات بە (ململانێی هەژموونەکان) – بەڵام لێرەدا بە مانا نەرێنییەکەی– ئیدی زاڵبوونی فەرهەنگی حزبی دەبێتە دیاردەیەکی باو، سەرەڕای ئەوەی هیچکام لەو هێزانە بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆ ئاییندەی کۆمەڵگا پێنابێت، بێجگەلە خوڵقاندنی قەیران ومەترسییەکان لەبۆ ئاییندەی خودی کۆمەڵگا، وکێشمەکێش وتۆڵەسەندنەوە وهاوپەیمانێتی دروستکردن لە دژی یەکتر. ئەمە، بێجگەلە ئەوەی یەکسانی وئازادییەکان لە قاڵب دەدرێن، دادپەروەری کۆمەڵایەتیش بەهای تەواوی خۆی لەدەست دەدات، گوزەر بەرەو دێمۆکراسی لەبیر دەچێتەوە، دیسکۆرسی نەتەوەیی ئیدی بوونی نامێنێت، سەردەمێك دێتە پێش پڕ لە نەهامەتی ونەهاتنەدی خەون وبەجێنەهێنانی بەڵێن، وئەگەری ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی وسیاسیش دەبێتە سەراب.[١]

گەلۆ، ئەدی پێویستە لەسەر هێزە سیاسییەکانی هەرێم چی بکەن؟ هەڵبەت، لە بەشێکی (نامیلکەکانی زیندان)دا، ناوبراو دەڵێت: "ئەوەی دەتوانین بیکەین تا هەنووکە، جێگیرکردنی دوو ئاستی سەرخانیی بنچینەیین– مستویین فوقیین اساسیین.– یەکەم، کۆمەڵگای سیاسی یاخود دەوڵەتە، دووەم، ئەوەیە کە ناودەبرێت بە کۆمەڵگای مەدەنی، کە بریتییە لە ڕێکخستنگەلێك." بەلای گرامشییەوە، کۆمەڵگای مەدەنی، پەیوەندییە ڕۆشنبیرییە–

---

[١] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩

ئایدیۆلۆژییەکان لەخۆ دەگرێت، وێڕای چالاکی ڕۆحی– هزری.[1] هەر لەم سۆنگەیەوە، گەر لە سەرەتاوە هێزە ئاماژەپێکراوەکان، خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون بۆ ئاییندەی کۆمەڵگا نەبن، پێشتر وتەنی، مەحاڵە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا دروست ببێ. بەمەش، نەك گوزەر بەرەو دێمۆکراسی نایەتەدی، بەڵکو نائومێدی وبێهیوایی لەوپەڕی فراوانبووندا دەبێ. سەربار، دیاردەیەکیتر سەرهەڵدەدات، کە نەمانی لۆیالێ (ولاء)ە. بە کوردی وبە کورتی، لەبری دروستبوونی کۆمەڵگای سیاسی وکۆمەڵگای مەدەنی کە زۆر پێویستە بۆ سەرخانی هەرێم وحکومەتەکەی، وەلێ بێبەرنامەیی وبۆشایی سیاسی وقەیران ونەمانی لۆیالێ وگوزەرنەکردن بەرەو دێمۆکراسی ومانەوەی دەوڵەتی کوردی هەر بە خەونیی، دەبێتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر.

ئاخۆ، لە پیواری لۆیاڵدا (في غياب الولاء) چی دەگوزەرێت؟ سەرەڕای پیواری بەرنامەڕێژی وپلانی ستراتیژی بۆ داهاتووی کۆمەڵگا؟ زۆر بە سانایی، دەتوانین ئاماژە بە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بدەین، کە گەنجانی هەرێم– بەوەی هێزێکی مرۆیی گرنگ وپێویستی هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆیین– تەنها ئاواتیان ئەوەبوو کە بە هەچ شێوە وڕێگایەك بێت، بگەنە هەندەران. هەڵبەت، ئەوەش دەرەنجامێکی سروشتی بارودۆخی ئەوسای هەرێم بوو، کە

---

[1] مفهوم المجتمع المدني: تغريد كشك، ١٠/ ٧/ ٢٠٠٦، www.grenc.com/a/tkishek/show

هەرگیز نکوولّی لێناکرێت. بەوەی، ململانێی توندی حزبایەتی، سەرەنجامەکەی شەڕی براکوژی ودوو ئیدارەیی ونادلّنیایی وقاتوقڕی وکوشتار وشتگەلێکی نەرێنی ونەخوازراوی لێکەوتەوە. لە سەروبەندی هەلومەرجێکی وەهادا، کە یاسا پێزی نامێنێت، هێزی سیاسی دەبێتە دێوەزمە ودیفاکتۆ بەسەر کۆمەڵگاوە. لە ئەنجامدا، تاکەکان، ناچاردەکرێن لە ژێر سێبەری هەژموونی حزب، نەك کۆمەڵگای مەدەنیدا، بگوزەرێن.

گەر، کەمەکێك بگەڕێینە دواوە ولە ڕوانگەی هۆبزەوە تێبڕوانین، ئەوەمان وەبیردێتەوە کە هەستکردن بە دلّنیایی، سەرەکیترین مەرجی خۆڕسکی مرۆڤایەتییە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، بۆیە ناتوانین ئەو هەستە بەهیچ کلۆجێك لە خواستی بەدەستهێنانی هێز وهێزداری جیابکەینەوە. چونکە، هێز، تاکە ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی دلّنیایی. ئەم دۆخەش، وەك دۆخی سروشتی پێش گرێبەستی کۆمەلأیەتی ناوبراوی لێدێت، کە مرۆڤەکان لە هێز وفرت وفێڵدا یەکسان دەبن، بۆیە هیچ کەسیان ناتوانن متمانە بەوی دیکەیان بکەن. هاوکات، لەبەرئەوەی دەسەلأتێکی مەدەنیش لەگۆڕێدا نییە ڕەفتار وهەڵسوکەوتەکانیان دیسپلین وکۆنترۆلّ بکات، بۆیە دۆخی ژیانیان شەڕێکی بەردەوام ونەبڕاوە دەبێت. واتە، شەڕی هەموان لە دژی هەموان. دیارە، لە دۆخێکی وەهاشدا، هۆبز وتەنی: "مرۆڤ دەبێت بە گورگ، بۆ برای

خۆی."[1]

هەژیی گۆتنە، کاتێك نائومێدی باڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەکێشێ، وبۆشایی سیاسی سەرجەم کەلێنەکانی کۆمەڵگا پڕ دەکاتەوە، ئیدی ئەو بۆشاییە سیاسییە دەگۆڕدرێ بۆ (قەیرانی سیاسی). وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، لەبەرئەوەی هێزە سیاسییەکان بە تێکڕا ناتوانن یاخود نابنە خاوەنی بەرنامەیەکی تۆکمە وداڕێژراو بۆ داهاتووی کۆمەڵگا ودەربازکردنی کۆمەڵگا لەو قەیرانەی هەموو هێزەکان وتاکەکان هەستی پێدەکەن، هەربۆیە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە لە نێوخۆی ئەو کۆمەڵگایەوە هەوڵی چارەسەر دەدرێت، بەلاَم مەرج نییە بە شێوەیەکی دیمۆکراسییانە بێت. ئەمەش، ئاماژەدانە بەوەی کە دەسەلاَت ودەوڵەت، نابنە سەرچاوە بۆ توندوتیژی، بەڵکو سەرچاوەی ڕەسەنی توندوتیژی، لە خودی کۆمەڵگا وپێکهاتەی کۆمەلاَیەتیدایە کە دەیکاتە فەرهەنگی کۆمەلاَیەتی وڕەفتارگەل ودیاردەی گشتی.[2] هەر ئەمەش، وامان لێدەکات کە بڵێین: "هەموو سەرکردەیەك، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگاکەیەتی." یاخود، وەکی وتراوە: "لەبەرئەوەی، پارتی سیاسی، ڕەنگدانەوەی داکەوتێکی کۆمەلاَیەتی دیاریکراوە، هەربۆیە

---

[1] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کاکێشان، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٤

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤

تایبەتمەندییەکانی هەمان کۆمەڵگا لە کاتی لەدایکبوون وژیانیدا هەڵدەگرێ." [1] ئەمە، سەرباری ئەوەی، لە نێوخۆی هەمان کۆمەڵگادا هزرگەلێك فەراهەم دەبێ، کە مەرج نییە لەگەڵ هزری لیبراڵ ودێمۆکراسی وفیکرگەلی مرۆڤدۆستیدا بێتەوە. بەڵکو، ڕەنگدانەوەی تەواوی ململانێی چینایەتی وبەرژەوەندییەکان وکۆدژەکان دەبێ، بە مانا نەرێنییەکەی. ئەوەش ئاشکرایە، کە هزر وئایدیا، هەرگیز لەدایك نابن، گەر لەسەر خاکی دژوار ولەپێناو ململانێدا نەبێ. [2]

بیرمەند، حوسێن بەشیریە، کاتێك باس لە هۆکار وهەلومەرجەکانی سەرهەڵدانی ڕەوشی گوزەر بەرەو دێمۆکراسی دەکات بەپێی ئەزموونی مێژوویی، ئاماژە بە سێ فاکتەر دەدات. یەکەمیان، ویستی چاکسازی لە سەرەوەی دەسەلاّت ولەلایەن باڵی چاکسازیخوازەوە. دووەمیان، زیادبوونی بەرچاو لە چالاکی خەباتگێڕانەی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەئارادایە. سێیەمیان، لە هەلومەرجێکدا کە ڕژێمی نادێمۆکراتی نەبووبێتە چاکسازیخواز وئۆپۆزسیۆنیش چالاکتر نەبووبێت، ئەوا دەرفەتی سەرهەڵدانی هەلومەرجی گوزەر لە خوارەوە ولەلایەن بزاڤ وڕاپەڕینە کۆمەلاّیەتی

---

[1] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي– جامعة بغداد، ص ٣٧٢

[2] ابو ناصيف مختار: ابحاث يسارية واشتراكية وشيوعية، الحوار المتمدن، ١٦/ ٤/ ٢٠١١، www.ahewar.org

وجەماوەرییەکانەوە ڕوودەدات.[1]

کۆمەبەست، لەوەی ئاماژەی پێدرا، سێیەم فاکتەرە، کە هەوڵی گۆڕانکارییە لە خوارەوە لەلایەن خودی جەماوەرەوە. بەمانای، گەر میللەت، پێکهاتە کۆمەلاّیەتییەکانی هیچ جۆرە هیوایەکیان لە ئایندەی کۆمەڵگا وهێزە سیاسییەکانی خۆیان بەدی نەکرد، ئیدی خەباتی جەماوەریی دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ وشتێکی تا ڕادەیەك حەتمی. مەرج نییە، ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەی بە خەباتی جەماوەریی کۆتایی دێت، دیمۆکراسییانە بێت. بەڵکو، دەشێت خۆی لە ڕەوت وهێزی سیاسی پاوانخواز وپۆپۆلیستیی نەیاردا ببینێتەوە، کە لەوانەیە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی توندڕەو یان مەزهەب وفەرهەنگێکی دۆگما وتوندڕەوبێت، وهەڵتۆقیوی نێو هەمان چینی خوارەوەی کۆمەڵگابن. وەلێ، ئەم هێز وبزاڤانە، بە بڕوای خۆیان، تەنها ئەوان توانیویانە یاخود دەتوانن لە ڕێی ئەو بەرنامە وپرۆگرامانەی دایانڕشتووە، یاخود ئەو تێڕوانینینەی بڕوایان پێیەتی، خودی ئەو کۆمەڵگایە لەو بۆشاییە سیاسییە ڕزگار بکەن. بەلاّم، دووبارە، کێشەکان هێندەیتر کەڵەکە دەبن، بەشێوەیەك کە نەك هەر چارەسەر تراویلکە دەبێت، بەڵکو تاکەکانیش تووشی دڵەڕاوکێ وفۆبیا دەبن، وەك ئەوەی هۆبز ناوی دەبات بە "ترس لە

---

[1] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣

مردن وناجێگیری ژیانی سیاسی." [1] بەوەش، ئەو وتەزایە ڕاست دەردەچێ کە دەڵێت: "توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەمدێنێ." [2]

ئەوەش ژ بیر نەکەین، کە لە ڕەوتی پۆپۆلیزمدا، ئامانجە سیاسییەکان لە ڕێگای جەماوەر وپاڵەپەستۆی خەڵك بۆسەر حکومەت، بەبێ هیچ نێوبەندییەکی تاقم، حزب یان ڕێکخراوێك، جێبەجێ دەکرێن. ئەم ڕوانگەیە، زیاتر لەسەر ئەوە پێداگری دەکات، کە لە ڕێگای خەڵك وبیروڕای گشتییەوە داخوازییە گشتییەکان بەسەر حکومەتدا بسەپێنرێت. [3]

مۆبیلیزەکردنی سیاسی، لە ناخی کۆمەڵگای جەماوەریی، دەرفەت بە جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیا وڕێکخراوی سیاسی دەدات، کە لەگەڵ گوزەر بەرەو دیمۆکراسی ناهاوئاهەنگ بێت. بە پێچەوانەوە، مۆبیلیزەکردنی سیاسی لە ناخی کۆمەڵگای مەدەنی، دەبێتە هۆی جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیا وڕێکخراوی سیاسی، کە لەگەڵ گوزەر بەرەو دیمۆکراسی پاش هەڵوەشانەوە، پتر هاوئاهەنگ بێت. بزاڤ وحزبە نادیمۆکراتییەکان، هەوڵی مۆبیلیزەکردنی جەماوەریی دەدەن، وکۆمەڵگای جەماوەریش دەرفەت بە حزب وبزاڤە نادیمۆکراتییەکان دەدات. سەرباری هەموو ئەمانە، کۆمەڵگای جەماوەریی،

---

[1] احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، مصدر سابق، ص ٣١- ٣٢

[2] العنف يولد العنف: منتديات ١٢ شات، ٢١/ ابريل/ ٢٠١١، www.١٢allchat.com

[3] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ): هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨

کۆمەڵگایەکە کە تێیدا نوخبەکان بە سانایی دەکەونە ژێر کاریگەریی جەماوەر، وجەماوەریش بە سانایی لەلایەن نوخبەکانەوە مۆبیلیزە دەکرێن. لە ڕەوشێکی لەم جۆرەدا، بارودۆخی لەبار بۆ سەرهەڵدانی بزاڤە جەماوەرییە توندڕەو وتۆتالیتارەکان دێتەدی.[١]

باشترین نموونە، (تالیبان)ی ئەفغانستان بوو، کە نەك بڕوای بە دیمۆکراسی نەبوو، بگرە بڕوای بە مافی هاووڵاتیبوون وهاووڵاتیانی خۆیشی نەبوو، وێڕای ئەوەی وڵات ببوە زیندانێکی گەورە ودەستگایەکی داپڵۆسێنەر. کەواتە، تالیبان، ئەو هێزە سیاسییە نوێیەی ماوەیەك جڵەوی حوکمڕانی گرتەدەست، لەدایکبووی هەمان داکەوت وچینی ئامازەپێدراو وخەباتی هەمان کۆمەڵگا بوو، کە پێشتر لە قوتابخانە ئایینییەکانی ئەو وڵاتە و وڵاتانی هاوشێوەیدا بەو شێوە – هزرە ئاوەزباوەڕییە– چەشەکرابوون. یان، نموونەی حزبی (نازی) ئەڵمانیا، کە لە ڕێگەی دیمۆکراسی وسندووقەکانی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی گرتبووە دەست. وە یاخود، (پارتی کۆمۆنیست)، کە بە شێوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە هەریەك لە سۆڤێت وچین و وڵاتە هاوشێوەکانیان هاتە گۆڕێ.

لە ڕاستیدا، ئەوانەی ئامازەیان پێدرا، سێ نموونەی زەقی سێ کۆمەڵگای جیاواز وسێ سەردەم وسێ کایەی سیاسی جیاواز

---

[١] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩١– ١٩٢

بوون. ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێت، کە دەشێت بزاڤ وحزبە جەماوەرییەکان لەگەڵئەوەی هەڵقوڵاوی نێو خودی کۆمەڵگاکەن، بەڵام، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت ببنە هەڵگری مەزهەبی توندڕەو، ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار، ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرست وچەندین شێوەی توندڕەو ونامرۆڤدۆستانەیتر. هەموو ئەم دەرەنجام وکاردانەوەیەی باسکرا، هۆکاری سەرەکی فەراهەمنەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمەی چاکسازی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگییە، هاوکات بۆ درێژەکێشانی قەیرانەکان وبۆشایی سیاسی وداتەپینی سەرخان وژێرخانی ئابووری دەگەڕێتەوە. بەو پێیەی، پێشتر نە دەسەڵات نە ئۆپۆزسیۆن، هیچ بەرنامە وڕووناکییەکیان تێدا بەدی نەکراوە، تەنها یەکتر لۆمەکردن وشەڕ وماڵوێرانی وکوشتار وتوندوتیژی، بوونی هەبووە.

هەنووکە، (داعش)ی سوننە مەزهەب، یەکێکی ترە لەو نموونە زەق وقێزەونانەی بەرۆکی (عێراق وسووریا)ی شیعە مەزهەب وحوکمڕانیی گرتووەتەوە، کە هەموو بەهایەکی مرۆیی پێشێل کردووە. دیارە، نەبوونی هەستکردن بە هاووڵاتیبوون وپێشێلکردنی مافی سوننەکان، خوڵقێنەرێتی. سەرباری ئەوەی، لەم سەردەمەدا مێژوو نموونەگەلی وەك داعش وقاعیدە وتالیبان وبۆکۆحەرام وچەندین ڕەوت وڕێکخراوی تیرۆریستی تر دەخاتە ڕوو، تا بەهۆیانەوە ڕاستی وڕووی ڕەشی تیرۆریزممان پێشان بدات، وپێویستی هاتنە ئارای ڕاڤەکردنێکی دیکە بۆ ئایین فەراهەم ببێت.

لێرەوە، بۆ ئەوەی ڕاستی دەرکەوێ، بوونی هەڵە پێویستە، چەندە تاریك ونووتەکی شەو زیاد بکات، دەرکەوتنی سپێدەش هێندەیتر پەسەندتر دەبێت.[1] ئەمە وسەرباری ئەوەی، ڕاڤەکردنێکی دیکە هەیە، وپێی وایە کە داعش دروستکراوی ڕۆژئاوا خۆیەتی، لە پێناو جێبەجێکردنی پلانە پەنهانییەکانیان. بەڵگەشیان بۆ ئەوە، گەشەکردنی داعشە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی سوننە مەزهەب. هەڵبەت، لە ڕێگەی ئەمانەوە جارێکیتر سنووری خوێن دادەڕێژرێتەوە.

دەکرێت، هزری توندوتیژی بە سەرجەم ڕەهەندەکانیەوە، هاوشێوەی پرەنسیپی (کۆ دژیی) نێو یاسای دیالێکتیك لە فەلسەفەی مێژوویی هیگڵدا، سەیر بکەین. بەوەی، (ڕۆحی گشتی یان ئەقڵی گشتی)، وەك میکانیزمی جووڵە وگۆڕان، ئەو توندوتیژییە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باشتر وباڵاتر بەکاردەهێنێت. بەمانای، هزر وهێزەکان وکاریزما وسەردەم وخودی کۆمەڵگاکەش، دەبنە ئەو ئامرازگەلەی کە (ڕۆحی گشتی) لەبۆ ئامانجێکی باڵاتر بەکاریان دەهێنێت، کە گەیشتن بە ئاستی خودناسین وخۆتەواوکردنە.[2]

هەر دەربارەی فەلسەفەی دەوڵەت، هیگڵ، کۆمەڵگای ئارام

---

[1] هاشم ساڵح: ئایین. فاشیزم. مەرگ. کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ەوە وەرگیراوە، ٢٣/ ١١/ ٢٠٠٣، ل ٩١– ٩٢

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لبە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥

وهێمن، تەنانەت (ئاشتی) بە سستی وچەقبەستوویی ناوزەد کردووە. ئەو، پێیوابووە کە چۆن ئاوی مەنگ دەبێتە چەقی گەندەڵی، ئاوەهاش ئەو وڵاتانەی بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ کاروباریان ئارام وسەقامگیر دەبیٚ، سەرەنجام گەندەڵ دەبن. هەروەها، باس لەوەش دەکات کە (جەنگ) لەگەڵئەوەی فەزیلەتە، هاوکات قەوارەی دەوڵەتیش دەپارێزێت، وە ڕیٚ لە پشێوی ونائارامی نیشتمانی دەگریٚ، وسەرەنجام دەبێتە مایەی بەهێزکردنی ڕۆحی ناوخۆیی دەوڵەت.[١] هەرچەندە، نە ئایدیای توندوتیژ، نە جەنگ، نە ململانێی خوێناوی وکوشتار، لە ئێستادا هیچیان سوود بە هیچ کەس ولایەن وکۆمەڵگایەك ناگەیەنن، بەڵکو ئەوە تەنها بۆچوونێکی فەلسەفی هیگڵ بووە. هەڵبەت، نێوخۆی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا، تێگەیشتووە لەوەی شەڕی براکوژی مانای چییە، وە چ وانەیەکیشی فێرکردووە. بەڵام، دەکریٚ ئاماژە بەوەش بدەین، کە داگیرکارییەکانی داعش وتیرۆریستان ولە بەرانبەریشدا نەبەردییەکانی پێشمەرگە وشەڕڤانان، بوونە هۆی زیندووکردنەوەی زیاتری هەست وڕۆحی نەتەوەیی کورد، یاخود دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزمی کوردی. واتە، فەزیلەت، تەنها لەوەدا بووە کە داگیرکاری ونەهامەتی بووەتە هۆی خستنە ڕووی زیاتری کوردایەتی وبەرخۆدان وبەرگری. بەڵام، بێمکووڕیکردن، ململانیٚ وهەژانی نێوخۆ وبەرزبوونەوەی دەنگۆی

---

[١] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، المصدر السابق، السابق، ص ٢٤٦

خواستەکانی کۆمەڵگاکەش، پێدەچێت قۆناغ بە قۆناغ ببێتە مایەی بەهێزکردنی ڕۆحی ڕەتکردنەوە لە ناوخۆی کۆمەڵگاکە.

هیگڵ، دەڵێ: "ئەقڵ، سەروەری جیهانە." [1] بە بڕوای ئەو، ئەم ئەقڵە، یاخود ئەم ڕۆحە جیهانییە، ئەرکی دروستکردنی سەرلەبەری مێژوو دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ولە هەمان کاتیشدا ئاڕاستەکەری تەواوی ڕووداوەکانی مێژووە. هەموو شتێك لە جیهانڕا، بەپێی ئەم ئەقڵە دەجوڵێتەوە. واتە، دەکرێ وەهای وێنا بکەین کە شەڕی براکوژی نێوخۆ، ئەو ئامڕازە قێزەونە بووە کە ئەم ئەقڵە جوڵاندوویەتی، ئەوەش بە مەبەستی گەیشتن بە ئاستێکی باڵا، کە خودناسین ونەهامەتی ناسینە. بەمانای، گەر شەڕی براکوژی نەبوایە، نەفرەت لە مێژووی ئەو خوێنڕشتنەش نەدەکرا. کەواتە، ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، ئەوە دەبەخشێ کە (ڕۆحی ڕەها) لە هەرێمی کوردستان وێڕای خۆدەرخستنێکی نەرێنی، بەڵام هەرگیز نەسرەوتووە وڕەوڕەوەی مێژووش خەریکە دەگات بە دوا قۆناغی خۆی. لەبەرئەوەی، بە بڕوای هیگڵ، دەوڵەت دواقۆناغی گەشەسەندنی ڕۆحی ڕەهایە، چونکە سەروەری وئیرادەی دەوڵەت، ڕەها وبێسنوورە. [2]

---

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لبە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٣

[2] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، المصدر السابق، ص ٢٤٥

بەلای ناوبراوەوە، مێژوو لەو کاتەوەی دەستپێدەکات، ئیدی دەوڵەت دەخەملێت. چونکی، ئەگەر مێژوو بریتی بێت لە ئاگامەندی وئازادی وبەدیهاتنی ئەو ئازادییە بە کردار، کەواتە هیچ مێژوویەك نییە مێژووی دەوڵەت نەبێت. بەر لە مێژووی دەوڵەت، بریتییە لەوەوپێشی مێژوو. واتە، بریتییە لە سەردەمی ئەفسانە وزەمەنی شیعر. هەربۆیە، مێژوو، کاتێك دەسپێدەکات کە ئەم پرسە بەدیدێت، واتە ئەو کاتەی دەوڵەت پەیدا دەبێ.[١]

وێڕای لادان لە فەلسەفەکانی گرامشی، بەلأم هەموو ئەوانەی هێمایان پێکرا، ئاماژەدانێك بوون بە ڕەوتی مێژوو لە نێوکۆی فەلسەفەی هیگڵدا، یاخود دەتوانین بڵێین ڕەوتی مێژووی کورد. بەوەی، هەموو هزر وتاك وناکۆکی وململانێ وپێکهەڵپژان وتەنانەت دواقۆناغیش کە شەڕی براکوژی بوو، وەك ئامراز، فاکتەری جووڵەی نەرێنی ومەکری ئەو مێژووە بوو. لەبەرئەوەی، خودی ئەو مێژووە ملکەچی ئەقڵ یان ڕۆحی گشتییە. گەلۆ، تۆبڵێی چیتر ڕۆحی ڕەها لە وێستگەی هەرێمی کوردستان، بەهۆی خودناسین وکامڵبوونی، گەیشتبێ بە دوا مەنزڵگەی خۆی؟

بەپێی ئەو فەلسەفەیەبێ، نەك گوزەر نەکردن، بەڵکو شەڕی براکوژیش پاساوی خۆی هەیە. هەرچەندە، وەك پێشتر ئاماژەمان

---

[١] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٤٣٢-٤٣٣

پێدا، شەڕی براکوژی هیچ مانا وپاساوێکی نییە. بەڵام، گەر وابێ، کەواتە وەك پێشتر باسمان کرد، کاتێکیش جەماوەر مۆڵدەخوات لە کەسێکی پۆپۆلیست، ئەوا نە گوناهی ئەو کەسایەتییەیە نە خەڵك وجەماوەرەکەشی. بەڵکو، ئەوە خواستی ڕەوتی مێژووە، لەبۆ کردنەئامرازی سەرجەم ئەوانە. خۆ ئەگەر، ئەو کەسەش نەك کۆمەڵگا بە جەماوەریی بکات، بەڵکو کۆمەڵگاش تووشی شەڕێکی سووتێنەر ومالوێرانی بکات، ئەوا نابێت دەنگی نارەزایی بەرز ببێتەوە، یان دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگایە هەردەم دەبێ سوپاسگوزاری پەروەردگار بێ، بۆ ناردنی کەسێکی فریادڕەسی وەها، ئەوەش بەپێی فەتوای لاهووتی وچەمکی مافی خواوەندیی سەدەکانی ناوەڕاست. لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە، کەسی ستەمکار، بە تێڕوانین ولێکدانەوەی کەسانێکی تر ستەمکارە، نەك جەوهەر وکرۆکی خۆی ستەمکاریی بێت. ئەمەش، ڕێك وەك ئەو بۆچوون وفەتوا لاهووتییەی سەدەکانی ناوەڕاست وایە کە پێیوابووە: "چۆن ئۆبالی چاکە وبەدکاریی دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ، ئەگەر هیچ دەسەلاتێکی بەسەر چارەنووس وگیان وخواستی خۆیدا نەشکێ؟"[١] ئەرێ تۆ بڵێی، ئەم فەتوا لاهووتییە بەسەر دەسەلاتدارانی هەرێمیشدا دابڕێ؟

---

[١] د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٨٩

له ڕاستیدا، هەر بەڵگەنامە مێژووییەکانیشە کە دەڵێت: "کاتێك خەباتی جەماوەریی دەبێتە داکەوتێکی نکووڵی لێنەکراو، ئیدی ئەو کۆمەڵگا مەدەنییەی باس وخواسی لەسەرە ومشتومڕێکی زۆر هەڵدەگریٚ، گومانگەل وتەم ومژ دایدەپۆشیٚ ودەگۆڕدریٚ بۆ کۆمەڵگای جەماوەریی." ئەوجا لێرەوە، سەرهەڵدان وبەهێزیی کۆمەڵگای جەماوەریی، دەبێتە هۆی بێفەڕیی ولاوازیی کۆمەڵگای سیڤیلیی. دیارە، لە بارودۆخێکی وەهاشدا، دەرفەت بۆ ڕەوشی گوزەر بەرەو دێمۆکراسی نەك هەر لە خوارەوە ناڕەخسیٚ، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەش بەرەو ئاشتەنگێکی ئەنارشی وتۆتالیتاریی، یان مۆڵگەیەکی توندڕەو دەچیٚ. پاشان، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، لەبری ئەوەی لە چوارچێوەی ماف وئازادییەکاندا ولەبۆ سەرخستنی خواستەکانی کۆمەڵگا کێبڕکیٚ بکەن، ئیدی لە بۆسەی یەکتردا ولە بازنەی ململانێیەکی توندی نەبڕاوەدا دەخولێنەوە.

پێدەچێت، زمانگەلی چەك ویەکترڕەتکردنەوە، تاکە زمانی هاوبەشی لێکتێگەیشتن بێت. سەرباری ئەوەی، چینی ناوەند کە ناووك ودانەمۆی دەوڵەتی نەتەوەییە، ئیدی دەپوکێتەوە. وەك دەوترێت، تاك دەبێتە ئامراز وبرغوویەکی بێبەهای ماشێنێکی زەبەلاح کە دەسەلاٚتی کۆمەڵگای جەماوەرییە وتاکە ئامانجە. واتە، گەر ئەم وشانە بەسەر هەرێمی کوردستاندا بچوێنین، بێشك لەم حاڵەتەشدا، ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، دەبێتە خەونی ئەودیو سەراب. بۆ تێپەڕاندنی هەموو ئەمانە، ئەرکی سەر شانی

حکومەتە (بە بۆچوونی ئەریستۆ تالیس)، بوار بڕەخسێنێت بۆ هاولاٚتیان ژیانێکی خۆش وکامەران بژین. یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، ئەوەیە کە هەر تاکێك پێویستە ئەندام بێت لە کۆمەڵگادا.[1]

بە شێوەیەکی گشتی، وبە بڕوای بیرمەندان وبەپێی ئەزموونە مێژووییەکان، گوزەرە سەرکەوتووەکان بەرەو دێمۆکراسی، بە زۆری لە سەرەوە ڕوویانداوە. شۆڕشەکان وجەماوەری شۆڕشگێڕ، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەو گوزەرکردنە نەگێڕاوە. واتە، نوخبە دەسەلاٚتدارەکان لە سەرەوە، چ لە ڕێگەی سازش وچ لە ڕێگەی زۆرەملیٚ وسەپاندنەوە بووبیٚ، لە گوزەرکردنی سەرکەوتووانەدا زیاترین ڕۆڵیان هەبووە. بە پێچەوانەوە، هیچ پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان شۆڕش ودێمۆکراسیدا بوونی نییە. تەنانەت، شۆڕشەکان، بوونەتە هۆی بەرپابوونی سیستەمی بیٚ ڕکابەریی وداخراوی ئایدیۆلۆژییانە. گوزەری دێمۆکراسییانە، پێویستی بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی تا ڕادەیەك دەقگرتووی بەر لە قۆناغی گوزەر هەیە. لە وەرچەرخانە سیاسی وشۆڕشگێڕییەکاندا، کە کۆمەڵگای جەماوەریی لەبری کۆمەڵگای مەدەنی، زەمینەی مۆبیلیزەکردنی سیاسی پێکدەهێنیٚ، ئەگەری گوزەر بەرەو دێمۆکراسی تا ڕادەیەکی

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە، عوسمان حەمە ڕەشید گورون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١

زۆر لەئارادا نییە.[1] هەربۆیە، دەوترێت شۆڕشەکان هەرچەند ڕەوا بن، بەڵام مەرج نییە یاسایی ودیمۆکراتی بن وشەرعییەتی یاساییان نابێ.[2] بەوەی، دیمۆکراتیبوون، تەنها لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەبێت.

پاش بەیانکردنی ئەم ڕاستییانە، ئیدی دەتوانین ئەوە بڵێین کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بە زووترین کات کار لەسەر ڕیفۆرم وچاکسازییەکان بکات وسەرجەمی گەندەڵییەکانیش بنبڕ بکات. ئەوەش، لەپێناو ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی وبوونی کۆمەڵگایەکی دیمۆکرات وتەندروست نەك کۆمەڵگایەکی ڕەمەکی وجەماوەریی. ئەمە، وێڕای ئەوەی لەسەر پارت وهێزە سیاسییەکانی هەرێمیشە، کە کێبڕکێیەکی تەندروست وڕەوا پەیڕەو بکەن. بەوەی، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، پارتی سیاسی، پێکهێنەری سەرەکی ئەو کۆمەڵگایەیە. کەوابێ، هەموو پرۆسەیەکی گۆڕانکاری، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو پێکهێنەرەوە. وەلێ، هەر پارت وهێزە سیاسییەکانیشە، کە بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە. هەرچەندە، کارنامەی سەرەکی پارتی سیاسی لە کۆمەڵگاکانی (جیهانی سێ) دا گۆڕانکارییە. واتە، ئامرازێکی گۆڕانکارییە، لەبۆ گۆڕینی بارودۆخی

---

[1] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤- ١١٩

[2] ثورة: ویکیبیدیا الموسوعة الحرة، ٢٠١٤، ar.wikipedia.org

سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری باو. سەرەڕای ئەوەی، دەزگایەکی ململانێیە، وهەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات دەدات، جا بە شێوەی توندوتیژی بێ یان بە شێوەی ئاشتەوایی. بەمەش، سنوورەکانی سیاسەت تێدەپەڕێنێ.[1]

لای هەمووومان ئاشکرایە، کە لە کۆمەڵگاکان ویەکە سیاسییەکاندا، دەسەڵات لەلایەن پارتی سیاسییەوە وبەتایبەت دەستەبژێر وبڕیاربەدەستەوە بەڕێوەدەبرێ. واتە، تێکڕای جڵەوی کاروباری حکومەت بە بەدەست هێز وپارتی سیاسییەوە (دەسەڵاتی سیاسی) دەبێت، کە خاوەن هەژموونن. ماکس ڤێبەر وتەنی: "هەموو هێزێکی سیاسی، کۆششکردنە بۆ بەدەستهێنانی هەژموون. بەوەی، یەکە ودامەزراوە سیاسییەکان، تەنها لە پێناو سەپاندنی هەژموون وکۆنترۆڵکردنی ئەوانیتردا، پەنا دەبەنە بەر ململانێ وڕکابەرایەتی."[2] ئاشکرایە، لە کۆمەڵگا دیمۆکراتخوازەکاندا، دەسەڵات لەلایەن پارتەکانەوەوبە نۆرە وبەپێی یاسا بەڕێوەدەبرێت. جا، سیستمی حوکم، سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی یاخود هەر هەیئەتێکی یاسایی وشەرعی تر بێت. هەڵبەت، پێچەوانەی هەموو ئەوانەی کە وتران، لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەدیدەکرێت. بەمانای، نەبوونی کەشێکی دیمۆکراسی، تاوەکو لە ڕێیەوە زۆرترین بەشداری سیاسی بوونی

---

[1] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٨٩- ٩١

[2] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٥

هەبێت. کەواتە، لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە: "کۆمەڵگای پێشکەوتوو لە ڕووی سیاسییەوە، دامەزراوە جێگیرەکان دەیبەن بەڕێوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگای دواکەوتوو لە ڕووی سیاسییەوە، کەسانێك دەیبەن بەڕێوە." [1]

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین، لە پیواری بەرنامە ودیسکۆرس وفیدراسیۆن ولۆیالێ وئامادەگی فەرهەنگ وگوتاری حزبی وقەیران وبۆشایی سیاسی وهەڵتۆقینی هێزگەلێکی توندڕەو، دەشێت "دەستێوەردانی دەرەکی" ببێتە بژاردەیەکی بەهێز وچاوەڕوانکراو. شیمانەی ئەوەش دەکرێ، ئەو دەستێوەردانە دەرەکییە، کە لەوانەیە ئیقلیمیی یان نێودەوڵەتی بێ، فاکتەرێکی سەرەکی بێ لەبۆ کۆتاییهێنان بەو قەوارەیە. بەمەش، بەها ومێژووی هەموو ئەوانەی بنیاتنراون، سفر دەکرێنەوە. هەڵبەت، ئەوەش دەرەنجامێکی قێزەون وکۆتایی وچاوەڕوانکراوی ئەو میتۆدەیە، کە حەتمییەتی ڕوودانی زۆرە وباس لە پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی دەکات، لەلایەن دەسەڵاتی بەهێزەکانەوە. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە.

بۆ تیشك خستنە سەر ئەم دەرەنجامە قێزەونە، هیگڵ، خاوەنی فەلسەفەی مێژوو، پێمان دەڵێت: "مێژوو، بۆئەوەی بچێتە پێش، پێویستی بە ڕووداوی قێزەون وکەسایەتییە شەڕەنگێزەکان هەیە. لێرەوە، مێژوو لە ئاستی قووڵدا، مەنتقی وعەقڵانییە، گەرچی

---

[1] د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، مصدر سابق، ص ١٧

هۆکاری ناعەقلانی بەکاردێنیٚ." هەربۆیە، بە بڕوای ناوبراو، ڕوودانی ئەو ڕووداوە قێزەونانە پێویستن، تاوەکو (فێڵی مێژوو)مان بۆ دەربکەویٚ. [1] دەکریٚ بڵێین، ئایا مێژوو خوازیارە فێڵمان لێبکات؟ یاخود خۆمان فێڵ لە خۆمان دەکەین؟ جارێکیتر، هیگڵ پێمان دەڵێت: "هەندیٚ جار، مێژوو، لە دەرگای پشتەوە دەچێتە پێش، یاخود لە خراپترین دەروازەکانییەوە." [2] لەگەڵ هەموو ئەم بۆچوونانەشدا، من بڕوام وایە کە بوونی گەندەڵی وحزبایەتی وقەیران ونەهامەتی، بە هەموو دەرەنجامە نەرێنییەکانییەوە کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە ودێت، ئەوەمان پێدەڵێت، کە حەتمیەتی تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەمانای، گەر بوونی قەیرانگەلێك نەبوایە، بیر لە تێپەڕاندنی نەدەکرا، بالأدەستی حزب نەبوایە، بیر لە هەنگاو بەرەو دیٚموکراسیەتی ئابووری وکۆمەلأیەتی وبەشداری سیاسی نەدەکرایەوە، گەندەڵی نەبوایە، شەفافیەت شۆڕەتی پەیدا نەدەکرد. کەواتە، باشتر وایە گەشبین بین بە داهاتووی هەرێم. وەلیٚ، تاریکایی، چەندە ئەنگوستەچاو ونووتەك بێت ودرێژە بخایەنێت، بەلأم دواجار لەبەردەم ڕووناکی مۆمێکدا هیچی پێناکرێت وبەچۆکدا دیٚ.

---

[1] هاشم ساڵح: ئایین. فاشیزم. مەرگ. کۆمەڵە وتار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤

[2] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، لماذا فشل مشروع التنوير في العالم العربي؟ الطبعة الاولى، دار الساقي بالاشتراك مع رابطة العقلانيين العرب– بيروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص ٩٦

گەر بە پێی ئەم بۆچوونە فەلسەفییەبێ، کەواتە کاتێك گەندەڵی وقەیران بڕستمان لێدەبڕێ وداعش خەت وخاڵی تەواو دەدات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە داکەوتی تاڵ وخاڵی لاوازی هەرێم بۆ هەمووومان ڕوون ببێتەوە، تاوەکو هەوڵی چارەسەری خێرا بدەین. بەمانای، دەبێت سوپاسگوزاری مێژوو بین، تا فێڵ ومەکری خۆیمان نیشان بدات وباش وخراپمان لەیەك بۆ جودا بکات، وێڕای باجدان. ئەوجا، دیالێکتی مێژوویی، هێدی هێدی دەکەوێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی، تا بە دوا مەنزڵگەمان دەگەیەنێ، کە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردییە. چونکە، هیگڵ دەڵێت: "مێژوو، یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە ناڕوات، تا ئەو کاتەی باجەکەی نەدرێ." [1] دیارە، هیگڵ، بەو وتەزا بەناوبانگەی کە بە ئێستاشەوە فەیلەسووفەکان وبیریارانی مژوول کردووە، کۆتایی بەم قسانەی دێنێ، کاتێك دەڵێ: "ئەوەی واقعییە عەقلانییە." بەمانای، ئەوەی بوونی هەیە لە واقیعدا، هەڵبەت هۆکار وپاساوی خۆی هەیە، دەنا بوونی نەدەبوو." [2] واتە، بوونی قەیران لە ئێستادا، هۆکارگەلی ڕاستەقینەی خۆیی هەیە کە پەراوێز خرابوو، دەنا هەرگیز بوونی نەدەبوو. هەڵبەت، پێش هەنگاوی چاکسازی، دەبێت هەرێم

---

[1] هاشم ساڵح: ئایین. فاشیزم. مەرگ. کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

[2] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، لماذا فشل مشروع التنوير في العالم العربي؟ مصدر سابق، ص ٩٦

باجەکەشی بدات.

بابەتەکە، وا پێویست دەکات کە تەنها ئیستەك لەسەر فەیلەسووفێك یان تێز وبۆچوونێك نەکەین، بەڵکو هەڵاوێردی زۆرترین تیۆر وتێزی فەلسەفی وبۆچوون بکەین، لەبۆ گەیشتن بە کلاوڕۆژنەی سەرفرازی وئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی. هەڵبەت، لە سەروبەندی ئەو میتۆد وتیۆرگەلەی باسمان کرد، دەکرێت جارێکیتر ئاماژە بە گرامشی بدەینەوە، وهەر لە ڕوانگەی ئەوەوە، بێینەوە سەر چەمکی دەوڵەت وبەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە بکەین:

دەوڵەت = کۆمەڵگای سیاسیی + کۆمەڵگای مەدەنیی

وێناکردنی ناوبراو بۆ ئەو دەوڵەتە، ئەوەیە کە: یەکەی سیاسی، پێکدێت لە کۆمەڵگای سیاسی، کە بەهۆی دەزگاکانی پۆلیس وسوپا ویەکە کارگێڕی ودارایی وئابووری ودادوەریی و...هتد، ولە ڕێگای بەکارهێنانی ئامڕازەکانی دەستبەسەراگرتنی پارە وپولەوە کۆنترۆڵی دەبێت. ئەمە لەلایەك، لەلایەکیترەوە، کۆمەڵگای مەدەنی، بەهۆی ڕۆشنبیری ئۆرگانیی وڕاگەیاندن وئایین وخوێندنگا وحزب وسەندیکا و....هتد، ولە ڕێگای بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیا وگوتاری دروشمییەوە هەژموونی دەبێت.[١]

---

[١] عمر برنوصي: مفهوم المجتم المدني بين الفلسفة السياسية الغربية والسوسيولوجيا المعاصرة، مجلة فكر ونقد، العدد (٣٧)، ١٤/ مارس/ ٢٠٠١، www. Aljabriabed.net

**کەواتە، بەپێی تیۆرەکانی گرامشی، ئەو دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەی کە ئێمەی کورد بەهیواین ڕاییبگەیەنین، بە شێوەیەکی سروشتی، دەبێت لە هەردوو کۆمەڵگەی سیاسی وسیڤیلی ئاوێتەبوو پێکبێت، کە ئەوەش پێداویستییە سەرەکییەکانی سەرخانی کوردین. بەوەی، کۆمەڵگەی سیاسی، کە ئامرازە، پراکتیزەی سیاسەت دەکات ولە ڕێگەی دەستەبژێری بڕیاربەدەستەوە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات وکۆنترۆڵ دەدات. بە هەمان شێوە، کۆمەڵگای مەدەنی، کە ئامانجی سەرەکی کۆمەڵگا سیاسییەکەیە وڕێکخستنگەلێکە، بەجێگەیەنەری ئەو هەژموونەی دەسەڵاتە وهەلومەرجی گوزەر بەرەو دێمۆکراسی دەڕەخسێنێ ودواتریش دەنگی تاکەکان وخواستەکانی کۆمەڵ بە دەسەڵات دەگەیەنێ.**

**ئەمەش خۆی لە خۆیدا، وەبیرهێنانەوەی میتۆدی "تیۆری سیستم- نظرية النظم"ی بیرمەند (دەیڤد ئیستۆن)ە، * کە باس لە**

---

*** دەیڤد ئیستۆن: ساڵی (١٩١٧ز) لە (تۆرۆنتۆ) لە کەنەدا لەدایك بووە. خاوەنی تیۆری نموونەی شیکاریی تایبەت بە سیستمە سیاسییەکانە، کە ناسراوە بە (سامپڵی چوونەناو ودەرهاویشتەکان- نموذج المدخلات والمخرجات). ئەم تیۆرە لە زۆربەی زانکۆکانی جیهان دەخوێندرێ. ناوبراو بڕوانامەی دکتۆرای هەیە ومامۆستای زانستە سیاسییەکانە لە هەردوو زانکۆی شیکاگۆ وکالیفۆرنیا لە ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێشتریش سەرۆکی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ زانستە سیاسییەکان بووە. ئیستۆن بە یەکێك لە بیرمەندە سیاسییە سەرکەوتووەکان وئەکادیمیستێکی بەناوبانگی بواری شیکاری سیاسی**

میکانیزمی تێکڕای ئەو خواست وداخوازییانەی کۆمەڵگا دەکات کە وەکی "فشار" ئاڕاستەی دەسەڵات دەکرێن وناوێناوە (مدخلات– Input). پاشان، ئەم داخوازی وداواکراوانە، لە شێوەی بڕیاری دەسەڵات وکاریگەرییەکاندا، لە ناوەندی دەسەڵاتی بڕیاردانەوە ولە خودی نوخبەی سیاسییەوە جارێکیتر دەهاوێژرێنە دەرەوە کە (مخرجات– Outputs)ە، بۆ ناوخۆی خودی کۆمەڵگا. هەرچەندە، هەندێکجار ئەو بڕیارانەی لە ناوەندی دەسەڵاتەوە دەردەچن ولەبری ئەوەی ئاڕاستەی کۆمەڵگا بکرێنەوە، ڕاستەوخۆ وجارێکیتر ئاڕاستەی ناوەندی بڕاردان وسیستمی دەسەڵات دەبێتەوە، بە مەبەستی تاووتوێکردن وپێداچوونەوە بەو بڕیارانەدا، کە ناودەبرێت بە (التغذیة الاسترجاعیة– Feed back). هەربۆیە، دەشوترێت: "سیستمی سیاسی، کاریگەریی هەیە وکاریشیتێدەکرێت." [1]

ناکرێت ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە ئەرکی حکومەتە، کار لەسەر پتەویی سەرخان وژێرخان وبەرنامەڕێژی وپلانی ستراتیژی وبوژاندنەوە وبەرزڕاگرتنی بۆنە نەتەوەیی وپیرۆزییەکان وزمانی ستانداردی کوردی وپارێزگاریکردن لە دامودەزگا نیشتمانییەکان بکات. لە ڕاستیدا، یەکێك لە نەنگییەکانی حکومەتی هەرێم، ئەوەیە کە تائێستا، کاری لەسەر چەسپاندنی زمانی ستاندارد ویەکگرتووی

---

دادەنرێت، کە خاوەنی چەندین بەرهەمی سیاسی وڕاڤەکارییە. تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

[1] د. کمال المنوفي: نظریات النظم السیاسیة، مصدر سابق، ص ٩٦

کوردی نەکردووە، کە زۆر پێویستە بۆ بوونی ئەو دەوڵەتە چاوەڕوانکراوە. لێرەدا، پێناسەکەی (ستالین) * بۆ دەوڵەت دێتەوە یادمان، کە وتبووی: "ئەگەر زمانێکی یەکگرتوو، لەگەڵ ژێرخانێکی ئابووری بەهێزت نەبێ، ئەوا ناتوانیت دەوڵەت دروست بکەیت."

* جۆزێف فیساریۆنۆڤیچ ستالین: (١٨/ ١٢/ ١٨٧٨- ٥/ ٣/ ١٩٥٣ز)، ستالین لە شاری (گۆری) لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا لەدایك بووە. باوکی ناوی (بیسۆ) وپیشەی پینەچێتی بووە، دایکیشی (ئیکاترینا) پیشەی جووتیار بووە. لە خێزانێکی جووتیاری هەژار هاتووەتە دنیاوە. پێوەندی لەگەڵ دایکیدا زۆر باش بووە، بۆیە لە تەمەنی (١١)ساڵیدا دەینێرێتە خوێندنگەیەکی ئارتەدۆکسی، بەڵام ستالین لێرەوە سەرەتای کاری حزبی وتێکەڵبوونی بە بزووتنەوەی سۆشیالیست دەستپێدەکات، هەر بەوهۆیەوە ساڵی (١٨٩٩ز) لەو خوێندنگایە دەردەکرێ. ئەمە دایکی بێزار دەکات، لەبەرئەوەی ئەو دەیویست ستالین خەریکی ئایین ولاهووت بێ. بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بە نهێنی کاری حزبی وسیاسی کردووە وبەوهۆیەوە تووشی گرتن وڕاوەدوونان بووەتەوە، تەنانەت لە (١٩٠٢- ١٩١٧ز) دوورخراوەتەوە بۆ (سیبریا). ستالین پاش ئەوەی بووەتە یەکێك لە لایەنگرانی (لینین)، دواتر ولە ساڵی (١٩١٢ز) بووەتە ئەندامی لێژنەی ناوەندی حزبی بەلشەڤی. ساڵی (١٩١٣ز) ناتۆرەی (ستالین) واتە (پیاوی پۆڵایین)ی پێبەخشراوە. ناوبراو سەرۆك وەزیران ودووەم سەرۆکی یەکێتی سۆڤێتی جاران بووە لە (١٩٤١- ١٩٥٣ز)، بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەو یەکێتییە دادەنرێ.ناوبراو کەسێکی بەزەبروزەنگ وبەهێز بوو، بە شێوەیەك کە کۆمەڵگای سۆڤێتی لە کشتوکاڵییەوە بەرەو پیشەسازی برد. ئەمەش وای لە سۆڤێت کرد کە لە زۆر ڕووەوە پێش ڕۆژئاوا بکەوێت، تەنانەت لە جەنگی جیهانی دووەمدا بەسەر دەوڵەتانی میحوەردا سەرکەوت، تا کار گەیشتە ئەوەی وەك یەکێك لە دەوڵەتە زلهێزەکانی سەردەمی خۆی ناسرا.

هەڵبەت، قەیرانی دارایی وڕووداوەکانی ئەمدواییەی هەرێم، باشترین بەڵگەن، بۆئەوەی کە بزانین ژێرخانی ئابووری هەرێم تا چەند بەهێزە. هەرچی زمانی ستاندارد ویەکگرتووشە، وەك پرۆژەیەکی نیشتمانیی ونەتەوەیی، کە یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی بوون بە دەوڵەت، ئەوا بوونی هەر نییە. وەلێ، گەر هێندە نەبووبین، ئەوجا چلۆن دەتوانین دەوڵەت لەسەر داروپەردووی کەم وکورتی بونیاد بنێین؟

فەیلەسووفێکی وەك (فیختە)، * بڕوای وابووە کە "زمان، بنچینەی سەرەکی نەتەوەیە، وهەر زمانیشە نەتەوە دروست

* یوهان گوتلیب فیختە: (١٧٦٢– ١٨١٤ز) لە خێزانێکی لادێیی سادە لە ئەڵمانیا لەدایك بووە. بە منالی شوانی قاز بووە، بەڵام دواتر خانەدانێکی ناوچەکە ئەم منداڵەی گرتبووە خۆی وخوێندنی پێتەواوکردبوو. پاشان ناردبووی بۆ زانکۆ ناودارەکەی (جینا)، بەڵام فیختە کاتێك زانکۆی تەواوکرد زۆر هەژار ودەستکورت بوو، لەبەرئەوەی خانەدانەکە کۆچی دوایی کردبوو. بەو هۆیەوە ماوەیەکیش وەك ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کاری کردووە. ساڵی (١٧٩٢ز) یەکەم بەرهەمی خۆیی بڵاوکردبووەوە، بەڵام ناوی خۆیی تێدا نەنووسیبوو، بۆیە خەڵکی وایان دەزانی کە کتێبی چوارەمی ڕەخنەیی (کانت)ە. بەڵام سەرەنجام ناوی پەیداکرد. ساڵی (١٧٩٤ز) لە جینا دەبێت بە پرۆفیسۆری فەلسەفە. ناوبراو هاوپیشەی پرۆفیسۆری مێژوو (شیللەر)ی شاعیر و(گۆتە)ی شاعیر بووە. فیختە لەبەرئەوەی کەسێکی قسە ڕەق ومۆن وسروشتێکی دژواری هەبووە، بۆیە زۆربەی خەڵکانی دەوروپشتی لێیتەکیونەتەوە. دواجار لە تەمەنی (٥٢) ساڵیدا بە نەخۆشی (تیفۆئید) کۆچی دوایی کردووە، کە ئەویش لە ژنە سستەرەکەیەوە تووشی بووە.

دەكات." كەوابوو، هەرچی زووە، با كار لەسەر زمانی ستاندارد بكرێت، بەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت. بێمكووڕیكردن، زمانی هاوبەش هۆكارێكی لەڕادەبەدەر گرنگی یەكخستنی نەتەوەیە..[1]

لە دیدگای بیرمەندێكی بواری ناسیۆنالیزمی وەك (گێڵنەر)یشەوە،[*] چەسپاندنی سیستم ویاسا لە كۆمەڵگادا زۆر گرنگە، كە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دەبێ. واتە، دیسپلین وبەرقەراربوونی یاسا، پەیوەستە بە بوون وخودی دەوڵەتەوە، وهەر دەوڵەتیشە یاسا وڕێساكان پەیڕەو ودەچەسپێنێ. ناوبراو، دەیەوێت ئەوەش بڵێت، كە ئەگەر دەوڵەت نەبوو، ئەوا ناتوانین باس لە سنوور بكەین. هەروەها، نەبوونی سنوور، مانای نەبوونی دەسەڵاتە. كە

[1] مارتن غريفيش و تيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث- دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨، ص ٣٤٠

[*] ئێرنست گێڵنەر: یەكێك لەگرنگترین توێژەرانی بواری فەلسەفە وئەنسرۆپۆلۆژیا وكۆمەڵناسی وناسیۆنالیزم بووە. ناوبراو لە (٢٩/ دیسەمبەر/ ١٩٢٥ز) لەپراگ (كۆماری چیك) لەدایك بووە، خێزانەكەی تا ساڵی (١٩٣٩ز) لەپراگ ژیانیان گوزەراندووە. پاشان ئەم خێزانە كۆچیان كردووە بۆ ئینگلتەرا، ناوبراو لەوێ درێژەی بەخوێندن داوە و لەزانكۆی (ئۆكسفۆرد) خوێندنی تەواو كردووە، دواتر بووەتە مامۆستا لەلەندەن. ناوبراو لەساڵی (١٩٦٢ز)ەوە بووەتە مامۆستای زانكۆ ولەبوارەكانی لۆژیك وفەلسەفە ومیتۆدی زانستیدا وانەی وتووەتەوە. گێڵنەر، بێجگەلە زانكۆكانی ئینگلتەرا، لەچەندین زانكۆی جیهانی وانەی وتووەتەوە. لە (٥/ نۆڤەمبەر/ ١٩٩٥ز) لەپراگ، لەتەمەنی (٦٩) ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە.

دەسەڵاتیش نەبوو، واتە فەرمانڕەواشت نییە. نەبوونی فەرمانڕەواش، مانای نەبوونی پێوەرە، بۆ پێوانەکردنی دەسەڵاتی تۆ لە هەمبەر دەسەڵاتەکانیتر. گێڵنەر، لە کۆتاییدا، ئاماژە بەوە دەدات، کە لە پیواری هەموو ئەمانەدا، چیتر تاك ناتوانێت هەست بە ئیرادە وبوونی خۆی بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە شکستی خۆی دەکات. هەڵبەت، نەبوونی هەموو ئەمانەش، مانای نەبوونی یاخود پیواری هەستی نەتەوایەتی وناسیۆنالیزم. بڕواشی وایە، ئەو کۆمەڵگایەی خاوەنی دەوڵەت نەبێ، ناتوانێ باس لە ناسیۆنالیزم بکات. بۆیە، لە دواجاردا دەڵێت: "ناسیۆنالیزم، چەکەرە ناکات، تاوەکو دەوڵەتێك نەبێت." [١] شایانی وتنە، بە درێژایی مێژوو، ئەم نەبوونگەلە کاردانەوەیەکی نەرێنی زۆر خراپی فرەڕەهەندی بەسەر ئاوەز وکەسایەتی کوردەوە بەجێهێشتووە. دیارە، ئەمەش پشتڕاستکەرەوەی ئەو وتەزایەیە کە دەڵێت: " کورد، کەسایەتییەکی تێکشکاوی هەیە." [٢]

لە ڕاستیدا، هەر وابووە، ناسیۆنالیست بەبێ بوونی ناسیۆنالیزم، هەرگیز پرۆژەی نەتەوەیی لە هزریدا نییە. سەربار، نەبوونی ناسیۆنالیزم، بە مانای نەبوونی ئامادەکاری بۆ

---

[١] ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم: و: ئارام جەمال سابیر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٧٣

[٢] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٥٣

گواستنەوەی جڤاتێك لە گەلەوە بۆ نەتەوە. جا لەبەرئەوەی، گەلی کورد خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نییە، ئەوا ناکرێت وێنای نەتەوەیەك بکەین کە ناوی کورد بێت، بەڵکو هەر لە قۆناغی گەلدا دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی، بە بڕوای گێڵنەر، ناسیۆنالیزم گەرچی پرەنسیپێکی گشتییە، بەڵام دەبێت لەگەڵ یەکەی سیاسیدا –دەوڵەت– بگونجێ، بۆئەوەی نەتەوە دروست ببێ. هەربۆیە، دەوترێت: "ئەوە دەوڵەتە، کە نەتەوە دروست دەکات، نەك نەتەوە دەوڵەت چێبکات." [١] لە دەقەکانی پێشتردا، هێما بەوەکرا، کە هەر دەوڵەتە، بەهۆی سنووری دەسەلاتەکەیەوە، نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکیتر جیا دەکاتەوە. چونکی، نەبوونی سنوور، مانای نەبوونی دەسەلاتە. سەرەنجامەکەشی، وەك ڕوونکرایەوە، بەمانای نەبوونی ناسیۆنالیزم دێت. کەواتە: "ئەوە دەوڵەت وناسیۆنالیزمە، کە نەتەوە دروست دەکەن." [٢]

ناکرێت نکووڵی لەوە بکەین، کە باری ئاسایی کۆمەڵگای کوردەواری تاوەکو ئێستاش، ئەوەیە کە لەگەڵئەوەی ناسیۆنالیست ئامادەبوونی هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم وەك پرۆژە بوونی نییە. واتە، بکەرێکی بێ بەرنامە وبێ پرۆگرام، کە لە مێژووی سەد ساڵی

---

[١] ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم: و: ئارام جەمال سابیر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٤

[٢] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

ڕابردوودا دەجووڵێتەوە، بە بێئەوەی خاوەن پرۆگرام وفەلسەفە بێت. هەڵبەت، تا ناسیۆنالیزم وەکو فەلسەفە وئایدیۆلۆژیا دەرنەکەوێت، بیٚ شك ناسیۆنالیستیش وەکو بکەرێکی ناکردە یان لاواز، دەردەکەوێت..[١]

لە کاتی خۆیدا، (ژان ژاك ڕۆسۆ)، [*] لە کتێبی (چەند تێڕوانینێك لە حکومەتی پۆڵەندی)دا، دەستەی حوکمڕانی ئەو وڵاتەی ئاگادار کردبوەوە، کە ئەوە "دامەزراوە نەتەوەییەکانن" وا دەکەن بلیمەتیی گەل وکەسایەتی وئارەزووەکانی وئاکار وتەی

---

[١] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

[*] ژان ژاك ڕۆسۆ (١٧١٢– ١٧٧٨): لە شاری (ژنێڤ) لە سویسرا لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی فەرەنسی پرۆتستانت مەزهەب هاتۆتە دنیاوە. باوکی پیشەی سەعاتچی بووە، هەر لە منداڵییەوە ژیانی پڕ نەهامەتی بووە، هەفتەی دوای لەدایك بوونی دایکی دەمرێت وپووری دەیگرێتە خۆی. سەرەتای تەمەنی بە پیشەی هەڵکۆڵین دەستپێکرد، بەڵام لە تەمەنی شازدەساڵیدا ڕوودەکاتە ئیتالیا، ساڵی (١٧٤١ز) دەچێتە پاریس، پاش ماوەیەك ئەوێش جێدێڵیٚ وڕوودەکاتە ڤینیسیا ودەبێتە نووسەری باڵیۆزی فەرەنسا. لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا دەگەڕێتەوە پاریس ولەویٚ خێزان دروست دەکات، بەڵام بەهۆی هەژاری ودەست کورتییەوە منداڵەکانی دەنێرێتە هەتیوخانە. لەم قۆناغەدا زۆر سەردانی فەیلەسوفەکان دەکات، بەتایبەت (دیدرۆ). ساڵی(١٧٦٢ز) دوو کتێب بڵاودەکاتەوە: (پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئەمیل)، لەسەر نووسینی (ئەمیل) ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستە کرا لەلایەن باوەڕداران وفەیلەسوفانەوە. بەر لە شۆڕشی فەرەنسی بە دەساڵ، کۆچی دوایی کردووە.

بەنرخی ئەو گەلە دروستبکەن. هەر ئەوەشە، وا دەکات سیفەتی تایبەتی پێببەخشێ ولە گەلانی تری جیابکاتەوە.[1]

بوونی هەموو ئەوانەی وتران، وهەموو ئەوانەی پێویستبوون بە جێبەجێکردن بەسەر هەرێمی کوردستاندا، جۆرێك لە "سەقامگیریی سیاسی" لە نێوخۆدا دروست دەکات، کە زۆر گرنگە بۆ (دروستبوون) وژیانی ئەو دەوڵەتەی مەبەستە. کەوابوو، لەسەر حکومەتی هەرێمە، کە لە ئاست داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمدا بێت وهەنگاوی زیاتر بەرەو سەقامگیری ودیمۆکراسیبوون وپاساییبوون بنێ. بەڵکو، تەنانەت حکومەت، دەبێت ئەو زەبەلاحە دەریاییەی تۆماس هۆبس بێت، (leviathan) کە ماسییە بچووك ولاوازەکان لە هێرشی ماسییە گەورەکان دەپارێزێت.[2] سەرەنجام، دەسەڵاتی کوردی، پاش ئەوەی توانی بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە سنوور وبوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەوا دەشتوانێت "کوردایەتی"– هاوشێوەی ناسیۆنالیزم– وسەروەری وتەواوی خاکی خۆی بسەلمێنێت. بەمەش، هەرێمی کوردستان، لەو داکەوتە نزیك دەبێتەوە کە پێیدەوترێت "پرسی سەربەخۆییبوون،" کە گوڵەوەچنە وچکاوەی مەبەستە. وەلێ، وشەی "نەتەوەی کورد،" ئەویش

---

[1] بوید شیفر: القومیه عرض و تحلیل، دار مکتبة الحیاة– بیروت، لبنان، ١٩٦٦، ص ٣٠٧

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢

ئاییندەیەکی پرشنداری دوای ئەو دەوڵەتە خاوەن کوردایەتییە دەبێت. کەواتە، هەنگاوێکی ئاوەزمەندانەیە، گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئەرك وکارگەلە هەستێ.

گومانی تێدا نییە، تاکە ڕەهەندێك کە دەوڵەت بێلایەن دەکات، بریتییە لە یاسا. ئەو پرسیارەی لێرەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە: ڕاستە هەموو دەوڵەتەکان یاسای خۆیان هەیە، بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتێك، دەوڵەتی یاسایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، بە خێرایی دەدەینەوە ودەڵێین نەخێر. دیارە، دەوڵەتی یاسا، کە تەنها بە مانا دیمۆکراسییەکەی فۆرمێکی دەسەڵاتدارێتی نەتەوەییە، دەتوانێت هاونیشتمانانی بپارێزێت ولە ڕووی یاساییەوە ولە ئاستی تیۆری وپراکسیسدا وەکو یەك تەماشایان بکات. بەم شێوەیە، ڕووبەرێك لە عەدالەت ویەکسانی وئاسایش بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاکەی دابین دەکات.[1]

هاوکات، لەگەڵ هەموو ئەم باس وخواسانەی ئاماژەی پێدەدەین وبە پێویستی دەزانین، کە حکومەتی هەرێم کاری بەپەلە ومیکانیزمێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، پێویستە پێبەپێی ئەوەش ئاگاداری بارودۆخ وهەلومەرجی هەنووکەیی ئێستا وداهاتووی عێراق بێت. هەروەها، بەئاگابێت لەو گۆڕانکارییانەی لە ناوخۆی عێراق ودەوڵەتانی ئیقلیمی ونێودەوڵەتیدا ڕوودەدەن. ئەمەش، بۆ

[1] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، مانگی ٣/ ٢٠١٠، ل ٢٣

ئەوەی ئامادەبێت بۆ هەموو ئەگەرەکان، کە لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن، وباشترین بژاردەش هەڵبژێریٚ. ئێستا، لە کلاٚوڕۆژنەی مێژووەوە، ڕووناکییەکی پرشنگدار بەئاڕاستەی کورد بەدیدەکریٚ. وەلیٚ، ئەو ڕووناکییە، هەڵگری ڕۆژی کورد وسەرجەم ئاواتەکانیەتی. بەمانای، هەست بە گۆڕانکارییەك لە سیاسەت ونەخشەڕێگای ڕۆژئاوا، لەهەمبەر کورد دەکریٚ. ئەوجا بێمکووڕیکردن، بە هیچ کلۆجێك، بێژنگ ناتوانێت ڕیٚ لەو ڕووناکییە بگریٚ. بەوەی، هەڵگری تۆوی گۆڕانکارییە، نەك لە کوردستان وهەرێم، بگرە لە تێکڕای ناوچەکەدا.

ئەمە، لەو وتەزایەوە نزیکمان دەکاتەوە کە دەڵێت: "بەبیٚ قسەکردن وکردار وڕێککەوتن، سیاسەت لەدایك نابێت." [١] مانای، لەوانەیە قسە لەسەر داهاتووی هەرێم کرابیٚ ودەکرێت چاوەڕوانی شتی زیاتریش بین، پاشان لە نێو خۆیاندا ڕێککەوتبن لەسەر چۆنیەتی ڕۆڵبینینی هەرێم لە ناوچەکەدا. دواجار، کرداریش، دروستکردن یان بابڵێین دەستنیشانکردنی دەوڵەتەکەیە. ئەمەش، داواکراوەکەیە، کە کرۆکی گەمە ولەدایکبوونی سیاسەتەکەیە. بەلاٚم، دەشێت ئامارژە بەوەش بدەین کە ئایا ئەم بۆچوونەی ئێمە تا چەند ڕاستە، ئایا بەهەڵەدا نەچووین لە لێکدانەوەیەکی وەهادا؟ ئەی هۆکار چییە، بۆ ئەوەی ئەوان جارێکی دی دەستکاری نەخشەی سیاسی ناوچەکە بکەن ویەکەیەکی سیاسی بەردەوامان بۆ دەستەبەر بکەن؟

---

[١] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاٚوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، مانگی ٢/ ٢٠١٠، ل ٣٩

گەرەنتی چییە، لەوەی گەلی کورد جارێکی دی نەکرێنە بەرانی قوربانی؟ ئاخۆ، یەکدەنگیی وهزر وپێگە وئیرادەی ئێمە لە کوێی ئەم هاوکێشە سیاسییەدایە؟

شیاوە، ئاماژە بەوە بدەین، کە هەندێك لە تیۆرە فەلسەفییەکان، "سیاسەت" بە کرۆکی ئاکار پۆلێن دەکەن. دەشڵێن، سیاسەت، هیچ نرخێکی نییە گەر بێت وبۆ ئامانجێکی مۆراڵیی هەوڵنەدات. کەواتە، لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەم دەستەواژەیە ڕاستە. بەڵام، ئایا لە ڕووی کردارەوە، یان پراکتیزەوە وایە؟ کێن، ئەوانەی سەرلەبەری سیاسەتەکەیان، مۆراڵ وئاوەزباوەڕییە؟ گەر وابێ، کەواتە تیۆرگەلی ماکیاڤێللی دەربارەی دەوڵەت وسیاسەت وکەسی حوکمڕان، سەرتاپای هەڵەیە، کاتێك جەختی لەوە کردبووەوە کە سیاسەت ومۆراڵ جودان لەیەکتر. بەوەی، لە سیاسەتکردندا، مەبەست بەدیهێنانی ئامانجە، بە هەر شێواز وئامرازێك بێت. یان، ئەدی لەپای چی، لە سەدەی بیست ویەکیشدا گەلی کورد وگەلانی هاوشێوەی هێشتاکێ نەبوونەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان؟ ئاخۆ، سەرباری خەباتی خوێناوییان، خەتا وپەسیڤیی خودی ئەم نەتەوانەیە، یان مۆراڵی سیاسەتی ئەو زلهێزانەڕا بەو شێوەیە لێکدەدرێتەوە؟

سەدەیەك لەمەوبەر، سیاسەتی ئەوان بەجۆرێك بووە، کە پێچەوانەی پراکسیسی سیاسەتی ئێستایانە. تۆ بڵێی، ئەوە شرۆڤەی ئاکاری سیاسەتی ئەوان بێت لەسەر ئەرزی واقیع، یان

**واقیعی بەرژەوەندی ونەخشەی سیاسەتی ئەوان، نەخشاندنی سەرفرازی وڕۆژگار وچارەنووسی ئێمەی پێوە پەیوەستە؟ مانای، لە ئێستادا، گەر بە پێوەری ئاکاری سیاسەتی ئەوان بێ، سەدەی بیست ویەك، سەدەی نەخشاندنی ئایینده‌ی کوردە، کە هاوکات تەریبیشە بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان. هەربۆیە، کەسایەتییەکی ڕووناکبیر وکورد دۆست وکۆمەڵناسی تورکی وەك (ئیسماعیل بێشکچی)** *

---

* دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی: نووسەر وکۆمەڵناسی تورك، ساڵی (١٩٣٩ز) لە (ئیسکیپ)ی نزیك پارێزگای (کۆروم) لە تورکیا لەدایك بووە. هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی وئامادەیی تەواوکردووە. دواتر لە زانکۆی (ئەنکەرە) لیسانسی لە زانستە سیاسییەکاندا بەدەستهێناوە. ساڵی (١٩٩٧ز) لە زانکۆی (ئەتاتورك) دکتۆرای لە سۆسیۆلۆژیادا بەدەستهێناوە. لە ساڵانی (١٩٦٢-١٩٦٤ز)، خزمەتی سەربازی لە ناوچەی (بەدلیس وهەکاری) تەواوکردووە، لێرەوە ئاشنایی لەگەڵ گەلی کورددا پەیدا کردووە. دیارە ئەو زوڵم وزۆرەی دەرهەق بە گەلی کورد کراوە لەو ناوچەیەدا، ویژدانی بێشکچی بەتەواوەتی هەژاندووە. هەربۆیە بە نووسینەکانی ئەوپەڕی داکۆکی لە پرسی کورد کردووە ولەو پێناوەشدا چەندینجار تووشی ڕاوەدوونان وزیندانیکردن بووەتەوە، (١٧) ساڵی تەمەنی لە زینداندا بەسەر بردووە. بەڵام ئەم کەسایەتییە هەرگیز گوێی بەوانە نەداوە وبگرە پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ کەسایەتی وشۆڕشگێڕە کوردەکان پتەوتر کردووە، بە شێوەیەك کە لە نیسانی ساڵی (٢٠١٣ز) دا بە شێوەیەکی فەرمی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. لەڕاستیدا، تەواوی گەلی کورد قەرزاری هەڵوێستی جوامێرانەی ئەم کەڵە نووسەرەن.

کاتێك وتبووی: "ئەم سەدەیە، سەدەی سەرکەوتنی کوردە." [1] هەڵبەت، ئەویش هاوشێوەی ئێمە، لە ئاکاری سیاسەتی ئەوان تێگەیشتووە.

مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، کە سەرباری هەلی زۆر ولەباری کەشی سیاسی وهەلومەرجی هەنووکەیی نێودەوڵەتی بۆ گەلی کورد لە ئێستادا، گەر خۆبەخۆ ویەکگرتووانە کار نەکەین لەبۆ ئەگەری ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە کوردییە، ئەوا شتێکی ئاساییە کە بگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم. ئەوجا، دەوترێت، ئایا حکومەت یان ئۆپۆزسیۆن، بەرپرسیار بوون لە تێکچوونی ڕەوشەکە؟ هەڵبەت، ئەوە پرسیارگەلێکی زۆر هەڵدەگرێ، کە پێناچێت وەرامەکەی چیتر سوودێکی ئەوتۆی هەبێ.

بێگومان، دەبێت ئەو ڕاستییەش باش بزانین کە قسەکردن لەسەر سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، قسەکردنە لەسەر سیستمێکی بێ دەوڵەت وبێ دەستوور. هەڵبەت، ئەوەی کە هەیە، سیماکانی دەوڵەتی عێراقە. لەبەرئەوە، سیستمی سیاسی لە کوردستاندا، لە ژێر کاریگەریی سیستمی سیاسی عێراقدایە وتا ڕادەیەکی زۆریش، بووەتە بەشێك لەو سیستمە. [2] وەلێ، هەرێمی

---

[1] ئیسماعیل بێشکچی: ئەم سەدەیە سەدەی سەرکەوتنی کوردە، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢٩/ ٤/ ٢٠١٣، www.hawler.in

[2] ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٦)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢، ل ١١٥

کوردستان، هێندەی نەماوە چارەکە سەدەیەکی تەمەنی تێپەڕ بکات، کەچی هێشتاکێ خاوەنی دەستووری خۆی نییە. ئەمە نەنگییە، لەبەرئەوەی کاتێك باس لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەت دەکرێت، دەبێت دەستوورێك بوونی هەبێ، کە بە دەق باس لە جۆری سیستمی حوکمڕانی بکات.

زۆرمان بیستووە، دەربارەی ئەوەی کە هەموومان لە نێو کەشتییەکداین، گەر لایەك زیان بەو کەشتییە بگەیەنێ، بێ چەنوچوون هەر هەموو زەرەر دەکەین. وەلێ، دەکرێت وێنای ئەوەش بکەین، دانیشتوانی هەرێم، هاوشێوەی دانیشتوانی (ئەتینا)ی سەردەمی گریکەکانی لێدێ، کاتێك بەهۆی جەنگەکانی (پیلۆپۆنیز)ەوە شاردەوڵەتەکەیان لەلایەن شاردەوڵەتی (سپارتەوە) داگیرکرا. [1] ئەوەی مەبەستە، ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی سەرجەم دانیشتوانی ئەتینا تووشی شۆك بوون، وەلێ هەموو فەلسەفەکان وفەزیلەت وهونەر وتیۆرگەلی مرۆڤایەتی وسەرخانی کۆمەڵگا وتەنانەت خودی دیمۆکراسیش کەوتنە ژێر پرسیارەوە. ئەو نسکۆیە، بووە هۆی دووبارە بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکە، لە هۆکاری ئەوەی بۆچی ئەو شتگەلەی فێرکرابوون، دواجار نەیتوانی لە بەرانبەردا خۆڕاگر بێ. ئەمە وایکرد، نەوەی نوێ، بە سەرجەمی ڕووداوەکان وفەلسەفە وهەقیقەتدا بچێتەوە. واتە، دووبارە

---

[1] د. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسط، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر- بغداد، عراق، ١٩٨٨،ص ٢٨

داڕشتنەوەی بیروبۆچوون وفەلسەفەکان، کە دواتر چەندین قوتابخانەی فەلسەفیتری لێوە چەکەرەی کرد. هەرچەندە، فەلسەفەی نویێ، بووە ڕێنوێنیکەری مێژوویی مرۆڤایەتی، بەلاّم لەگەڵ خۆڕاگری کۆمەڵگاکە، خودی فەلسەفە تووشی نشوستی سەدان ساڵە بووەوە.

شیمانەی ئەوە دەکرێت، تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان، لە بەردەوامیی قەیران وناکۆکی هەولێر وبەغدا وشلۆقی ژێرخانی ئابووری ونەبوونی ئاسۆیەکی گەش لەبۆ سەرفرازی، تووشی شۆك وتێڕامان وبیرکردنەوەی ئەوە بووبن، کە بۆچی دەربازبوون لەم دۆخە ناهەموار وهەلومەرجە نەخوازراوە هێندە درێژە دەکێشیێ؟ کوا، ئەو بەڵێنانەی، باسی لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی وخۆشگوزەرانی وبەرەوپێشبردنی هەرێمی دەکرد؟ گەر وا بڕوات، ئیدی ترس لە ئاییندەی هەرێم، دەبێتە گەنگەشەی ڕۆژ، ئاریشە وبارگرانی وڕووداوە نەرێنییەکان ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکەن. مەخابن، ئێستا لە نێوخۆی کۆمەڵگا ولە گەرووی جەماوەرەوە، هێندەی باس لە نەبوونی مووچە دەکرێت، هێندە باس لە سەربەخۆبوون ناکرێ. هەڵبەت، کەسی برسی، بەهیچ شێوەیەك لە چەمکگەلی ئازادی ودیمۆکراتی وسەربەخۆیی تێناگات، بەڵکو ئەوەی تێدەگات، تەنها تێربوونە لەم ساتەدا وترسە لە ساتی داهاتوو. پاشان، گەر کاری بەپەلە لەسەر چارەسەرکرنی هەموو کێشە وقەیرانەکان نەکرێت، ئەوا حەتمیەتی گۆڕانی جڤاتێکی میانڕەو بە جڤاتێکی توندڕەوی جەماوەریی خاوەن پۆپۆلیست، تاکە بژار دەبێت.

ئێستاشی لەگەڵدابێ، خواست وبیروبۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمەڕ عێراق، پێچەوانەی خواستی ئێمەی کوردە. بەرژەوەندی ئەمریکا، هەردەم کاری لەسەر یەکپارچەیی عێراق کردووە. دەشێت، کارلێکی بەرژەوەندییەکان یاخود دیفاکتۆ وە یان ڕایگشتی، وا بخوازێ کە لە ئاییندەدا تێڕوانین وسیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لەمەڕ کورد گۆڕانکاری بەسەردا بێت، وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا. بەڵام، ئەوەی هەنووکە هەستی پێدەکرێت، پێچەوانەی ئاییندەیە. جێگەی ئاماژە پێکردنە، بەر لە ماوەیەك، لێکۆڵەرێکی بەریتانی، سەبارەت بە ئاییندەی عێراق وهەرێمی کوردستان، کتێبێکی بە ناوی (سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە باکووری عێراق: گرفت وئاسۆ ئاییندەییەکانی) بڵاوکردەوە، کە سێ سیناریۆی تێدا خستبووە ڕوو. یەکەم: کوتکوتکردنی عێراق، دووەم: یەکپارچەیی عێراق، سێیەم: دووبارە یەکخستنەوەی ناوچەکە. ئەو لێکۆڵەرە، سیناریۆی دووەمی بە باشترین خەونی ئەمریکا زانیبوو. بە شێوەیەك، کە سەرجەم پێکهاتەکان بتوانن دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.[١]

دوای ئەوەی، لە بەرواری (٢٢/ ٥/ ٢٠١٤) دا، (تانەر یەڵدز) وەزیری وزەی تورکیا بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند، کە بڕی یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی عەمبارکراوی هەرێمی کوردستان لە

---

[١] کۆچ: وەرزە گۆڤارێکی ڕووناکبیرییە، ژمارە (١٧)، کوردستان- سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢، ل ٢٤٧- ٢٤٨

بەندەری جیهانەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی دەرەوە کراوە،[1] ودوای ئەوەی ئەو کارە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، (برێت ماکگورك) جێگری وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست وعێراق، لە تۆڕی کۆمەلأیەتی (تویتەر)، وەك بۆچوونی خۆی ڕایگەیاندبوو: "نابێ کورد بەبێ ڕەزامەندی بەغدا نەوت بفرۆشێ، هەروەك چۆن نابێ بەغداش بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت." ناوبراو، ئاماژەی بەوەش دابوو کە ئەمریکا لە دۆسیەی نەوتدا پشتگیری لە لایەنێك نەکردووە لەسەر حسابی لایەنێکیتر. ئەمەش، پاش ئەو وەلأمدانەوە فەرمییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت کە داوای لە ئەمریکا کردبوو لەو دۆسییەدا بێلایەنانە مامەڵە بکات.

ئاشکرایە، کە ماوەی چەندین مانگ خودی کەشتی ناوبراو، لە کەناراوەکانی ئەمریکادا لەنگەری گرتبوو بێ ئەوەی بتوانێ بارەکەی بەتاڵ بکات. ئەوەش، لەبەرئەوەی حکومەتی ئەمریکی لەپای سکالأی حکومەتی عێراقی، ڕێگەی نەدا ئەو بارە لەوێ بەتاڵ بکرێت، تا سەرەنجام لەو سنوورە کشایەوە بۆ شوێنێکیتر. ئەمەش، پشتڕاستکەرەوەی ئەو قسانەی پێشوومانە کە وتمان "بەرژەوەندی ئەمریکا، خوازیاری یەکپارچەیی خاکی عێراقە." ئەوجا، نەك لەبەر چاوی کاڵی گەلی عێراق، بەڵکو بۆئەوەی تەواوی عێراق، کەرتی

---

[1] پارەی نەوتی فرۆشراوی کوردستان لە تورکیایە: شوان بەرزنجی، باس نیوز، ئابووری، ١١/ ١/ ٢٠١٥، basnews.com

هایدرۆکاربۆن پەرە پێبدات وئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز بکاتەوە. ئەمەش، فاکتەرێکی سەرەکی دەبێت لەبۆ جێگیربوونی نرخ وبازاڕەکانی وزە لە جیهاندا، کە تەواو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا یەکدەگرێتەوە. واتە، لە ڕووی تیۆرییەوە ولە ڕوانگەی ئیدارەی ئەمریکاوە، بەجیا فرۆشتنی نەوتی هەرێم زیان بە نرخی نەوت وبازاڕەکانی وزە ویەکپارچەیی خاکی عێراق دەگەیەنێ. هەرچەندە، لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە.

لە سەرەتای توێژینەوەکەدا، ئاماژەمان بەوەدا، کە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتمان هەیە. بەڵام، تا هەنووکەش نەمانتوانیوە تەنانەت وەك شاردەوڵەتی ئەتیناش ڕەفتار بکەین. بەوەی، ئەوان سەرجەم خەسڵەتەکانی شاردەوڵەتیان بە تەواوی تێدابوو، کە خۆی لە ڕووبەرێکی دیاریکراو، سەربەخۆیی ئابووری، سەربەخۆیی سیاسیدا دەبینییەوە. [1] کەچی، هەرێمی کوردستان، بەهۆی ناوچە دابڕێنراوەکانییەوە، تا ئێستاش سنوورێکی دیاریکراوی فەرمی نییە، ئابوورییەکەشی لەگەڵئەوەی گەشە وپێشکەوتنی بەخۆوە دیوە، بەڵام لە ڕووی ڕەهەندەکانەوە هێندە سەربەخۆ نییە، ودوای زیاتر لە بیست وچوار ساڵ، تازە بە تازە کێشەی پێدانی موچەی فەرمانبەرانی هەیە، کە سەرەتاییترین ئەرکی کەرتی ئابوورییە. خۆ

---

[1] د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن– سەید سادق، ٢٠٠٥، ل ٢٤

ئەگەر، باس لە سەربەخۆیی سیاسیش بکەین، ئەوا دەبێت سیناریۆی دووەمی توێژەرە بەریتانییەکە بخەینە زەینی خۆمانەوە. ئەمە، بێجگەلەوەی کە هەرێمی کوردستان، هێندەی قەوارەیەکی مرۆییە، ئەوەندە قەوارەیەکی سیاسی نییە، لەبەرئەوەی لە بنچینەدا دەوڵەت نییە. وەلێ، پشت بە خوا، ئەو دەوڵەتە هەر دێتە بوون. بەڵام، ئەوەی بەلای منەوە سەیرە، نەبوونی یەکدەنگی پارتە سیاسییە کوردییەکانە، لە هەمبەر کێشەگەل ومەسەلە چارەنووسسازەکان. لەوەش سەیرتر، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دەوڵەتی کوردی وخۆجیاکردنەوەیە لە عێراق، کەچی لە بەرانبەردا باس لەوەش دەکرێت کە نابێت پێگەی کورد لە بەغدا چۆڵبکرێت. کەواتە، مەحاڵە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەبێ ئیرادەیەکی یەکانگیر.[١]

لە سۆنگەی هەڵوێردی مانەوە یاخود دابڕان لە عێراق لەلایەن پارتە سیاسییە لۆکاڵییەکانی هەرێمەوە، دەکرێت شەن وکەوێکی پارتی سیاسی بکەین. پێشتر، ئاماژەمان بەوەدا، کە پارتی سیاسی، ئامرازێکە، بەهۆیەوە "هاووڵاتی" دەتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکات، کەواتە شتێکی سروشتییە کە حزب لەڕێی کارگەلێکەوە هەوڵی بەدەست هێنانی مەبەستی سەرەکی خۆی بدات، کە خۆی لە (گەیشتن بە دەسەڵات) دەبینێتەوە. وێڕای ئەوەی، کارێکی سروشتیشە هەموو پارتێکی سیاسی چاوبڕێتە کورسی

[١] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣

دەسەڵات- بە مانا پۆزەتیڤەکەی- وە بەشداری بکات لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا- گشتی یان بەشی (كلي أو جزئي).- بە مانای، ئەگەر پارتێکی سیاسی هەبێت وهەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات نەدات، یاخود کار بۆ ئەوە نەکات ئەو پۆستە حکومییانە بەدەست بهێنێت، ئەوە هەرگیز پێیناوترێت پارتی سیاسی، دەکرێت وەك ڕێکخراوێکی حکومی یان ناحکومی ئاماژەی پێبدرێت، کە ناتوانێت ئەو ئامانجە بپێکێت. لەبەرئەوە، تەنها لە ڕێی گرتنە دەستی دەسەڵاتەوەیە، پارتی سیاسی دەتوانێت هەم کابینەی حکومەت پێکبهێنێت وکارە سیاسی ومرۆیی وخزمەتگوزاریەکان پێشکەش بە کۆمەڵگاکەی بکات، هەم بەرژەوەندی وپەیڕەو وپرۆگرامی خۆی جێبەجێ بکات.[١]

لەم ڕوانگەیەوە، ئامانجی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیش، لە هەر شوێن وڕۆژگارێکدا بێت، گەیشتنە بە دەسەڵات. لە ئەزموونی نوێی کاری سیاسیدا، تەنیا مۆدێلێك بۆ ئامانجی گەیشتنە دەسەڵات شك نابەین. بەڵکو، ئەمە بە فۆرم وشێوازی جۆربەجۆر خۆی خستووەتە ڕوو، کە بەپێی جیاوازی چەمکی سیاسەت وکاری سیاسی، لای هەر گروپێك لە گۆڕەپانی ململانێکردن لەسەر سیاسەت ودەسەڵات جیاوازە. دەکرێت، لێرەدا تەنها ئاماژە بە سێ شێوازی کۆششکردنی کاری سیاسی بۆ هێنانەدی ئامانجی

[١] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣- ١٠٤

گەیشتنە دەسەڵات بکەین:

**شێوازی یەکەم/** بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی دەسەڵات، لەلایەن ئەو گروپە سیاسییەی ئۆپۆزسیۆنەوە، کە کۆششی بۆ دەکات.

**شێوازی دووەم/** بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە، دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ودەستەبژێرە سیاسییەکاندا.

**شێوازی سێیەم/** بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆنە لە دەسەڵاتدا، بە ڕێژەیەك، کە زۆرجار بەشداریکردنێکی هاکەزاییە وناگاتە ئاستی دابەشکردن.

هەر یەکێك لەو سێ شێوازە، بۆ بەدیهێنانی گەیشتن بە دەسەڵات، پێویستی بە میتۆد وهەڵبژاردنێکی ئیجرائی لە کاری سیاسیدا هەیە، کە بگونجێ وچوونیەك بێت لەگەڵیدا. [١]

ئۆپۆزسیۆنە دێموکراتەکان، دەتوانن لە ڕێگەی بەرهەمهێنان وبلاَوکردنەوەی گوتاری دێمۆکراسی، بەهێزکردنی پانتایی گشتی وکۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاکێشانی وتار وباس وخواسە سیاسییەکان، لە خەڵوەتگەی تایبەتی دەسەڵاتەوە بەرەو بواری گشتی کۆمەڵگە، ڕەخنەگرتن لە سیاسەتە باوەکان، پەروەردەکردنی مەدەنی وپەرەپێدانی وشیاری سیاسی، بەشداری هەڵبژاردن وکاری دیکەی

---

[١] عەبدول ئیلاه بەلقزیز: ئۆپۆزسیۆن ودەسەلاَت، و: هەڵکەوت عەبدوڵلاَ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١١– ١٣

لەمجۆرە، ئامادەکاریی فەرهەنگیی پێویست بۆ گوزەر بەرەو دیمۆکراسی پراکتیزە بکەن. بەم شێوەیە، ئامادەکاریی فەرهەنگیی، کاتێك کاریگەرتر دەبێت کە بە سەرهەڵدانی کەلێن وناکۆکی لەناو گرووپە دەسەلاتدارەکان، باڵە میانڕەو یان چاکسازیخوازان وە توندڕەو یا پارێزگاران دروست بووبن وناسراوبن. لەم حاڵەتەدا، ئۆپۆزسیۆنی دیمۆکرات، ڕۆڵێکی تەواوکارانە وەردەگرێ ودەبێتە لایەنی گفتوگۆ وپێکهاتن وسازش، لەگەڵ باڵی میانڕەو. لەوانەیە، وەك لایەن، لە ڕێککەوتن وپەیمانی گوزەردا بەدەربکەوێت.[1]

کۆمەڵگای هەرێم، وێڕای پابەندبوونی بەشێکی بە دەسەلات، یاخود مایلبوونی هەندێك بە ئۆپۆزسیۆن، وە یان بێلایەنی وسەربەخۆیی بەشێکی دیکەی، بەلام زۆرینەی خەڵك دەیانەوێت هەلومەرجی سیاسی یان کارەکتەری سیاسی، بەرەو هێنانەدی ڕەهەندی کۆمەلایەتی لە ناو دیمۆکراسیدا هەنگاوبنێ. واتە، خەڵك دەیەوێت، حکومەتی هەرێم وسیاسەت لە کوردستان، ماف وئازادی وعەدالەت وبەشدارییان بۆ بهێنێتەدی. هەروەك چۆن، مێژووی ولاتانی دیمۆکراسی، سەلماندویانە کە دەبێت سیاسەت ودەسەلاتی هەژموونگەرا، بەرەو سیستمی لیبراڵ- دیمۆکرات هەنگاو بنێ، بۆ ئەوەی ئەو ماف وداخوازییانە بە خەڵك شاد بکاتەوە. واتە، یەکەمین ئەرك وقۆناغی گەشەپێدانی سیاسی لە کوردستان، ئەوەیە کە

---

[1] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢- ١٦٣

دەسەڵات بەرەو سیستمی ماف وئازادی، یان دەوڵەتی یاسا وماف هەنگاو بنێت وتەنها بەمەش دەتوانێ دەستی بگاتە گەشەپێدانی سیاسی.[1]

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەرکی سەرەکی حکومەتی هەرێم، خۆشگوزەرانی خەڵکە. هەرچەندە، لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا، هێزە سیاسییە حوکمڕانەکان بەپێی یاسا حوکمڕانی دەکەن، بەڵام شانبەشانی ئەوان، دەبێت ئۆپۆزسیۆنیش وەك حکومەتی سێبەر ولە ڕێی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، فشار ورۆڵی هۆشیاری سیاسی وئەرێنی ببینن. ڕاستە، ئۆپۆزسیۆن، دەسەڵاتی بەدەست نییە، بەڵام دەتوانێت ڕۆڵی ڕێنوێنیکەر ببینێ، بەوەی دەشێت سبەینێ بەهۆی سندوقی هەڵبژاردنەکانەوە ئەویش بەشداری حوکمڕانی وڵات بکات.

ئێستا، لە هەرێمی کوردستان، سەرباری بوونی بێمتمانەیی لە نێوان دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن، بەداخەوە لێکترازانێکی ناوچەیی نیمچەدیار لە ئاسۆدا بەدی دەکرێ، وێڕای دابڕانی بەشەکی خەڵك لە دەسەڵات. هەموو ئەمانە، بەهیچ شێوەیەك خزمەت بە یەکپارچەیی خاکی کوردستان وئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ناکەن. بەڵکو، پەرتەوازەبوونی زیاتر وپاشەکشەی زیاتری ناسیۆنالیزمی کوردی وەك پرۆژە، دێنێتە گۆڕێ. ناکرێت، هەموو

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦- ٥٧

شتێك له ڕوانگەیەكی تەسكی حزبییەوە سەیر بكرێت، هەروەك چۆن ناكرێت هەموو شتێكیش بە كەم بزانرێت. بەڵكو، ئەگەر شتێك كرابێت، ئەوا دەتوانرێت شتی زیاتریش بكرێت. من، هەردەم لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دۆستی كورد، ئیسماعیل بێشكچیدام، كە وتبووی: "خراپترین ئیدارەی كوردی، له باشترین ئیدارەی توركی وعەرەبی وفارسی لەبۆ كورد باشترە." سەرباری بێمتمانەیی، بەڵام ئاسۆی هەوڵێكی نێوخۆ بەدیدەكرێ، كە چیتر ئاقاری ڕەوشی ئێستای هەرێم بەرەو باشتر ببرێت وجۆرە ئاشناییەك لەگەڵ دامودەزگای نیشتمانی دروست بكرێ. هەوڵ دەدرێت، لانیكەم، بەر بە قەیران وگەندەڵی وقۆرخكاری بگیرێت، كایەی بەشداری سیاسی ئیدی فراوانتر بكرێت. بە جۆرێك، كە هەموو گرووپە خاوەن قازانجەكان وچینە كۆمەڵایەتییەكان، بتوانن بە شێوەیەكی تا ڕادەیەك یەكسان له نێوخۆی دەسەڵاتی حكومیدا ڕكابەریی وبەشداری بكەن. كە دواتر وله ئەنجامدا، فەرهەنگی دیمۆكراتی، لەسەر ئاستی هەموو كۆمەڵگە ودەنگی نوخبە سیاسییەكان پەرەبستێنێ.[١]

دەكرا، سەرباری ڕەخنەگرتن له تەحەزوب وگەندەڵی ومیكانیزمی بەجێهێنانی كارەكانی حكومەت، كە ئەوە ئەركی سەرەكی ئۆپۆزسیۆنە، كاریش لەسەر پرۆسەیەكی هۆشیاری نەتەوەیی بكرایە، كە هۆشیاركردنەوە وزیندووكردنەوەی شوناس

---

[١] د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموكراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢- ٥٣

ومێژوو وفەرهەنگ وکەلتووری کوردی لەخۆ بگرتایە، وببوایە بە چرۆی ئەو دەوڵەتەی چاوەڕوانین. بەڵام، مەخابن ئەوەی بەدیدەکرێ، نەك کارنەکردنی دەسەڵات وئۆپۆزسیۆنە لەسەر ئەو بابەتە، بەڵکو کارکردنی تێکڕای پارتە سیاسییەکانی هەرێمە لە پێناو بەرزڕاگرتنی شوناسی حزبیدا. هەربۆیە، حکومەتی هەرێمیش، هێندەی مۆرکی حزبی پێوە دیارە، هێندە مۆرکی حکومەتێکی نیشتمانی پێوە دیارنییە. دەرەنجامی هەموو ئەمانە، وقەیران ونەبوونی بەرنامەڕێژییەکی تۆکمە وبۆشایی سیاسی وچەقبەستوویی دێمۆکراسی سیاسی، وای لە تاکی کورد کردووە کە بێ ئومێدبێ، ولە دەسەڵات زویر بێ، ئاشتەوایی وپەیوەندییەکی دۆستانەی لاواز لە نێوان تاکی کورد ودەسەڵاتدا بمێنێ. تەنانەت، بەشێکی تاکی کورد، گاڵتەی بە خاك ودەوڵەت وشووناس ومێژووی خۆیی وپیرۆزییەکانی دێت.

یەکێك لە پرسە بنەڕەتییەکان، دەربارەی ئۆپۆزسیۆن، بەندە بە سنوورەکانیەوە. واتە، مەبەست لەوەیە کە کام لە سنوورەکانی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت پشتیوان بێت بۆ دێمۆکراسی. پێش هەر شتێك، دەبێت ئەوە پەسەند بکەین، کە بوونی ئۆپۆزسیۆنی ناسراو ویاسایی، مەرجی لانی کەمە بۆ هاتنەدی دێمۆکراسی بەهەر مانایەك بێت. هەڵبەت، جەوهەری دێمۆکراسی، بریتییە لە بوونی جیاوازی

وململانیٚ، له زەمینەی سیاسی وبەشداری گشتیدا.[1]

بێگومان، ڕاگەیاندنی هەر دەوڵەتێك، پێویستی بە زەمینەسازی وخۆئامادەکردن هەیە. لە سەرووی هەموویانەوە، پێویستە ئەو تایبەتمەندییەی کە ئەو هەرێمە هەیەتی، بە وڵاتانی دەرەوە بناسێنرێت، بۆئەوەی لەلایەن دەوڵەتانیترەوە دانیپێدابنرێت. لەبەرئەوە، پێویستە بە هەر نرخێك بێت، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لایەنگر بۆخۆی پەیدا بکات. واتە، دەبێت پشتیوانیی سیاسی هەبیٚ بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکە. وەکو بینیمان، چیچانییەکان، زۆربەی مەرجەکانی دەوڵەتیان تێدا بوو، بەڵام لەبەرئەوەی پشتگیری سیاسییان نەبوو، نەبوون بە دەوڵەت وڕووسیاش داگیری کردنەوە. لەلایەکی ترەوە، هەریەکە لە کۆسۆڤۆ وتەیمووری خۆرهەڵات وباشووری سوودان، لەبەرئەوەی کە پشتگیری دەرەکییان هەبوو، سەربەخۆ بوون.[2]

سەرباری زەمینەسازی وپشتگیری دەرەکی، دەکرێت ئاماژە بە کەلتووریش بدەین، وەك بنەمایەکی نێوخۆی پێویست، لەبۆ فۆرمەلەکردن ودەرخستنێکی مۆدێرنانەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی. بەوەی، بواری شارستانی وئامادەبوونی ماددی ومەعنەوی

---

[1] ڕێبازی نویٚ: گۆڤاری فکری نویٚ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٥)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپ، باسە– سلێمانی، هاوینی ٢٠١٢، ل ١٨٣

[2] کۆچ: وەرزە گۆڤارێکی ڕووناکبیرییە، ژمارە (١٧)، کوردستان– سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢، ل ٣٠٩– ٣١٠

هەر كۆمەڵگایەك دەگەیەنیٚ. هەڵبەت، سەرجەم ڕەگەزەكانی كەلتووری نەتەوەیی، بە زمان، مێژوو، شارستانیەت، ئایین، داب ونەریت، ئەفسانە، فۆلكلۆر، هەست ونەست، هۆشیاری وسەرجەم بەرهەمەكانی ئەقلٚ وفیكر، هۆكاری سەرەكین بۆ دروستكردنی كەسێتی نەتەوەیی هەر كۆمەڵگایەك. هەر لێرەوە، دەتوانین بڵێین كەسێتی تێكشكاوی كورد، بەبیٚ گەڕاندنەوە بۆ زیندووكردنەوەی سەرجەم ئەو ڕەگەزانەی كەلتوور ودووبارە بەگەڕخستنیان لە ئێستادا، كارێكی نەشیاوە وناكریٚ پشتگویٚ بخریٚ. بە وتەیەكیتر، دەتوانین بڵێین، كەسێتی كورد، لە ئەنجامی پەرتكردن ودابڕانی لە كەلتوور ورەسەنایەتی نەتەوەیی خۆی، لە پرۆسە یەك لەدوای یەكەكانی فەتح وكۆلۆنیالیكردنی كوردستان بە درێژایی مێژوو، تێكشكاوە. كەواتە، دووبارە دروستكردنەوەی ئەو كەسێتییە، بە دژە پرۆژەیەكی هەمەلایەنە دەگاتە ئەنجام. هەر لە ڕوانگەی ئەو تێكشكاندنەوە، لەدەستدانی یەك لەدوای یەكی ئەمارەتە كوردییەكان وەك تێكشكانی دووەم، مرۆڤی كوردی بەجاریٚ بیٚ ئومێد كرد، كە ناڵەی ئەم مرۆڤە بە درێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، هەردەم ناڵە بووە بۆ ئەو نیشانە وسیمبولەی دوای تێكشكانی یەكەم لە ناسنامەی یەكەمی هاوبەش (واتە ناسنامەی زەردەشتیەت)، كە لە ڕێگەیەوە خۆی پێناسە دەكرد.[١]

---

[١] ڕێبوار سیوەیلی: كتێبی نالی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلاْوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢٣٣

گەلی کورد، سەرجەم ئەو ڕەگەزانەی کەلتووری هەیە، وبە شێوەیەکی دەوڵەمەندیش دەبنە بنەمای نەتەوەیی. بەڵام، ئەو ڕەگەزە کەلتوورییانە، لە ڕابردوودا کۆلۆنیکراون وئێستاش کورد پێویستی بە ڕزگارکردنی ئەو کەلتوورەی خۆی وشۆڕشێکی کەلتووری، یان ئەوەی کە پێیدەوترێت (شۆڕشی ڕۆشنبیری) هەیە. سەرەتای ئەو شۆڕشەش، لە پرۆسەیەکدا دەستپێدەکات کە تیایدا کورد لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا (ناسنامەی یەکەم) ئاشت ببێتەوە. واتە، بگەڕێتەوە بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردووی خۆی.[1]

بیرمەند، گێڵنەر، پێچەوانەی زۆربەی بیرمەندان وزمانناسان، لە کتێبی (بیر وگۆڕان)دا، باس لەوە دەکات ودەڵێ: "ناسیۆنالیزم، ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕین وگەیشتنی نەتەوەکان بە وشیاری نییە. بە پێچەوانەوە، ناسیۆنالیزم، نەتەوەکان لەو شوێنەدا دروست دەکات، کە هێشتا بوونیان نییە." ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، ڕەتکردنەوەی بۆچوونگەلی زاڵ وباو بوو، لە لایەن بیرمەندانی بواری ناسیۆنالیزم وتەنانەت بیرمەندانی مۆدێرنیشەوە. بە بڕوای ئەو، گروپێکی ئیتنی دیاریکراو، پاش گۆڕانکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی وسیاسی، ئیدی وشیار دەبێتەوە وپرۆسەی بەنەتەوەبوون تێپەڕ دەکات، وسەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمیش ئاکامی ئەو پەرەسەندنەیە. لەم

---

[1] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٤٨- ٢٥٠

ڕوانگەیەوە، دەکرێت بۆچوونەکانی گێڵنەر وەها کورتبکرێتەوە، کە: "کۆمەڵگە وسیستمی ئابووری مۆدێرن، پێویستی بە پەرەسەندنی بەردەوام وگۆڕان هەیە." وەلێ، سیستم وئابووری مۆدێرن، بەپێچەوانەی سیستمەکانی پێشوو، تەنیا لە ڕێگای ئاستی بالاّی خوێندەواری وپەروەردەوە، دەتوانێ بەردەوامبێ.[1] لەوەش زیاتر، کۆمەڵگای مۆدێرن، بە هەموو سیفەت وبکەرە کۆمەلاّیەتییەکانیەوە، پردێك وهەنگاوێکە لەبۆ ڕزگاربوون وئازادکردنی مرۆڤ بەرەو ژیانێکی ئازادتر وبەهرەمەندتر.[2]

شایانی وتنە، سەرەڕای نەبوونی کۆمەڵگای سیستماتیك وسیستمێکی ئابووری تۆکمەی مۆدێرن، پەروەردەیەکی پرۆفیشنالێ، شۆڕشێکی ڕۆشنبیری، خودی ناسیۆنالیزمیش لە ئاستێکی وەهادا نییە کە ئیرەیی پێببرێت. ئیدی، چلۆن پرۆسەی بەنەتەوەییبوون سەرکەوتوو دەبێ، کە قۆناغی دوای ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییە وناسنامەی نەتەوەك والاّ دەکات؟ هەنووکە، نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتووش، چەندین هەلی مێژوویی لەدەستداوین. بۆ نموونە، ساڵی (١٩٩١ز)، دەرفەتێکی فرە لەبار بوو بۆ داننان بە هەرێمی کوردستان، وەك قەوارەیەکی سیاسی لە

---

[1] کۆچ: وەرزە گۆڤارێکی ڕووناکبیرییە، ژمارە (١٧)، کوردستان– سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢، ل ٣٣٦– ٣٣٧

[2] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧

عێراقدا. بەڵام، نایەکگرتوویی سیاسی، ناتەبایی پارت وڕێکخراوە سیاسییەکان، شین نەبوونی مێرگی دیمۆکراسی، ناشارەزایی لە خستنەڕووی مافە نەتەوەییەکان ونەبوونی دیپلۆماسیەتێکی بەهێز لەو کاتەدا، ئەو هەلە مێژووییەی بەپاشدا هێنایەوە. ئەوە، قۆناغێك بوو، کە دەبوو زۆر دەستکەوتی نەتەوەیی تێدا بەرجەستە ببوایە. بەڵام، بەداخەوە نەك نەبووە مایەی دەستکەوتی نەتەوەیی، بەڵکو هەموو ئەو دروشمانەش کە پارت وهێزە سیاسییەکان لە قۆناغی خەباتی پارتیزانی وشاخدا هەڵیانگرتبوو، بوونە چەوتبینی. وێڕای ئەمانەش، هەڵایسانی جەنگێکی نێوخۆیی تارومارکەر، زۆرترین هەلیتری مێژوویی لەدەستداین.

پاشتر، لە ساڵی (٢٠٠٣ز) ولە سەروبەندی لێدانی ڕژێمی عێراقدا، نەتوانرا وەك پێویست سوود لەو هەلە مێژووییەش وەربگیرێت، وکێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان بە تەواوی چارەسەر بکرێت. نەتوانرا، لە قۆناغی عێراقی پاش سەدامدا، دەستکەوتی زیاتری سیاسی ونەتەوەیی مەزن بەدەستبهێنرێ، کە تینوێتی کۆمەڵگەی کوردستانی بشکێنێ. پتر لەمەش، بەرژەوەندییە حزبییەکان، پلان وخواستگەلە ستراتیژییە نەتەوەییەکانی کوردیان لەبار برد. بێجگەلە ئەوەش، نەمانتوانی وێنەیەکی دیمۆکراسی پێشکەوتوو جێبەجێ بکەین، کە ئەم هەرێمە گچکەیە بکاتە

نموونەیەکی مۆدێرنی کوردستانیی.[1]

کەواتە، پێشئەوەی پێگە وبارودۆخەکەمان ببێتە تراویلکە، باشتر وایە کار لەسەر بوونی هەموو ئەوانە بکەین کە بوونیان نەبوو، یاخود هەبوو، بەڵام کامڵ نەبوو. دەکرێت، حکومەتی هەرێم، لەبری تەحەزوب، گرنگی زیاتر بە پرسە نیشتمانی ونەتەوەییەکانی بدات، هەنگاو بەرەو دەوڵەتداری وبەرهەمهێنان وگەشەپێدان وخزمەتگوزاری زیاتر بدات، پلانی تۆکمەتر بۆ داهاتوو دابڕێژێت، کایەی بەشداری سیاسی وکارگەلی دەسەڵاتی جێبەجێکردن فراوانتر وشەفافتر بکات. لەبری گرژی، هەوڵی خاوبوونەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بدات. هەنگاو بەرەو دێمۆکراسی کۆمەڵایەتی وئابووری بنێت، ولە چەقبەستوویی ڕزگاری بکات. پرۆسەی تازەگەری هەڵکێشراو لە شوناسی نەتەوەیی، بکاتە چرۆی ئومێدی سەربەخۆیی. دیارە، چیتر بارودۆخەکە ئەوە هەڵناگرێ کە خاوبوونەوە وکەمتەرخەمی بنوێنرێ. چونکە، نەك عێراق، بگرە خودی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەبەردەم دووڕیانی دووبارە دابەشبوون و وەرچەرخانێکی مێژوویی ڕادیکالانەدان. زۆر جاریش، ئەوەمان دووبارە کردووەتەوە کە: "هەموو سیستمێکی سیاسی، تۆوی ناکۆکی ودارمانی خۆیی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە."[2]

---

[1] کۆچ: وەرزە گۆڤارێکی ڕووناکبیرییە، ژمارە (١٧)، کوردستان- سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢، ل ٢٤٦- ٢٤٧

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی مێژوو، ل ٢٩٩

وەك پێشتر باسكرا، دوای (بێرنارد لویس) ونەخشە پێشنیارکراوەکەی ساڵی (١٩٧٩ز) بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە، ئیدی (ڕاڵف پیتەرز) هات، تاوەکو ڕێبازەکەی ئەو تەواو بکات. دواتر، (پاراگ خانا) وەك لێکۆڵەرێك، پێشبینی دابەشکردنی زیاتری کرد.[1] پێدەچێت، زنجیرەی ئەم شرۆڤەکاری ولێکدانەوە وپێداچوونەوەیە بە پێوەری ڕۆژئاوا، بەردەوامیی هەبێت. بەتایبەت، بە پێوەری ڕێککەوتننامەی مێژوویی سایکس بیکۆ، کە لەوەدەچێت بەرواری کارپێکردنەکەی هێندەی نەمابێ وپێویست بە دووبارە بەرنامەڕێژی وداڕشتنەوە بکات. ئەوەتا، لە ئێستادا، سەرباری دەنگۆی ڕاستەوخۆ ناردنی چەك بۆ هێزی پێشمەرگە، میدیا بیانییەکانیش باس لە گرنگی ڕۆڵی پێشمەرگە وبەرخودانی شەڕڤانان لە کۆبانێ وپێگەی هەرێمی کوردستان، وەك لانەیەکی ئارام بۆ گشت ئاوارە ونەتەوەکانیتر دەکرێ، کە سەرجەمیان بە ناوی پارێزگاریکردن لە "مرۆڤایەتی گەردوونیی" ئەمڕۆ شەڕی تیرۆر دەکەن.

بەو پێودانگەی، کە لەسیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، هیچ دوور نییە لە دووبارە داڕشتنەوەی ئەم ناوچەیەدا وبە پێوەری بەرژەوەندییە باڵاکان، پێگە وڕۆڵی کورد لەبەرچاو بگیرێ. هەرچەندە، ئەم قسەیەی من، ئەوە ناگەیەنێ کە دروستبوونی

---

[1] الديمقراطية: اسلام ديلي، الثلاثاء، ١١/ حزيران/ ٢٠١٣، www.islamdaily.org

دەوڵەتی کوردی، بەدەر لە ئیرادەی گەلی کورد خۆی، پەیوەستبێ بە دەرەنجامی پلانگەلی دوای سایکس بیکۆ وڕێککەوتن وبەرژەوەندی ومشتومڕی زلهێزانەوە. بەڵکو، وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، مەحاڵە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەبێ ئیرادەیەکی یەکانگیر. [1] واتە، ئەوە خۆمانین بە سەرکردە وگەل وسەرجەم هێزگەل وپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە ڕۆحی گشتی یاخود ئەقڵی گشتی، وەك ئامرازگەلێك دەمان جووڵێنێ ولە خراپترین دەروازەوە ولە دەرەنجامی فێڵێکی مێژووییەوە دواجار بە دەوڵەتی خەونیی خۆمان شاد دەکاتەوە کە دوا ئامانجە. [2]

زۆر گرنگە، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بڵێ: "هەولێر هێڵی سوورە بۆ ئێمە." [3] یاخود، لە فەرەنسا لە "کۆشکی ئێلیزێ" بە ئامادەبوونی شاندی هەرێم، باس لە "ئەگەری ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی" بکرێ، ولە وەڵامیشدا سەرۆکی فەرەنسا ڕایبگەیەنێ کە: "لە قۆناغی داهاتوودا، پشتیوانی لە هەرێم دەکەین." کاتێك، شاندی حکومەتی هەرێم بە فەرمی بانگهێشتی

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لبە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥

[3] واشنطن مستعدة للعودة الى العراق: أربيل خط أحمر!: موقع الاخبار، ٩/ آب/ ٢٠١٤، www.al-akhbar.com

ئیتالیا کرا، لەبری ئاڵای عێراق، ئاڵای کوردستان هەڵکرا.[1] یاخود، ئەو ڕاسپاردەیەی پەرلەمانی بەریتانیا پێشکەشی حکومەتەکەی خۆیی کردبوو، کە تیایدا جەختی لەسەر هەرچی زووتر پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی بەریتانیا وهەرێمی کوردستان کردبووەوە، وتیایدا ئاماژەی بەوە دابوو، گەر ئاوڕی بەپەلە وزیاتر لە هەرێمی کوردستان نەدرێتەوە وپەیوەندییەکان پەرە نەستێنێ، هیچ دوور نییە، لایەنێکیتر هەرێم بقۆزێتەوە. ئەمە بێجگەلەوەی، پێشتر زۆر باسمان لە بازرگانی وبەرژەوەندییە دوالیزمەکانی تورکیا وئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کرد، کە پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات.

لە سەروبەندی ئەم ئاماژەپێکردن وبەرچاو ڕوونییانەوە، دەتوانین ئاسۆی بەرچاومان جۆماڵ بکەین، کە ئەگەر لە ڕێگەی بەغداشەوە بێ، یان لەبری ڕۆژئاوا بجەنگین، گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ خواستێکی نێودەوڵەتیی فرە ڕەهەند لەسەر دەستەبەرکردنی پەیوەندیگەلێکی دوولایەنە ودۆستایەتی وپڕچەککردنی هەرێم هەیە، کە پێدەچێت کۆتەڵی مەبەستگەلێك جووڵێنەری بێت. گەر بتوانم ڕوونتر بەرسڤ بپێکم، وەلێ هەرزەگۆیم نییە گەر بڵێم: "لەگەڵ دووبارە قووتبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا وهەموو ئەگەرە نەرێنییەکان، دەشێت هەست بە دووبارە گۆڕانکاری وئەگەرە

---

[1] ئیتالیا، ئاڵای کوردستان بەبێ ئاڵای عێراق دانرا: ڕووداو، لەلایەن دەرباز ساڵحەوە، ٢/ ٣/ ٢٠١٥، www. rudaw.net

ئەرێنییەکان بکرێ." بەلاَم، گوڵەوەچنەی مەبەست ئەوەیە کە: "سەرباری بوونی خەسڵەتگەلی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیی وچەمکی مەکری مێژوو، ئاخۆ گەلی کورد بۆ دیدەنی ئەقڵی گشتیی خۆی ئامادەکردووە ؟"

# ئەنجامگیریی

لە بارودۆخی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، ولە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی ناوچەکە وجیهانی گرتووەتەوە، وەك تێبینی دەکرێ، هەرێم ڕووبەڕووی کەشێکی نوێ بووەتەوە، کە دەرەنجامی بەجیهانیبوونە. ئەوەش، لە لایەکەوە، هاوکاتە لەگەڵ گەشەسەندن وکرانەوە وپەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی هەرێم لەسەر ئاستگەلێك بە جیهانی دەرەوەدا. لە لایەکی تریشەوە، هاوکاتە لەگەڵ قەیرانی دارایی وچەقبەستوویی دێمۆکراسی سیاسی وڕەنگدانەوەی ململانێ حزبییەکان لە سەرجەم کایەکاندا. هەربۆیە، لەسەر هەرێمە، کە تەریب بە گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان هەم گوزەر بکات، هەم چاکسازی بنەڕەتیی. ناکرێ حکومەتی هەرێم چیتر ئەو وەرچەرخان وگۆڕانکارییانە بەهەند وەرنەگرێت، لەبەرئەوەی لە کاروانی گوزەر بەرەو دێمۆکراسی وپێشکەوتن وخودناسین وفەرهەنگ ومێژوودا بەجێدەمێنێ.

ئەوەی کێشە دروست دەکات، ئەوەیە کە هێشتا کورد وەك (قەوارەیەکی سیاسی) نەیتوانیوە ئەو خودە ئامادەباش بکات کە پێویستە، یاخود دەتوانین بڵێین هێشتا لە (قەوارەی مرۆیی)دایە. هەرچەندە، تەریب بەو گۆڕانکارییانە هەنگاوی شەرمن دەنێ، بەڵام مەبەستی من ئەوە نییە کە بڵێم تا چەند بەپێی پێوەرە دێمۆکراتییەکانە، هێندەی ئەوەی مەبەستمە بڵێم هەرێم ئامادەباشە

وەك حكومەت وقەوارەیەكی مرۆیی، نەك وەكی دەوڵەت وقەوارەیەكی سیاسی. لە فەرهەنگی سیاسیدا، ناكرێ هەنگاو بەرەو دواوە بنرێت، بەڵام دەشێت واقعیش پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنێت. بەمانای دەبێت هەرێم هەنگاوێكی نەرێنیی پاشان ئەرێنیی بنێت. بە مانایەكی فراوانتر، لە كاتی ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی كوردیدا، دەبێت لە ڕووی (مۆدێرنیتە)وە گەلی كورد هەنگاوێك بەرەو دواوە بنێ، تا بە مۆدێرنیتەی یەكەم شاد دەبێ، پاشان پێهەڵدەگرێ وهەنگاو بۆ پێشەوە لەگەڵ مۆدێرنیتەی دووەم ودنیای گلۆباڵیزەیشندا دەنێ.

ئاخۆ، كێشەی ئێمە تەنها مۆدێرنیتەی یەكەم ودووەمە؟ دەشێت، بە نەخێر وەڵام بدەینەوە. لەبەرئەوەی، وێڕای ئەوانەی باسكران، كێشەگەلێكی تریشمان هەیە، كە نەبوونی دەستوورێك بۆ هەرێم، یەكێكیانە. دەوترێت، دەستوور، بریتییە لە گرێبەستێكی كۆمەڵایەتی. كەواتە، لە نێوان تاكەكانی جڤاتی كوردی وحكومەتدا، هێشتا ئەو گرێبەستە نەكراوە. گەر وابێ، ئەوا هەنگاونان بەرەو ئەگەری ڕاگەیاندن وشادبوون بە دەوڵەتی كوردی، زەحمەت دەبێ. سەرباری ئەوەی، ناتوانین بڵێین گەلێكی ئازادی خاوەن سەروەریمان هەیە، كە خوازیاری دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیەتی. لەبەرئەوەی، هیچ گەلێكی ئازاد، بەبێ دەستوور ناژی. بەمەش، خودی دیمۆكراسی لە نێوخۆی هەرێمدا، نەك شلۆق دەبێ، بگرە دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها، ئەگەر خوازیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەت بین، ئەوا دەبێ پرۆژەی ناسیۆنالیزمیش ئامادەیی هەبێ، بۆئەوەی لە قۆناغێكیتردا

خودی ناسیۆنالیزم ودەسەلاّتی دەوڵەت، نەتەوەی کورد دروست بکەن، کە دواقۆناغی شوناسی نەتەوەییە. کەواتە، بەبێ بوونی ئەوانەی وتران، ناشکرێت بوترێت حکومەتێکمان هەیە، پەیڕەوی یاسا دەکات. بەو مانایەی، خودی یاسا ویاساییبوونیش، کاڵ وکرچ دەبێ، بەوەی ئەوە یاسایە کە ئەو شتگەلە ڕێکدەخات. چونکە، یاساناسان وبیرمەندانن مکووڕن لەسەر ئەوەی: "دێمۆکراتی، لە پیواری یاسادا، بە گەڕەلاوژێ دادەنرێ (الديمقراطية في غياب القانون، تعتبر فوضى). چکاوەی هەموو ئەم پێداویستییە یاساییانەش، کە لە دەستووردا جێگیر وتۆمار دەکرێ، دەبێ بە زمانێکی فەرمی ڕەسەنی کوردی بنووسرێ. داخەکەم، هێشتا ئەو نووسین وزمانە یەکگرتووەشمان فەراهەم نەکردووە، کە ببێتە زمانی فەرمی دەوڵەتە کوردییەکە وبتوانێت سەرجەم دیالێکتە جیاجیاکان لەخۆ وپابەند بکات.


لە میانەی کێشەگەلێکەوە، دەتوانین بڵێین ئەوانە تەنها ئاریشەیەك نین، بەڵکو کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکانیش، کێشەیەکیترن، کە بڕیاردەری سنووری داهاتووی ئەو دەوڵەتەن، کە گەرەکمانە. لە ڕاستیدا، گەر هەرێمی کوردستان جەستەی ئەو دەوڵەتە گریمانەییە بێ کە باسی دەکەین، ئەوا بێ شك، خودی کەرکوك سەری دەبێ. هەڵبەت، ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی هەرێمیش، وەك چوارپەلی وەهان، کە هەرگیز ناکرێت ببڕدرێن یاخود جوداکرێن. بەلاّم، لە هەمووی ترسناکتر لە ئێستادا، کە دەشێت

پێگەی هەرێم بە تەواوی بلەرزێنێ، قەیرانە یەك لەدوای یەکەکانی نێوخۆی هەرێمە. بەتایبەت، قەیرانی دارایی، کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی گەلەك بێزار کردووە. وەلێ، لە ڕاستیدا نەبوونی پرۆسەیەکی تازەگەری، تا بەهۆیەوە شوناسە تەقلیدییەکان بە شوناسی نەتەوەیی بگۆڕدرێن، گەورەترین کێشەی هەرێمە. پێدەچێت، بەشێکی گەندەڵی، لە سایەی پیرۆزیی شوناسە ترادسیۆنەکاندا گەشە بکات. ئەمە سەرباری ئەوەی، چاوی میللەت، وەك پێویست ڕۆشن نییە. ئەوجا، لە چەوتبینیی چاکسازی وگەشەسەندنی تەندروستی کۆمەڵگا ومۆدێرنیزمدا، کلۆمکردنی دەروازەی بێ سەروبەری وپاشاگەردانی وگەندەڵی، ئەستەم دەبێ.

ناکرێت، تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان، بێ هیوا بکەین، بەوەی لەپای ئەم کێشەگەلەی باسکران، ئیدی چاوەڕێی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەکەن. چونکە وەك پێشتر باسکرا، ئێستاکێ بە شێوەی نهێنیبێ یان ئاشکرا، دەنگۆی پێداچوونەوە بە سنوورەکانی سایکس بیکۆ وتەنانەت سنووری خودی عێراقیش، لە گوێی هەموو تاکێکی جیهان بە گشتی وڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەت دەزرنگێتەوە. کەوابێ، باشتر وایە ئێمەی کورد، وێڕای ئەوەی لە پێشینەی بیسەران بووین، زۆر بەباشی خۆمان بۆ ئەو زەماوەندە ئامادەباش بکەین. بەلام، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، تازەگەریی وئیرادە وکارگەلێکی دەستەجەمعی لێمان دەوێ، بۆئەوەی سەرکەوتووبین بەسەر ئەو کێشانە وئیرادەی بنبڕکردنی گەندەڵی


وتەحەزوب وتەخەلوفمان هەبێ، گەر نا ئەوا دەبێ سەد ساڵیتر بنووینەوە تا بارودۆخێك بێدارمان دەكاتەوە. هەڵبەت، هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێدان، لە نێوكۆی ئەم بابەتەدا بە چەند تەوەر وباسگەلێك خراونەتە ڕوو.

# پاشکۆکان




**نەخشەی ( ١ )**

**سەرجەم سنوورە سیاسییەکانی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا، کە بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی سایکس– بیکۆ نەخشێنرابوو**




**نەخشەی ( ٢ )**

**نەخشەیەکی گریمانەیی،کە سنووری سیاسی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاییندەدا نیشان دەدات، بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی هەڵگری چەندین وتار وپلان وپرۆژەی سیاسی نوێی ڕۆژئاوان**

## سەرچاوەکان:-

### سەرچاوە کوردییەکان:

١. ئەنتۆنیۆ گرامشی: دەوڵەت وکۆمەڵگەی مەدەنی، و: مامەند ڕۆژە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، زنجیرە (٥٣)، چاپخانەی تیشك- سلێمانی، ٢٠٠٤

٢. ئەریك فرۆم: کۆمەڵگای تەندروست، و: زاهیر محەمەد ڕەشید، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاۆکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٨

٣. ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی- تیۆری وئایدیۆلۆجی ومێژوو، و: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاۆکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٤

٤. ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧

٥. ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لە بلاۆکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك) - سلێمانی، ٢٠٠٦

٦. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١١

٧. ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاّوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا– سلێمانی، ٢٠١٢

٨. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە، عوسمان حەمە ڕەشید گورون، لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٠

٩. برتراند رسلْ: دەسەلاّت وتاك، و: ئەژین عەبدەلخالق، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی ڕێبین، چاپخانەی ڕەنج– هەولێر، ٢٠٠٦

١٠. بارزان جەوهەر سیان: گواستنەوەی دەسەلاّتی فیدراڵی بۆ دەوڵەتی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت– هەولێر، ٢٠١١

١١. بەرزان ئەحمەد کوردە: کورد ودەوڵەت، ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١١

١٢. جۆن ستیوارت میل: بنەماکانی لیبراڵیزمی سیاسی، (٢٨)، و: محەمەد چیا، پرۆژەی وەرگێڕانی (٦٠) کتێب، مەکتەبی ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکانی (ی.ن.ك)– سلێمانی، ٢٠٠٨

١٣. حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسی– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩

١٤. د. حوسێن بەشیریە: گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەڵەدبەگی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١١
١٥. د. حەمید عەزیز: فەلسەفە ولاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٢،
١٦. خەلیل عەبدوڵڵا: کورد وپرسی دانپێدانانی دەستووری، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، زنجیرەی هۆشیاری (٢٢)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١
١٧. دەیڤد میلەر: ناساندنێکی زۆر کورتی فەلسەفەی سیاسی، و: کارزان کاوسێن، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١
١٨. ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٠
١٩. د. ڕامین جەهانبەگلو: ماکیاڤێللی وماکیاڤێللیزم، و: نەوید مێهراوەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٨

٢٠. ڕامین جیهانبەگلو: ماکیاڤیللی وبیری ڕێنسانس، و: موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١
٢١. ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١
٢٢. ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم: و: ئارام جەمال سابیر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٤
٢٣. زریان ڕۆژهەلاتی- شنۆ عوسمان: کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر ئەمریکا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان، ٢٠١٢
٢٤. سیاوەش گۆدەرزی: هەوییەتی کورد، میدیا، تاراوگە، فیدراڵیزم، و.....، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، ٢٠١١
٢٥. عەبدول ئیلاه بەلقزیز: ئۆپۆزسیۆن ودەسەلاٚت، و: هەڵکەوت عەبدوڵلاٚ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٨
٢٦. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧

٢٧. عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠٠٧
٢٨. د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی هێمن– سەید سادق، ٢٠٠٥
٢٩. فیلیپ کرینبروک، کریستییەن ئالیسۆن: کولتوور وناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٨
٣٠. فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نویْ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٦
٣١. د. کەمال مەزهەر: کورد وکوردستان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری– بەیروت/ هەولێر، هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩
٣٢. کوردۆلۆجی: کۆمەلێك مامۆستای زانکۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە– هەولێر، ٢٠٠٩
٣٣. د. محەمەد شێخ: هیگلْ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠١٠

٣٤. د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥

٣٥. د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥

٣٦. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٥

٣٧. نیکۆلۆ مەکیاڤیللی: میر، و: حسێن عارف، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب– هەولێر، ٢٠٠٦

٣٨. نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان– سلێمانی، ٢٠٠٤

٣٩. دکتۆر نەبیل عەبدولحەمید: تۆماس هۆبز وڕێبازە ئاکاری وڕامیارییەکەی، و: د. محەمەد شوانی، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، ٢٠١٢

٤٠. هاشمساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٢

٤١. هاشم سالّح: ئايين. فاشيزم. مەرگ. كۆمەڵە وتار، و: هەورامان وريا قانع، لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسگ)ەوە وەرگيراوە، ٢٣/ ١١/ ٢٠٠٣

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


١. ألوف بن وفرانك جاكوبس وباراج خانا ورالف بيترز: الشرق الاوسط خرائط جديدة ترسم، سلسلة ترجمات الزيتونة (٧٤)، مركز الزيتونة للدراسات والاستشارات- بيروت، لبنان، كانون الثاني/ ٢٠١٣

٢. احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ترجمة: محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل، الطبعة الاولى، مركز الجزيرة للدراسات، الدار العربية للعلوم ناشرون، مطابع الدار العربية للعلوم- بيروت، لبنان، ٢٠١٠

٣. د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩

٤. احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠١٢

٥. اسماعيل نامق حسين: العدالة بين الفلسفة والقانون، من منشورات مكتب الفكر والوعي، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، ٢٠١٠

٦. بويد شيفر: القوميه عرض و تحليل، دار مكتبة الحياة- بيروت، لبنان، ١٩٦٦
٧. توفيق المديني: المجتمع المدني والدولة السياسية في الوطن العربي (دراسة)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، مكتبة الاسد- دمشق، ١٩٩٧
٨. ديفد كورن: الرجلان اللذان الحقا الكرد بالعراق، ت: حسن سيدو، سلسلة التوعية (٦١)، منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠١٣
٩. روبين متشل اوشروود: الحرب العالمية الاولى وسياسة حق تقرير المصير، ت: احمد السورميري، دار الثقافة والنشر الكوردية، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد، ٢٠٠٨
١٠. زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون- دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر والوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠٠٩
١١. د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة بغداد
١٢. د. غانم محمد صالح: الفكر السياسى القديم والوسط، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر- بغداد، عراق، ١٩٨٨

١٣. د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات– الكويت، ١٩٨٥
١٤. المحامي كريكار عبدالله خوشناو: الدستور العراقي المرتقب، من منشورات مكتب الفكر والتوعية– السليمانية، ٢٠٠٥
١٥. القاضي لطيف مصطفى أمين: مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقهما في الدساتير العراقية– دراسة تحليلية مقارنة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني– السليمانية، ٢٠٠٧
١٦. مارتن غريفيش وتيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث– دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨
١٧. د.١. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر– بيروت، لبنان، ١٩٩٤
١٨. هاشم صالح: الانسداد التأريخي، لماذا فشل مشروع التنوير في العالم العربي؟ الطبعة الاولى، دار الساقي بالاشتراك مع رابطة العقلانيين العرب– بيروت، لبنان، ٢٠٠٧
١٩. د. يوسف محمد عبيدان: مبادىء العلوم السياسية، الطبعة الثانية، دار الكتب القطرية– الدوحة، قطر، ١٩٩٦

## فەرهەنگەکان:


١. برهان قانع: زاراوەی نویێ یان فەرهەنگی نویێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)– بەغدا، ١٩٨٥

٢. فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نویێ): وەرگێڕانی: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٦

٣. فەرهەنگی نویێ بۆ شیکاری ڕامیاری: وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەممەد چیا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری– سلێمانی، ٢٠٠٣

٤. فەرهەنگی ڕامیاری: ئامادەکردنی: گەیلان عەباس، چاپی یەکەم، چاپ (کۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر)– سلێمانی، ٢٠١٢


## گۆڤارەکان:


١. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاۆکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، مانگی ١/ ٢٠١٠

٢. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاۆکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، مانگی ٢/ ٢٠١٠

٣. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، مانگی ٣/ ٢٠١٠
٤. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ئەیلول ٢٠١١
٥. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، کانوونی دووەمی ٢٠١٢
٦. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، نیسان ٢٠١٢
٧. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١٢
٨. کۆچ: وەرزە گۆڤارێکی ڕووناکبیرییە، ژمارە (١٧)، کوردستان- سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢
٩. ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٥)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپ، باسە- سلێمانی، هاوینی ٢٠١٢

١٠. ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٦)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢

## ڕۆژنامەکان:

١. کوردستانی نوێ: ساڵی نۆزدەهەم، کاکێشان، ژمارە (٥٣٣٦)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠
٢. کوردستانی نوێ: ساڵی نۆزدەهەم، کاکێشان، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠
٣. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ویەکەم، ئابووری، ژمارە (٥٨٥٧)، چوار شەممە، ١٥/ ٨/ ٢٠١٢
٤. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کتێب، ژمارە (٥٩٩٣)، یەکشەممە، ٣/ ٢/ ٢٠١٣
٥. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، ئابووری وئاوەدانی، ژمارە (٦٠٢١)، پێنجشەممە، ٧/ ٣/ ٢٠١٣
٦. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، هەواڵ وڕاپۆرت، ژمارە (٦٠٢٥)، سێشەممە، ١٢/ ٣/ ٢٠١٣
٧. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، هەواڵ وڕاپۆرت، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣

٨. كوردستانی نویٚ: ساڵی بیست ودووەم، کاکێشان، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣
٩. کوردستانی نویٚ: ساڵی بیست ودووەم، ئابووری وئاوەدانی، ژمارە (٦٠٤٤)، یەکشەممە، ٧/ ٤/ ٢٠١٣
١٠. ئاوێنە: کوردستانی، ژمارە (٣٦٧)، سیٚ شەممە، ٥/ ٣/ ٢٠١٣
١١. ڕووداو: کاروباری سیاسی، ژمارە (٢٤٤)، دووشەممە، ١٤/ ١/ ٢٠١٣
١٢. هەولێر: ژمارە (١٥٨٩)، پێنج شەممە، ٢٨/ ئادار/ ٢٠١٣
١٣. هاوڵاتی: ئابووری، ژمارە (١٠٢٠)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣
١٤. هاوڵاتی: ئابووری، ژمارە (١٠٢٢)، یەکشەممە، ٣١/ ٣/ ٢٠١٣
١٥. هاوڵاتی: ئابووری، ژمارە (١٠٣٦)، پێنجشەممە، ١٨/ ٤/ ٢٠١٣
١٦. بزاو: کۆمەڵایەتی، ژمارە (٧٠)، چوارشەممە، ٥/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١١
١٧. ئاسۆ: ژمارە (٧٧٧)، پێنجشەممە، ٢٤/ ٧/ ٢٠٠٨

**ماڵپەڕەکان:**


١. **انطونيو غرامشي: المثقفون، الحوار المتمدن، العدد** (٣٤٧٤)، ١/ ٩/ ٢٠١١، www.ahewar.org
٢. **ادوارد سعيد: تمثيلات المثقف، نزوى مساحة اعلانية،** ٤/ ٦/ ٢٠٠٩، www.nizwa.com
٣. **ئەمریکا داوا لە بەغدا دەکات واز لە هەڕەشەکانی دژ بە کوردستان بهێنێت: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر،** ١٠/ ٩/ ٢٠١٢، www.hawler.in
٤. **ئیسماعیل بێشکچی: ئەم سەدەیە سەدەی سەرکەوتنی کوردە، دەستگای میدیایی هەولێر،** ٢٩/ ٤/ ٢٠١٣، www.hawler.in
٥. **ئیتالیا، ئاڵای کوردستان بەبێ ئاڵای عێراق دانرا: ڕووداو، لەلایەن دەرباز ساڵحەوە،** ٢/ ٣/ ٢٠١٥، www. rudaw.net
٦. **د. ئاراس عەبدولکەریم: وەڵامەکەی سەرۆك ئۆباما مالیکی بە تەواوی تووشی بێهیوایی کرد، دەستگای میدیایی هەولێر،** ٢٥/ ٧/ ٢٠١٢، www.hawler.in
٧. **ابو ناصيف مختار: ابحاث يسارية واشتراكية وشيوعية، الحوار المتمدن،** ١٦/ ٤/ ٢٠١١، www.ahewar.org
٨. **انواع العقود في الصناعة النفطية: موقع النفط والغاز الطبيعي العربي،** ٢٠١١، arab-oil-naturalgas.com

٩. ارنست رينان: ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٩/ اوكتوبر/ ٢٠١٠، ar.wikipedia.org
١٠. د. ئارام ڕەفعەت: نەوت وسیاسەت، هاولاتی، ٨/ ٥/ ٢٠١٣، www.hawlati.co
١١. العنف يولد العنف: منتديات ١٢ شات، ٢١/ ابريل/ ٢٠١١، www.١٢allchat.com
١٢. بەغدا ناتوانێت ڕێگربێت لە هەناردەی نەوتی هەرێم: ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ، دووشەممە، ٢٧/ ئایار/ ٢٠١٣، www.radionawxo.org
١٣. بایدن پرۆژەی دابەشکردن دەداتەوە بە گوێی عێراقییەکاندا: خەندان، ٢/ ٦/ ٢٠١٣، www.xendan.org
١٤. تركيا تحافظ على مشترياتها من النفط الايراني: ٥/ ٤/ ٢٠١٣، www.menafn.com
١٥. تعريف الدولة: منتديات برق العامة، ٢٨/ ٣/ ٢٠٠٨، .com www. forum٨.brg
١٦. پارەی نەوتی فرۆشراوی کوردستان لە تورکیایە: شوان بەرزنجی، باس نیوز، ئابووری، ١١/ ١/ ٢٠١٥، basnews.com
١٧. ثورة: ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠١٤، ar.wikipedia.org
١٨. چیتر تورکیا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نیگەران نییە: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢/ ٢/ ٢٠١٣، www.hawler.in

١٩. خدر شنكالي: عناصر ومقومات الدولة الكوردية المرتقبة /٣ / الاعتراف الدولي، دوغاتا كوم، ١١/ ١١/ ٢٠١١، www.doxata.com
٢٠. خطة تقسيم العراق يثير جدل سياسي عراقي: شبكة اخبار النجف الاشرف، ١٨/ اذار/ ٢٠١٣، www.alnajafnews.net
٢١. الديمقراطية: اسلام ديلي، الثلاثاء، ١١/ حزيران/ ٢٠١٣، www.islamdaily.org
٢٢. دولة: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ١٣/ اغسطس/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org
٢٣. دوغلاس كلنر: الماركسية الغربية، ت: كامل شياع، موقع الثقافة الجديدة، ٢١/ ٤/ ٢٠١٣، www.althakafaaljadeda.com
٢٤. سەربەخۆیی کوردستان لە بەرژەوەندی ناوچەکە وئەمریکا و ولأتانی ڕۆژئاوادایە: و: عەلی حەسەن زەڵمی، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢٧/ ٨/ ٢٠١٢، www.hawler.in
٢٥. سعد عباس: محاولة لفهم ما يجري، الزمان، عربية دولية مستقلة، ١٨/ ٣/ ٢٠١٣، www.azzaman.com
٢٦. د. علي حسين: صناعاتنا النفطية مابين عقود المشاركة وعقود الخدمة، موقع الجريدة، ٢٠٠٦، www.aljaredah.com
٢٧. عمر برنوصي: مفهوم المجتم المدني بين الفلسفة السياسية الغربية والسوسيولوجيا المعاصرة، مجلة فكر ونقد، العدد (٣٧)، ١٤/ مارس/ ٢٠٠١، www. Aljabriabed.net

٢٨. علي الطالقاني: تقسيم العراق في الفكر الامريكي، شبكة النبأ المعلوماتية، الاربعاء، ٣/ تشرين الاول/ ٢٠٠٧، annabaa.org
٢٩. فلاح الناصري: قانون النفط والغاز، جدلية التشريع والتأثير على تطور القطاع النفطي، وكالة انباء المستقبل، ٧/ تشرين الاول/ ٢٠١٢، www.mustakbal.net
٣٠. فؤاد قاسم الامير: حكومة اقليم كوردستان وقانون النفط والغاز، منتديات ثوابتنا، ٢٠١٢، www.thawabitna.com
٣١. فازل هەورامی: پلانە نوێیەکەی تورکیا بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان، هاولاتی، ٢٤/ ٥/ ٢٠١٣، www.hawlati.co
٣٢. محمد عزيز شكري: الاعتراف الدولي، الموسوعة العربية، ٢٠١١، www.arab-ency.com
٣٣. مفهوم الاعتراف الدولي: منتديات الحقوق والعلوم القانونية، ٧/ ٤/ ٢٠١١، www.droit-dz.com
٣٤. منظمةَ أوبك تصف مشروعَ قانونِ النفط والغاز بالمخالفٍ للدستورِ العراقي: البابلية نيوز، ٢٠١٢، www.albabelyia.tv
٣٥. مهدى داريوس نازمروايا: خطط لتفكيك واعادة تركيب دول الشرق الاوسط، الصباح الجديد، ٧/ ١١/ ٢٠١٢، www.newsabah.com

٣٦. د. محمد المهدي ولد محمد البشير: حرب صليبية لاعادة تقسيم العالم العربي، التواصل، مساحة اعلانية، ٣٠/ ١/ ٢٠١١، www.tawassoul.net
٣٧. مفهوم المجتمع المدني: تغريد كشك، ١٠/ ٧/ ٢٠٠٦، /a/tkishek/showwww.grenc.com
٣٨. ماهو مشروع الشرق الاوسط الجديد؟: منتديات دريمز كريزي، ١/ ٨/ ٢٠٠٨، www.dcrazy.com
٣٩. مقالة الجنرال المتقاعد رالف بيترز...حدود الدم: منتديات بني حسن، ٢٨/ ٥/ ٢٠١١، www.bani-hasan.com
٤٠. نشأة الدولة: منتديات ستارتايمز، شؤون قانونية، ٢٢/ ١٢/ ٢٠١٠، www.startimes.com
٤١. نايف سلوم: الدولة والسياسة– قراءة في فكر غرامشي، الحوار المتمدن، ٣١/ ١/ ٢٠٠٤، www.ahewar.org
٤٢. هێمن بابان ڕەحیم: کوردستان گەورەترین هێزی نەوتیی نوێیە لە جیهاندا، دەستگای میدیایی هەولێر، ١٠/ ٩/ ٢٠١٢، www.hawler.in
٤٣. هەرێم بەشێك لە ئاسایشی وزەی ئەوروپا دابین دەکات: ئامادەکردنی: سەعد هەورامی، دەستگای میدیایی هەولێر، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٣، www.hawler.in
٤٤. هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەیەکی گەورەی وزە لەگەڵ ئێران ئەنجام دەدات: لەلایەن کوردستان حەسەنەوە، ڕووداو– هەولێر، ٢٧/ ٢/ ٢٠١٥، www. rudaw.net

٤٥. **واشنطن مستعدة للعودة الى العراق: أربيل خط أحمر!: موقع الاخبار، ٩/ آب/ ٢٠١٤،** www.al-akhbar.com